
# خوێنەرەوەکە




# خوێنەرەوەکە

نووسینی : بێرنارد شلینک

وەرگێڕانی: پێشەوا فەتاح

بابەت: ڕۆمان

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان

هەڵەچنی: پێشەوا محەممەد

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ١٩٥٠ ی ٢٠٠٩

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٩

کوردستان- سلێمانی

www.sardam.org

بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرە کتێبەوە: kteb@serdam.org

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

سەرچاوە: Diogenes Verlag AG Zürich

Der Vorleser

بێرنارد شلینك

# خوێنەرەوەکە

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە

پێشەوا فەتاح

سلێمانی ٢٠٠٩

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٥٢٨)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

***ئازاد بەرزنجی***

## وتەیەکی پێویست:

هەمیشە ناو یاخود ناونیشانی کتێب و تێکستەکان، قورسترین بەشن لە پرۆسەی نووسین و وەرگێڕاندا. ئەمەش بە پلەی یەک لەسەرەتادا دووچاری نووسەرەکە دەبێتەوە. بۆیە ئەگەر ئەم کارە بۆ نووسەر و لەسەرەتادا هێندە گران بێت، بێشک لە وەرگێڕاندا و بۆ وەرگێڕەکە، چەند بەرابەر کارەکە ئەستەم تر دەبێت، ئەوەش لەبەر چەند هۆکارێک: یەکەم وەرگێڕ لەکاری وەرگێڕاندا، لەبەردەم ئەمانەتێکی قورسدایە. ئەمەش وا لە وەرگێڕ دەکات، کە ئازادی دەستکاری کردن و گۆڕینی ناوی کتێبەکانی نەبێت. دووەم قورسی گۆڕین و گواستنەوەی وشە و واتاکانە لە زمانە جیاوازەکاندا. چونکە لەنێوان زمان و کەلتورەکاندا، شتگەلی جیاواز جیاواز بوونیان هەیە و دووبارە نەبوونەوەی ئەو شتە جیاوازانە لە کەلتوورەکانی تردا، ئەم کاری گواستنەوەیە و وەرگێڕانەکەی، ئەستەم تر دەکات.

بۆ ناوی ئەم کتێبە دووچاری سەر ئێشەیەکی زۆر بووم و ڕووم لەزۆرێک لە هاوڕێ وەرگێڕ و نووسەرەکان نا. بێشک ئەوانیش هەریەکە لەلای خۆیەوە کۆمەکیان کردم، بەڵام بەداخەوە و لەئەنجامدا نەگەیشتینە ناوێک، کە بەتەواوەتی گوزارشت لە ناوەڕۆکی کتێبەکە بکات، یاخود وشەیەک، کە وەرگێڕانێکی تەواوەتی ناونیشانی کتێبەکە بێت.

چیرۆکەکە (کە بەئەڵمانی نووسراوە) باس لە کوڕێک دەکات، کە کتێب بۆ ئافرەتێک دەخوێنێتەوە. ناوی ئەم ڕۆمانەش بەو کەسەوە ناونراوە (هەڵبەت بە پیشەکەیەوە کە خوێندنەوەیە، نەوەک بەناوی کارەکتەرەکەوە) هەندێک جار ئەم خوێندنەوانە بەبێ ویستی کوڕەکە

دەبێت، بەڵام لە بەرانبەر شتێک، کە ئافرەتەکە پێی دەبەخشێت، مەجبوورە ئەو خوێندنەوانە بۆ ئافرەتەکە ئەنجام بدات.

هەندێک لەوانەی پرسم پێ کردن پێشنیاری ((خوێنەر)) یان بۆ کردم، بەڵام وەرگێڕانی ئەم کتێبە بەخوێنەر، هەڵەیە. چونکە ئەو کەسایەتیەی لەم ڕۆمانەدا کردەی خوێندنەوە ئەنجام دەدات، خوێندنەوەکانی بۆ خۆی نییە، بەڵکو هەموو ئەو تێکستانە بەدەنگ بۆ ئافرەتەکە دەخوێنێتەوە. لە کاتێکدا هەموو ئەوانەی دەخوێننەوە خوێنەرن، بەڵام ئەوەی نووسینێک بۆ کەسێکی تر دەخوێنێتەوە، ناتوانرێت پێی بووترێت خوێنەر. پێشنیارگەلێکی تر هەبوون وەکو (( حیکایەتخوان ... چیرۆک خوێن ... کتێب خوێن )) بەڵام لەڕاستیدا هیچکامیان ئەو مانایە نابەخشن، کە کتێبەکە لەسەری دەڕوات و هیچیشیان وەرگێڕانێکی تەواوی ناوی کتیبەکە نین.

دواجار بڕیارمدا ((خوێنەرەوەکە)) وەکو ناونیشانی کتێبەکە دابنێم، وەنەبێت ((خوێنەرەوەکە)) یش پڕاوپڕ واتای کتێبەکە و وەرگێڕانێکی دەقاودەقی ناونیشانی کتێبەکە بێت. بەڵام پێم وایە ئەم وشەیە، لەگەڵ ئەوەشدا، کە هەڵەیە، دەبێتە بەرابەرێکی باش بۆ ((The Reader))، کە دەقاودەق وشەیەکمان نییە ئەو واتایە بدات.

# کورتەیەک لە ژیانی بێرنارد شلینک

بێرنارد شلینک لە بەرواری 06.07.1944 لە بیلەفێلد لە ئەڵمانیا لەدایک بووە. بەڵام لە هایدڵبێرگ گەورە بووە. شلینک هەر لە تەمەنی هەشت ساڵیەوە لەمەودای ئەدەبدا بەهرەمەند و دەستبەکار بووە. درامایەکی نووسی، کە لەسەر بنەمای ڕووداوێکی ڕاستەقینە بوو. ناوەڕۆکی دراماکە سەبارەت بە ناکۆکی بەینی خۆی و براکەی بوو، لەبەرئەوە خۆی ناوی لێنابوو ((براکوژی)). لەتەمەنی چواردە ساڵیدا، سۆنێتیک (هەڵبەستێکی چواردە دێڕی) سەبارەت بە خۆشەویستییە خەمناکەکەی نووسی. بەڵام بێگومان لەو نێوەندەدا خەیاڵ و فکری لێ نەدەبڕا. باوکیشی پیاوێکی خوێندەوار بوو؛ تیۆلۆژ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا شلینک نەیویست شوێن پێی باوکی هەڵگرێتەوە. لە هایدلبێرگ و بەرلین یاسای خوێند. دواتر وەک یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە زانکۆی هایدلبێرگ، دارمشتات، بیلەفێلد و فرایبورگ کاری کردووە. ئەمڕۆ بێرنارد شلینک لە بۆن و بەرلین پرۆفیسۆری زانستی دادگەرییە و لە نۆردرهاین-ڤێستفالن دادوەرە. زۆرینەی ڕۆمانەکانی پۆلیسین.

چوارەمین ڕۆمانی، ((خوێنەرەوەکە))، وەرگێڕدراوەتە سەر 39 زمان، بێگومان بە کوردیەوە چل زمان، یەکەمین کتێبی ئەڵمانی بوو، کە لەسەر لیستی کتێبە پڕفرۆشەکانی نیویۆرک تایمس ژمارە یەک بوو. چیرۆکی ناو ڕۆمانە پۆلیسیەکانی بە شێوازێکی بلیمەتانە بنیاتنراون، کە هەمیشە باکگراوندێکی سیاسیان لە پشتەوە هەیە.

ڕۆمانەکانی شلینک پڕن لە مێژووی ئەڵمانی و هەمیشە بە جۆرێک نووسراون، کە هەرگیز لێیان بێزار نابیت. کارە ئەدەبیەکانی لە سەرەتادا ڕەخنەیەکی زۆریان لەسەر بوو، بەڵام ئەو توانی لە ڕەوتی زەمەندا، توانستی خۆیان پێ بسەلمێنێت.

## کارە ئەدەبیەکانی:

1987 عەدالەتی خۆبەخۆ (پێکەوە لەگەڵ ڤالتەر پۆپدا نووسیویەتی)
1988 قەوسی چکۆلانە (ڕۆمانی پولیسی)
1992 خۆفریودان
1995 خوێنەرەوەکە
2000 دەربازبوونەکانی خۆشەویستی
2001 خۆکوژی
2006 گەڕانەوە
2008 کۆتایی هەفتە

## خەڵاتەکانی:

1989 خەڵاتی ((فریدریش-گلاوسەر)) ی گروپی نووسەرانی ئەڵمانی.
1993 خەڵاتی ئەڵمانی بۆ ڕۆمانی پولیسی بۆ ڕۆمانی خۆفریودان

1995 ((ئەستێرەی ساڵ)) ی ڕۆژنامەی (ئابندتسایتونگ) ی میونشن بۆ ڕۆمانی خوێنەوەر
1997 خەڵاتی گرینتسانێ-کاڤور لە ئیتاڵیا بۆ ڕۆمانی خوێنەرەوەکە
1997 خەڵاتی لۆغ باتاییۆ لە فەرەنسا بۆ ڕۆمانی خوێنەرەوەکە (خەڵات بۆ نووسەر و وەرگێڕەکەشی: بێرنارد لۆتۆلاغی)
1998 خەڵاتی هانس-فالادا بۆ ڕۆمانی خوێنەرەوەکە
1999 خەڵاتی ئەدەبی جیهانی بۆ کارە ئەدەبیەکانی
2000 خەڵاتی کۆمەڵگای هاینریش هاین لە دیوسلدۆرف
2000 خەڵاتی پرۆتێستانتی تایبەت بە کتێب بۆ ڕۆمانی خوێنەرەوەکە
2000 خەڵاتی تایبەتی ڕۆژنامەی یابانی (ماینیچی شیمبون) ، کە لەڕاستیدا هەموو ساڵێک دەدرێتە کتێبێکی پڕفرۆشراوی یابانی، بۆ ڕۆمانی خوێنەرەوەکە
2004 خەڵاتی (بوندەسفێردینستکرێوتس)

## ڕۆژنامەکان سەبارەت بە ڕۆمانی خوێنەرەوەکە:

((ڕەوا نییە مرۆڤ ئەم کتێبە لە کیس خۆی بدات، لەبەرئەوەی لە ئەدەبی ئەڵمانی ئەم سەردەمەماندا، خاوەنی بەهایەکی دەگمەنە.))
تیلمان کراوس/ ڕۆژنامەی تاگەسشپیگڵ، بەرلین

((زمانێکی هەستیار بە وردییەکی سەرسوڕهێنەوە. نووسەرێکی بلیمەت، کە لێرەدا دێتە بەر تیشک. ئەم "چیرۆکە غەمگینە"

شەخسیترین کتێبی شلینکە.))
میخایل شتۆلئایس/ فرانکفورتە ئەڵگێماینە تسایتونگ

(( ڕۆمانێکی دڵگری خۆشەویستییەکی بێ ڕەحم. ڕۆمانێک، هێندەی هێزی ڕاکێشان تیادایە، بە شێوەیەک، کە دەستت پێکرد، ناتوانیت دەستی لێ هەڵگریت.))
هانێس هینتەرمایەر/ ئابندتسایتونگ میونشن

(( ڕۆمانێک بە ڕاستگۆییەکی گیرۆدەکەرانەوە. چەند بەختەوەرین، کە ئەم کتێبە نووسراوە!))
راینەر مۆریتس/ دی ڤێلتڤۆخە، زیوریخ

(( ڕووداوێکی ئەدەبی.))
شپیگل، هامبورگ

(( کتێبێکی دڵفڕێن))
لو مۆند، پاریس

## ڕۆژنامەکان سەبارەت بە بێرنارد شلینک:

(( ڕۆمانەکانی پڕ گوژمن و بلیمەتانە هەڵچنراون، کە دۆخی سیاسی سەردەمی و ڕابردووی ئەڵمانیا تیایاندا، ئامادەگی هەیە.))
دۆرۆتیێ/ دێر تاگەسشپیگڵ، بەرلین

((بێرنارد شلینک سەر بەو نووسەرانەیە، کە دەتوانن مانابەخشانە، زیرەکانە، تەوسبەخشانە بگێڕنەوە — ئەوە لە ئەڵمانیادا دەگمەنە.))
دیتمەر کانتاک/ گێنێراڵ — ئەنتسایگەر، بۆن

((بێرنارد شلینک لە ئەدەبی ئەڵمانیدا ئەم پارچە هونەرییەی خوڵقاندووە، هەتا لە توانایدا بێت بە حەزەرەوە، لەسەرو هەموو شتێکیشەوە بەبێ هیچ بەرپرسیاریەکی مۆراڵی وەک خوێنەر، دەتوانیت ڕووداوەکان بژیت و لەگەڵ ئەوەشدا لەڕێی دەقیقییە لەڕوورییەکەی زمانیەوە ڕوونی و ئاشکراییەکی لە ڕادە بەدەر بەدەست بهێنیت.))
ڤێرنەر فولد/ فۆکوس، میونشن

((بێرنارد شلینک چاودێرێکی قوڵی کردارەکانی مرۆڤ و پرۆسە دەرونییەکانە. دەیخوێنیتەوە و حاڵی دەبیت.))
ڤۆڵفگانگ کرۆنەر/ ڕاین — تسایتونگ، کۆبلێنتز

## بە فیلم کردنی ڕۆمانی خوێنەرەوەکە:

لە ساڵەکانی 2008 و 2009 دا ڕۆمانە سەرکەوتووکەی بێرنارد شلینک بە زمانی ئینگلیزی کرا بە فیلم. دەرهێنەری شانۆیی و سینەمایی ئینگلیز، ستیڤن دالدری کاری دەرهێنەری لە ئەستۆ گرت، لە کاتێکدا هاونیشتمانییەکەی، دەیڤید هەیر کاری ڕۆمانەکەی بۆ

گواستنەوەی بۆ سەر شاشەی سینەما لە ئەستۆ گرت. ئەو دوانە جارێکی دی بە فیلمکردنی ڕۆمانی کاتژمێرەکان — لە ئەبەدیەتەوە بۆ ئەبەدیەت (2002) کە ئۆسکاری وەرگرت، پێکەوە کاریان کردبوو. بۆ کاری توێژینەوە بۆ فیلمەکە، دالدری سەرەتای مانگی جونی ساڵی 2007 سەردانی بەرلینی کرد و لەوێ لە پرۆسەیەکی دادگایی لە دادگای تاوانی ئەوێ بەشداری کرد. لە 19 سێپتەمبەری 2007 ەوە یەکەمین کاری وێنەگرتنەکان لە بەرلین و گۆرلیتس دەستیان پێکرد. بۆ ڕۆڵە سەرەکیەکان ئەکتەری ئوستوڕالی نیکۆل کیدمان - کە ساڵی 2002 لەگەڵ دالدری و هەیردا لە فیلمی کاتژمێرەکاندا کاری کردبوو و بۆ ڕۆڵی ڤیرجینیا ڤۆلف ئۆسکاری وەرگرت- لەگەڵ ئەکتەری گەنجی ئەڵـمانی دەیڤید کرۆس هەڵبژێردرا بوون. بەڵام کیدمان لە سەرەتای مانگی جانیوەریدا ڕایگەیاند، بەهۆی دووگیانییەوە ناتوانێت ئامادەبێت. وەک جێگرتنەوەیەک بۆ ڕۆڵە مێیینەکە، توانیان کەیت وینسلێت ڕازی بکەن. سەرەتا هەتا ناوەڕاستی جولای دواهەمین وێنەکانی بەرلین و گۆرلیتس گیران. بۆ ڕۆڵی لەم فیلمەدا، ئەکتەر کەیت وینسلێت لە 11ی جانیوەری 2009دا خەڵاتی گۆلدن گلۆب و لە 22ی فابروەریدا ئۆسکاری ((باشترین ئەکتەر))ی وەرگرت.

ڕۆڵە تەواوکەرەکان فۆلکەر بروخ، ڤیجێسنا فێرکیک، کارۆلین هێرفورت، برونۆ گانتس، بورگارت کلاوسنەر، هانا هێرتسشپرونگ، ئەلێکساندرا ماریا لارا و ڕالف فیێنێس دەیبینن. هەردوو هەڵگری خەڵاتی ئۆسکار، کە لەم نێوەندەدا مردوون، ئانتۆنی میگێلا و سیدنێی پۆلاک، هەروەک بەرهەمهێنەری (کاتژمێرەکان) سکۆت ڕودین و ڕۆبێرت فۆکس بەرپرسیاری بەرهەمهێنانی فیلمەکەن.

# بەشی یەکەم

# یەک

کاتێک تەمەنم پانزە ساڵان بوو، زەردوییم هەبوو. نەخۆشییەکە لە پاییزدا دەستیپێدەکرد و لە بەهاردا کۆتایی دەهات. هەتا ساڵی کۆن ساردتر و تاریکتر دەبوو، من لاوازتر دەبووم. سەرەتا لەگەڵ ساڵی نوێدا بەرە و باشی دەچووم. مانگی کانونی دووهەم گەرم بوو و دایکم جێگای خەوی لە باڵکۆنەکەدا بۆ داخستبووم. ئاسمان و هەور و خۆرم دەبینی و گوێم لە منداڵان بوو لە گۆڕەپانەکەدا یاریان دەکرد. ئێوارەیەکی زووی مانگی شوبات گوێم لە خوێندنی ڕیشۆڵەیەک بوو.

یەکەم ڕێگام، لە شەقامی بلومنشتراسەوە – لەوێ لەنهۆمی دووی خانوویەکی قەبەدا دەژیاین، کە لە دەورانی ئەم سەدەیەدا بنیاتنرا بوو — دەیبردمەوە سەر شەقامی بانهۆفشتراسە. لەوێ، لە دوو شەممەیەکی مانگی تشرینی یەکەمدا، لەسەر ڕێگاکەم ڕشامەوە. ماوەی چەند ڕۆژێک دەبوو هەستم بە لاوازییەک دەکرد، کە هەرگیز لە ژیانمدا بەخۆمەوە نەدیبوو. هەر هەنگاوێکم هێزی لێدەستاندم. کە لە ماڵێ یاخود لە خوێندنگا بە پلیکانەدا هەڵدەگەڕام، قاچەکانم بە ئاستەم لە خۆیاندەگرتم. نانیشم پێنەدەخوورا. تەنانەت کاتێک بە برسییەتی لە سەر مێز دادەنیشتم، هەر زوو نەخواستیم دەکەوتە گەڕ. بەیانیان بە دەمی وشکەوە بەخەبەر دەهاتم و وام هەست دەکرد ئەندامەکانم ئێجگار قورسن و لە شوێنی خۆیاندا نین. لاوازیم شەرمەزاری کردبووم. بەتایبەتی ئەو ساتانە شەرمەزار دەبووم، کە

دەڕشامەوە. ئەوەش هەرگیز لەژیانمدا ڕووی نەدابوو. دەمم پڕ بوو، هەوڵمدا قوتیبدەمە خوار، لێوەکانم پێکەوە پەستاندن، دەستم بە دەممەوە گرت، بەڵام بەبەینی لێو و پەنجەمدا دەرپڕژی. پاشان خۆم بەدیواری خانویەکەوە گرت، لە ڕشانەوەکەی بەرپێم دەڕوانی و بەڵغەمی کاڵم یەق دەکردەوە.

ئافرەتێک بەشێوازێکی نێزیک لە توندوتیژی مشووری خواردم.

پەلی گرتم و بەناو دەروازەی خانوەکەدا ڕایکێشامە ناو حەوشەکەوە. بەهەواوە، لەپەنجەرەوە بۆ پەنجەرە، تەناف جەڕدرابوون و جلیان پێوە هەڵواسرابوون. لە حەوشەکەدا تەختە خەزێنەکرابوو؛ لەکارخانەیەکی کراوەوە مشارێک شریقەی دەهات و تەڵێزمەدار دەفڕین. بەتەنیشت دەرگای حەوشەکەوە بەلوعەیەک هەبوو. بەلوعەکەی سووڕاند، سەرەتا دەستی بۆ شۆریم و پاشان ئەو ئاوەی لەناو چاڵی لەپەدەستیدا کۆیدەکردەوە، بەدەموچاومیدا شڵپاند. من دەموچاوم بە دەسەسرەکەی گیرفانم سڕی.

(( تۆ ئەوەی تریان بهێنە))، بەتەنیشت بەلوعەکەوە دوو سەتڵ داندرابوون، ئەو یەکیانی هەڵگرت و پڕیکرد، منیش ئەوەی تریانم هەڵگرتەوە و پڕمکرد و بە ڕاڕەوەکەدا دوایکەوتم. گوژمێکی دووری خواردەوە و ئاو بەسەر پیادەڕەوەکەدا شڵپەیکرد و ڕشانەوەکەی ڕادایە ناو زێرابەکەوە. سەتڵەکەی لەدەست وەرگرتم و شەپۆلە ئاوێکی دی ڕەوانەی سەر پیادەڕەوەکە کرد.

خۆی قینج کردەوە و بینی من دەگریم. بەشێوازێکی سەرسامکەرانە وتی: (( کوڕیژگە، کوڕیژگە))، و لەئامێزی گرتم. بەئاستەم لەو بڵندتر بووم، بەسینەم هەستم بە مەمکی دەکرد، لەتەنگی دەستلەملانێکەدا بۆنی هەناسە ناخۆشەکانی خۆم و ئارەقە تازەکەی ئەوم کرد و نەمدەزانی چی لەدەستەکانم بکەم. دەستم لە گریان هەڵگرت.

لێی پرسیم، لە کوێ دەژیم، سەتڵەکانی لەسەر ڕاڕەوەکە دانان و بردمیەوە ماڵێ. بەتەنیشتمەوە ڕێی دەکرد، جانتای خوێندنگام لە دەستێکیدا و دەستەکەی تری لە قۆڵمدا. شەقامی بانهۆفشتراسە لە شەقامی بلومنشتراسەوە دوور نییە. خێراو بە دڵنیاییەکەوە ڕێی دەکرد، بەچەشنێک کەڕێکردنی لەگەڵ ئاسان بوو. لەپێش خانوەکەماندا ماڵئاوایی لێکردم.

هەمان ڕۆژ دایکم پزیشکی هێنا، کە نەخۆشیی زەردویی تیادا دەستنیشان کردم. ڕۆژێک لە ڕۆژان باسی ئەو ئافرەتەم بۆ دایکم کرد، ئەگەر نا باوەڕناکەم سەردانم بکردایە، بەڵام بۆ دایکم سرووشتی بوو، کە من، لەگەڵ ئەوەی لەتوانامدا بوو لە پارەی ڕۆژانەی خۆم چەپکێک گوڵی بۆ بکڕم، خۆمی پێبناسێنم و سوپاسی بکەم. بەو شێوەیە لە کۆتایی مانگی شوباتدا ڕۆیشتمە شەقامی بانهۆفشتراسە.

# دوو

ئێستا خانوەکەی سەر شەقامی بانهۆفشتراسە نەماوە. نازانم کەی و بۆچی هەڵقەنراوە. ماوەی چەند ساڵێک دەبێت لە زێدی خۆم نەبووم. خانوە نوێیەکەی لە حەفتاکان یان هەشتاکاندا بنیاتنراوە. پێنج نهۆم و نهۆمێکی تەواوی سەربانیی هەیە، باڵکۆن و پەنجەرەی گەورە و دەرپۆقیوی نییە، بە بۆیاخێکی لووس و ڕۆشن، ڕووکەش کراوە. زۆرێک زەنگ، زۆرێک ئەپارتمانی بچووک بچووک نیشان دەدەن. ئەپارتمان، کە پیاو دەگوازێتە نێویان و لێیانەوە باردەکات، هەروەک چۆن ئۆتۆمبێل بەکرێ دەگیرێت و پاشان دەگەڕێنرێتەوە. لەم ئانوساتەدا نهۆمە ئەرزیەکەی دوکانێکی کۆمپیوتەرە؛ ئەوسا لەویادا دەرمانخانەیەک، مارکێتێکی تایبەت بەخواردەمەنی و دوکانێکی لێبوو بۆ بەکرێدانی شریتی ڤیدیۆ. خانووە کۆنەکە بەهەمان باڵاوە چوار نهۆمی هەبوو، نهۆمێکی ئەرزی، کە لەبەردەمی ئەڵماس ئاسا داتاشراوی چوارگۆشەیی درووست کرابوو، بەسەریەوە سێ نهۆمی خشتین بە چێوە پەنجەرەی دەرپۆقیوی بەردە لمین و باڵکۆنەوە. بۆ نهۆمی ئەرزی و لای پلیکانەکان بەسەر چەند پلیکانەیەکی دیدا دەڕۆیشتیت، لە خوارێ پان و لە سەرێ تەسک، لەهەردووک لاوە بەشوورا ئابلۆقە درابوو، کە محاجەرەی ئاسنینیان پێوە بوون و لەخوارەوە بەفۆرمێکی لوولپێچ کۆتاییان دەهات. دەرگاکە  ئەملاولای بەپایە گیرابوو، لەسووچی بالکۆنەکەوە شێرێک نیگای ڕووە و سەرەوەی شەقامی بانهۆفشتراسە کردبوو و شێرێکی دیش ڕووە و خوار. ئەو دەروازەیەی ئافرەتەکە منی پێدا بردە لای

بەلوعەی ناو حەوشەکە، دەروازەی لاوەکی بوو.
هەر لەمنداڵییەوە ئامادەگی ئەو خانووە خزیبووە نێو هۆشمەوە. بەسەر خانوەکانی ڕیزەکەی خۆیدا زاڵ بوو. وام بیردەکردەوە: ئەگەر خۆی سەنگینتر و پانوپۆڕتر بکات، ئەوا دەبێت خانوەکانی سەرسنوری بکشێنە لاوە و جێگای بۆبکەنەوە. لەناوەوە قوڵگەی پلیکانەکانم بە بنمیچی نەقشکراوەوە، بە ئاوێنە و بەڕەوباقاڵی باریکی ڕۆژهەڵاتییەوە هێنابووە پێش چاوی خۆم، کە تەوەرەی مسینیان لەسەرخۆیان ڕاگرتووە. وام چاوەڕوان دەکرد، لە خانووە گەورەکەدا، خەڵکانێکی گەورەش نیشتەجێ بن، بەڵام چونکە خانوەکە بەهۆی تەمەنی و دووکەڵی شەمەندەفەرەکان تاریک ببوو، منیش سەرنشینە گەورەکانیم بەچەشنێکی ترسناک دەهێنایە پێش چاوی خۆم؛ نامۆ، کەڕ یان لاڵ، کۆم یاخود شەل.
ساڵەکانی دواتر چەندین جار خەونم بەو خانووەوە دەبینی. خەونەکان لەیەک دەچوون؛ هەمان بابەتی خەون بەجیاوازیەکی کەمەوە. بەناو شارێکی نامۆدا دەڕۆم و خانووەکە دەبینم. لەگەڕەکێکدا، کە من نایناسم، لە ناو ڕیزێک خانوودایە. بەردەوامی بە ڕێکردن دەدەم، سەرم لێ شێواوە، چونکە خانووەکە دەناسمەوە، بەڵام گەڕەکەکە ناناسم. پاشان دێتەوە یادم، کە خانووەکەم جاری دی بینیووە. لەگەڵ ئەوەدا بیر لەشەقامی بانهۆفشتراسەی شاری لەدایکبوونم ناکەمەوە، بەڵکو لەشارێکی تر یاخود وڵاتێکی تر. بۆ نموونە لەخەوندا لە ڕۆمام و لەوێ خانووەکە دەبینم و وا دێتە یادم، لە بێرن بینیبێتم. بەو یادەوەریانەی ناو خەونەکانم نائارام نیم؛ بینینی ئەو خانووە لە ناوچەیەکی تر وەک لە بینینەوەیەکی ڕێکەوتی هاوڕێیەکی کۆن لە ناوچەیەکی نامۆدا، سەیروسەمەرە تر نایەتە پێش چاوم. دەگەڕێمەوە، دەڕۆمەوە لای خانووەکە و ئیدی بە پلیکانەکاندا بۆ

سەرەوە. دەمەوێت بچمە ژوورێ. دەسکی دەرگاکە بادەدەم.
کاتێک خانووەکە لەدەرەوەی شار دەبینم، خەونەکە زیاتر دەخایەنێت، یاخود پاش هۆشیاربوونەوەم وردەکاریەکانیم چاکتر لەیادە. ئوتومبێل لێدەخورم، لە دەستە ڕاستمەوە خانووەکە دەبینم و بەردەوامی بەلێخوڕین دەدەم. سەرەتا سەرم لێ شێواوە؛ خانووێکە، کە دیارە سەر بەشەقامێکی پڕ ڕیزە خانووی شارە، بەڵام لەدەشتێکی بەرین و ئازاد دایە. پاشان دێتەوە یادم، کە جارانی دی بینیومە و ئیدی دوو هێندە سەرم لێ شێواوە. کە بیرم دەکەوێتەوە لەکوێ تووشی بووم، پێچ دەکەمەوە و دەگەڕێمەوە. لە خەونمدا شەقامەکان هەمیشە چۆڵوهۆڵن، دەتوانم جیکە لە تایەکانم هەستێنم و بە خێراییەکی زۆر بگەڕێمەوە. دەترسم درەنگ بکەوم و خێراتر لێدەخورم. پاشان دەیبینم، بە کێڵگە ئابڵوقە دراوە؛ شێلم، گەنمەشامی یاخود دار مێو لە پالاتین (هەرێمێکە لە ئەڵمانیا)، گووڵە ئەرخەوان لە پغۆڤۆنس (خوارووی ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا). ناوچەکە تەختە، ئەو پەڕی کەمێک گرداوییە. درەختی لێ نین. ڕۆژێکی زۆر ڕۆشنە، خۆر دەدرەوشێتەوە، هەوا بریقە دەداتەوە و شەقامەکە لە گەرمادا شەوق دەداتەوە. شورا ئاگر بڕەکانی سیمایەکی کەموکوڕیی و دابڕاوی دەدەنێ. دەشێت شورای هەر خانوویەکی نادیاریکراو بن و تەواو. خانووەکە وەکو لەشەقامی بانهۆفشتراسە تاریکتر نییە، بەڵام سەرتاپای پەنجەرەکان تەپوتۆزاوین و بووار نادەن شتێک لەناو ژوورەکاندا ببینرێت، تەنانەت پەردەکانیش نابینرێن، خانووەکە کوێرە.
لەقەراخ شەقامەکە ئوتومبێلەکە ڕادەگرم و بەسەر شەقامەکەدا ڕووبەڕووی دەروازەکەی دەڕۆم. هیچ کەس بەو ناوەوە نییە، هیچ شتێک نرکەی لێوە نایەت، تەنانەت دەنگی مەکینەیەکی دوور، بایەک،

باڵندەیەکیش نایەت، دنیا مردووە. بەپلیکانەکاندا سەردەکەوم و دەست دەخەمە سەر دەسکی دەرگاکە، بەڵام دەرگاکە ناکەمەوە. بەخەبەر دێم و تەنها دەزانم دەستم بۆ دەسکی دەرگاکە ڕاکێشاوە و بامداوە. ئیدی سەرتاپای خەونەکەم و ئەوەشم دێتەوە یاد، کە جارانی دی بینیومە.

# سێ

ناوی ئافرەتەکەم نەدەزانی. بەخۆم و چەپکە گوڵێک بەدەستمەوە، بە دوودڵی لە پێش دەرگا و زەنگەکەدا وەستام. ئارەزووم لێ بوو بگەڕێمەوە، بەڵام پاشان پیاوێک لەبیناکەوە هاتە دەرێ، لێی پرسیم، ئاخۆ دەمەوێت بڕۆمە لای کێ و ناردمیە نهۆمی سێهەم، بۆ لای خانم شمیتس.

نە بنمیچی ڕازاوە، نە ئاوێنە، نە بەڕەوقاڵی باریک!

لەمێژبوو ئەو ساکاری و قەشەنگی و جوانییە ناوازەییەیی و ڕووکەشییەی، کە دەشیا لەدێر زەمەنەوە پلیکانە خانەکە خاوەنی بووبێت، نەمابوو. بۆیە سوورەکەی سەرپلیکانەکان بەهۆی فشاری پێ پێدا نانەوە لە ناوەڕاستەوە هەڵی دابوو، ئەو مشەما سەوزەی هێندەی بارستایی شانێک بەرز بەدیوارەکەوە لکێنرابوو، شڕو و سوا بوو. محاجەرەکە لەهەرکوێیەک تیغێکی نووقسان بوو، گوریسێکی باریکەڵە لەجێی جەڕێندرا بوو. بۆنی دەرمانی پاکژکاری دەهات. ڕەنگە دواتر درکم بەم هەموو شتانە کردبێت؛ بەردەوام هەمان پەڕپووتی و هەمان پاکژی، هەروەها بەردەوام بۆنی هەمان دەرمانی پاکژکاری لێدەهات، بەڵام هەندێک جار تێکەڵ بەبۆنی کەلەرم و فاسۆلیا، بۆنی شتی سوورەوەکراو، یان جلی کوڵێنراو. لەسەرنشینەکانی ئەوخانووە لەو بۆنانەیان و جێ پێی پێش دەرگای ئەپارتمانەکانیان بترازێت، زیاترم نەناسی. لە یادم نییە هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان لەپلیکانەخانەکەدا، تووشم بوو بێت بە تووشی سەرنشینێکیەوە. لەیادیشم نییە چۆن سڵاوم لەخانم شمیتس کردووە.

ڕەنگە چەند ڕستەیەکم سەبارەت بەنەخۆشیەکەم، کۆمەکەکەی ئەو و سوپاسگوزاری خۆمم بەڕێکوڕەوانی ئامادە کردبێت و لەبەر گوتبێتم. ئەویش منی بردە ناو مەتبەخەکە.

مەتبەخەکە مەزنترین ژووری ئەپارتمانەکە بوو. تەباخ و دەستشۆر، بانیۆ و بۆیلەر، مێزێک و دوو کورسی، کەوانتەرێک، کەنتۆرێکی جل و قەنەفەیەکی تیادا بوو. بەسەرقەنەفەکەدا چەرچەفیک بڵاوکرابۆوە. مەتبەخەکە پەنچەرەی نەبوو. تیشک لەجامی دەرگایەکەوە دەهات، کە دەچۆوە سەربالکۆنەکە. تیشکێکی زۆر نا — مەتبەخ تەنها کاتێک ڕۆشن بوو، کە دەرگاکە لە سەرپشت بوو.

پاشان لەدارتاشەکەی حەوشەکەوە، گوێت لەخڕەی مشار دەبوو و بۆنی تەختەت دەکرد.

ژوورێکی میوانی تەسک و بچکۆلەش بە ڕاخراوی سەر بە ئەپارتمانەکە بوو؛ مێزێک، چوار کورسی، قەنەفە و شۆفاژ. زستانان ئەو ژوورە هەرگیز گەرم نەدەکرا و هاوینانیش هەرگیز بەکار نەدەهێنرا. پەنجەرەکەی ڕووی لەشەقامی بانهۆفشتراسە بوو و نیگای دەچۆوە سەر پەرژینی وێستگەی شەمەندەفەری ئەوسا، کە دەگۆڕدرا و دەگۆڕدرا، دەهێنرا و دەبرا و لێرە و لەوێ بناغەی ساختمانی دادگا و فەرمانگەی تری نوێی لەسەر بنیادنرابوون. لە کۆتاییدا، ئەپارتمانەکە توالێتێکی بێ پەنجەرەی هەبوو. کە بۆگەنی دەهات، ڕاڕەوەکەش لەگەڵیدا بۆگەنی دەهات.

هەروەها لەیادیشم نەماوە چیمان لە مەتبەخەکەدا گوتووە. خانم شمیتس ئوتووی دەکرد؛ بەتانیەک و بەرگە دۆشەکێکی بەسەر مێزی مەتبەخەکەدا بڵاوکردبۆوە و پارچە جل دوای پارچە جل، لەناو سەبەتەکەوە دەریدەکێشان، ئوتووی دەکردن و دەیخستنە سەر یەکێک لە کورسیەکان. جلەکانی ژێرەوەشی ئوتوو دەکرد و منیش

نەمدەویست تەماشایان بکەم، بەڵام نەمدەتوانی. بەروانکەیەکی بێقۆڵی شینی لەبەردا بوو، کە بەگووڵی سووری گچکەگچکە نەخشینرا بوو.
قژە زەردەکانی تا سەرشانی درێژ بوون و لەسەرو پشتەملیەوە، بەتۆقەیەک بەستبوونی. قۆڵە ڕووتەکانی سپی بوون. دەستبردنەکانی، کە ئوتووەکەی پێدەگرت و دەیگێڕا و دای دەنایەوە، پاشان پارچە جلەکانی پێ قەد دەکرد و لادەبرد، هێدی و بەتەرکیز بوون و بەهەمان هێمنی و تەرکیزەوە جووڵەی دەکرد، دەچەمیەوە و قینج دەبۆوە. لەیادەوەریمدا دەمووچاوەکانی دواتری، خۆیان داوە بەسەر دەمووچاوی ئەوساتەیدا. کە وێنەکەی ئەوسای دەهێنمە پێش چاوم، بەبێ دەمووچاو دەیبینم. پێویستە پێکیەوە بنێمەوە. نێوچاوانێکی بەرز، کاکیلەی بەرز، چاوی شینی کاڵ، لێوی پڕی کەوانەیی و بێ قوپاوی، چەناگەیەکی پڕ؛ دەمووچاوێکی ژنانەی ڕووبەر گەورە و مۆن. دەزانم کە پێم جوان بوو، بەڵام جوانییەکەی لەپێش چاومدا نابینم.

# چوار

وتی:
(( جارێ بووەستە)) کاتێک هەڵستام و ویستم بڕۆم،
(( دەبێ منیش بڕۆم و پارچەیەک ڕێ لەگەڵت دێم.))
من لە ڕاڕەوەکەدا چاوەڕێیم کرد. لە مەتبەخەکەدا خۆی گۆڕی. دەرگاکەی درزێک لەسەرپشت بوو. بەروانکەکەی داکەند و لەناو ژێرکراسێکی سەوزدا وەستا. بەسەر پاڵپشتی کوورسیەکەدا جووتێک گۆرەوی هەڵخرابوون. یەکێکیانی هەڵگرت و لوولی کرد. لەسەر یەک قاچ لەنگەری گرت، بنە پێی قاچەکەی تریانی خستە سەر ئەژنۆی ئەم قاچەی، چەمیەوە، نوکە پێی لە گۆرەویە لوول دراوەکە ڕۆکرد، نوکە پێی نایە سەر کورسیەکە، گۆرەویەکەی بەسەر پوز و ئەژنۆ و ڕانیدا هەڵکێشا، خۆی لارکردەوە و گۆرەویەکەی بە ئاسقەکانی قایمکرد. خۆی قینج کردەوە، پێی لەسەر کورسیەکە لادا و دەستی دایە گۆرەویەکەی دی.
من لە توانامدا نەبوو چاوی لەسەر لادەم. پشتەملی، شانی، مەمکۆڵەکانی، کە ژێرکراسەکەی پتر لەئامێزی گرتبوون وەک لەوەی شاردبنیەوە، سمتی، کە ساتێک پێی دەنایە سەر ئەژنۆیی و کورسیەکە، ژێرکراسەکەی پێوە دەلکا، قاچی، سەرەتا ڕووت و سپیکەلە و پاشان ئاوریشمی و بریسکەدار لە ناو گۆرەویەکاندا.
ئەو هەستی بەنیگام کرد. لە کاتی دەستبردنیدا بۆ گۆرەویەکەی دی، ئێستێکی کرد، ڕووی لەدەرگاکە کرد و تەماشای نێوچاوانی کردم. نازانم چۆن تەماشای کرد — سەرسامانە، پرسیار ئامێزانە،

بێئاگایانە، سەرزەنشتکەرانە؟ من سوور هەڵگەڕام. بۆ لەحزەیەک بە دەمووچاوی گڕ تێبەربووەوە لەویادا وەستام. ئیدی چیتر خۆم پێ ڕانەگیرا، لە ئەپارتمانەکە دەرپەڕیم، بە پلیکانەکاندا هەڵهاتمە خوار و پاشان لە خانووەکە دەرچووم.
بە هێواشی ڕێم دەکرد. شەقامی بانهۆفشتراسە، هۆیزەرشتراسە، بلومنشتراسە - چەندین ساڵ بوو ئەمە ڕێگای خوێندنگام بوو. خانوو بە خانوو، باخ بە باخ و پەرژین بە پەرژینم دەناسی، ئەو پەرژینەی هەموو ساڵێک سەرلەنوێ بۆیە دەکرایەوە، ئەو پەرژینەی کۆڵەکە تەختەکانی هێند بۆر و ڕزیو بوون، کە دەمتوانی بەدەست وردیان بکەم، ئەو پەرژینە ئاسنینانەی، کە بەمنداڵی بە پارچە دارێک و بە ڕاکردنێنەوە زرینگەم لە تیغەکانی هەڵدەستاند، هەروەها دیوارە خشتینە بەرزەکە، کە فانتازیای ترسناک و دڵفڕێنم بەو دیویەوە کردبوو، هەتا توانیم پێیدا هەڵگەڕام و گووڵی تووترک و پەڵە زەوی سەوزەواتە ڕزیو و فەرامۆش کراوم بینی.
خڕە بەرد و چینە قیری سەر جادەکانم دەناسی، ئاڵوگۆڕی نێوەندی قاڵبە کۆنکرێتییەکان، ئەو بازوڵتانەی لەشێوەی شەپۆل داندرابوون، قیر و زیخ لەسەر پیادە ڕەوەکان.
هەمووم لا ئاشنا بوو. ساتێک دڵم چیتر وەها بەخێرایی لێی نەدەدا، دەمووچاویشم چیتر نەدەچوزایەوە؛ ئێستە بەرەوڕووبوونەوەکەی بەینی مەتبەخ و ڕاڕەوەکە، زۆر دوور بوو.
ڕقم هەستا، هەروەک منداڵێک هەڵهاتبووم، لەبری ئەوەی وەک چۆن لەخۆمم چاوەڕوان دەکرد، کاردانەوەم نایاب و سەربەخۆیانە بێت. من چیتر نۆ ساڵان نەمابووم، من پانزە ساڵ بووم. بەڵام بۆ هەتاهەتایە مەتەڵێک مایەوە، کە ئایا دەبایە کاردانەوە نایاب و سەربەخۆیانەکەم چۆن بێت.

مەتەڵەکەی دی بەرەوڕووبوونەوەکەی بەینی مەتبەخ و ڕاڕەوەکە خۆی بوو. بۆچی نەمتووانی بوو چاوی لەسەر لادەم؟ جەستەیەکی زۆر پڕ و مێیینانەی هەبوو، لەو کچانە پانوپۆڕتر، کە من بەدڵم بوون و لەدوایانم دەڕوانی. دڵنیابووم هەستم پێ نەدەکرد ئەگەر بێت و لە مەلەوانگە بمدیتبا. خۆشی ڕووتتر لەو کچ و ژنانە نیشان نەدابووم، کە من لە مەلەوانگە دەمبینین. لە سەرو ئەوەشەوە، زۆر لەو کچانە بە تەمەنتر بوو، کە من خەونم پێوە دەبینین. لەسەرو سی ساڵەوە بوو؟ پیاو زۆر بەزەحمەت توانای قەبڵاندنی ئەو تەمەنەی هەیە، کە هێشتا خۆی تێی نەپەڕاندووە یاخوود ڕووبەڕووی نەبۆتەوە.

چەندین ساڵ دواتر باوەڕم هێنا، کە من تەنها لەبەر خاتری جەستەی نەبوو، بەڵکە لەبەر پۆز و شێوەی وەستان و جووڵەکانی بوو، نەمتوانیبوو چاوی لەسەر لادەم. تکام لە دەنکەکانم دەکرد، گۆرەوی درێژ لە پێ بکەن، بەڵام لەتوانامدا نەبوو هۆکاری داواکەم لێک بدەمەوە و مەتەڵی بەینی مەتبەخ و ڕاڕەوەکە باس بکەم. بەو شێوەیە داواکانم وەک خواستێکی شەهوانی زیادەڕۆ وەردەگیران و کە بەجێ دەهێنران، بەجمووجۆڵێکی چاو باشقاڵانەوە نمایش دەکرا؛ ئەوە ئەو شتە نەبوو کە من نەمتوانیبوو چاوی لەسەر لادەم. ئەو بەتایبەتی بۆ من نەوەستابوو و چاو باشقاڵی نەکردبوو. لەیادیشم نەماوە جگە لەوساش شتی وەهای کردبێت. لەیادمە، کە جەستەیی و شێوەی وەستان و جووڵەکانی قورس دەیان نواند. نەوەک کێشی قورس بوو بێت. ئەو پتر بەوەی دەکرد، کشابێتەوە ناو ناخی جەستەی، خۆی تەسلیمی ئیقاعێکی ئارام کردبێت، کە لەلایەن فەرمانەکانی مێشکەوە ناشێوێنرێت و دنیای دەرەوەی فەرامۆش کردبێت.

ئەو دنیا فەرامۆشکردنە لەناو ئەو شێوە وەستان و جووڵانەدا بوو،

که پێیانەوە گۆرەویەکانی لەپێ دەکرد.
بەڵام لەویادا قورس نەیدەنواند، بەڵکو چوست و چالاک، شۆخوشەنگ، لەخشتەبەر — فریودانێک، کە هیچ پەیوەندیەکی بە مەمک و سمت و ڕانەوە نەبوو، بەڵکو داوەتکردنێک بۆ ناوەوەی جەستەی، دنیای تیادا فەرامۆش بکەیت.
ئەوکات ئەوەم نەدەزانی — ئەگەر ئێستەش بیزانم و تەنها هەڵی نەبەستم. بەڵام ئەو ساتانەی بیرم لە جاران دەکردەوە، کە ئایا چ شتێک زەوقی هەستاندبووم، زەوقم هەڵدەستایەوە. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو مەتەڵە، بەرەوڕووبوونەوەکانم دەهێنایەوە پیش چاوی خۆم و ئەو مەودایەی، کە خۆم بۆ خۆمم خولڵقاندبوو، بەوەدا، کە لە خۆمم کردبووە مەتەڵێک، چیتر نەدەما. هەموو شتەکانم سەرلەنوێ دەهاتەوە پێش چاو و دووبارە نەمدەتوانی چاوی لەسەر لادەم.

## پێنج

هەفتەیەک دواتر لەپێش دەرگاکەیدا وەستامەوە. هەفتەیەک بوو هەوڵم دەدا بیری لێ نەکەمەوە، بەڵام هیچ شتێک نەبوو خەیاڵم پڕبکاتەوە یان خافڵم بکات؛ هێشتا دکتۆر بواری نەدەدا بڕۆمەوە خوێندنگا، لەپاش چەندین مانگی خوێندنەوە، لە کتێبەکانیش ماندوو ببووم، لەڕاستیدا هاوڕێکانم سەریان دەدا، بەڵام من لەمێژ بوو نەخۆش بووم، بەچەشنێک، کە سەردانەکانیان چیتر لە بارياندا نەبوو پردێک لەنێوەندی ڕۆژگاری ئەوان و مندا دروست مبکەن و بەردەوام کورتخایەن تر دەبوون. دەبایە پیاسە بکەم، هەموو ڕۆژێک کەمێک دوور تر، بۆ ئەوەی خۆم ماندوو بکەم. بەڵام من پێویستم بەو ماندووبوونە بوو.

ئاه، ئەو زەمانی نەخۆشیانەی منداڵی و گەنجی چ زەمانێکی بە با چوون! دنیای دەرێ، دنیای کاتی سەربەست لە گۆڕەپان یان باخ یان سەر شەقامەکان تەنها بە غەڵبە غەڵبێکی کپ دزە دەکەنە ناو ژووری نەخۆشەوە. لەناو ژووری نەخۆشدا تەنها دنیای ئەو چیرۆک و شکڵانە سەوز دەبێت، کە نەخۆش دەیانخوێنێتەوە. ئەو تایەی هەستیاری لاواز و خەیاڵ تیژ دەکات و ژووری نەخۆشەکە دەکاتە هۆڵێکی نوێی ئاشنا و هاوکات نامۆ؛ لەسەر نەخشەی پەردەکان و کاغەزی سەر دیوارەکان، دێوەرەکان دەمووچاوە بەد ڕووەکانیان نمایش دەکەن و کورسی و مێز و ڕەفە و کەنتۆر دەبنە چیا، ساختمان یاخود کەشتی، هێند نێزیک، کە دەست دەیانگاتێ و هاوکاتیش لەوپەڕی دوورین. بەناو کاتژمێرە دوور و درێژەکانی

شەواندا چرکەی کاتژمێری بوورجی کڵێسەکان و فڕەفڕی تێپەڕینی تاو نا تاوی ئۆتومبێل و شەوق دانەوەی لاییتەکانیان بەسەر دیوار و سەقفدا هاودەمی نەخۆشەکە دەکەن.
ئەوانە کاتژمێری بێ خەوین، بەڵام نەک کاتژمێری بێ خەون، کاتژمێری کەموکوڕی نا، بەڵکو کاتژمێری زەنگینی. تامەزرۆیی، یادەوەری، ترس و هەوەس ڕێویلکە دەخولقێنن، کە نەخۆش خۆیان تیادا بزر دەکات و دەدۆزێتەوە و بزر دەکاتەوە. کاتژمێرن، کە هیچ شتێک تیایاندا ئەستەم نییە، باش هەروەک خراپ.
ئەو شتانە بە چاک بوونەوەی نەخۆشەکە پەیتا پەیتا لاواز دەبن. بەڵام ئەگەر نەخۆشیەکە بەشی خۆی درێژ خایەن بێت، ئیدی ژووری نەخۆشەکە تێوە دەچێت و ئەو نەخۆشە بووژاوەوەی، کە چیتر تای نەماوە، هێشتا ونبووی ناو ڕێویلکەکەیە.
ئەو وێنەو دیمەنانەی من خەونم پێوە دەبینین، ڕەوا نەبوون. دەمزانی دایکم و ئەو قەشەیەی وەک ئەندامێکی کڵێسە پەروەردەی کردبووم و من حورمەت و خۆشەویستیم بۆی هەبوو و خوشکە گەورەکەم، کە من نهێنیەکانی منداڵیم پێسپاردبوو، ئەگەر بیانزانیبا، لە ڕاستیدا سەرزەنشتیان نەدەکردم، بەڵام بەچەشنێکی پڕ خۆشەویستی و خەمخۆرانە بەئاگایان دەهێنامەوە، کە لە سەرزەنشتکردن بەد تر بوو. بەتایبەتی نادروستیەکەی لەوەدا بوو، کە ئەو وێنەو دیمەنانەی لە کاتی بێهۆشیمدا نەمدەدین، بەهۆشیاری خەیاڵم پێوە دەکردن.
نازانم ئەو بوێریەم لەکوێوە هێنا بۆ لای خانم شمیتس بڕۆم. وەک ئەوە وابوو پەروەردە مۆڕاڵییەکە پێچەوانە بووبێتەوە؛ ئەگەر نیگا بە تەوسەکە هێندەی ئاسودە کردنی ئالۆشەکە بێت، خەیاڵە تۆبزییەکە هێندەی کردارە فەنتازیا کراوەکە بەد بێت — ئیدی بۆچی ئاسودە بوون و کردارەکە پێکرا نەبێت؟

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ من دەمزانی ناتوانم دەستبەرداری خەیاڵە گوناهبارییەکانم بم، ئیدی کردارە گوناهبارییەکەشم دەویست.
بیرکردنەوەیەکی دیش لەئارادا بوو. دەکرا ڕۆیشتنە وێ مەترسیدار بێت، بەڵام لە ڕاستیشدا ئەستەم بوو ئەو مەترسیە بێتە دی. خانم شمیتس سەرسامانە سڵاوی لێ دەکردم، گوێی بۆ عوزورخواییەکی من دەگرت لەسەر ئەتەکیەتە سەیر و سەمەرەکەم و بەچەشنێکی خۆشڕووانە ماڵئاوایی لێ دەکردم. مەترسیدار تر نەڕۆیشتنم بوو؛ بەو شێوەیە خۆم دەدایە دەست مەترسی ئەوەی فەنتازیاکانم لەکۆڵ نەبنەوە. کەوابێ بەچوونم لەسەر ڕێگای ڕاست بووم. ئەو بە ئاسایی مامەڵەی دەکرد، من بە ئاسایی مامەڵەم دەکرد، ئیدی هەمووشتێک ئاسایی دەبۆوە.
ئەوکات بەو چەشنە فکرۆچکەکانم دێنا و دەبردن، ئالۆشەکەم کردبووە مەڵبەندی لێکدانەوەیەکی مۆڕاڵی سەیر و سەمەر و، ویژدانە سەرزەنشتکارەکەم سەرکوت کردبوو.
بەڵام ئەوە ئەو شتە نەبوو، کە بوێری دامێ بۆ لای خانم شمیتس بڕۆم.
لێکدانەوەی من، کە دایکم و قەشە بەحورمەت و خۆشەویستەکەم و خوشکە گەورەکەم، ئەگەر بەوردی تێی ڕابمانایە، بۆیان نەبوو ڕیگریم بکەن، شتێک بوو، ڕۆیشتنە وێی ڕاستەقینە شتێکی تەواو جیاواز. من نازانم بۆچی ئەمەم کرد.
بەڵام ئەمڕۆ لەڕووداوەکانی ئەوسادا قاڵبێک دەبینم، کە بەدرێژایی ژیانم بە پێی ئەو قاڵبە فکرو کردارم بە یەک گەیشتوون، یاخود بە یەک نەگەیشتوون.
پێم وایە من دەگەمە ئەنجامێک، ئەنجامەکە لە بڕیارێکدا توونند دەگرم و بۆم دەردەکەوێت، کە کردار بۆخۆیی شتێکە و دەشێت

بڕیار  بەدوایدا بێت، بەڵام مەرجیش نییە بەدوایدا بێت.
لەڕەوتی ژیانمدا زۆر جار ئەوەم کردووە، کە بڕیارم لەسەر نەداوە و ئەوەم نەکردووە، کە بڕیارم لەسەر داوە. شتێک، شتێکی دیاری نەکراو، بەکردار هەڵدەستێت؛ دەڕواتە لای ئەو ئافرەتەی، کە من چی تر نامەوێت بیبینم، بەرابەر بە خاوەنکار ئەو تێبینیە دەدرکێنێت، کە من بەسەر و ماڵم لێی پەشیمانم، بەردەوامی بە جگەرە کێشان دەدات، ئەگەرچی من بڕیارمداوە وازی لێ بهێنم، واز لە جگەرە دەهێنێت، لەپاش ئەوەی قبووڵم کردووە، کە من جگەرەکێشم و جگەرە کێشیش دەمێنمەوە.
مەبەستم لەوە نییە، کە بیرکردنەوە و بڕیاڕ کاریگەریان لەسەر کردار نییە. بەڵام کردار هەروا بە ئاسانی ئەوە جێبەجێ ناکات، کە بەر لەو بیری لێ کراوەتەوە و بڕیاری لەسەر دراوە. کردار خاوەنی کانگای خۆیەتی و بە چەشنێکی سەربەخۆ کرداری خۆمە، کتومت چۆن بیرکردنەوەم بیرکردنەوەی خۆمەو بڕیار بڕیاری خۆمە.

# شەش

لەماڵ نەبوو. دەروازەی دەرگاکە تەنها جووت کرابوو، بە پلیکانەکاندا سەرکەوتم، زەنگم لێدا و چاوەڕێم کرد. جارێکی دی زەنگم لێدا. دەرگاکانی ناوەوەی ئەپارتمانەکە لەسەر پشت بوون، ئەوەم لە جامی دەرگای چوونەژوورەوەوە دەبینی، هەروەها ئاوێنە و عەگالی جل و کاتژمێری ڕاڕەوەکەش. گوێم لە چرکەکانی بوو.

لەسەر سەکۆی پلێکانەکان دانیشتم و چاوەڕێم کرد. هەستم بە بارسووکی نەدەکرد، وەکو بارودۆخی کەسێک، کە لەبڕیارێکدا هەستێکی دڵەڕاوکێیانەی هەیە و ترسی لە دەرئەنجامەکانی هەیە و خۆشحاڵە بەوەی بڕیارەکەی بەجێ هێنابێت و لە دەرئەنجامەکانی ڕزگاری بوو بێت.

هەروەها نائومێدیش نەبووم. یەکلایی ببوومەوە بیبینم، چاوەڕێی بکەم هەتا دێت.

کاتژمێری ڕاڕەوەکە چارەکێک، نیو سەعات، یەک سەعاتی تەواوی ژمارد. من هەوڵم دەدا لەگەڵ چرکە ئەسپاییەکاندا بڕۆم و نۆسەد چرکە بە نۆسەد چرکەی لەگەڵدا بژمێرم، بەڵام بەردەوام ڕێم بەخۆم دەدا خافڵ ببم. لەحەوشەوە شریخەی مشارەکە دەهات، لەناوەوەی خانوەکەدا، لە ئەپارتمانێکەوە دەنگی مرۆڤ یان گۆرانی دەهات. دەرگاکە کرایەوە و پاشان گوێم لێ بوو یەکێک بەهەنگاوی سەنگین و هێمن و یەک ئیقاعی، بە پلیکانەکاندا دێتە سەرێ. هیوادار بووم سەرنشینێکی نهۆمی دوو بێت. ئەگەر منی لەویادا بدیتبا، ئەوا من چۆنم بۆ ڕوونبکردایەوە، کە من لەویادا چ کارەم؟ بەڵام هەنگاوەکان

لە نهۆمی دوو نەوەستان، بەردەوامیان بەسەرکەوتن دا.
من هەستامە سەرێ.
خانم شمیتس بوو، بەدەستێکی خەڵوزی کوکیی هەڵگرتبوو، دەفرێکی خەڵوزی بەردیش لەدەستەکەی تریدا بوو. بەرگی فەڕمی لەبەردا بوو، تەنوورە و چاکەت، من بەوەدا زانیم، کە ئەو کارمەندی ناو تراموا بوو. هەتا نەگەیشتە سەر تەختاییەکەی خوارمەوە، پێی نەزانیم. نە بە پەستی، نە سەرسامانە، نە سەرزەنشتکارانە، هیچ شتێک لەوانەی، کە من لێیان سڵەمی بوومەوە، تەماشای کردم.
دیاربوو ماندوو بوو. کە خەڵووزەکانی داناو ناو گیرفانەکانی بەدوای کلیلەکاندا گەڕا، پارەی وردە لەسەر ئەرزەکە خرینگەیان لێ هەستا.
من هەڵمگرتنەوە و دامنەوە دەستی.
(( لەخوارێ، لەژێرزەمینەکەدا دوو دەفری دیکەی لێن. دەتوانیت پڕیانبکەیت و بیانهێنیت؟ دەرگاکەی دانەخراوە.))
من بەپلیکانەکاندا ڕامکردە خوارێ. دەروازەی نهۆمی ژێرزەمینی، لەسەر پشت بوو. گڵۆپی ناو ژێرزەمینەکە دەسووتا، لەخوار پلیکانەکانەوە چەرداخێکی تەختەی لێ بوو، کە دەرگاکەی تەنها جووت کرابوو و قفڵەکەی بەسورگیەکەوە هەڵواسرا بوو. ژوورێکی گەورە بوو، هەتا ژێر سەقفەکە خەڵووزی کوک هەڵچنرابوو، کە لەسەر شەقامەکەوە بە کلاورۆژنەکەدا ڕژێنرابووە ناو سەردابەکەوە.
خەڵوزە بەردینەکان بە تەنیشت دەرگاکەوە بەڕێکوپێکی لەلایەکەوە کەڵەکە کرابوون و لەلایەکی ترەوە خەڵوزە کوکییەکان.
من نازانم چیم هەڵەکرد. لەماڵی خۆمان خەڵوزم لە ژێرزەمینەکەوە دەبردە سەرێ و هەرگیز کێشەم نەبوو. بەڵام خەڵوزە کوکییەکەی ماڵی ئێمە هێند بەرز هەڵنەچنرا بوو. پڕکردنی دەفری یەکەمم باش بۆ هەڵسووڕا. کە دەستم دایە دەسکی دەفرەکەی دی و ویستم

کوکی سەر ئەرزەکە کۆبکەمەوە، کێوە خەڵوزەکە کەوتە جووڵە.
لەسەرێوە پارچەی گچکە گچکە بەقەڵەمبازی درێژ و کورت دابەزینە خوار و کەمێک لە خوارتر بە خلیسکێنە و لەسەر ئەرزەکە بەخلوتل دان.
تەپووتۆزێکی ڕەش لەوناوە هەستا. منی تۆقیو بەوەستاوی مامەوە، تاو نا تاوێک پارچەیەک دەی پێکام. هەر زوو هەتا قولەپێم لەکوکدا، ڕاوەستابووم.
کە شاخەکە هێوربۆوە، پێم لەکوک دەرهێنا، دەفری دووهەمیشم پڕ کرد، گەڕام و گسکێکم دۆزیەوە و ئەو پارچانەم پێ ماڵی، کە هەتا ناو ڕاڕەوی ژێرزەمینەکە تل ببوونەوە. دەرگاکەم پێوەدا و دەفرەکانم بردە سەرێ.
ئەو چاکەتەکەی داکەندبوو، بۆینباخەکەی شل کردبۆوە، دوگمەی هەرە سەرێی کراسەکەی کردبۆوە و بە پەرداخێک شیرەوە لەبەر مێزی مەتبەخەکەدا، دانیشتبوو. کە منی بینی، سەرەتا بە چەشنێکی بەربەستکەرانە و بەقلْپەوە و پاشان پڕ بە گەرووی پێکەنی. پەنجەی دەستێکی ڕووبەڕووم ڕاکێشا بوو، بە دەستەکەی تریشی چەپڵەی بەمێزەکە لێ دەدا.
((سیمات چۆنە، کوڕیژگە، سیمات چۆنە؟))
پاشان خۆشم دەمووچاوە ڕەشەکەمم لەناو ئاوێنەی سەر دەسشۆرەکە بینی و لەگەڵیدا کەوتمە پێکەنین.
((ناتوانیت ئاوها بڕۆیتەوە ماڵ، ئاوی بانیۆکەت بۆ بەردەدەمەوە، جلەکانت داماڵە.))
چووە لای بانیۆکە و بەلوعەکەی کردەوە. ئاو بەهەڵمەوە خووڕیە ناو بانیۆکەوە.
((شتەکانت بەئاگاوە داکەنە، تۆزی ڕەشم لەمەتبەخەکەدا

ناوێت.))
دوودڵ بووم، بلوز و کراسەکەم داکەند و سەرلەنوێ ڕاڕا بووم.
ئاوەکە خێرا هەڵدەستا و وەختبوو بانیۆکە  پڕ دەبوو.
((دەتەوێت بەپانتۆڵ و پێڵاوەوە خۆت بشۆیت؟ کوڕیژگە، خۆ من تەماشات ناکەم.))
بەڵام کە بەلووعەکەم گرتەوە و دەرپێکورتەکەم داکەند، بەهێوری هەڵیسەنگاندم. من سوور هەڵگەڕام، چوومە ناو بانیۆکەوە و خۆم نقووم کرد. کە سەرم دەرهێنایەوە، ئەو بەشتەکانمەوە لە باڵکۆنەکە بوو. گوێم لێ بوو پێڵاوەکان پێکدا دەکێشێت و پانتۆڵ و بلوزەکە دەتەکێنێت. بانگێکی لە خوارێ کرد، بەسەر تۆزی خەڵوز و تەلێزمە داردا، لەخوارێوە هاوارێکی لێکرا و ئەمیش پێکەنی. ئیدی گەڕایەوە بۆ ناو مەتبەخەکە، شتەکانمی لەسەر کورسیەکە دانا، تەنها نیگایەکی خێرای تێگرتم.
((شامپۆکە بەکاربهێنە و سەریشت بشۆ. هەر ئێستە خاولیت بۆ دەهێنم.))
شتێکی لە کەنتۆری جلەکان دەرهێنا و لە مەتبەخەکە بەدەرکەوت. من خۆم شۆرد، ئاوی ناو بانیۆکە پیس ببوو، ئاوی تازەم بەردایەوە، تاکو لەژێر خووڕەیدا سەر و دەمووچاوم بشۆمەوە. پاشان تیایدا پاڵکەوتم، گوێم لە گیزەگیزی بۆیلەرەکە بوو، هەستم بە کزەبایەکی فێنک کرد، کە بە درزی دەرگا کراوەکەی مەتبەخەکەدا بەسەر دەمووچاومدا هات، بە جەستەشم هەستم بەگەرمی ئاوەکە دەکرد. هەستم بە ناڕەحەتی دەکرد، ناڕەحەتییەکی شەهوەتیانە؛ زەکەرم ڕەق ببوو.
کە ئەو هاتەوە ناو مەتبەخەکە، سەرم هەڵبڕی، سەرەتا لەپێش بانیۆکەدا ڕاوەستا. پاشان بەقۆڵی بڵاوکراوەوە خاولییە گەورەکەی

بۆڕاگرتم.
((وەرە!))
من، کە خۆم قینج کردەوە و لە بانیۆکە هاتمە دەر، پشتم تێکرد. لەپشتەوە خاولیەکەی تێوە پێچام، لە سەرمەوە تا پێیەکانم وشکی کردمەوە، پاشان خاولیەکەی بەردایەوە سەر ئەرزەکە. من زاتم نەدەکرد لە جێی خۆم بجووڵێم. هێندم لێ نێزیک بۆوە، کە بە پشتم هەستم بە مەمکۆڵەکانی و بە سمتم هەستم بە سکی دەکرد. ئەویش ڕووت بوو. لە ئامێزی گرتم، دەستێکی لەسەر سینەم و ئەوی دی لەسەر زەکەری ڕەپم.
((خۆ تۆ لەبەر ئەوە هاتوویت!))
((من ...))
نەمدەزانی چی بڵێم. بەڵێ، نا، بەڵام نەخێریش نا. سووڕام، بەڵام زۆرم لەو نەبینی، زۆر تەبک لەیەک ڕاوەستا بووین. بەڵام ئامادەگی جەستەی ڕووتی کوشتبوومی.
((چەندە جوانیت!))
((ئاخ، کوڕیژگە، تۆ دەڵێیت چی.))
پێکەنی و قۆڵی لە ملم ئاڵاندن و منیش لە ئامێزم گرت.
دەترسام؛ لە دەستلێدان، لە ماچکردن، لەوەی بەدڵی نەبم و بەشی نەکەم. بەڵام، کە بۆ ساتێک یەکتریمان گرت، من بۆنوبەرامەییم هەڵلووشی و گەرمی و هێزیم هەست پێکرد، هەموو شتێک بووە سرووشتی. توێژینەوەی جەستەی بەدەست و دەم، بەیەک گەیشتنی دەمەکان و دواجار خۆدانی ئەو بەسەر مندا، نیگامان لەیەکدی، هەتا ئاوم هاتەوە و چاوەکانم توووند لێک نان، سەرەتا هەوڵمدا خۆم ڕکێف بکەم، بەڵام پاشان بە چەشنێک هاوارم کرد، کە ئەو دەستی نایە سەردەمم و هاوارەکەمی دەمکووت کرد.

# حەوت

هەر ئەو شەوە عاشقی بووم. قووڵ نەدەنوستم، تامەزرۆی بووم، خەونم پێوە دەبینی، پێم وابوو هەستی پێدەکەم، هەتا بۆم دەردەکەوت، کە سەرینەکە یان پێخەفەکەم گرتووە، دەمم لە ماچ دەهێشا. چەندین جار زەکەرم هەڵدەستا، بەڵام نەمدەویست خۆم خۆم ڕەحەت بکەم، نەمدەویست هەرگیز جارێکی دی خۆم خۆم ڕەحەت بکەمەوە. دەمویست لە گەڵیدا بم.

ئایا عاشقی بووم وەک باجێک لە بەرابەر ئەوەی، کە لەگەڵمدا خەوتبوو؟ هەتا ئەمڕۆ پاش شەوێکی گەڵ ئافرەت ئەو هەستەم لا دروست دەبێت، کە من نازم زۆر دراوەتێ و پێویستە هاوسەنگی بکەمەوە — بەرامبەر ئافرەتەکە، لەوەدا، کە بە هەرجۆرێک بێت، هەوڵدەدەم خۆشم بووێت، هەروەها بەرانبەر ئەو دنیایەی ڕووبەڕووی دەبمەوە. یەکێک لە یادەوەرییە زیندووەکانی منداڵیم بەیانییەکی زستانە، کاتێک چوار ساڵان بووم. ئەو ژوورەی ئەوکات تیا دەنووستم، گەرم نەدەکرا و بەگشتی شەوان و بەیانیان زۆر سارد بوو. مەتبەخە گەرمەکە و تەباخە داخەکەم لەیاد ماوە، ئامێرێکی قورسی ئاسنین، کە بڵێسەکانی ناوی لە دەرەوەڕا دەبینران، ئەگەر بێت و بە قولاپەکە چاو و ئەڵقەکانیت لادایە، هەمیشە مەنجەڵێک ئاوی گەرمی تیادا ئامادە بوو. دایکم کورسییەکی ڕاکێشا بووە پێش تەباخەکە، کە من لەسەری ڕاوەستا بووم، لە کاتێکدا دەیشۆریم و جلپۆشی دەکردم. ئەو هەستە ئاسودەییەی گەرمی و پڕ چێژیم لەیادە، کە توشی دەهاتم، لەو گەرمییەدا بشۆرێم و لەبەر بکرێم.

ئەوەشم لەیاد ماوە، کە هەرکاتێک ئەو بارودۆخەم دەهاتەوە پێش چاو، لە خۆمم دەپرسی، ئاخۆ بۆچی دایکم بەو چەشنە نازی دابوومێ. نەخۆش بووم؟ خۆشک و براکانم شتێکیان درابوویێ، کە نەدرابووە منیش؟ لە ڕەوتی ئەو ڕۆژەدا شتێکی ناڕەحت، سەخت، لە پێش بوو، کە دەبایە من تیایدا سەرکەوتوو بم؟
لەبەرئەوەی ئەو ئافرەتەش، کە لەخەیاڵەکانمدا ناوی نەبوو، لە دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا هێند نازی دابوومێ، ڕۆژی داهاتوو ڕۆیشتمەوە بۆ خوێندنگا، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا دەمویست ئەو نێرینەییە نمایش بکەم، کە بەدەستم هێنابوو. نەوەک ویستبێتم فشە بکەم، بەڵام هەستم بە هێز و زاڵییەک دەکرد و دەمویست بەو هێزو زاڵییەوە بڕۆمە پێش هاوەڵ خوێندکارەکان و مامۆستاکانم.
ئەگەرچی سەبارەت بەوە قسەم لەگەڵدا نەکردبوو، بەڵام وام بەخەیاڵدا دەهات، ئەو وەک کارمەندێکی ترامەوا هەتا لای ئێوارە یان شەو کار بکات.
چۆن دەمتوانی هەموو ڕۆژێک ببیبینم، ئەگەر مەرج بایە لەماڵی بمێنمەوە و تەنها بۆم هەبوایە پیاسە بووژێنەرەوەکانم بکەم؟
کە لەلای ئەوەوە گەڕامەوە ماڵێ، دایک و باوک و خوشک و براکانم لەسەر خوانی ئێوارە بوون.
((بۆچی هێند درەنگ کەوتوویت؟ دایکت خەمی بوو.))
دەنگی باوکم پتر پەست وەک لە خەمخۆرێک دەهاتە بەر گوێ.
من گووتم، بەسەهوودا چووم؛ پیاسەیەکم بەلای گۆڕستانی (ڕێزلێنان)ەکەدا بۆ ((مۆلکنکور)) پلانکردووە، بەڵام دەمێکی دوور و درێژ نەگەیشتوومەتە هیچ کوێیەک و دواجار گەیشتوومەتە ((نوسلۆخ)).
((پارەم پێنەبوو و پێویست بوو لە نوسلۆخەوە بە پێ بێمەوە.))

((دەتتوانی دەست لەئوتومبێلێک ڕاگریت.))
خوشکە بچکۆلەکەم هەندێ جار دەستی لە ئوتومبێل ڕادەگرت، کارێک، کە دایک و باوکم ڕێیان پێ نەدەدا.
برا گەورەکەم حەیییەکی گاڵتە جاڕانەی لێوە هات.
((مۆلکنکورو نوسلۆخ — ئەو دوو شوێنە، دوو ئاراستەی تەواو جیاوازن.))
خوشکە گەورەکەم بەچەشنێکی تاقیکردنەوانە تێم ڕاما.
((سبەی دەڕۆمەوە بۆ خوێندنگا.))
((کەوابێ لە وانەی جوگرافیادا باش ئاگاداربە. باکور هەیە و باشوریش هەیە و خۆر لە ...))
دایکم قسەی بە برا گەورەکەم بڕی.
((پاش سێ هەفتە. دکتۆرەکە وای گووت.))
((ئەگەر بتوانێت لە گۆڕستانی (ڕێزلێنان) ەوە بۆ نوسلۆخ بڕوات و بگەڕێتەوە، ئەوا دەتوانێت بۆ خوێندنگاش بڕوات. لەهێزدا نوقسانی نییە، لە عەقڵدا نوقسانی هەیە.))
هەر لەمنداڵیەوە من و براکەم عادەتمان بوو تێکبەربین، دواتر بەدەم کەوتینە دژایەتی کردنی یەکدی. سێ ساڵ لە من بەتەمەنتر و لەمەو لەوەدا بەسەر مندا زاڵ بوو. ڕۆژێک لە ڕۆژان دەستم لەوە هەڵگرت وەڵامی بدەمەوە و لێ گەڕام ڕەنجە شەڕانگێزییەکانی بەبا بچن و ڕووە و بەتاڵی بڕۆن. لەو ساتەوە دژایەتیەکەی کەمکردۆتەوە بۆ بۆڵەبۆڵێک.
((تۆ ڕات چییە؟))
دایکم پەنای بردە بەر باوکم. ئەو چەقۆ و چەتاڵەکەی لەسەر دەوریەکەی دانا، پاڵی دایەوە و دەستی لەکۆشیدا قەد کردن. بێدەنگ بوو و بە تێفکرینەوە لەبەرخۆی دەڕوانی، وەک هەموو جارێک، کە

دایکم سەبارەت بە منداڵ یاخود ڕاگرتنی ماڵ ڕووی قسەکانی لەو دەکرد. وەک هەموو جارێک منیش لەخۆمم دەپرسی، ئاخۆ بەڕاستی بیر لە پرسیارەکەی دایکم دەکاتەوە یان لە خودی خۆی — خۆ دەشکرا هەوڵ بدات بیر لە پرسیارەکەی دایکم بکاتەوە، بەڵام لەپاش ئەوەی لە فکردا غەرق دەبوو، ئیدی چیتر نەتوانێت هیچی تر بکات جگە لە بیرکردنەوە لە ئیش و کاری خۆی. پڕۆفیسۆری فەلسەفە بوو، فکر ژیانی بوو؛ فکر و خوێندنەوە و نووسین و وانە وتنەوە.
هەندێ جار وام هەست دەکرد، ئێمەی خێزانی بۆ ئەو، وەک ئاژەڵی ماڵی واین؛ ئەو سەگەی، کە پیاسەیەکی پێ دەکەیت، ئەو پشیلەیەی یاریەکی لەگەڵدا دەکەیت، ئەو پشیلەیەی لەکۆشتدا بە گینگڵدان و مرخەمرخەوە بووارت دەدات دەست بەسەریدا بێنیت — دەشێت ئەوە شتێکی خۆشەویست بێت، تەنانەت دەشێت ئەوەت تاڕادەیەک پێویست بێت. لەگەڵ ئەوەشدا کڕینی ئالێک، پاکردنەوەی جێی پیسایی پشیلەکە و چوونە لای پزیشکی ئاژەڵ، کارێکی سەختە. چونکە ژیان لەجێیەکی ترە. من زۆرم حەز دەکرد ئێمەی خێزانی ژیانی ئەو بووینایە. تاو نا تاو حەزم دەکرد برا بە بۆڵە بۆڵەکەم و خوشکە بچکۆلە هار و هاجەکەم بە جۆرێکی تر بوونایە. بەڵام لەناکاو ئەو ئێوارەیە هەموویانم بە چەشنێکی کوشندانە خۆشدەویست. خوشکە بچکۆلەکەم؛ ڕەنگە ئاسان نەبوو بێت، لەنێوان چوار منداڵدا بچوکترینیان بێت و نەیتوانی بێت بەبێ هەندێک هار و هاجی لەسەر مافی خۆی سوور بێت. براکەم؛ من و ئەو ژوورێکمان پێکەوە هەبوو، کە بێگومان بۆ ئەو سەختتر بوو وەک لە بۆ من و لەسەر و ئەوەشەوە پێویست بوو، لە وەتەی من نەخۆش کەوتبووم، ژوورەکەم بە تەنها بۆ جێبهێڵێت و لەسەر قەنەفەی ژووری میوانەکە بخەوێت. ئیتر چۆن بۆڵەبۆڵ نەکات؟ باوکم؛ بۆچی دەبایە ئێمەی منداڵ ژیانی

بین؟ ئێمە تەشەنەمان دەکرد و بەم زووانە گەورە دەبووین و ماڵمان جێدەهێشت.
بۆ من وەک ئەوە وابوو، بۆ دواهەمین جار بەدەوری مێزە بازنەییەکەدا و بەژێر چلچرا پێنج قۆڵییەکەدا دانیشتبێتین، وەک ئەوەی بۆ دواهەمین جار لەناو دەوریە کۆنە لێوار سەوزەکاندا نان بخۆین، وەک ئەوەی بۆ دواهەمین جار بەجۆرێکی ئاوها ئاشنایانە لەگەڵ یەکدا قسە بکەین. هەستم وەک هەستێک بوو لەکاتی ماڵئاواییدا. هێشتا لەوێ بووم، بەڵام هەمانکات ڕۆیشتبووشم. بیری دایک و باوک و خوشک و براکانم دەکرد و هەمان کات تامەزرۆی لای ئەو ئافرەتەش بووم.
باوکم تەماشایەکی ئەم بەری لێکردم.
((سبەی دەڕۆمەوە بۆ خوێندنگا — ئاوهات گووت، وانییە؟))
((بەڵێ))
کەوابێ ئەو هەستی پێکردبوو، کە من نە لەئەو و نە لە دایکم پرسیبوو و نەمگووتبوو لەخۆم دەپرسم، ئاخۆ بڕۆمەوە بۆ خوێندنگا یان نا.
سەرێکی ئەرێی لەقاند.
((با ڕێتبدەین بڕۆیتەوە بۆ خوێندنگا، ئەگەر پێت زۆر بوو، هەمدیس لەماڵەوە دەمێنیتەوە.))
من خۆشحاڵ بووم. هەمانکاتیش هەستم دەکرد، ماڵئاواییەکە هاتۆتەدی.

## هەشت

لەڕۆژەکانی داهاتوودا، ئافرەتەکە دەوامی بەیانیانی هەبوو. کاتژمێر دوانزە دەگەڕایەوە ماڵ و منیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە دواهەمین وانەدا خۆم دەدزیەوە، تاکو لەسەر تەختایی بەر پلیکانەکان لەپێش ئەپارتمانەکەیدا چاوەڕێی بکەم. خۆمان دەشۆری و خۆشەویستیمان دەکرد، کەمێک پێش یەک و نیو بە پەلەپەل خۆم لەبەر دەکردەوەو تێم دەتەقاند. سەعات یەک و نیو نان دەخورا.

یەکشەممان نانی نیوەڕۆ هەر سەعات دوانزە دەستی پێ دەکرد، بەڵام دەوامی ئەویش درەنگتر دەستی پێ دەکرد و کۆتایی دەهات.

من حەزم دەکرد خۆشۆردنەکەی تیادا نەبێت، بەڵام ئەو پاک و تەمیزێکی ئێجگار بێوێنە بوو، هەموو بەیانیان خۆی دەشت، منیش حەزم لەبۆن و بەرامی عەتر و ئارەقەی تازە و بۆنی تراماواکە بوو، کە لە شوێن کارەکەیەوە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنایەوە. بەڵام حەزیشم لە جەستە کە فاویی و تەڕەکەی دەکرد؛ بە خۆشحاڵییەوە ڕێم پێ دەدا کەفم تێ هەڵسوێت و بە خۆشحاڵیشەوە کەفم تێ هەڵدەسوو و ئەویش فێری دەکردم ئەو کارە بەشەرمنیەوە نەکەم، بەڵکو بە سروشتی و وردییەکی خاوەندارییانەوە. لەکاتێکیشدا خۆشەویستیمان دەکرد، ئەو بە چەشنێکی سروشتی خاوەندارێتی لەسەر دەکردم. دەمی دەممی دەگرت، زمانی یاری لەگەڵ زمانم دەکرد، پێی دەگووتم، لەکوێ و بە چ جۆرێک دەستی بۆ بەرم و کاتێکیش سوارم دەبوو، هەتا ڕەحەت دەبوو، من تەنها لەبەرخاتری ئەو لەویادا بوونم هەبوو، چونکە ئەو لەگەڵ من و لە مندا هەوەسی

هەڵدەستا. نەوەک نەرم و نیان نەبوو بێت و زەوقی بە من نەدابێت. بەڵام بە تام و لەزەتێکی گەمەییانە ئەوەی دەکرد، هەتا منیش فێر بووم خاوەندارێتی لەسەر ئەو بکەم؛ ئەمە دواتر بوو، هەرگیز بە تەواویش فێر نەبووم. ماوەیەکی درێژ خایەنیش هەستم بەکەم و کورِی ئەوە نەدەکرد. من گەنج بووم و زوو رِەحەت دەبووم و پاش رِەحەت بوون هێدی هێدی زیندوو دەبوومەوە، بە خۆشحاڵییەوە رِێم پێ دەدا خاوەندارێتیم لەسەر بکات.

کە بەسەرمەوە بوو، تەمەشاییم دەکرد؛ سکی، کە بەسەر ناوکیەوە چرچێکی قوڵی تیادا بوو، مەمکۆڵەکانی، ئەوەی رِاستی بە تۆسقاڵ لەوەی چەپی گەورە تر، دەموچاوی بەدەمی کراوەوە، دەستی دەخستە سەر سینەم، لە دواهەمین لەحزەدا بەرزی دەکردەوە، سەری خۆی دەگرت و هاوارێکی بە هەنیسک و قوڵپەی لێوە دەهات، کە یەکەمجار ترساندمی و دواتر بەپەرۆشەوە چاوەرِێم دەکرد.

لە پاش ئەوە ماندوو دەبووین. بەگشتی لەسەر جەستەم خەوی لێ دەکەوت. گوێم لە مشارەکەی حەوشەو هاواری پیشە گەرەکان دەبوو، کە کاریان پێ دەکرد و بۆ قسەکردن دەنگیان هەڵدەبرِی، بۆ ئەوەی دەنگیان بەسەریدا زاڵ بێت. کە مشارەکە بێدەنگ دەبوو، دەنگی هاتووچۆی شەقامی بانهۆف بەلاوازی دەهاتە ناو مەتبەخەکەوە. کاتێک گوێم لە دەنگ و یاریکردنی منداڵان دەبوو، دەمزانی خوێندنگا تەواو بووە و سەعات لە یەک لایداوە.

هاوسێیەکی، نیوەرِۆیان دەهاتەوە و ئالیکی باڵندەی بەسەر باڵکۆنەکەدا دەپرژاند و کۆترەکان دەهاتن و دەکەوتنە گمەگم کردن.

رِۆژی شەشەم یان حەوتەم بوو، لێم پرسی:

((ناوت چییە؟))

لەسەر جەستەم خەوی لێکەوتبوو و تازە بەخەبەر هاتبوو. من تا ئەو کات خۆم لەوە بەدوور ڕاگرتبوو، بە تۆ یان بە بەڕێز بانگی بکەم.

((چی؟))

قینج بۆوە.

((ناوت چییە؟!))

((بۆچی دەتەوێت ئەوە بزانیت؟))

بە گومانەوە لێی ڕوانیم.

((من و تۆ ... من تەنها سەرەتای ناوەکەت دەزانم، بەڵام ناوی خۆت نا. دەمەوێت ناوی خۆت بزانم. ئەوە چی ...))

پێکەنی.

((هیچ، کوڕیژگە، هییچی تیادا نییە. ناوم هانایە.))

بەردەوام پێدەکەنی، دەستی هەڵنەگرت و منیشی تووش کرد.

((تۆ هێند سەیر تەماشات کرد!))

((من هێشتا نیوە خەوتوو بووم، ئەی تۆ ناوت چییە؟))

((من وامزانی ئەوە دەزانێت. ئەو کات تازە مۆدی ئەوە هاتبوو و شیک بوو، شتوومەکەکانی خوێندنگا چیتر لەجانتادا نا، بەڵکو لەژێر قۆڵتەوە هەڵگریت و من لەسەر مێزی مەتبەخەکەم بەجۆرێک دامدەنا، کە ناوی من لەسەری سەرەوە دیار بوو، لەسەر دەفتەر و کتێبەکانیش، کە پێیان فێر بووم بە کاغەزی بەهێز بەرگیان تێبگرم و لەزگەیان پێوە بلکێنم، کە ناونیشانی کتێبەکە و ناوی خۆمم لەسەر دەنووسین. کەچی ئەو سەرنجی نەدابوونێ.

((ناوم میخایل بێرگە.))

((میخایل، میخایل، میخایل))

ناوەکەمی تاقی دەکردەوە.

((کوڕپێژگەکەم ناوی میخاییلە، خوێندکارە ...))
((قوتابی.))
(( ... قوتابییە، چەند، حەڤدە ساڵە؟))
شانازیم بەو دوو ساڵە زیادەوە دەکرد، کە دابوویمێ و سەری ئەرێم لەقاند.
((حەڤدە ساڵەو دەیەوێت ببێتە ... ێکی بەناوبانگ ...)) دوودڵ بوو.
((نازانم، دەمەوێت ببم بەچی.))
((بەڵام بەسەختی وانەکانت ڕەوان دەکەیت.))
((لەڕاستیدا))
من پێمگووت، بۆ من ئەو لە سەعی و خوێندنگا گرنگترە و حەزیش دەکەم زیاتر لای ئەو بم. ((بەهەرجۆرێک بێت، هەر دەمێنمەوە.))
((لەکوێ دەمێنیتەوە؟))
خۆی قینج کردەوە. ئەوە یەکەم ئاخافتنی ڕاستەقینەمان بوو.
((لە ناوەندی، لە مانگەکانی ڕابردوودا، کە نەخۆش بووم، زۆرم لەقیس چووە. ئەگەر بمەوێت ئەو پۆلە ببڕم، ئەوا دەبێت وەک گەوج کار بکەم. ئێستەش دەبوو لە خوێندنگا بم.))
باسی خۆ دزینەوەکانم بۆ کرد.
((بۆ دەرەوە.))
لێفەکەی هەڵدایەوە
((لە جێگای من دەرکەوە و کارەکەت نەکەیت، نەیەیتەوە. کارەکەی تۆ گەوجە؟ گەوج؟ بەڕای تۆ بلیت فرۆشتن و کونکردن چییە؟))
هەستایە سەرپێ و بەڕووتی لە مەتبەخەکەدا وەستا و تەمسیلی جابی دەکرد. بەدەستی چەپی دەفتەرە چکۆلانەکەی بلیتەکانی کردەوە، بەپەنجەی ئەسپێ کوژەی، کە کڵاوێکی لاستیکی بەسەرەوە

بوو، دوو بلیتی لێ دڕاند، دەستی ڕاستی بەجۆرێک ڕاوەشاند و ئەو گازەی، کە بە مەچەکیەوە جۆلانێی دەکرد، گرتەوە و دووجار کرتەی لێوە هێنا.
((دوو جار بۆ ڕۆزباخ.))
گازەکەی بەردا، دەستی ڕاکێشا، پارچەیەک پارەی کاغەزی هەڵگرت، جزدانەکەی بەر سکی کردەوە، پارەکەی تێڕۆ کرد، جزدانەکەی قەپات کردەوە و لە کیفی وردەی تەنیشتیەکەوە باقیەکەی دەرهێنا،
((کێی، کە هێشتا بلیتی پێ نییە؟)) تەماشای کردم.
((گەوج؟ تۆ نازانیت گەوج چییە.))
من لەسەر لێواری سیسەمەکە دانیشتبووم. وەک ئەوە وابوو کاس بوو بم.
((داوای لێبوردن دەکەم. کارەکەی خۆم دەکەم. نازانم پێم دەبڕدرێت یان نا، شەش هەفتەی دی ساڵی خوێندنگا تەواو دەبێت. هەوڵ دەدەم. بەڵام پێم ناکرێت، ئەگەر چیتر ڕێم پێ نەدەیت بتبینم. من ...))
سەرەتا ویستم بڵێم: خۆشم دەوێیت، بەڵام پاشان نەمتوانی.
ڕەنگە ناهەقی نەبوو بێت، بێگومان لەسەر هەق بوو. بەڵام ئەو مافی ئەوەی نەبوو داوام لێ بکات، کار بۆ خوێندنگا زیاتر بکەم و پەیوەستی بکات بە مەرجی یەکدی بینینمانەوە.
((من ناتوانم نەتبینم.))
سەعاتی ڕارەوەکە کاتژمێر یەک و نیوی حیساب کرد.
((پێویستە بڕۆیت.))
دوودڵ بوو،
((سبەی دەوامی سەرەکیم هەیە. پێنج و نیو — دەکات، دێمەوە ماڵ و تۆش دەتوانیت بێیت، ئەگەر لە پێشدا کاری خۆت بکەیت.))

بەڕووتی بەرانبەر یەک وەستا بووین، بەڵام تەنانەت لە بەرگە فەرمییەکانیشیدا نەیدەتوانی بە چەشنێکی ڕەتکەرەوانە تر بێتە پێش چاوم. من لەو بارودۆخە تێ نەدەگەیشتم.
ئایا لەبەر منی بوو؟
یان لەبەر خۆی؟ ئەگەر کارەکەی من گەوجی بوو بێت، ئەوا بێشک ئەوەی ئەو گەوجی دەبوو — ئەوە نیگەرانی کردبوو؟ بەڵام من ئەسڵەن نەمگوتبوو، کاری من یاخود هی ئەو گەوجانەیە.
یان دۆڕاوێکی وەک مەعشووق نەدەویست؟ من بۆ ئەو چی بووم؟ من خۆم لەبەردەکرد و قنگەقنگم دەکرد و بەهیوا بووم شتێک بڵێت. بەڵام هیچی نەگووت. پاشان من خۆم تەواو لەبەر کردبوو و ئەو هێشتا بە ڕووتی وەستا بوو و، کە بۆ ماڵئاوایی لە ئامێزم گرت، کاردانەوەی نەبوو.

# نۆ

بۆچی هێند خەمبار دەبم کاتێک بیر لەوسا دەکەمەوە؟ ئایا ئەو غەمگینییە تامەزرۆیی بەختی ڕابردووە؟ – من لە هەفتەکانی داهاتوودا، کە تیایاندا وەک گەوج کارم کردووە و پۆلەکەم بڕیوە و خۆشەویستیمان کردووە، بەختەوەر بووم. وەک ئەوەی جگە لەوە هیچی دی لەم دنیایەدا حیساب نەبێت.
ئایا ئەو غەمگینییە ئەو زانیارییەیە، کە بەدوایدا هات و بەدوای ئەویشدا تەنها شتێک هاتە بەر تیشک، کە خۆی لە ڕاستیدا هەر لەبەر تیشکدا بوو؟ بۆچی ئەو شتەی، کە خۆش بووە لە ڕابردوو ڕوانیندا، بەوەی، کە حەقیقەتی دزێوی شاردۆتەوە، دەبێت بە لە دەست چوو؟ بۆچی بەختەوەری ساڵانی هاوسەری پووچ دەبێتەوە، ئەگەر دەرکەوێت، ئەوەی دی هەموو ئەو ساڵانە مەعشووقێکی دی هەبووە؟ چونکە ناشێت لە ناو بارودۆخێکی ئاوهادا بەختەوەر بیت؟ بەڵام خۆ بەختەوەر بوویت!
هەندێ جار یادەوەری وەفای خۆی بۆ بەختەوەری ڕاناگرێت، تەنها ئەگەر بێت و کۆتاییەکەی پڕ ئازار بێت. لەبەر ئەوەی بەخت تەنها کاتێک ڕاستە، ئەگەر هەتاهەتایە خۆی ڕاگرێت؟
لەبەر ئەوەی تەنها شتێک دەتوانێت پڕ ئازار کۆتایی بێت، کە خۆی هەر پڕ ئازار بووە، تەنانەت لە بێ ئاگاییشدا؟ بەڵام ئەی ئازاری ناو بێ ئاگایی چییە؟
بیر لەوکات دەکەمەوە و جوان خۆمم لە پێش چاوە. ئەو چاکەت و

پانتۆڵە ڕێکوپێکانەم لەبەر دەکردن، کە لە مامە دەوڵەمەندێکمەوە بۆم مابوونەوە، پێکڕا لەگەڵ چەند جووت پێڵاوێکی دوو ڕەنگ، ڕەش و قاوەیی، ڕەش و سپی، چەرمی کێوی و لووس. من قۆڵ و قاچم ئێجگار درێژ بوون، نەک بۆ ئەو قاتانەی دایکم دابوویمێ، بەڵکو بۆ جوڵەکانم لە پێکەوە گونجان و کارکردنی ماسولکەکانم. چاویلکەکەم لەو هەرزانبەهایانە بوو، کە بەتەنیشت کاسەکانەوە دادەنران. قژیشم، هەرچیم لێ دەکرد، تۆپەڵێکی بژ و تێک ئاڵۆسکا و بوو. لە خوێندنگا باش نەبووم و خراپیش نەبووم؛ پێم وابێت زۆرێک لە مامۆستاکان بەڕاستی هەستیان پێ نەکردبووم و ئەو قوتابیانەش، کە لە پۆلدا دەنگیان نێر بوو، هەروەها.

کەیفم بە سیما و شێوازی بەرگ پۆشین و جووڵە کردنم نەدەهات و شێوازی حیساب بۆکردنی خەڵکیم بەرانبەر بە خۆم، بەدڵ نەبوو.

بەڵام ئای چەندم وزە، چەندێک متمانەم لە خۆمدا شک دەبرد، ڕۆژێک لە ڕۆژان زیرەک، زاڵ، ڕێز بۆ دانراو و خۆشەویست بم، چەندێک لێڕابینین، کە پێوەی ڕووبەڕووی مرۆڤ و بارودۆخی نوێ ببمەوە.

ئایا ئەوە غەمگینم دەکات؟ ئەو بەجۆشی و باوەڕە، کە ئەوسا پڕی کردبوومەوە و پەیمانێکی لە دەستی ژیان دەرهێنا بوو، کە هەرگیز و هەرگیز نەیدەتوانی بیباتە سەر؟

هەندێ جار لەسەر ڕووخساری منداڵ و هەرزەکارەکان هەمان بەجۆشی و متمانە دەبینم و بەهەمان غەمگینیشییەوە، کە پێوەی بیر لە ڕابردووم دەکەمەوە، دەیبینم. ئایا ئەو خەمباریە نمونە و پوختەی خەمبارییە؟ ئایا ئەوە پەلامارمان دەدات و وادەکات بیرەوەریە جوانەکانمان بە لە دەست چوو لەقەڵەم بدەین، چونکە بەختە یاداشت کراوەکە تەنها لەسەر بارودۆخەکە نا، بەڵکو لەسەر

بەڵێنێک دەژی، کە نەبراوەتە سەر؟
ئەو — پێویستە دەست بەوە بکەم، بە ((هانا)) ناوی بەرم، هەروەک ئەوساش چۆن دەستم پێ کرد، بەهانا ناوی بەرم — ئەو ئازاد بوو و لەسەر پەیمانێک نەدەژیا، بەڵکو لەسەر خودی خۆیی و بارودۆخەکە.
کە لە ڕابردوویيم پرسی، وەک ئەوە وابوو، وەڵامەکانی لە ناو سندوقێکی تۆز لێ نیشتووەوە بهێنێتە دەر. لە زیبنبۆرگن گەورە ببوو، بە حەڤدە ساڵی هاتبووە بەرلین، ببووە کارمەندی کۆمپانیای سیێمنس و بە بیستویەک ساڵی پەڕیبووە ناو سوپاوە. لەوەتەی جەنگ کۆتایی هاتبوو، خۆی لەسەر هەموو چەشنە کارێکی شیاو ژیاندبوو. لە کاری ناو تراماواکەی، دڵی بە بەرگە فەرمیەکان و جووڵەکان و گۆڕانی دیمەنەکان خۆشبوو و کەیفی بە ڕۆیشتنی ئەرز دەهات لەژێر پێیەوە. ئەگەر نا حەزی لێی نەبوو.
خێزان و کەسوکاری نەبوو. تەمەنی سی و شەش ساڵ بوو. هەموو ئەو شتانەی وا دەگێڕانەوە، وەک ئەوەی هی خۆی نەبن، بەڵکو هی ژیانی کەسێکی تر، کە ئەم باش نەیناسێت و هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵیدا نەبێت. ئەو شتانەی من دەمویست بە وردی بیانزانم، بەگشتی لەیاد نەمابوون و تێش نەدەگەیشت، کە من بۆچی ئەوها سەرنجم دەدا بەوەی، ئاخۆ دایک و باوکی چیان لێ بەسەر هاتووە، خوشک و برای هەیە یان نا، لە بەرلین چۆن ژیاوە و لە سوپادا چی کردووە.
((ئەو هەموو شتەی تۆ دەتەوێت بیزانیت، کوڕیژگە!))
بۆ مەسەلەی دوا ڕۆژیش هەمان شێوە بوو. بێگومان بۆ هاوسەرگیری و خێزان پیلان گێڕیم نەدەکرد، بەڵام لە پەیوەندی جوولیەت سۆڕێلدا بۆ مەدام دێ غێنال پتر بەژداریم دەکرد، وەک لە پەیوەندیەکەیدا

بۆ ماتیلد دێ لامۆل. لە کۆتاییدا زیاتر حەزم دەکرد فیلیکس کرۆل لە ئامێزی دایکەکەدا وەک لە ئامێزی کچەکەدا ببینمەوە. خوشکەکەم، کە جێرمانیکی دەخوێند، لەسەر نان خواردن باسی لەو ناکۆکییە کرد، کە ئاخۆ ئاغای گۆتە و خانم شتاین پەیوەندییەکی خۆشەویستیان هەبووە و منیش بۆ مایەی سەرسامی خێزانەکەم بە فشارەوە بەرگریم لێ دەکرد.

دەمهێنایە پێش چاوم، کە ئاخۆ دەشیا پەیوەندییەکەمان پاش پێنج ساڵ یان دە ساڵ چۆن بێت. لە هانام پرسی، کە ئاخۆ ئەو چۆن دەیخاتە پێش چاوی. ئەو لە توانایدا نەبوو، بیر لە ئیستەر (جەژنی هەستانەوەی عیسای مەسیح سێ ڕۆژ پاش لە خاچ دانی) بکاتەوە، کە من بۆ ئەوکات دەمویست لە ماوەی پشوودا گەشتێکی لەگەڵ بکەم. دەمانتوانی وەک دایک و کوڕ پێکەوە ژوورێک بگرین و تەواوی شەو پێکەوە بەسەر بەرین.

شتێکی سەیرە، کە بیرۆکە و پێشنیارەکەم پێ عەیب نەبووە. ئەگەر لە گەشتێکدا بایە لەگەڵ دایکمدا، ئەوا بۆ ژووری تایبەتی خۆم دەکۆشام. هاودەمی کردنم لەلایەن دایکمەوە بۆ لای پزیشک یان کڕینی قاپوتێکی نوێ یان هاتنی بەدوامدا پاش گەڕانەوەم لە گەشتێک، بەهاوتای تەمەنم نەدەهاتە پێش چاو. کە لەگەڵی دەردەکەوتم و تووشمان بە تووشی ئاوەڵی خوێندنگای منەوە دەبوو، دەترسام بە بوودەڵە و دایک هۆگر لەقەڵەم بدرێم. بەڵام پیشاندانی خۆم لەگەڵ هانادا، گەرچی دەساڵ لە دایکم گەنجتر بوو، بەڵام بەدایکم دەشیا. بۆ من هیچ قەیدی نەبوو. تەنانەت هەستم بەسەربەرزیش دەکرد. کە ئەمڕۆ ئافرەتێکی سی و شەش ساڵ دەبینم، پێم گەنجە، بەڵام، کە تەماشای کوڕێکی پانزە ساڵان دەکەم، منداڵێک دەبینم. سەرم لەوە سوڕماوە، کە هانا چەندی

دڵنیایی دابوومێ. سەرکەوتووییم لە خوێندنگا مامۆستاکانی لێ بەئاگا هێنام و حورمەتیان لەبەرانبەرم بۆ مسۆگەر کردم، ئەو کچانەی تووشیان دەبووم، هەستیان پێ دەکرد و پێیان خۆش بوو، کە لێیان ناترسم. لە ناو جەستەی خۆمدا هەستم بە ئاسودەیی دەکرد. ئەو یادەوەریەی، کە یەکەم بینینیمی لەگەڵ هانادا بەڕوونی و وردی ڕاگرتووە، وا دەکات، هەفتەکانی بەینی ئاخافتنەکەمان و کۆتایی ساڵ تێکەڵ بەیەکدی ببن. یەکێک لەهۆیەکان ئەو ڕیتمەیە، کە یەکترمان لەسەری دەبینی و لەسەری یەکدیبینینەکانمان ڕەوتی خۆیان وەردەگرت. هۆیەکی تر ئەوەیە، کە من تا ئەو کات هەرگیز ڕۆژی ئەوها پڕم بە خۆمەوە نەدیبوو، هەرگیز ژیانم ئەوها چڕ و خێرا نەببوو. کە کاری ئەو چەند هەفتەیەم دێتەوە یاد، وا هەست دەکەم، دابێتم بەسەر مێزی نووسینەکەمدا و لەسەری مابێتمەوە، هەتا گەیشتنەوە بەو وانانەی لە ماوەی زەردوییەکەمدا لە قیسم چووبوون، هەموو وشە نوێیەکانم ڕەوان کردبێت، هەموو تێکستەکانم خوێندبێتەوە، هەموو هاوکێشە ماتیماتیکیەکانم بە ئەنجام گەیاندبن و هەموو پەیوەندییە کیمیاییەکانم بەیەک گەیاندبن. کۆماری ڤایمار (ئەڵمانیا 1933-1919) و ڕایشی سێهەم (1945-1933 ئەڵمانیای نازی) م لەسەر جێی نەخۆشی خوێندبوونەوە.
هەروەها بینینەکانیش لە یادەوەریمدا وەک تاقە بینینێکی دوور و درێژ وان. لە پاش ئاخافتنەکەمانەوە هەمیشە دوانیوەڕۆیان بوو؛ ئەگەر دەوامی درەنگ دەستی پێبکردایە، لە سێ وە بۆ پێنج، ئەگەر نا کاتژمێر پێنج و نیو. حەوت نانی ئێواران دەخورا، سەرەتا هانا هانی دەدام، لەکاتی خۆیدا بگەمەوە ماڵێ. بەڵام پاش ساتێک بە سەعات و نیوەکەوە نەوەستام و بۆئەوەی نانی ئێوارە لەپرۆگرامدا بکوژێنمەوە، کەوتمە هۆنینەوەی بڕوبیانوو.

خوێندنەوەکە هۆکاری ئەو مەسەلەیە بوو. ڕۆژی پاش ئاخافتنەکەمان هانا دەیویست بزانێت، لە خوێندنگا چی فێر دەبم. من هۆمەرس ئێپن، وتەکانی سیسیرۆ و حیکایەتەکانی هێمینگوای سەبارەت بە پیرەمێرد و جەنگەکانی لەگەڵ ماسی و زەریادام بۆباس کرد. دەیوست ببیستێت، زمانی یۆنانی و لاتینی چۆن دێنە بەرگوێ و منیش شتێکم لە داستانی ئۆدیسە و وتەکانی دژی کاتیلینا بۆ خوێندەوە.

((ئەڵمانیش فێر دەبیت؟))

((مەبەستت لە چییە؟))

((تەنها زمانی غەریب فێر دەبیت، یان لە زمانی خۆشماندا شت بۆ فێربوون هەیە؟))

((تێکست دەخوێنینەوە.))

ئەو کاتەی من نەخۆش بووم، پۆلەکەمان ((ئێمیلیا گالۆتی)) و ((کاباڵاوخۆشەویستی)) یان خوێندبۆوە وبەم زووانە تاقیکردنەوەیەکی لەسەر دەکرا. ئیدی پێویست بوو من هەردووکیان بخوێنمەوە و لەپاش جێبەجێکردنی هەموو کارەکانی دیم دەمخوێندنەوە. پاشان درەنگ دەبوو و ماندو دەبووم و ئەوەی دەمخوێندەوە سبەی لە یادم نەدەما و دەبایە جارێکی دی بیخوێنمەوە.

((بۆم بخوێنەرەوە!))

((خۆت بیخوێنەوە، بۆت دەهێنم.))

((خۆ تۆ دەنگێکی هێند خۆشت هەیە، کوڕیژگە، پتر حەزم لێیە گوێ بۆ تۆ بگرم، وەک لەوەی خۆم بیخوێنمەوە.))

((بڵێم چی، نازانم.))

بەڵام ڕۆژی داهاتوو، کە هاتم و ویستم ماچی بکەم، خۆی لێ دابڕیم.

((سەرەتا دەبێت بۆم بخوێنیتەوە.))

بەڕاستی بوو. دەبایە، بەرلەوەی بمباتە ژێر دوش و جێگاوە، بەدرێژایی نیو کاتژمێر ئێمیلیا گالۆتی بۆ بخوێنمەوە. ئێستە منیش بە دووشکردن خۆشحاڵ بووم؛ ئەو هەوەسەی پێوەی هاتبووم، بەهۆی خوێندنەوەکەوە نەمابوو. خوێندنەوەی شانۆ نامەیەکی ئەوها، بەجۆرێک، کە ئەکتەرە جیاواز جیاوازەکان تا ڕادەیەک بناسرێنەوە و زیندوو بن، تەرکیزی دەوێت. لەژێر دووشدا هەوەس هەستایەوە. خوێندنەوە، دووش، خۆشەویستی کردن و کەمێک پاڵکەوتن بە تەنیشت یەکەوە – ئەوە بووە دابوونەریتی بینینەکانمان.

ئەو گوێگرێکی بە سەرنج بوو. پێکەنینەکانی، مرقەکانی بۆ نیشاندانی قێز، هاوارە ڕیسواکەر یاخود پەسند کەرەکانی گومانیان تیادا نەدەهێشتەوە، کە ئەو بەتەوسەوە لەگەڵ ڕەوتی بابەتەکاندا دەڕۆیشت و ئێمیلیا و لویزیشی بەهەمان شێوە بە دوو چەتیوی گەوج دەزانی. ئەو بێسەبرییەی، کە هەندێ جار پێیەوە تکای تیا دەکردم، زیاتر بخوێنمەوە، لەو هیوایەوە دەهات، دواجار ئەو گەوجێتییە بە خامۆشی ببینێت.

((جا وەرە شێت مەبە!))

هەندێ جار بۆ خۆم تینم بۆ دەهات زیاتر بخوێنمەوە. کە ڕۆژ درێژ بوون، زیاترم دەخوێندەوە، تاکو لە کاتی ڕۆژئاوا بووندا لە گەڵیدا لە سەر جێ بم. کە لە سەر جەستەم خەوی لێدەکەوت و مشاری حەوشەکە بێدەنگ دەبوو و ڕێشۆڵە دەیخوێند و لە ڕەنگی شتەکانی مەتبخەکە تەنها ڕەنگی ڕەساسی کاڵ و تۆخ دەمانەوە، من بەختەوەرێکی بێگەرد دەبووم.

# ده

یەکەم ڕۆژی پشووی ئیستەر، کاتژمێر چوار هەستام. هانا دەوامی زووی هەبوو. کاتژمێر چوار و چارەک بە پاسکیل دەڕۆیشتە وێستگەکە و چوار و نیو بە تراماوکە بەرە و شڤیتسینگن. ئەو وای پێگوتبووم، تراماوکە لە سەرەی ڕۆیشتندا، بەگشتی بەتاڵ بوو. سەرەتا لە سەرەی گەڕانەوەدا پڕ دەبوو.
لە دووهەم وێستگەدا من سوار بووم. فارغۆنی دووهەم بەتاڵ بوو، لە فارغۆنی یەکەمدا، هانا لای شۆفێرەکە وەستا بوو. دوودڵ بووم، لە فارغۆنی پێشەوە یان پشتەوە سوار بم و پشتەوەم هەڵبژارد. ئەوێ مژدەی تەنهایی تیادا بوو؛ لە ئامێز گرتنێک، ماچێک. بەڵام هانا نەهات. لە ڕاستیدا دەبوو ئەو منی بینیبێت، کە من لە وێستگەکە چاوەڕێم کردوە و سەرکەوتووم، هەر لەبەر ئەوەش تراماوکە وەستا بوو. بەڵام ئەو لای شۆفێرەکە مایەوە، قسەو شۆخی لەگەڵدا دەکرد، دەمبینی.
تراماوکە وێستگە لە دوای وێستگەی تێ پەڕاند. کەس نەوەستا بوو و چاوەڕێی نەدەکرد. سەر شەقامەکان چۆڵ بوون. خۆر هێشتا هەڵنەهاتبوو و بەژێر ئاسمانێکی سپییەوە، هەموو شتێک لەژێر سایەی تیشکێکی سپی هەڵگەڕاودا بوو؛ خانوو، ئوتومبێلی ڕاگیراو، درەختی تازە سەوز بوو و بنچک لە کاتی خونچە دەرکردندا و چیاکان لە دوورەوە. تراماوکە هێواش دەڕۆیشت؛ هەڵبەت لە پلانی کاتی گەشتەکانیدا حیسابی ڕۆیشتن و وەستان کرا بوو و ئێستە دەبایە ماوەی بەینی وێستگەکان درێژتر بکرێن، چونکە کاتی

له وەستاندا سەرف نەدەکرد. من لە تراموا هێواش ڕێکردەکەدا بەند کرابووم. سەرەتا دانیشتبووم، پاشان ڕۆیشتمە سەر سەکۆی پێشەوەی فارغۆنەکە و هەوڵم دا نیگام لەسەر هانا بچەسپێنم؛ دەبوو لە پشتیەوە هەست بە نیگام بکات. پاش ساتێک بە شێوازێکی وڕک گرانە لێی ڕوانیم، ئیدی لەگەڵ شۆفێرەکەدا کەوتەوە قسە کردن. گەشتەکە بەردەوام بوو. لەپشت ((ئێپڵهایم))ەوە هێڵە ئاسنینەکان بە ناو شەقامەکاندا نەدەهاتن، بەڵکو گوازرابوونەوە قەراخ جادەیەکی تێکەڵە کراو. ترامواکە خێراتر دەڕۆی، بە ڕیتمێکی جێگیری شەقەو هەزەی شەمەندەفەرێک. من دەمزانی ئەو ڕێگەیە بە چەند ڕێگایەکی تردا دەچۆوە سەر ((شڤێتسینگن)). بەڵام من هەستم بە پەراوێز بوویی خۆم دەکرد، هەستم بە دەرکراوی خۆم دەکرد لە دنیای ئاسایی، دنیایەک، کە مرۆڤەکان تیادا دەژین و کاردەکەن و خۆشەویستی دەکەن. وەک ئەوەی نەفرەتی ڕێگایەکی ناکۆتا و بێ ئاکامم لە فارغۆنێکی بەتاڵدا لێکرا بێت. پاشان وێسگەیەک، کوختەیەکی چاوەڕوان کردنم لە دەشتێکی فراواندا بینی. ئەو گوریسەم ڕاکێشا، کە جابیەکان لە ڕێیەوە ئیشارەت بە شۆفێرەکان دەدەن، کە دەتوانێت بوەستێت یاخود لێ خوڕێت. ترامواکە وەستا. نە هاناو نە شۆفێرەکە لە دوای زەنگی ئیشارەتەکە ئاوڕیان بۆ نەدامەوە. کاتێک دابەزیم، وام هەست دەکرد، بە پێکەنینەوە لە دوام بڕوانن، بەڵام دڵنیا نەبووم. پاشان ترامواکە دەرچوو، منیش لە دواییم ڕوانی، هەتا سەرەتا لەودیو کەندێکەوە و پاشان لەپشت گردێکەوە ونبوو. من لەبەینی جادە و تێکەڵەکەدا وەستا بووم، چواردەورم کێڵگە بوون، درەختی میوەهات و لەولا ترەوە شەتڵگای ناو شووشە. هەواکەی فێنک بوو. دنیا پڕ بوو لە جریوەی باڵندە. بەسەر و چیاکانەوە ئاسمان بە ڕەنگێکی مەیلە و

پەمەیی دەبریقایەوە.
گەشتی ناو ترامواکە خەوێکی بەد ببوو. ئەگەر بەزمی دواییم هێند بەڕوونی لەیاد نەبایە، مەیلم لێ دەبوو، بەڕاستی بە خەونێکی بەد لەقەڵەمی بدەم.
وەستانم لە وێسگەکە، بیستنی باڵندەکان و بینینی هەڵهاتنی خۆر، وەک بەخەبەر هاتنەوەیەک وابوو. بەڵام مەرج نییە بە خەبەر هاتنەوە لە خەونێکی بەد هەستێکی بارسووکیت بداتێ. دەکرێت ئەو شتە ترسناکانەی، کە خەویان پێوە دەبینیت، بەتەواوی بکات بە حەقیقەت، لەوانەیە تەنانەت ڕاستییە سامناکەکانیش، کە لەخەوندا بەسەرت دێن. من بەرە و ماڵەوە بەڕێ کەوتم، فرمێسکم هەڵدەوەراندن و سەرەتا کاتێک گەیشتمە ( (ئێبلهایم)) توانیم دەست لەگریان هەڵگرم.
ڕێی ماڵەوەم بە پێ بڕی. جەند جارێک لە خۆڕا هەوڵم دا بکەومە هەڵەداوان. کە نیوەی ڕێگاکەم بڕی، ترامواکە بەتەنیشتمدا تێپەڕیەوە.
پڕ بوو لە سەرنشین و هانام تیادا نەبینی.
کاتژمێر دوانزە لەسەر سەکۆی بەر پلیکانەکانی پێش ئەپارتمانەکەی بەغەمگینی و ترس و تووڕەییەوە، چاوەڕێی بووم.
( (دیسان خۆت لە خوێندنگا دەدزیتەوە؟))
( (پشووم هەیە. ئەم بەیانیە چی ڕوویدا بوو؟))
ئەو دەرگاکەی کردەوە و منیش بۆ ناو ئەپارتمان و مەتبەخەکە دوای کەوتم.
( (دەبێت ئەم بەیانیە چی ڕوویدا بێت؟))
( (بۆچی وات هەڵسوکەوت دەکرد، وەک ئەوەی من نەناسیت؟ من ویستم ...))

((من وام هەڵسوکەوت دەکرد، وەک ئەوەی تۆ نەناسم؟))
ئاوڕی دایەوە و بەساردی تەماشای دەمووچاوی کردم.
((تۆ نەتویست من بناسیت. سواری فارغۆنی دووهەم دەبیت، لەکاتێکدا دەبینیت، من لە فارغۆنی یەکەم دام.))
((لەبەرچی من لە یەکەم ڕۆژی پشووم دا کاتژمێر چواری بەیانی دەڕۆم بۆ شڤێتسینگن؟ ئێ لەبەرئەوەی دەمویست سەرسامت بکەم، جونکە وامزانی خۆشحاڵ دەبیت. ڕۆیشتمە فارغۆنی دووهەمەوە ...))
((چەند منداڵێکی گوناحی. کاتژمێر چوار و نیو هەستاویت و سەرەڕای ئەوەش لە پشووەکەشتدا.))
من هەرگیز ئەوها لاقرتێیانە نەمدیتبوو. سەری ڕاوەشاند.
((من چوزانم، تۆ لەبەرچی بۆ شڤێتسینگن دەڕۆیت. من چوزانم، تۆ لەبەرچی ناتەوێت من بناسیت. ئەوە کێشەی تۆیە نەک هی من. زەحمەت نەبێت، ئێستە دەڕۆیت؟))
لە توانامدا نییە وەسفی نیگەرانییەکەم بکەم.
((هانا، ئەوە ڕەوا نییە. تۆ دەتزانی، دەبوو بزانیت، کە من تەنها لەبەر خاتری تۆ سەرکەوتووم. ئیدی چۆن پێت وایە من نەمویستووە بتناسم؟ ئەگەر من نەمویستبایە بتناسم، ئەوا سەر نەدەکەوتم.))
((ئاە، لێم گەڕێ. من پێم گووتیت، ئەوەی دەیکەیت، کێشەی خۆتە نەک هی من.))
بە شێوازێک وەستا بوو، مێزی مەتبەخەکە لە بەینماندا بوو، نیگای، دەنگ و جووڵەکانی وەک دەست درێژکەرێک هەڵس و کەوتیان لەگەڵ دەکردم و داوایان لێ دەکردم بڕۆم.
من لەسەر قەنەفەکە دانیشتم. ئەو خراپ ڕەفتاری لەگەڵ کردبووم و منیش ویستبووم ئیفادەی لێ وەرگرم. بەڵام ئەسڵەن نەمتوانی

بوو دەستم بیگاتێ و لەبری ئەوە ئەو پەلاماری دابووم. منیش کەوتمە دوودڵییەوە. لەدیدێکی لایەنگرانەوە نا، بەڵکو بێلایەنانەوە، ئایا دەبێت ڕاستی کردبێت؟ دەکرا، دەبوو بەهەڵە تێگەیشتبێت؟ ئایا من بریندارم کردبوو، بە بێ نیاز، بە پێچەوانەی نیازم، بەڵام بە جۆرێک لە جۆرەکان بریندارم کردبوو؟

((بەداخەوە، هانا. هیچ شتێک سەری نەگرت. من نەمویست نیگەرانت بکەم، بەڵام وا دیارە ...))

((وا دیارە؟ مەبەستت لەوەیە، وادیارە نیگەرانت کردووم؟ تۆ ناتوانیت من نیگەران بکەیت، تۆ نا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بەئەرک نەبێت نارۆیت؟ لە ئیش بووم و ئێستە دەمەوێت خۆم بشۆم، ئارامیم دەوێت.))

بە شێوازێکی تینهێنیانە تەماشای کردم. کە من هەڵنەستام، شانی هەڵتەکاندن، سوڕا، ئاوی بەردایەوە ناو بانیۆکە و خۆی داکەند.

ئێستە هەستام و ڕۆیشتم. وام زانی بۆ هەتاهەتایی دەڕۆم. بەڵام پاش نیو کاتژمێر گەیشتمەوە پێش دەرکی ئەپارتمانەکە. ئەو بواری ژوورێی دام و منیش هەموو شتێکم بەسەر خۆمدا هێنا. کە من بێفکرانە، بێشعورانە، بێدڵانە ڕەفتارم کردبوو. لەوە تێ دەگەیشتم، کە نیگەرانە، لەوە تێ دەگەیشتم، کە نیگەران نییە، چونکە من ناتوانم نیگەرانی بکەم، کە ئەو ئەوەندە هەبووە نەیویستووە ئەو ڕەفتارەم لێ قبووڵ بکات. لە کۆتاییدا بەختەوەر بووم، کاتێک ئەو دانی پیادا نا، کە من بریندارم کردبوو.

کەوابێ ئێجگار ئاوها بێسۆز و نابەژدار نەبوو، وەکو ڕەفتاری دەکرد.

((لێم دەبووریت؟))

سەری ئەرێی لەقاند.

((خۆشت دەوێم؟))
هەمدیس سەری لەقاند.
((هێشتا بانیۆکە پڕە، وەرە با بتشۆم.))
دواتر لەخۆمم دەپرسی، ئاخۆ ئاوی لە بانیۆکەدا هێشتبۆوە، چونکە زانیبووی، کە من دەگەڕێمەوە. دەبوو خۆی داکەندبێت، چونکە زانیوویەتی ئەوە لە مێشکم دەرناچێت و دەمهێنێتەوە؟ ئایا دەبێت تەنها ویستبێتی گەمەیەکی دەسەڵات بەرێتەوە. دوای خۆشەویستی بە تەنیشت یەکەوە پاڵکەوتبووین، بۆم باسکرد، کە بۆچی سواری فارغۆنی دووهەم ببووم و ئەویش تیزی پێوە کردم.
((تەنانەت دەتەوێت لە تراماشدا لەگەڵمدا بکەیت؟ کوڕیژگە، کوڕیژگە!))
وەک ئەوە وابوو لەڕاستیدا بۆنەی دەمەقاڵێیەکەمان بێمانا بێت. بەڵام ئەنجامەکەی مانای هەبوو. من تەنها ئەو شەڕەم نەدۆڕاندبوو. من پاش شەڕێکی کورت، کە ئەو هەڕەشەی ئەوەی کردبوو ڕەتم بکاتەوە و خۆییم لێ ببڕێتەوە، خۆم بەدەستەوە دابوو. لە هەفتەکانی داهاتوودا، تەنانەت بۆ جارێک و بۆ ساتێکی کوورتیش بوو بێت، نەجەنگیم. کە هەڕەشەی دەکرد، بێمەرج خۆم بە دەستەوە دەدا. هەموو شتێکم بەسەر خۆمدا دەهێنا. دانم بە هەڵەدا دەنا، کە نەمکردبوو، دانم بە نیازێکدا دەنا، کە هەرگیز خاوەنی نەببووم. کاتێک سارد و دڵڕەق دەبوو، لێی دەپاڕامەوە، کە لەگەڵمدا چاک بێتەوە، کە لێم ببوورێت، کە خۆشی بووێم. هەندێک جار وام هەست دەکرد، خۆشی لەژێر فشاری ساردی و دڵ ڕەقییەکەیدا دەناڵێنێت.
وەک ئەوەی تامەزرۆی گەرم و گوڕی عوزرخواییەکان و بەرهەڵستیەکان و سوێندەکانم بوو بێت. هەندێ جار وام بیر دەکردەوە، کە تەنها

هێنده هەیە، دەیەوێت بەسەرمدا زاڵ بێت. بەڵام ئامها بوو بێت یان ئاوها، من بێچارە بووم.

نەمدەتوانی سەبارەت بەوە قسەی لەگەڵدا بکەم. قسەکردن لەبارەی دەمەقاڵێکانەوە، دەمەقاڵێی تری لێ دەبۆوە. جارێک یاخود دوو جار نامەی دوور و درێژم بۆ نووسیوە، بەڵام وەڵامی نەبووە. کاتێکیش لەبارەیەوە پرسیارێکم لێ دەکرد، بەپرسیارێک بەرپەرچی دەدامەوە:

((دیسان دەست پێ دەکەیتەوە؟))

# یانزه

نەوەک من و هانا لەپاش یەکەم ڕۆژی پشووی ئیستەرەوە بەختەوەر نەبووبین. بەڵام هەرگیز وەک ئەو ڕۆژانەی مانگی نیسان بەختەوەر نەبووین. ئەو یەکەمین شەڕەمان و ئەسڵەن هەموو شەڕەکانمان، چەند ڕواڵەتیش بووبن — هەموو ئەو شتانەی دەروازەی دابونەریتی خوێندنەوە و دووش و خۆشەویستی و پاڵکەوتنەکەمانیان دەکردەوە، ئاسوودەی دەکردین. سەرەڕای ئەوەش ئەو خۆی بەو تۆمەتبارکردنەی، کە گوایە من نەمویستووە بیناسم، بەستبۆوە. ئەگەر من بمویستبایە خۆمی لەگەڵدا نیشان بدەم، ئەوا ئەو نەیدەتووانی هیچ ناڕەزامەندییەکی یاسایی هەبێت.

((کەوابێ هەر تۆ نەتدەویست لەگەڵ مندا ببینرێیت.))

نەیدەویست ئەوەی پێبگووترێت. بەوشێوەیە لە یەکەم هەفتەی پاش دەسپێکی پشووی ئیستەردا، بە پاسکیل گەشتێکمان کرد، چوار ڕۆژ لە ((ڤیمپفن))، ((ئاموورباخ)) و ((میلتنبێرگ)) ماینەوە.

لەیادم نەماوە، چیم بە دایک و باوکم گوتووە. کە گەشتەکە لەگەڵ هاوڕێم ((ماتیاس)) دا دەکەم؟ لەگەڵ گروپێکدا؟ سەردانی ئاوەڵ خوێندکارێکی کۆنم دەکەم؟ ڕەنگە دایکم وەک هەمیشە غەمبار بوو بێت، ، باوکیشم ڕای وا بوو بێت، پێویست ناکات خەمی هەبێت. ئەدی ئەوکات من ئەو پۆلەم نەبڕیبوو، کە کەس لێیڕانەبینیبووم؟

ئەو ساتانەی نەخۆش ببووم، پارەی ڕۆژانەی خۆمم خەرج نەکردبوو. بەڵام ئەگەر پارەی هاناشم بدایە، پارەکەم بەشی نەدەکرد. ئیدی ئەو پوڵانەم، کە کۆمکردبوونەوە، لە دووکانێکی پوولی نێزیک لە

((کلێسەی ڕۆحی پیرۆز)) بۆ فرۆشتن پێشنیارم کردن. ئەوە تاقە دووکان بوو، کە لەسەر دەرگاکەی ئاگاداری کڕینی پوولی کۆکراوەی، نیشان دابوو. فرۆشیارەکە بەسەر ئەلبومەکاندا ڕۆیشت و نرخی شەست مارکی دامێ. منیش ئامآژەم بۆ دانە نایابەکەم کرد، پوولێکی میسری ڕێک بڕدرا و بە ئەهرەمێکەوە، کە لە کەتەلۆگەکەدا بە چوار سەد مارک قەبلێنرا بوو. ئەو، شانی هەڵتەکاندن و گووتی، کە ئەگەر من هێندە هۆگریانم، ڕەنگە چاتر بێت نەیانفرۆشم.

ئایا ئەسڵەن بۆم هەبوو بیانفرۆشم؟ دایک و باوکم بیانزانیبا چیان دەگووت؟

من هەوڵمدا مامەڵە بکەم. گووتم، کە پوولی ئەهرەمەکە هێند بێبەهایە، ئەوا دەتوانم گلی بدەمەوە. ئەویش گووتی، دەتوانێت تەنها سی مارکم بداتێ.

کەوابێ پوولی ئەهرەمەکەم هێند بێبەها نییە؟

لە کۆتاییدا حەفتا مارکم بەدەست هێنا. هەستم بە فریودراوی خۆم دەکرد، بەڵام گوێم نەدایێ.

تەنها بەهۆی گەشتەکەوە هەستم نەووروژابوو. بۆ مایەی سەرسامی من هاناش بە چەند ڕۆژێک بەر لە گەشتەکە نائارام بوو. بیری لەوە دەکردەوە، چی لەگەڵ خۆی بهێنێت و جانتاکانی سەر کوشنی پشتەوەی پاسکیلەکە و کۆڵە پشتەکەی، کە من بۆم پەیدا کردبوون، کۆدەکردنەوە و هەڵدەوەشاندنەوە. کاتێک ویستم لە سەر نەخشەی ڕێگاوبانەکە ئەو ڕێگایەی نیشان بدەم، کە بیرم لێ کردبۆوە، نەیویست هیچ ببیستێت و هیچ ببینێت.

((من ئێستە ئێجگار ووروژاوم. دڵنیام بە ڕەوانی دەیکەیت، کورپێژگە.))

لەڕۆژی دووشەممەی جەژنی ئیستەردا، بەڕێکەوتین. خۆرەتاو بوو و

بەدرێژایی چوار ڕۆژ هەر خۆرەتاو بوو. بەیانیان فێنک بوو، بە ڕۆژ گەرم دەبوو، بۆ پاسکیل لێخوڕین زۆر گەرم نەبوو، بەڵام بۆ سەیران کردن گەرم بوو. دارستانەکان وەک فەرشی سەوز وابوون، بە پەڵە و ڕووبەری سەوزی زەردباو و سەوزی کاڵ و سەوزی وەک شووشەی بتڵ و سەوزی شینباو و ڕەشباوەوە. لەئاستی ڕووباری ((ڕاین)) دا، یەکەمین درەختی میوەهاتەکان گووڵیان دەرکردبوو. لە دارستانی ((ئۆدن)) گوڵە فۆرسیتیاکان دەپشکوتن.

بەگشتی دەمانتوانی بەتەنیشت یەکەوە لێبوخڕین. پاشان چیمان دەبینی، پیشانی یەکمان دەدا: قەڵا، ماسیگر، کەشتی ناو ڕووبارەکە، خێمە، خێزان لە مارشی مراویانەدا بە ڕۆخی ڕووبارەکەوە، قەمەرەی ئەمەریکایی سەربەتاڵ. کاتێک ئاراستەو شەقامێکی دیمان دەگرت، دەبایە من پێشکەوم، ئەو نەیدەویست گوێ بداتە ئاراستەو جادەکان. ئەگەر نا، کاتێک هاتووچۆ چڕ دەبوو، دەمێک ئەو لە پشتی منەوە لێی دەخوڕی و دەمێک من لە پشتی ئەوەوە.

عەزییەکی شینی لەبەردا بوو، کە بەشی خوارەوەی تەنوورە فەرەحەکەی لە باو تەوژمی خێرایی ڕۆیشتنەکەدا دەشەکایەوە. ساتێکی خایاند، هەتا ئیدی چیتر ترسم نەما، تەنوورەکەی لە تەلی پێچکەکان یاخود پێچکە داناوییەکان گیر ببێت و بکەوێت. پاش ئەوە حەزم دەکرد، لە پێشمەوە لێخوڕێت و منیش تەماشای بکەم. چەند بە خۆشحاڵییەوە خۆم بۆ شەوەکانی گەشتەکەمان ئامادە کردبوو. وام هێنابووە پێش چاوی خۆم، خۆشەویستی بکەین، خەومان لێ بکەوێت، بەخەبەر بێین، هەمدیس خۆشەویستی بکەین، هەمدیس خەومان لێ بکەوێتەوە، هەمدیس بەخەبەر بێینەوە و بەردەوام ئەوها، شەو لە دوای شەو، بەڵام تەنها لەشەوی یەکەمدا جارێک بەخەبەر هاتم. پشتی تێ کردبووم، بەسەریدا چەمیمەوە و

ماچم کرد، ئەو خۆی تلدایە سەر پشت و منی لەئامێز گرت.
((کورپیژگەی من، کورپیژگەی من.))
پاشان لەسەر جەستەی خەوم لێکەوت. شەوەکانی دی سەربۆسەر خەوتین، ماندووی لێخوڕین و خۆرەتاو و با بووین. بەیانیان خۆشەویستیمان دەکرد.
هانا تەنێ هەڵبژاردنی ئاراستەو جادەکانی پێ نەسپاردبووم. من هۆتێلەکانم هەڵدەبژارد، کە شەومان تیادا دەکردنەوە، لە سەر کاغەزی ئوتێلەکان خۆمانم وەک دایک و کوڕ تومار دەکرد، ئەو تەنها واژۆی دەکرد و لەسەر کارتی مێنوی خواردنەکان، تەنها خواردنم بۆخۆم هەڵنەدەبژارد، بەڵکو بۆ ئەویش.
((من حەز دەکەم مشووری هیچ شتێک نەخۆم.))
تاکە دەمەقاڵێمان لە ئامۆرباخ بوو. من زوو بەخەبەر هاتبووم، بەئەسپایی خۆم لەبەر کردبوو و بە دزەدزە لە ژوورەکە دەرچووبووم. ویستم نانی بەیانی بهێنمە سەرێ و تەماشا بکەم، ئاخۆ دوکانێکی کراوەی گوڵ دەدۆزمەوە و گوڵەباخێکم بۆ هانا دەست کەوێت. پارچە کاغەزێکم لەسەر مێزۆچکەی تەنیشت سیسەمەکە بۆ جێهێشتبوو.
((بەیانیت باش! دەڕۆم نانی بەیانی دەهێنم، هەر ئێستە دەگەڕێمەوە))- یاخود شتێکی لەو جۆرە.
کاتێک گەڕامەوە، ئەو لەناو ژوورەکەدا وەستا بوو، نیوەی جلەکانی لەبەر بوون، لە تووڕەییدا دەلەرزی، دەمووچاوی سپی هەڵگەڕابوو.
((چۆن دەتوانیت هەر ئەوها بڕۆیت!))
من سینیەکەم بە نانی بەیانی و گوڵە باخەکەوە داناو ویستم لە ئامێزی گرم.
((هانا ...))
((دەستم لێ مەدە.))

پشتێنێکی چەرمی باریکی بەدەستەوە بوو، کە لەعەزیەکەی بەست، هەنگاوێک کشایەوە و لەدەمووچامی ڕاکێشا. لێوم هەڵتەقی و تامی خوێنم کرد. ئازاری نەهات، بەڵام بە چەشنێکی سامناکانە تۆقی بووم. جارێکی دی گوژمی خواردەوە.
بەڵام جارێکی دی لێی نەدام. قۆڵی دابەزاندەوە خوارێ و قایشەکەی فڕێدا و کەوتە گریان. من هەرگیز نەمبینیبوو بگری. دەمووچاوی هەموو شکڵێکی لەدەست دا؛ چاوی دەرپۆقیو، دەمی داچەقیو، پێڵوەکانی پاش یەکەمین فرمێسکەکان هەڵاوساو، پەڵەی سور لەسەر گۆنا و ملی. دەنگی کرخن کرخن لە سینەیەوە دەهاتنە دەر، لەو هاوارە بێدەنگەی دەچوون، کە لەکاتی خۆشەویستیماندا دەیکرد. لەویادا وەستا بوو، بەناو فرمێسکەکانیدا تەماشای دەکردم.
دەبوایە من لە ئامێزی بگرم، بەڵام نەمتوانی. نەمدەزانی چی بکەم. لای ئێمە، لە ماڵێ، کەس ئاوها نەدەگریا. کەس دەستی نەدەوەشاند، جا نەخوازە بە قایشی چەرم. لای ئێمە قسە دەکرا، بەڵام من چیم پێ بگووتایە؟
ئەو دوو هەنگاو بەرە و ڕووم هات، خۆی فڕێدایە سەر سینگم، بەمست کەوتە لێدانم، خۆی تێوە ئاڵاندم. ئێستە دەمتووانی بیگرم. شانی ڕادەتەکاندن، نێوچاوانی دەکێشا بە سینگمدا. پاشان هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و لە ئامێزم هەڵخزی.
((نانی بەیانی بخۆین؟))
خۆی لە من ئازاد کرد.
((ئەی خودایە، کوڕیژگە، ڕووخسارت چۆنە؟))
خاولییەکی بچووکی تەڕی هێنا و دەم و چەناگەی پاک کردمەوە.
((کراسەکەشت سەرتاپا خوێنە.))
کراسەکەی لێ داکەندم، پاشان پانتۆڵەکەم و پاشان خۆشی داکەند

و خۆشەویستیمان کرد.
((بەڕاستی چی ڕوویدا بوو؟ بۆچی هێندە تووڕە بوویت؟))
بەتەنیشت یەکەوە پاڵکەوتبووین، هێند خۆشبەخت و ئاسوودە، بەجۆرێک، کە وامزانی ئێستە هەموو شتێک پاک دەبێتەوە.
((چی ڕووی دابوو، چی ڕووی دابوو — هەمیشە چەند گەوجانە دەپرسیت. تۆ ناتووانیت هەر ئەوها بڕۆیت.))
((بەڵام خۆ من پارچە کاغەزێکم بۆ ...))
((پارچە کاغەز؟))
من دانیشتم. لەو جێیەی پارچە کاغەزەکەم لەسەر مێزۆچکەکە دانابوو، کاغەزەکە نەمابوو. هەستامە سەر پێ، تەنیشت و ژێر مێزۆچکەکە، ژێر سیسەمەکە و سەر سیسەمەکە گەڕام و نەمدۆزیەوە.
((لەوە تێناگەم. من کاغەزێکم بۆ نووسیبوویت، کە نانی بەیانی دەهێنم و هەر ئێستە دەگەڕێمەوە.))
((واتکرد؟ من کاغەز نابینم.))
((باوەڕم پێ ناکەیت؟))
((حەز دەکەم باوەڕت پێ بکەم، بەڵام من کاغەز نابینم.))
چیتر دەمەقاڵێمان نەکرد. ئایا بایەک هاتبوو، کاغەزەکەی بردبووە جێیەک یان هیچ کوێیەک؟ هۆی هەموو شتەکان لێکتێنەگەیشتن ببوو، تووڕەیی ئەو، لێوی هەڵتەقیوی من، دەمووچاوی ناسۆری ئەو، دەستە پاچەیی خۆم؟
دەبایە زیاتر لەدوای پارچە کاغەزەکە بگەڕێم، لەدوای هۆکاری تووڕەیی هانا، لە دوای هۆکاری دەستە پاچەیی خۆم؟
((شتێکم بۆ بخوێنەوە، کوڕیژگە.))
خۆی پێوە لکاندم، منیش ((بێکەڵک)) ی ((ئایەخن دۆرفس)) م هەڵگرت و لەو جێیەوە بەردەوام بووم، کە جاری پێشوو دەستم

لێ هەڵگرتبوو. ((بێکەڵک)) ئاسان بە دەنگەوە دەخوێنرایەوە. ئاسانتر لە ((ئێمیلیا گالۆتی)) و ((کەباڵاو خۆشەویستی)). هانا دووبارە بە بەشدارییەکی مەفتونەوە لەگەڵیدا دەهات. حەزی لەو شیعرانە دەکرد، کە بەناو کتێبەکەدا دابەش ببوون. حەزی لە بەرگ پۆشییەکان، لێتێکچوونەکان، تێوەگلانەکان و بێزار کارییەکان دەکرد، کە پاڵەوانەکە لە ئیتاڵیا دووچاریان دەبۆوە. هەمانکات ئەوەی لێ دەگرت، کە بێکەڵکە، هیچ ناکات، هیچ نازانێت و نایەوێت هیچ بزانێت. تەواو وروژابوو و بەسەعات لەدوای ئەوەی دەستم لەخوێندنەوە هەڵدەگرت، دەیتووانی بە پرسیارەوە لێم بێتە پێش:
((فەرمانبەری گومرگ — ئەوە پیشەیەکی باش بووە؟))
سەر لەنوێ گێڕانەوەی شەڕەکەمان هێند بە وردی هات، بۆ جۆرێک، کە دەمەوێت باس لە خۆش بەختییەکەشمان بکەم. شەڕەکە پەیوەندییەکەی نێوانمانی چڕ تر کرد. من بە گریانەوە بینیبووم، هانا، ئەو هانایەی دەگریا، لێم لەو هانایە نێزیک تر بوو، کە بەهێز بوو و هیچی تر. ئەو کەوتە نیشاندانی دیوێکی نەرمونیان، کە من پێشتر هەرگیز پێی ئاشنا نەببووم. هەمیشە هەتا چاک بۆوە، تەماشای لێوە هەڵتەقیوەکەمی دەکرد و بە ناسکی دەستی تێوە دەدا.
بە چەشنێکی دی خۆشەویستیمان دەکرد. من لەمێژ بوو خۆم دابووە دەست بەڕێوەبردن و خاوەنداریێتی ئەوەوە. ئیدی منیش فێربووم خاوەنداریێتی لەسەر ئەو بکەم. لە گەشتەکەدا و لەدوای گەشتەکەوە چیتر تەنها خاوەنداریێتیمان لەسەر یەک نەدەکرد.
شیعرێکم هەیە، کە ئەوکات نووسیومە. وەک شیعرێک هیچ بەهایەکی نییە. ئەو کات من شێتی ((ڕیلکە)) و ((بێن)) بووم و دەبینم، بەجارێک ویستوومە چاو لە هەردووکیان بکەم. بەڵام لەلایەکی ترەوە

ئەوەش دەبینم، کە ئەوکات من و هانا چەند لێک نێزیک بووین.
ئەمە شیعرەکەیە:

که خۆمان دەکەینەوە
تۆ خۆت بۆ من و منیش  خۆم بۆ تۆ
کە غەرق دەبین
لە مندا تۆ و منیش لە تۆدا
کە دەتوێیینەوە
تۆ لە مندا و لە تۆشدا من
ئەوا
من منم و
تۆش تۆیت

## دوانزە

لە کاتێکدا ئەو درۆیانەم لەیاد نییە، کە بۆ گەشتەکەی گەڵ هانا پێشکەش بە دایک و باوکم کردوون، ئەو باجەم لەیادە، کە دەبایە بیدەم، تاکو بتووانم لە دواهەمین هەفتەی پشوودا بە تەنها لەماڵەوە بمێنمەوە. لە بیرم نییە، دایک و باوکم، خوشک و برا گەورەکەم، گەشتیان بۆ کوێ کرد. کێشەکە خوشکە بچکۆلەکەم بوو. ئەو دەبوو لای خێزانی هاوڕێیەکی بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر من لە ماڵەوە بمایەتمەوە، ئەوا ئەویش دەیویست لە ماڵەوە بمێنێتەوە. دایک و باوکیشم شتی وایان نەدەویست، ئیدی دەبایە منیش بڕۆمە لای خێزانی هاوڕێیەکم.

کاتێک لە ڕابردوو دەڕوانم، بەلامەوە شتێکی بەرچاوە، کە دایک و باوکم ئامادە بوون منی پانزە ساڵ بۆ ماوەی هەفتەیەک بە تەنها لە ماڵەوە جێبهێڵن. ئایا هەستیان بەو سەربەخۆییەم کردبوو، کە بەهۆی هاناوە لە مندا تەشەنەی کردبوو؟ یاخود ئەوەیان تۆمار کردبوو، کە من سەرەڕای ئەو مانگانەی نەخۆشیم، کلاسەکەم بڕیبوو و لەوەشەوە گەیشتبوونە ئەو ئەنجامەی، کە من پتر لەوەی هەتا ئێستا بوارم دابوو لێم چاوەڕوان بکرێت، بە بەرپرسیار تر و جێی متمانەی زیاتر بووم؟

لەیادیشم نەماوە، لەسەر ئەو هەموو کاتانەی ئەوسا لای هانا بەسەرم دەبردن، لێپرسینەوەم لەگەڵدا کرابێت. دیار بوو دایک و باوکم باوەڕیان پێم بوو، کە منی سەر لەنوێ تەندرووست، دەمەوێت کاتێکی زۆر لەگەڵ هاوڕێکانمدا بەسەربەرم و لەگەڵ ئەواندا سەعی بکەم.

لەسەر و ئەوەشەوە چوار منداڵ پورەیەکە، کە دایک و باوک ناتوانن

ڕووی سەرنجییان لەهەموان بێت، بەڵکو دەتوانن سەرنجیان بخەنە سەر ئەوەی، کە لەو ئان و ساتەدا کێشەی زۆر دروست دەکات. من کەم کێشەم بۆ دروست نەکردبوون؛ دایک و باوکم بارسووک بوون، کە تەندروست بووم و پۆلەکەشم بڕی بوو.
کە لە خوشکە بچکۆلەکەم پرسی، ئاخۆ چی دەوێت تاکو بڕواتە لای هاوڕێکەی، لەکاتێکدا من لە ماڵەوە بمێنمەوە، داوای جینس (کابۆ) ی کرد- ئەوسا پێمان دەگووت ((بلوجینس))- لەگەڵ ((نیکی)) یەکدا، بلوزێکی ڕوو قەیفەیی. من ناهەقیم نەدەگرت. ئەوکات جینس هێشتا شتێکی تایبەت بوو و سەرەڕای ئەوەش ڕزگار بوونێک بوو لە چاکەت و پانتۆڵی (چقڵە ماسی ئاسا) و عەزی بەگوڵی گەورە نەخشێنراو. چۆن دەبوو من شتەکانی مامم لەبەر بکەم، ئاوهاش خۆشکەکەم دەبوو شتە کۆنەکانی خوشکە گەورەکەم لەبەر بکات.
بەڵام من پارەم پێ نەبوو.
((کەوابێ بیاندزە!))
خوشکە بچکۆلەکەم لەگەڵ ئەو قسەیەدا نیگایەکی زۆر لاساری پێوە بوو. کارەکە بەجۆرێکی سەیر ئاسان بوو. چەند کابۆیەکی جیاواز جیاوازم تاقیکردنەوە، هێندێکم بە کەمەری ئەویش لەگەڵ خۆم بردبووە ناو کابینەی خۆ گۆڕینەکەوە و یەکێکم لەژێر پانتۆڵە قوماشەکەوە لەسەر ورگم گیر کرد و لە دوکانەکە هاتمە دەرێ. نیکییەکەم لە مارکێتێکدا دزی. لە ڕۆژێکدا من و خوشکەکەم لە بەشی مۆدێلێکەوە بۆ بەشی مۆدێلێکی تر، هەتا نیکییەکی گونجاومان دۆزییەوە دەڕۆیشتین. ڕۆژی داهاتوو بە هەنگاوی خێراو دڵنیا بەناو ئەو بەشەدا ڕۆیشتم، دەستم دایە بلوزەکە، لەژێر چاکەتەکەمدا شاردمەوە و دەرپەڕیمەوە. لە ڕۆژی دواییدا ڕۆبێکی خەوی ئاوریشمییم بۆ هانا دزی، چاودێری مارکێتەکە بینیمی و منیش ڕامکرد، وەک ئەوەی مەسەلە مردن و

ژیان بێت و بە ئاستەم و تەنگەتاوی دەرباز بووم. چەندین ساڵ پێم نەنایەوە ئەو مارکێتەوە.
لەکاتی شەوە جووت بە جووتیەکانی گەشتەکەمانەوە، هەموو شەوێک تامەزرۆی بووم، بە تەنیشتمەوە هەستی پێبکەم، خۆمی لێ هەڵخزێنم، ورگم بە سمتییەوە و سنگم بە پشتییەوە و دەستم بخەمە سەر مەمکی، کە شەوان بەخەبەر دەهاتم بە قۆڵ و دەستم بۆی بگەڕێم، بیدۆزمەوە، قاچێکم بخەمە سەر قاچی و دەمووچاوم بە شانییەوە بنوسێنم.
هەفتەیەک بەتەنها لەماڵەوە، حەوت شەو بوو لەگەڵ هانادا بووم. ئێوارەیک داوەتم بۆ کرد و خۆم چێشتم بۆ لێنا. کاتێک من دواهەمین دەستم لە خواردنەکە وەردەدا، ئەو لە مەتبەخەکەدا وەستا بوو. کاتێک خوادنم تێ کرد، لەناو دەرگای کراوەی نێوان ژووری میوان و مەتبەخدا وەستا. کە لەپێش مێزە بازنەییەکەدا دانیشت، لەو جێیەی، کە عادەتەن باوکم لێی دادەنیشت، چاوی گێڕا.
نیگای بەسەر هەموو شتێکدا خشاند، ئەساسە ((بیدەرمایەریەکان))، باڵی خانووەکە، کاتژمێرە ئەرزییە کۆنەکە، وێنەکان، ڕەفە پڕ کتێبەکان، قاپ و قاچاخ و کەوچک و چەتاڵی سەر مێزەکە.
کە بەتەنها جێم هێشت، تاکو دەگی سێهەمی ژەمەکە (شیرینی) ئامادە بکەم، لە پێش مێزەکە نەمابوو. لەم ژوور بۆ ئەو ژوور ڕۆیشتبوو و لەژووری کارکردنی باوکمدا گیرسابۆوە. منیش بە ئەسپایی شانمدا بە کۆڵەکەی دەرگاکەوە و تەماشاییم کرد. وەک ئەوەی تێکستێک بخوێنێتەوە، نیگای بەسەر ڕەفەکاندا گێڕا، کە دیوارەکانیان پڕ کردبۆوە. پاشان ڕۆیشتە پێش ڕەفەیەک، لە ئاستی سنگیدا پەنجەی دۆشاومژەی بەهێمنی بەسەر پشتی کتێبەکاندا هێنا، ڕۆیشتە پێش ڕەفەی داهاتوو، بەردەوام پەنجەی بەسەردا

دەخشاندن، پشتە کتێب بە پشتە کتێب، هەموو ژوورەکەی تەی کرد.
بەتەنیشت پەنجەرەکەوە وەستا، لەناو تاریکاییەکەدا لە وێنەدانەوەی کتێبەکان و وێنەی ئاوێنەیی خۆی، ڕوانی.
ئەوەش یەکێکە لەو وێنانەی هانا، کە بۆم ماونەتەوە. تۆمارم کردووە، دەتووانم وێنەکەی بخەمە سەر دیواری سینەمایی ناخەکیم و لێی بڕوانم، بە جۆرێکی نەگۆڕاو و دەستکاری نەکراو. هەندێک جار بۆ ماوەیەکی درێژ بیری لێ ناکەمەوە، بەڵام هەمیشە دەگەڕێتەوە ناو هۆشم، پاشان دەشێت پێویست بکات، وێنەکانی لە جارێک زیاتر بخەمە سەر دیواری سینەمایی ناخەکیم و لێیان بڕوانم. یەکێکیان هانایە لە مەتبەخەکەدا گۆرەوی لە پێ دەکات. یەکێکی تریان هانایە لە پێش بانیۆکەدا وەستاوە و بەباڵی کراوەوە خاولیەکەی ڕاگرتووە. دانەیەکی تریان هانایە پاسکیل لێدەخووڕێت و تەنوورەکەی دەشەکێتەوە. پاشان ئەو وێنەیەی هانا لە ژووری کارکردنی باوکمدا. عەزیەکی هێڵ هێڵاوی شین و سپی لەبەردایە. لەو عەزیەدا گەنج دەنوێنێت. پەنجە بەسەر کتێبەکاندا دەخشێنێت و پاشان تەماشای پەنجەرەکە دەکات. ئێستە ڕووی لە من دەکات، هێندە خێرا، کە بەشی خوارەوەی عەزیەکەی بۆ لەحزەیەکی کوورت بەدەوری قاچیدا گووژم بخوات و پاشان دووبارە شۆڕ بێتەوە. نیگای ماندووە.
((باوکت ئەم کتێبانەی خوێندونەتەوە یاخود نووسیونی؟))
((بە دوو کتێبی باوکم دەزانی، گەڕام و هەردووکیانم دۆزینەوە و پیشانم دا.))
((ناتەوێت کەمێکیانم بۆ لێ بخوێنییەوە، کوڕیژگە؟))
((من ...))
حەزم نەدەکرد، بەڵام لەلایەکی ترەوە، حەزیشم نەدەکرد داواکەی ڕەت بکەمەوە. کتێبێکیانم هەڵگرت و کەمێکم بۆ لێ خوێندەوە،

بەشێک سەبارەت بە ئانالیتیک و دیالێکتیک، کە من و ئەو بەهەمان ئەندازە لێی تێ نەگەیشتین.
((ئەوەندە بەسە؟))
بەجۆرێک تەماشای کردم، وەک ئەوەی هەمووی تێ گەیشتبێت یاخود ئەوە گرنگ نەبێت، چی تێ دەگەیت و چی تێ ناگەیت.
((تۆش ڕۆژێک لە ڕۆژان کتێبی لەو جۆرە دەنووسیت؟))
من سەرم ڕاوەشاند.
((کتێبی جۆری تر دەنووسیت؟))
((نازانم.))
((شانۆ نامە دەنووسیت؟))
((نازانم، هانا.))
ئەویش سەری لەقاند. پاشان شیرینیەکەمان خوارد و ڕۆیشتینە ماڵی ئەو. من پێم خۆشبوو لە سەر جێگاکەی خۆم لەگەڵیدا بخەوم، بەڵام ئەو نەیویست. لەماڵی مندا هەستی بە شێوازێک لە خۆ داکوتێنەری دەکرد. بەدەمی نەیگووت، بەڵام لەڕێی ئەو شێوازەوە، کە لە مەتبەخەکەدا یان لەناو دەرگاکەدا وەستا، لەم ژوور بۆ ئەو ژوور ڕۆیشت، کتێبەکانی باوکمی تەی کرد و لەگەڵ مندا بۆ نانخواردن دانیشت.
من عەزی خەوەکەم پێشکەش کرد. ڕەنگی باینجانی بوو، ئاسقی سەر شانەکانی باریک بوون، شان و قۆڵی تیادا بەڕەڵا بوون و هەتا سەر قولەپێی درێژ بوو. دەبریقایەوە و دەبریسکایەوە. هانا خۆشحاڵ بوو، پێدەکەنی و دەمووچاوی دەدرەوشایەوە. سەر بەرەروخوار لەخۆی ڕوانی، سووڕا، چەند هەنگاوێک سەمای کرد، لە ئاوێنەکەدا تەماشای خۆی کرد و بەردەوامی بە سەماکردن دا.
ئەوەش وێنەیەکە، کە لەهاناوە بۆم جێماوە.

# سیانزه

من سەرەتایساڵی خوێندنم هەمیشە وەک هێڵێکی جیاکەرەوەی نێوان دوو قۆناغ دەبینی. بڕینی ناوەندی بۆ دواناوەندی، گۆڕانکارییەکی تایبەتی جیاکەرەوەی لەگەڵ خۆی دەهێنا. ئەو پۆلەی منی تیادا بووم، هەڵوەشێنراو بەسەر سێ پۆلی تردا دابەشکرا. زۆرێک لە قوتابییەکان قۆناغی ناوەندیان بۆ دواناوەندی نەبڕی و بەم جۆرە لە چوار پۆلی بچووک سێ پۆلی گەورە دروست کران.

ئەو خوێندنگایەی من لێم دەخوێند، لەمێژ بوو تەنها کوڕانی وەرگرتبوو. کاتێک کچانیش وەرگیران، سەرەتا هێند کەم بوون، کە بە یەکسانی بەسەر پۆلەکاندا دابەش نەکران، بەڵکو خرانە سەرەتا یەک، دواتر دوو و پاشان سێ پۆلەوە، هەتا کاتێک هات بریتی بوون لە یەک لەسەر سێی هەر پۆلێک لە پۆلەکان. لەو ساڵەدا هێندەی کچ لێ نەبوو، تاکو هێندێکیش بەسەر پۆلەکەی مندا دابەش بکرێن. ئێمە چوارەم پۆل بووین، پۆلێکی زاف لە کوڕان. لەبەرئەوە ئێمە هەڵوەشێنراین و دابەش کراین، نەک یەکێک لە پۆلەکانی تر.

سەرەتا لە دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندندا بەو مەسەلەیەمان زانی. بەڕێوەبەری خوێندنگاکە بانگهێشتی ناو پۆلێکی کردین و پێی ڕاگەیاندین، کە دابەش کراوین و چۆنیش دابەش کراوین. پێکەوە لەگەڵ شەش ئاوەڵ خوێندکارمدا بە ڕارەوە چۆڵەکاندا بۆ ژووری پۆلە نوێیەکە ڕۆیشتم. ئەو جێگایانەمان بەرکەوتن، کە وەک بەرماوە مابوونەوە، من جێگایەکم لە ڕیزی دووهەمدا بەرکەوت. کورسییەکان فەردی بوون، بەڵام لە سێ ستووندا دوو دوو بەتەنیشت یەکەوە

داندرابوون. من له ستوونی ناوەڕاستدا دادەنیشتم. به دەسته چەپمەوە ئاوەڵ خوێندکارێکی پۆله کۆنەکەم، ( (ڕودۆلف بارگن))، دانیشتبوو، کوڕێکی کێش قورسی ئارام و یاریچییەکی پشت پێ بەستراوی شەترەنج و هۆکێی، که له پۆله کۆنەکەمدا پەیوەندییەکی ئەوتۆم لەگەڵیدا نەبوو، بەڵام هەر زوو بووینه دوو هاوڕێی باش. به دەسته ڕاستمەوە، لەو بەر بەینی کورسییەکانەوە، کچەکان دانیشتبوون.

سۆفی دراوسێی من بوو. قژ قاوەیی، چاو قاوەیی، ئەسمەرێکی هاوینه، که مووی ڕەنگ زێڕینی لەسەر قۆڵه ڕووتەکانی هەبوو. که دانیشتم و له چواردەوری خۆمم ڕوانی، ئەو بزەی بۆ کردم. منیش بزەم بۆ کردەوە. هەستێکی باشم هەبوو، به پۆله نوێیەکه و کچەکان خۆشحاڵ بووم. له قۆناغی ناوەندیدا چاودێری هاوەڵەکانم کردبوو: کچ له پۆلیاندا بانایه یاخود نا، ئەوان لێیان دەترسان، خۆیان لێ لا دەدان، فشەو فاڵیان لەبەر دەمیاندا دەکرد یاخود دەیانپەرستن.

من کچانم دەناسی و دەمتوانی دۆستانه و هێمنیش بم. کچەکان حەزیان بەوە دەکرد. بێگومان له پۆله نوێیەکەدا بەینم لەگەڵیاندا دەبوو و لەڕێی ئەوەوە ڕەواجم لای کوڕەکانیش دەبوو.

ئایا هەموو کەس وایه؟ من بەگەنجی هەمیشه هەستم ئێجگار دڵنیا یاخود ئێجگار دوودڵ بوو. یان خۆم تەواو بێتوانا و پەڕپووت و هیچ، دەهاته پێش چاو، یاخود پێم وابوو، لەهەموو شتێکدا سەرکەوتووم و دەبێت لەهەموو شتێکدا سەرکەوتوو بم. هەستم بەدڵنیایی بکردبا، بەسەر گەورەترین گرفتدا زاڵ دەبووم. بەڵام بچووکترین شکست بەس بوو، بۆ ئەوەی هیچییەکەم بەخۆم بسەلمێنم.

بەدەست هێنانەوەی دڵنیایی، هەرگیز دەرئەنجامی سەرکەوتوویی نەبوو؛ له پشت ئەو حەقیقەتەوە¬ ئەو حەقیقەتەی، که من چاوڕێی

چیم لە تووانستەکانی خۆم دەکرد و ئەو حەقیقەتەی، کە من تامەزرۆی ڕەزامەندی خەڵکانی تر بووم- هەموو سەرکەوتووییەک بەشێوازێکی ئەفسوسانە بەجێدەما. هەستکردن بە ئەفسوسی، یاخود شانازی بوون بە سەرکەوتنەوە، بە بارودۆخمەوە پەیوەست بوو. سەرەڕای ناکۆکییەکانمان، لەگەڵ هانادا لە چەند هەفتەیەک زیاتر بەینم باش بوو- ئەگەرچی چەندین جار ڕەتی دەکردمەوە و چەندین جار دەیشکاندم.

بەوجۆرە هاوین لە پۆلە نوێیەکەدا باش دەستیپێکرد.

هێشتا ژووری پۆلەکەم لە پێش چاوە؛ لە پێشەوە بەدەستە ڕاستدا، دەرگاکە بوو، تیلماسک و قولاپی جلەکان بە دیواری دەستە ڕاستەوە بوون، بەدەستە چەپدا پەنجەرە بە پەنجەرەوە بوون و ڕوویان دەچۆوە سەر ((چیای پیرۆز))، کە لە پشووەکاندا لە پێش پەنجەرەکان دەوەستاین، سەر بەرەوخوار، شەقام و ڕووبار و مێرگەکانی ڕۆخی ئەوبەر ڕووبارەکەمان دەبینی. تەختە ڕەش، ستاندی وێنە و نەخشە، کورسی مامۆستا لە ئاستی بەرزی دوانگەیەکدا لە پێشەوە بوون.

دیوارەکان بەبارستایی باڵای مرۆڤ بە بۆیاخی ڕۆنیی زەرد کرابوون، لە سەرەوە بۆیەی سپی کرابوون و بە سەقفەکەوە سورەییایەکی بازنەیی شیری، هەڵواسرابوو. ژوورەکە هیچ شتێکی ناپێویستی تیادا نەبوو، نە وێنە، نە ئینجانەی ڕووەک، نە کورسی زیادە، نە کەنتۆری پڕ کتێب و دەفتەری فەرامۆشکراو، یاخود دەباشیری ڕەنگاوڕەنگ. کە نیگام لەڕێگای لادەدا، بەناو پەنجەرەکەدا دەفڕییە دەرێ، یاخود بەدزییەوە ڕووی دەکردە دراوسێ کچێک یان دراوسێ کوڕێک.

کاتێک سۆفی هەستی پێ دەکرد، کە من تەماشای دەکەم، ڕووی تێدەکردم و بزەی بۆ دەکردم.

((بێرگ، کە سۆفیا ناوێکی یۆنانیە، هۆکارێک نییە، لە وانەی

یۆنانیدا لە کچە دراوسێکەت بکۆڵیتەوە. وەرگێڕە!))
ئەوکات ((ئۆدیسە))مان وەردەگێڕا. من بە ئەڵمانی خوێندبوومەوە، عاشقی بووم و هەتا ئەمڕۆش هەر عاشقیم. کە سەرەم دەهات، تەنها چەند چرکەیەکم دەویست، هەتا دەهاتمەوە سەر خۆم و دەکەوتمە وەرگێڕان. کاتێک مامۆستاکە لەسەر سۆفی گاڵتە جاڕی پێ کردم و پۆلەکە لە پێکەنین تەواو بوو، من بەهۆی شتێکی ترەوە دەمم تەتەڵەی کرد. ((ناوسیکا))، ئەو نەمرەی، کە باڵاو جوانییەکەی هاوتای یەک بوون- کەنیشکی و قۆڵ سپی- لەگەڵ ئەودا هانا یان سۆفیم بهێنایە پێش چاوم؟
دەبایە تەنها یەکیان بێت.

# چوارده

کاتێک مەکینەی فڕۆکەکان لەکار دەکەون، کۆتایی فڕین نییە. فڕۆکەکان وەک بەرد لە ئاسمانەوە بەرنابنەوە. بەناو هەوادا دەخزێن، فڕۆکە نەفەر هەڵگرە زەبەلاحەکان هەتا سێ چارەگە سەعات بەناو هەوادا دەخزێن، هەتا لەهەوڵی نیشتنەوەدا لەجێیەک بزر دەبن، گەشتیارەکان هەست بە هیچ ناکەن. فڕین بە مەکینەی لە کار کەوتووەوە هەستێکی جیاواز تر نادات وەک بە مەکینەی بزواوەوە. هێمن ترە، بەڵام تەنها کەمێک هێمن تر: لە مەکینەکان دەنگ بەرز تر هەوایە، کە خۆی بەجەستەو باڵی فڕۆکەکەدا دەدات.

کاتێک دێت لە نیگایەکدا لە پەنجەرەکانەوە ڕووبەری زەوی و دەریا بەشێوازێکی مەترسیدارانە نێزیکن. یان فیلمێک ئیش دەکات و کارمەندە بەردەستییەکانی ناو فڕۆکەکە پەردە ڤینیسییەکانیان داداوەتەوە. تەنانەت ڕەنگە گەشتیارەکان ئەو فڕینەیان، کە کەمێک هێمن ترە، زۆر لا ڕەحەت بێت.

ئەو هاوینە ((خزەفڕێی)) خۆشەویستی من و هانا بوو. یان زۆر زێدە تر خۆشەویستی من بۆ هانا؛ سەبارەت بە خۆشەویستی ئەویش بۆ من هیچ نازانم.

لەسەر دابونەریتی خوێندنەوە، دوش، خۆشەویستی کردن و پاڵکەوتنەکانی خۆمان مابووین. ((جەنگ و ئاشتی)) م بۆ خوێندەوە، بە هەموو ڕوونکردنەوەکانی ((تۆلستۆی)) ەوە سەبارەت بە مێژوو، پیاوانی گەورە، ڕوسیا، خۆشەویستی و هاوسەرێتی. دەبێت خوێندنەوەی ئەو کتێبە چل تا پەنجا کاتژمێری خایاندبێت.

دووباره هانا بەتەوسەوە لەگەڵ ڕەوتی کتێبەکەدا دەڕۆیشت. بەڵام جیاواز تر بوو وەک لە پێشتر؛ بڕیار لە سەردانەکانی خۆی کشاندبوونەوە، ((ناتاشا)) و ((ئاندرێچ)) و ((پییێری)) نەکردە بەشێک لە ژیانی خۆی- وەک چۆن لەگەڵ ((لوین)) و ((ئێمیلیا)) دا کردی- بەڵکو ئەم خۆی پێی نایە دنیای ئەوانەوە، وەک چۆن بەسەرسامییەوە گەشتێکی دوورودرێژ دەکەیت یان پێ دەنێیتە ناو کۆشکێکەوە، کە بوارت هەیە بڕۆیتە ناوی، کە بۆت هەیە تیایدا بمێنیتەوە، کە لەگەڵیدا ئاشناش دەبیت، بەڵام بێئەوەی حەزەری تەواو لەدەست بدەیت. ئەوەی هەتا ئێستا بۆم خوێندبۆوە، خۆم لەوەو پێش ناسیبوومن، بەڵام ((جەنگ و ئاشتی)) بۆ خۆشم نوێ بوو. گەشتە دوورودرێژەکەمان پێکەوە کرد.

نازناومان لە یەکتری دادەهێنا. ئەو دەستی بەوە کرد، جیتر بە ((کوڕیژگە)) ناوم نەبات، بەڵکو بە ئاوەڵناو و ناوی کورتکراوەی جیاواز جیاواز، بۆق یان تانجی، دەنکە تەرزە یان گوڵە باخ. من لەسەر هانای خۆم مامەوە، هەتا لێی پرسیم:

((چ ئاژەڵێک بە خەیاڵتدا دێت، ئەگەر لە ئامێزم بگریت و چاوت داخەیت و بیر لە ئاژەڵ بکەیتەوە؟))

منیشم چاوم لێکنان و فکرم لە ئاژەڵ کردەوە. پاڵکەوتبووین و بەیەکدییەوە لکا بووین، سەرم بە ملییەوە، ملم بە مەمکییەوە، دەستی ڕاستم لەژێرییەوە بە پشتییەوە و دەستی چەپیشم بە سمتیەوە. دەست و قۆڵم بە پشتە پان و ڕانە تورتەکانی و سمتە توندەکەیدا دەهێنان، بەمل و سینگمەوە هەستم بە مەمک و سکیشی دەکرد. هەستم بە لووسی و نەرمی پێستی دەکرد و لەژێر پێستیشییەوە جەستەیەکی بەهێز و پشتپێبەستراو. کە دەستم کەوتە سەر پوزی، هەستم بە لێدان و یاریکردنێکی بەردەوامی ماسولکەکانی کرد. ئەوە

وای لێ کردم، بیر لەو ڕاتەکاندنانەی پێستی ئەسپ بکەمەوە، کاتێک هەوڵ دەدەن کشەی پێ لە مێش و مەگەز بکەن.
( (ئەسپ.))
( (ئەسپ؟))
خۆی لە ئامێزم ڕزگار کرد، قینج بۆوە و لێی ڕوانیم. بەجۆرێکی نیگەرانانە لێی ڕوانیم.
( ( هاتوومەتە سەر ئەو فکرە، کە حەزت لێی نییە؟ چونکە جەستەت هەستێکی هێند باشم دەداتێ، لوس و نەرم و لە ژێریشەوە توند و بەهێز. هەروەها لەبەرئەوەی پوزت لێدەدا.))
من لێکدانەوەکەی خۆمم پێشکەش کرد. ئەویش تەماشای یاریکردنی پوزەکانی خۆی کرد.
( (ئەسپ؟))، سەرێکی ڕاوەشاند، ( (نازانم ...))
ئەوە عادەتی نەبوو. ئەو هەمیشە یەکلایی بوو، یان هاوڕا بوو یان ڕەتکەرەوە. من ئامادە بووم لەژێر باری ئەو نیگا نیگەرانەیدا، ئەگەر پێویستی بکردبا، لە هەموو قسەکانم پاشگەزبمەوە، خۆم تاوانبار بکەم و داوای لێبووردن بکەم. بەڵام ئێستە لەبری ئەوە هەوڵم دەدا لەگەڵ ( (ئەسپ)) ەکەدا ئاشتی بکەمەوە.
( (دەتوانم پێت بڵێم (شڤال) یان (هۆتەهیو) یان (ئێکوینخن) یان (بوکەفێڵخن). من لەگەڵ ئەسپەکەدا فکر لە لمبۆز یان کەللەی ناکەمەوە، یاخود لەهەر شتێکی تر، کە تۆ بەدڵت نییە، بەڵکو لە شتێکی باش، گەرم، نەرم، بەهێز، تۆ کەروێشکە خنجیلانە یان پشەچکۆل یان پڵنگ نیت- لە پڵنگدا شتێک هەیە، شتێکی خراپ، کە لە تۆدا نییە.))
لەسەر پشت پاڵکەوت، دەستی نایە ژێر سەری. ئێستە من قینج بوومەوە و تەماشاییم کرد. نیگای ڕووە و بەتاڵی بوو. پاش ساتێک

ڕووی تێ کردم. باری ڕووخساری سۆزێکی نامۆی تیادا بوو.
((با، حەزدەکەم بە ئەسپ ناوم بەریت، یان بە ناوە ئەسپەکانی ترـ ئەو ناوانەم بۆ ڕوون دەکەیتەوە؟))
جارێک لە دراوسێ شارەکەماندا چووینە شانۆگەری و ((کابالاو خۆشەویستی)) مان تەماشا کرد. ئەوە یەکەم سەردانی شانۆمان بوو، ئەویش لەزەتی لێ بینی، لە نمایشەکەوە هەتا شەرابەکە لە کاتی پشوودا؛ من دەستم خستبووە سەر کەمەری و لەوە بێباک بووم، خەڵکی وەک جووتێک چۆن بیرمان لێ دەکەنەوە، شانازیشم بەو بێباکییەوە دەکرد. لەهەمان کاتیشدا دەمزانی، کە ئەگەر لە شانۆی شاری خۆمان بایە، بێباک نەدەبووم. ئەویش دەیزانی؟
ئەو دەیزانی، کە لە هاویندا گۆی زەوی من، چیتر تەنها بە دەوری ئەو و خوێندنگا و سەعیەوە نەدەسوڕا. بەگشتی هەمیشە، کە لە درەنگی دوانیوەڕۆدا بۆ لای دەهاتم، لە مەلەوانگەوە دەهاتم. لەوێ ئاوەڵ خوێندکارەکان بە کوڕ و کچەوە کۆ دەبوونەوە، پێکەوە وەزیفەکانی خوێندنگایان دەکرد، یاری شەق و باڵە و کاغەزیان دەکرد، چاو باشقاڵییان لەگەڵ یەکدا دەکرد. ژیانی هاودەمی و کۆمەڵگایی پۆلەکە کەوتبووە ئەوێوە و بۆ منیش زۆر گرنگ بوو لەگەڵدا بم. کە من، بە پێی کاری هانا، درەنگ تر لەوانی تر دەهاتم یان زووتر لەوانی تر دەڕۆیشتم، بۆ سونعەم زیانی نەبوو، بەڵکو سەرنجڕاکێشی دەکردم. ئەوەم دەزانی. هەروەها دەشمزانی، کە هیچم لە قیس نەدەچوو، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار وام هەست دەکرد، کتومت لەو کاتانادا کە منی لەگەڵ نەبووم، خوا دەزانێت چی ڕوودەدات. کە ئایا من زیاتر حەزم دەکرد لە مەلەوانگە بم وەک لە لای هانا، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ زاتم نەکرد ئەو پرسیارە لە خۆم بکەم. بەڵام لە ڕۆژی لە دایک بوونمدا، مانگی حوزەیران، لە

مەلەوانگە ئاهەنگیان بۆ کردم و تەنها بەداخ خواردنەوە لێم گەڕان برۆم و پاشان ((هانا)) یەکی ماندوو میزاج خەراپ پێشوازی لێ کردم. ئەو نەیدەزانی، کە من ڕۆژی لە دایک بوونمە. کە من لە هی ئەوم پرسی بوو ئەو بەرواری 21 ی تشرینی یەکەمی ناو بردبوو، لە هی منی نەپرسیبوو.
وەک لە کاتەکانی تری ماندوویی میزاج خەراپ تر نەبوو، بەڵام میزاج خەراپییەکەی بێزاری کردم و خوازیار بووم برۆم بۆ مەلەوانگە، بۆ ناو ئاوەڵەکانم، بۆ ناو سانایی گفتوگۆکانمان، شۆخییەکانمان، یارییەکانمان و چاو باشقاڵیکردنەکانمان. کاتێک منیش کاردانەوەم وەک ئەو لەسەر شێوازێکی میزاج خەراپانە بوو، پەڕینە دەمەقاڵییەوە و هانا، وەک ئەوەی هەوا بم، هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردم، دووبارە ترسەکە گەڕایەوە و من خۆم شکاند و هەتا بردمییە لای خۆی، داوای لێبووردنم کرد.
بەڵام من پڕ بووم لە قین.

# پانزه

پاشان کەوتمە خیانەت لێ کردنی.
نەوەک من هیچ نهێنییەکم درکاندبێت یان هانام سووک کردبێت. من هیچ شتێکم ئاشکرا نەکرد، کە پێویست بوو بێت لێی بێدەنگ بم. من لەو شتانە بێدەنگ بووم، کە دەبایە بیاندرکێنم. من خۆم لێ نەکردە خاوەنی. دەزانم حاش الێکردن ڕێگەیەکی نادیاری خیانەتە. لە دیوی دەرەوەوە هیچ شتێک بەدی ناکرێت، کە ئایا ئەو کەسە حاشا دەکات یان نهێنی دەپارێزێت، دڵی یەکێک ڕادەگرێت یان خۆی لە عەیبە و بێزارکاری دەپارێزێت. بەڵام ئەوەی خۆی ناکاتە خاوەن، چاک و درووست دەزانێت.
حاشا لێکردن ئەرزی ژێر پێی پەیوەندی ناهێڵێت، هەروەک هەموو ڕێگا سەر ئاساکانی تری خیانەت.
من لە یادم نەماوە، یەکەمین جار کەی بوو، کە حاشام لە هانا کرد. لە پێکەوەبوونی دوانیوەڕۆکانی هاویندا لە مەلەوانگە، هاوڕێیەتی دروستبوو. جگە لە دراوسێ کورسییەکەم، کە لە پۆلە کۆنەکەمەوە دەمناسی، لە پۆلە نوێیەکەمدا بەتایبەتی کەیفم بە ((هۆلگەر شلیوتەر)) دەهات، کە وەک من حەزی لە مێژوو و ئەدەب بوو و هەڵسوکەوتم لەگەڵیدا زۆر ئاشناییانە بوو.
لەگەڵ سۆفیشدا هەر زوو بووینە ئاشنای یەکدی، چەند شەقامێک لەولاوە دەژیا، بۆیە ڕێی مەلەوانگەمان پێکەوە بوو. سەرەتا بە خۆمم وت، هێشتا ئاشناییەتی گەڵ هاوڕێکانم هێند بەتین نییە، تاکو باسی هانایان بۆ بکەم، پاشان هەلێکی گونجاو، ساتێکی گونجاو،

وشەگەلێکی گونجاوم نەدۆزییەوە. دواجار وەختی نەما و درەنگ بوو باسی هانا بکەم، لەگەڵ نهێنییەکانی تری گەنجیمدا پێشکەشی بکەم. ئیدی بە خۆمم وت، باس لێ کردنی لەپاش ئەو ماوە درێژە، دەبێت سەرنجێکی هەڵە لەواندا دروستبکات، کە گوایە من هێند لەمێژ لە هانا بێدەنگ بووم، لەبەرئەوەیە، کە من پەیوەندیەکەمانم لا ڕەوا نییە و ویژدانم سەرزەنشتم دەکات. بەڵام هەرچۆنێک خۆم هەڵدەخەڵەتاند- دەمزانی، کە خیانەتی لێ دەکەم. لەکاتێکدا وام هەڵسوکەوت دەکرد، وەک ئەوەی ڕێ بە هاوڕێیانم بدەم، ئەو شتانە بزانن، کە لە ژیانمدا گرنگن و لە هاناش بێدەنگ بووم.

کە هەستیان پێکرد، من تەواو ڕاشکاو نیم، حاڵم باشتر نەبوو. ئێوارەیەک من و سۆفی تووشی باوبۆرانێکی هەورەتریشقاوی بووین و لە ((نۆینهایمەرفێڵد))، کە ئەوکات هێشتا بینای زانکۆی لێ بنیاتنەنرابوو، بەڵکو تەنها باخوباخات بوو، خۆمان خستە ژێر لوتە سەقفی کەپری باخێکەوە. هەورەبریسکەو گرمە بوو، دڵۆپی قورس و چڕ ڕەهێڵیان دەهێناو دەبارینە خوار. لە هەمانکاتدا پلەی گەرمی دابەزییە سەر نزیکەی پێنج پلە. تەزیبووین و منیش قۆڵم لە سۆفی ئاڵاند.

((تۆ...؟))

سۆفی لەو کاتەدا تەماشای نەدەکردم، بەڵکو لە دەرێ و بارانەکەی دەڕوانی.

((بەڵێ؟))

((خۆ تۆ لەمێژبوو نەخۆش بوویت، زەردوییت هەبوو. ئەوە تۆی پەرێشان کردووە؟ دەترسی، چیتر بە تەواوی تەندروست نەبییەوە؟ دکتۆرەکان هیچیان وتووە؟ پێویستە هەموو ڕۆژێک بڕۆیتە نەخۆشخانە، خوێن بگۆڕیت یان خوێنت تێبکرێت؟))

هانا وەک نەخۆشییەک. من شەرمەزار بووم. بەڵام ئێستە هەرهیچ نەمدەتوانی لەبارەی هاناوە بدوێم.
((نەخێر سۆفی، من چیتر نەخۆش نیم. جگەرم ئاساییە و تەنانەت دەشتوانم پاش ساڵێک مەشروب بخۆمەوە، ئەگەر بمەوێت، بەڵام نامەوێت. ئەوەی منی ...))
من، ئەگەر سەبارەت بە هانا بایە، نەمدەتوانی بڵێم چی پەرێشانی کردووم.
((کە من درەنگتر دێم یان زووتر دەڕۆم، پەیوەندی بە شتێکی ترەوە هەیە.))
((حەز ناکەیت باسی بکەیت، یان حەزدەکەیت و نازانیت چۆنی دەربڕیت؟))
حەزم نەدەکرد باسیبکەم یان نەمدەزانی چۆنی دەربڕم؟ خۆشم نەمدەزانی. بەڵام بەو شێوەیەی لەویادا وەستابووین، بەژێر هەورەبریسکەکانەوە، گرمە نێزیک و ڕۆشنەکانەوەو بارانە بەترپەکەوە، شانبەشانی یەکدی تەزیبووین، کەمێک یەکدیمان گەرم دەکردەوە، وام هەستدەکرد، دەبێت باسی هانا بۆ ئەو بکەم، لە هەموویان زیاتر لای ئەو باسی بکەم.
((لەوانەیە بتوانم جارێکی دی قسەی لەسەر بکەم.))
بەڵام هەرگیز ئەوە ڕووینەدا.

# شانزه

هەرگیز نەمزانی هانا چی دەکات، لە کاتێکدا نە کاری دەکرد و نە لەگەڵ مندا بوو. کە لێم دەپرسی، پرسیارەکەمی ڕەت دەکردەوە. من و ئەو ژیانێکی بەکۆمەڵمان نەبوو، بەڵکو ئەو لە ژیانیدا ئەو جێگەیەی دابوومێ، کە دەیویست بمداتێ. مەجبوور بووم قەناعەت بەوە بکەم. ئەگەر زیاترم بوویستایە یان بمویستایە زیاتر بزانم، لای ئەو پڕکێشی بوو.

کە پێکەوە زۆر بەختیار دەبووین و بەو هەستەوە پرسیارم دەکرد، کە ئێستە هەموو شتێک گونجاو و ڕێگە پێدراوە، ئەو لەبری ئەوەی ڕەتی بکاتەوە، خۆی لە پرسیارەکانم لا دەدا.

((ئەو هەموو شتەی تۆ دەتەوێت بیزانیت، کوڕیژگە.))

یان دەستی دەگرتم و دەیخستە سەر سکی.

((حەز دەکەی سکم بە پرسیارەکانت کون بێت؟))

یان بە پەنجە دەیژمارد:

((دەبێت جل بشۆم، ئوتوو بکەم، گسک بدەم، بسڕمەوە، بازاڕی بکەم، چێشت لێنێم، دار هەڵوژەکان ڕاوەشێنم، هەڵوژەکان کۆبکەمەوە، بیانهێنمەوە ماڵێ و بەپەلە بیانکوڵێنم، ئەگەرنا بچکۆلەکە دەیانخوات))،

پەنجە تووتەی دەستە چەپی دەخستە نێوان پەنجەی ئەسپێکوژە و دۆشاومژەی دەستە ڕاستییەوە، ((ئەگەر نا هەمووی بەتەنیا دەخوات.))

قەتیش بەڕێکەوت تووشی نەدەبووم، لەسەر شەقامەکان یان لە

دوکانێکدا یان لە سینەما، لە هەموو ئەو جێیانەی، کە بەقسەی خۆی زوو زوو بۆیان دەڕۆیشت و هەموو ئەو جێیانەش، کە من لە چەند مانگی سەرەتادا دەمویست لەگەڵ ئەودا بۆیان بڕۆم و ئەو نەیدەویست.

جارناجار لەسەر فیلمێک قسەمان دەکرد، کە هەردووکمان بینیبوومان. سەیر بوو، کە ئەو بێ ئیختیار بۆ سینەما دەڕۆیشت و تەماشای هەموو شتێکی دەکرد، لە فلیمی جەنگ و نیشتیمانی ئەڵمانییەوە دەستپێبکە هەتا فیلمی کاوبۆی و ((نۆڤێل فاگیو)) و منیش حەزم لەو فیلمانە دەکرد، کە لە هۆڵی یودەوە هاتبوون، ئیتر بێ جیاوازی، ئاخۆ چیرۆکی کاوبۆیی یان ڕۆمی کۆن بوون. فیلمێکی کاوبۆیی هەبوو، هەردووکمان زۆرمان کەیف پێ دەهات؛ ڕیچارد ویدمارک ڕۆلی پۆلیسێک دەبینێت، کە پێویستە سەرلەبەیانی ڕۆژی داهاتوو شەڕە دەمانچەیەکی دوو کەسی بەرێتەوە و تەنها دەستدەدات بدۆڕێت و ئێوارەکەی لە دەرگای دۆرۆسی مالۆن دەدات، کە بێفایدە لێی دەپاڕێتەوە هەڵبێت. ئەو دەرگاکە دەکاتەوە.

((ئێستە چیت دەوێت؟))

((هەموو ژیانت لە یەک شەودا.))

هەندێ جار و کاتێک بە پڕ هەوەسییەوە دەهاتمە لای هانا، تیزی پێوە دەکردم.

((ئێستە چیت دەوێت؟ هەموو ژیانت لە یەک کاتژمێردا؟))

تەنها یەکجار من هانام بێزوان بینی. کۆتایی تەمووز یان سەرەتای ئاب بوو، دواهەمین ڕۆژەکانی پێش پشووی هاوین.

چەندین ڕۆژ بوو هانا لە میزاجێکی زۆر تایبەتمەنددا بوو، میزاجی و زاڵم، لەهەمان کاتدا هەستم دەکرد، لە ژێر فشارێکدایە، کە هەتا سەر ئێسقان ئەشکەنجەی دەدا و حەساس و زامداری کردبوو. خۆی

کۆدەکردەوە، خۆی توووند دەگرت، وەک ئەوەی پێویست بکات ڕێ لەوە بگرێت، لە ژێر ئەو فشارەدا، بتەقێتەوە. کە لێم دەپرسی، ئاخۆ چی ئاوها ئەشکەنجەی دەدات، کاردانەوەی ڕەق و وشک بوو. منیش لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا باش هەڵم نەدەکرد. بەهەر حاڵ، من تەنها هەستم بە ڕەتکردنەوەی خۆم نەدەکرد، بەڵکو هەستم بە دەستە پاچەییەکەی ئەویش دەکرد و هەوڵم دەدا، هاودەمی بکەم و لەهەمان کاتیشدا بە هێمنی لێیگەڕێم. ڕۆژێک لە ڕۆژان فشارەکە ئاساری نەما.

سەرەتا وامزانی هانا هاتۆتەوە سەر دۆخی جارانی. پاش کۆتایی ((جەنگ و ئاشتی)) دەستبەجێ دەستمان بە کتێبێکی نوێ نەکردبوو، من بەڵێنم پێدابوو مشوور بخۆم و چەند کتێبێکم بۆ هەڵبژاردن پێبوون، بەڵام ئەو نەیدەویست.

((لێمگەڕێ بتشۆم، کوڕیژگە.))

گەرم و شێداریی و بۆخەیی هاوین نەبوو، کە لەگەڵ پێ هاویشتنمدا بۆ ناو مەتبەخەکە، وەک توێژێکی سەنگین خۆی بەسەرمدا دا. هانا بۆیلەرەکەی داگیرساندبوو. ئاوەکەی بەردایەوە، چەند دڵۆپێک شامپۆی ئەرخەوانی ڕشتە ناو بانیۆکەوە و شۆردمی. بەروانکە گوڵاوییە شینە کاڵەکەی، کە لەژێریەوە سوخمە و دەرپێ کورتی لەبەردا بوو، لەناو هەوا گەرم و شێدارەکەدا بە سەر جەستەی عارەق ڕژێنیدا نوسا بوو. هەوەسی زۆر هەستاندبووم. کە خۆشەویستیمان کرد، وام هەستکرد، دەیەوێت بەرە و هەستی ئەو دنیای هەموو ئەو شتانەم بەرێت، کە تا ئێستا هەستم پێ کردبوون، بۆ ئەو جێیەی، کە من چیتر خۆڕاگریم بۆی تیادا نەدەما. هەروەها جۆری خۆ تەرخان کردنەکەشی ناوازە بوو. نەوەکو بێدەستگیرۆییش بوو بێت؛ ئەو هەرگیز دەستبەرداری دەستگیرۆییەکەی خۆی نەدەبوو. بەڵام

وەک ئەوە وابوو، بیەوێت لەگەڵمدا بخنکێت.
((دە تێتەقێنە بۆلای هاوڕێکانت.))
ماڵئاوایی لێکردم و منیش ڕۆیشتم. گەرما لەبەینی بیناکاندا وجودی خۆی نیشان دەدا، بەسەر دەشت و باخەکاندا کەوتبوو و بەسەر قیرەکاندا دەبریسکایەوە. من وڕ ببووم. لە مەلەوانگە هاتوهاواری منداڵانی بازیکەر و ئاو هەڵپرژێنەر و شلْپێنەر؛ دزەیان دەکردە ناو گوێم، بەجۆرێک وەک ئەوەی لە جێیەکی زۆر دوورەوە بێن. ئەسڵەن بە شێوازێک دنیام تەی دەکرد، وەک ئەوەی سەر بە من نەبێت و منیش سەر بە ئەو نەبم.
خۆم لەناو ئاوە کلۆریی و شیرییەکەدا نقووم کرد و نەمدەویست دووبارە بێمەوە سەر ئاو. پاشان بەتەنیشت ئەوانی ترەوە پاڵکەوتم، گوێم بۆ ڕاگرتن و ئەو شتانەی ئەوان دەیانووت، لای من بێماناو ناچیز بوون.
لە پاش ساتێک لە ساتەکانەوە خۆشییەکە لە ئارادا نەما. لە پاش ساتێک لە ساتەکانەوە، بووە پاش نیوەڕۆیەکی ئاسایی لە مەلەوانگە، بە وەزیفەی خوێندنگا و بالە و بووختان و چاو باشقاڵیەوە. لەیادم نەماوە، من ئەوکات بە چییەوە سەرقاڵ بووم، کە نیگام هەڵبڕی و ئەوم بینی. بیست تا سی مەتر دوور لە من ڕاوەستا بوو، لەناو شۆرتێک و کراسێکی کراوەدا، کە لەسەر کەمەری گرێی دابوو، بۆ ئەم بەرەوە لێی دەڕوانیم. منیش تەماشام کردەوە. لەو دوورەوە دەموچاویم بۆ نەدەخوێنرایەوە. من هەڵنەبەزیمە سەرپێ و بە ڕاکردێن نەڕۆیشتمە لای. ئەو پرسیارە بەناو مێشکمدا دەورانی دەکرد، ئاخۆ ئەو بۆچی لە مەلەوانگەیە، ئاخۆ دەیەوێت لەلایەن منەوە یان لەگەڵ مندا ببینرێت، ئایا من دەمەوێت لەگەڵیدا ببینرێم، ئێمەیەک، کە تا ئێستا بەڕێکەوت تووشی یەکدی نەببووین، ئایا ئێستا چی بکەم؟

پاشان هەستامە سەر پێ. لەماوەی ئەو لەحزە کورتەدا، کە تیایدا من نیگام لێ وەرگەڕاند، ئەو ڕۆیشت.

هانا لەناو شۆرت و کراسی لەسەر کەمەر گرێدراودا، ڕووی دەموچاوی لەمن، دەموچاوێک، کە ناتوانم بیخوێنمەوە¬ ئەوەش یەکێکە لەو وێنانەی، کە لە ئەوەوە بۆم جێماوە.

# حەڤدە

لە ڕۆژی داهاتوودا هانا نەما. پاش کاتژمێرێک هاتم و زەنگم لێ دا. بەناو جامی دەرگاکەدا تەماشای ژوورێم کرد، لەوە دەچوو هەموو شتێک وەک خۆی بێت، گوێم لە چرکەی سەعاتەکە بوو. دووبارە لەسەر سەکۆی پلیکانەکان دانیشتمەوە. لە مانگەکانی سەرەتادا هەمیشە دەمزانی، لەسەر کام هێڵ لەسەر کار بوو، ئەگەرچی چیتر هەوڵم نەدابۆوە هاودەمی بکەم یان بەدوایدا بڕۆم. لەپاش ساتێک لە ساتەکانەوە چیتر پرسیارم سەبارەت بەوە لێ نەکرد، چیتر سەرنجم بەوە نەدا. ئێستە هەستم بەوە کردبوو.

لە کابینەی تەلەفونی ((ڤیلهێلمسپلاتس)) ەوە پەیوەندیم بە کۆمپانییای هێلی ئاسنینەوە کرد، چەند جارێک ڕەپتی ئەم و ئەو کرام و پێم وترا، هانا شمیتس ئەمڕۆ بۆ ئیش نەچووە. منیش گەڕامەوە بۆ شەقامی بانهۆف، لە دارتاشخانەی ناو حەوشەکە سۆراخی خاوەنی بیناکەم کرد و ناو و ناونیشانێکی ((کیرخهایم)) م بەدەست کەوت. بۆ ئەوێش ڕۆیشتم.

((خانم شمیتس؟ ئەو ئەم بەیانیە گواستییەوە.))

((ئەی ئەساسەکانی؟))

((ئەو ئەساسانەماڵی ئەو نین.))

((لەکەیەوە لەناو ئەو خانووەدا ژیاوە؟))

((ئەوە چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟))

ژنەکە، کە بەناو پەنجەرەکەدا لەگەڵم دەدوا، پەنجەرەکەی داخست.

لەناو بینای بەڕێوەبەریی کۆمپانیای هێڵی ئاسنینیش بە پرسیار خۆم گەیاندە بەشی ستاف. بەرپرسیاری ئەو بەشە خۆشڕو و هەمانکات خەمی هانای بوو.

( (ئەم بەیانیە تەلەفۆنی کرد، درووست لەکاتی خۆیدا، تا بتوانین مشووری جێگرێک بخۆین. وتی نایەتەوە، هەرگیز نایەتەوە.))

سەرێکی ڕاوەشاند.

( (چواردە ڕۆژ لەمەوبەر ئا لێرەدا دانیشتبوو، لەسەر کورسیەکەی بەڕێزت. من پێم گووت، دەمانەوێت بۆ شۆفێریی پەروەردەی بکەین، کەچی ئەویش هەموو شتێک توورِ دەدات.))

سەرەتا پاش چەند ڕۆژێک بیرم لەوە کردەوە، سەرێک لە ئەنجومەن بدەم. لەوێ خۆی بۆ هامبۆرگ تۆمار کردبوو، بەبێ دانی هیچ ناونیشانێک.

چەندین ڕۆژ بوو هێڵنجم دەهات. گرنگیم بەوە دەدا، دایک و باوک و خوشک و براکانم دەرک بە هیچ نەکەن. لەسەر مێزی نان خواردن کەمێک بەژداریم لە گفتوگۆکاندا دەکرد و کە دەبوو بڕشێمەوە، فریای سەرئاو دەکەوتم. بۆ خوێندنگا و مەلەوانگەش دەڕۆیشتم، لەوێ پاش نیوەڕۆیەکانم لە جێیەکی دوورە پەرێزدا بەسەر دەبرد، لە جێیەک کەس بۆم نەگەڕێت. جەستەم تامەزرۆی هانا بوو. بەڵام لە تامەزرۆیی جەستەیی بەدتر هەست بە تاوانباری بوو. بۆچی، کاتێک ئەو لەویادا وەستا بوو، هەڵنەبەزیمە سەرپێ و بەڕاکردن نەڕۆیشتمە لای؟ لەو لەحزە کورتەدا، ئەو نیوبەدڵییەی مانگەکانی کۆتایی ئاپۆڕبۆوە، کە پێوەی حاشا و خیانەتم لە هانا کردبوو. ئەویش لە سزای ئەوە ڕۆیشتبوو.

هەندێ جار دەمویست باوەڕ بە خۆم بهێنم، کە ئەوەی من بینیبووم، ئەو نەببوو. چۆن دەمتووانی دڵنیابم کە ئەو بووە، لەکاتێکدا

دەموچاویم بەتەواوی نەناسیوەتەوە؟
ئەی ئەگەر ئەو بوو بێت، مەرج نەبوو بیناسمەوە؟
کەوابێ نەمدەتووانی لەوەی، کە دەستنادات ئەو بوو بێت، دڵنیابم؟
بەڵام دەمزانی ئەو بووە. لەویادا ڕاوەستابوو و بینیمی- کارلەکار ترازابوو.

# بەشی دووەم

# یەک

پاش ئەوەی هانا شاری جێهێشت، ساتێکی خایاند، هەتا وازم لەوە هێنا، لە هەموو جێیەک چاوی بۆ بگێڕم، هەتا لەسەر ئەوە ڕاهاتم، کە پاش نیوەڕۆکان فۆڕمی خۆیان لەدەست داوە و هەتا فێربوومەوە تەماشای کتێبێک بکەم، بێ ئەوەی لە خۆم بپرسم، ئاخۆ بۆ خوێندنەوەی بەدەنگەوە گونجاوە.
ساتێکی خایاند، تاکو جەستەم چیتر تامەزرۆی جەستەی نەما؛ تەنانەت هەندێ جار هەستم پێ دەکرد، دەست و قاچم لەخەودا چۆن لەدوای دەگەڕان و لەسەر مێزی نانخواردن براکەم چەند جارێک ڕایگەیاند، کە من لە خەونمدا هاوارم لە ناو ((هانا)) یەک کردووە. ئەو وانانەشم لە یاد ماون، کە تیایاندا خەونم بە ئەوەوە دەبینی و تەنها بیرم لە ئەو دەکردەوە. ئەو هەست بەتاوانبارییەی، کە لە هەفتەکانی سەرەتادا ئەشکەنجەی دەدام، نەما. خۆم لە ماڵەکەی دوور ڕادەگرت، بە ڕێگای تردا دەڕۆیشتم و پاش نیوساڵ خێزانەکەم بۆ بەشێکی تری شار گواستیانەوە.
نەوەک من هانام لە یاد کردبێت. بەڵام لە ساتێک لە ساتەکانەوە یادەکانی چیتر هاودەمییان نەکردم. لە دواوە بەجێما، وەک چۆن شارێک لە دواوە بەجێ دەمێنێت، لە کاتێکدا شەمەندەفەرەکە ڕووە و وێستگەیەکی دی دەکەوێتە ڕێ. شارەکە لەویادایە، لە جێیەک لە پشتتەوە و دەتووانی بۆی بگەڕێیتەوە و خۆتی لێ دڵنیا بکەیتەوە، بەڵام چ پێویست دەکات ئەوە بکەیت؟
من دواهەمین ساڵەکانی خوێندنگا و ساڵەکانی سەرەتای زانکۆم

وەک ساڵانی بەختەوەری لە یاد دایە. هەمانکاتیش دەتووانم تەنها کەمێک سەبارەت ئەو ساڵانە بڵێم. ساڵانی بێزەحمەتی بوون؛ تاقیکردنەوەکانی کۆتایی و خوێندنی مافناسی، کە بەهۆی ئیحراجییەوە هەڵم بژارد، بەلامەوە سەخت نەبوون، هاوڕێیەتی و خۆشەویستی و جودا بوونەوەم لا سەخت نەبوون. هەموو شتیکم لا ئاسایی بوو، هەموو شتێک سووک بوو. ڕەنگە لەبەرئەوە قاوغی یادەوەریەکانی ئەو ساتانەم هێند بچووک بێت.

یان من بە بچووک کراوەیی گرتوومە؟ ئەوەش لە خۆم دەپرسم، ئاخۆ یادەوەرییە بەختەوەرەکان هەرگیز لە ڕاستییەوە نێزیکن؟ کە بۆ ساتێکی درێژ تر بیر لە ڕابردوو دەکەمەوە، زۆرێک بارودۆخی ئازاردەر و شەرمەزارکەر دێنەوە خەیاڵم و دەزانم، کە لەڕاستیدا ماڵئاواییم لە یادەوەرییەکانی هانا کردووە، بەلام هێشتا تێم نەپەڕاندوون.

هەرگیز جارێکی تر لەلایەن هاناوە نەشکێنرێمەوە و هەرگیز منیش نەیشکێنم، هەرگیز جارێکی دی من تاوانباری نەکەم و خۆشم هەست بە تاوانباری نەکەم، هەرگیز جارێکی دی کەسێکم هێند خۆشنەوێت، کە دۆڕاندنی هێند ئازارم بدات- من ئەوکات بە ڕوونی بیرم لەوە نەدەکردەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئاوهام هەست پێ دەکرد.

من خۆم لەسەر خۆ دەرخستنێکی ئاسار گەورە، کە بیرم لێ کردبۆوە، ڕاهێنا. خۆم وەک کەسێک دەناساند، کە هیچ شتێک ناتوانێت هەستی ببزوێنێت، ڕاتەکێنێت، سەری لێ بشێوێنێت. خۆم بۆ هیچ شتێک شل نەدەکرد، مامۆستایەکم لە یادە، کە درکی بە هەڵسوکەوتم کرد، لەسەر ئەوە قسەی لەگەڵ کردم و منیش بە شێوازێکی ڕۆح زلانە و بە توندی بەرپەرچم دایەوە.

سۆفیشم هەروا لەیادە. هەر زوو، پاش ئەوەی هانا شاری بە جێ

هێشت، نەخۆشی سیل لە سۆفیدا دەستنیشان کرا. سێ ساڵی لە بووژانگە بەسەربرد و کاتێک، کە من تازە ببوومە خوێندکاری زانکۆ، گەڕایەوە. هەستی بە تەنهایی دەکرد، لە دوای پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێیانی کۆندا دەگەڕا و بەو جۆرە لام دژوار نەبوو، بۆ ناو دڵی دزە بکەم.

لەپاش ئەوەی پێکەوە خەوتین، هەستی کرد، کە من لەڕاستیدا ئەوم مەبەست نەبووە و بە فرمێسکەوە وتی:

((تۆ چیت بەسەرهاتووە، تۆ چیت بەسەرهاتووە؟))

بابە گەورەمم لەیادە، کە لە دواهەمین سەردانمدا بۆ لای، پێش مەرگی، ویستی پیرۆزم بکات و من پێم وت، باوەڕم بەشتی وا نییە و گرنگیشی پێ نادەم.

بەزەحمەت پێم دێتە پێش چاوم، کە پاش هەڵسوکەوتێکی ئاوهای ئەوسام، هەستم ڕەحەت بوو بێت. لە یادیشمە، کە ڕووبەڕووی جووڵەیەکی پڕ خۆشەویستی و هەستێکی گەرموگوڕ دەبوومەوە، لە قوڕگمدا هەستم بە کڵۆڵییەک دەکرد، بێ جیاوازی، ئەو جووڵەیە چ بۆ من بوو بێت، چ بۆ خەڵکی دی. هەندێ جار بەشی فیلمێکم بەس بوو.

ئەو شانبەشانییەی سارد و سڕی و هەستدارییەم، تەنانەت بۆ خودی خۆشم جێی گومان بوو.

## دوو

من هانام لە هۆڵی دادگادا بینیەوە.
ئەوە یەکەم پرۆسەی دادگایی ((مۆڵگە)) نەبوو و یەکێکیش نەبوو لە گەورەکان. پرۆفیسۆرەکەمان، یەکێک لەو کۆمەڵە کەمەی، کە ئەوسا لەسەر ڕابردووی نازی و دادگاییەکانی پەیوەندیدار کاریان دەکرد، دادگاییەکەی کردبووە کەرەسەیەک بۆ سیمینار، چونکە هیوادار بوو بتووانێت بە کۆمەکی خوێندکارەکان لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەگەڵی بڕوات و هەڵی بسەنگێنێت. لە یادم نەماوە، ئەو دەیویست چی بپشکنێت، پەسەند بکات یان بەدرۆ بخاتەوە. لە بیرمە، لە سیمینارەکەدا مشتوومڕ لەسەر قەدەغەیی سزادان لەسەر تاوانی ڕابردوو دەکرا. ئایا بەس نییە، کە ئەو مادەیەی یاسەناوانەکان و خوێن ڕێژەکانی مۆڵگەکانی پێ دادگایی کرابوو، لە کاتی تاوانەکانیاندا لە کتێبی یاسایی سزادا نووسرابووبن یان بەوەوە پەیوەستە، کە ئایا لە کاتی کردەوەکانیاندا چۆن لەو مادەیە گەیشتوون و بەکاریان هێناوە و لەلایەکی تریشەوە بەوەوە پەیوەستە، کە ئەوکات ئەو مادەیە بەوانەوە پەیوەست نەکراوە؟
یاسا چییە؟ ئەوەیە کە لە کتێبدا نوسراوە یان ئەوەیە کە خەڵکی لە کۆمەڵگەدا بەڕاستی پراکتیزە و پەیڕەوی دەکەن؟ یان یاسا ئەوەیە، کە دەبێت- لە کتێبدا نووسرابێت یان نا- پراکتیزە و پەیڕەو بکرێت، ئەگەر شتەکان بە ڕەوایی بەڕێوە بچن؟
پرۆفیسۆرەکەمان، کە کاکەیەکی بەساڵاچوو بوو، لە پەناهەندەیی گەڕابۆوە و لە مەودای مافناسی ئەڵمانیدا کەسێکی بێگانە بوو،

بەهەموو زانیاری خۆیەوە لە مشتوومڕەکاندا بەشداری دەکرد، لەو بەشانەدا، کە دەیزانی چارەسەری کێشەکە پشت بە زانین نابەستێت، لەسەر شێوازی دوورە پەرێزی مشتوومڕی دەکرد. دەیووت:
((تەماشای شکات لێکراوەکان بکەن- یەک تاکە کەس نادۆزیتەوە، کە پێی وابێت، ئەوکات بۆی هەبوو بێت کوشتیاری بکات.))
سیمینارەکەمان زستان دەستیپێکرد و دادگاییەکەش لە بەهاردا و بۆ چەند هەفتەیەک درێژەی کێشا. دادگایی لە پێنج شەممەوە بۆ دوو شەممە دەکرا و بەسەر هەریەکێک لەو ڕۆژانەدا پرۆفیسۆرەکە کۆمەڵێک خوێندکاری دابەش کردبوو، کە دەبایە پرۆتۆکۆلێکی وشە بە وشەیی لەسەر دادگاکە بنووسن. ڕۆژانی هەینی دانیشتنی سیمینارمان هەبوو و ڕووداوەکانی هەفتەی ڕابردوومان هەڵدەسەنگاند.
هەڵسەنگاندن! هەڵسەنگاندنی ڕابردوو! ئێمەی خوێندکارانی سیمینار خۆمان وەک پێشڕەوی هەڵسەنگاندن دەبینی. پەنجەرەکانمان دەکردەوە، هەوا خۆی دەکرد بە ژووردا، با، کە لە کۆتاییدا گێژەڵۆکەی بە تۆز دەدا، کە کۆمەڵگا بەسەر ترسناکییەکانی ڕابردوودا نیشاندبووی. بەڵام ئێمە کارێکمان دەکرد، بتوانرێت هەناسە بدرێت و چاو چاو ببینێت.
ئێمەش پشتمان بە زانیاری یاسایی نەدەبەست. بۆ ئێمە شتێکی جێگیر و نەگۆڕ بوو، کە دەبایە حوکمێک بدرێت. ئەوەش کتومت هێند جێگیر و نەگۆڕ بوو، کە تەنها بە شێوازێکی ڕووکەشی مەسەلەی حوکمدانی پاسەوان و خوێنڕێژەکانی ((مۆڵگە)) بوو.
ئەو نەوەیەی لە پاسەوانەکان سوودمەند بووە یان ڕێی لێ نەگرتوون یان لانی کەم دەربەدەری نەکردوون، لە کاتێکدا پاش 1945 توانیویێتی ئەوانە بکات، لە بەردەمی دادگای ئێمەدا بوو و ئێمەش لە دادگاییەکی هەڵسەنگاندن و ڕوونکردنەوەدا لەجێی ئەوەی بۆ

ئەوەندە و ئەوەندە ساڵ حوکمیان بدەین، بۆ شەرمەزاری حوکممان دەدان.
دایک و بابمان لە ((ڕایشی سێهەم)) دا ڕۆڵی تەواو جیاواز جیاوازیان بینی بوو. هەندێک لە باوکان لە جەنگدا ببوون، لەناو ئەوانەدا دوو یان سێ ئەفسەری هێزی بەرگری و هەروەها ئەفسەرێکی چەکی ((SS)) یش، هەندێکیان سەرکەوتوویی پیشەییان لە بەڕێوەبەری و یاسادا بەدەست هێنابوو، لەناو دایک و باوکانماندا مامۆستا و دکتۆریان تیادا بوو و یەکێکمان مامێکی هەبوو، کە لە وەزارەتی ناوخۆی ڕایشدا کارمەندێکی باڵا ببوو. من دڵنیام، ئەگەر ئێمە پرسیارمان لێ کردبان و لێیان گەڕابان وەڵاممان بدەنەوە، ئەوان قسەی تەواو جیاواز جیاوازیان دەبوو. باوکم نەیدەویست سەبارەت بە خۆی قسە بکات، بەڵام من دەمزانی، کە ئەو جێکارەکەی خۆی وەک پرۆفیسۆری فەلسەفە لەسەر بانگهێشت، بۆ وانەیەک سەبارەت بە ((سپیۆنزا)) لەدەست دابوو و ئێمەی وەک هەڵەبڕێک لە چاپخانەیەکی نەخشە و کتێبدا بەدرێژایی جەنگ بەخێو کردبوو.
من چۆن ئەوەم بە مێشکدا هاتبوو مەحکوم و شەرمەزاری بکەم؟ بەڵام کردیشم.
ئێمە هەموومان دایک و باوکانمان شەرمەزار دەکرد و ئەگەر تەنها لە تواناشماندا بوو بێت سکاڵایان لەسەر ئەوە لێ بکەین، کە ئەوان لەپاش ساڵی 1945 ەوە تاوانبارەکانیان لەناو خۆیاندا تەحەمول کردووە. ئێمەی خوێندکاری سیمینارەکان شوناسێکی گروپیی بەهێز لەناوماندا دروست ببوو. ئێمەی سیمیناری ((مۆڵگە)) – سەرەتا خوێندکارەکانی دی وا ناویان دەبردین و هیچی وای نەبرد، خۆشمان وامان بە خۆمان دەووت. ئەوەی ئێمە دەمانکرد، بۆ ئەوانی دی جێی سەرنج نەبوو؛ خەڵکانێکی زۆری لێ نامۆ کردین، تەنانەت

خەڵکانێکیشی لێ تەکاندینەوە. ئێستە پێم وایە، ئەو جۆش و خرۆشییەی، کە پێوەی کارەساتەکانمان دەبیست و دەمانویست خەڵکانی تری پێ تێ بگەیەنین، بەڕاستی بێزارکەر بوو. هەتا ڕووداوەکان جەرگبڕ تر بوونایە، کە ئێمە لە بارەیانەوە دەمانبیست و دەمانخوێندەوە، لە ئەرکە هۆشیارکەرەوە و سکالاییەکانمان دڵنیا تر دەبووین. ئەگەرچی ڕووداوەکان هەناسەیان دێنایە لەرزین- ئێمە بە لەخۆڕازیانەوە بەرز ڕامان دەگرتن.

تەماشامان بکەن!

من بەشداری سیمینارەکانم دەکرد، تەنها لەبەرئەوەی حەزم دەکرد بزانم چی تیادا دەوترێت. ئەوە هیچ نەبێت بۆ جارێک شتێکی جیاواز تر بوو، باسی مافی کڕین نەبوو، باسی تاوانکاری و دەست تێکەڵی نەبوو، باسی مافی ئانتیکی فەلسەفەیی نەبوو. ئەو هەستە بەجۆش و گەورەیەی لەسەری ڕاهاتبووم، لەگەڵ خۆمم بردبووە ناو سیمینارەکانیشەوە. بەڵام لە ڕەوتی زستاندا هەمیشە کەمترو کەمتر دوور دەکەوتمەوە- لە ڕووداوەکان نا، کە لەبارەیانەوە دەمانخوێندەوە و دەمان بیست، هەروەها لەو بەجۆشیەش نا، کە خوێندکارانی سیمینارەکەی گرتبوو. سەرەتا خۆم بەوە هەڵدەخەڵەتاند، کە گوایە من دەمەوێت بەشداری لە جۆشە زانستی یان سیاسی و مۆڕاڵییەکەدا بکەم. بەڵام من زیاترم دەویست، من دەمویست جۆشە بەکۆمەڵیەکەمان بەش بکەم. با ئەوانی دی من بە دوورە پەرێز و لوت بەرز لەقەڵەم بدەن. بەڵام من خودی خۆم لە مانگەکانی زستاندا هەستێکی ئاسوودەم هەبوو، کە بەشداری ئەو مەسەلەیەم و لەگەڵ خۆم و ئەو کارەی دەمکرد و لەگەڵ ئەوانەی ئەو کارەم دەکرد، ویژدانم ئاسوودە بوو.

# سێ

دادگاییەکە لە شارێکی تر بوو، بە ئۆتومبێل نێزیکەی کاتژمێرێک دوور بوو. جگە لەوە من هەرگیز کارم بەوێ نەببوو. خوێندکارێکی تر ئۆتومبێلەکەی لێدەخوڕی. ئەو لەو شارە گەورە ببوو و شارەزا بوو.

ڕۆژی پێنج شەممە بوو، دادگایی لە ڕۆژی دوو شەممەوە دەستی پێ کردبوو. پارێزەرەکان سێ ڕۆژی سەرەتای دادگاییەکەیان بە داوا پێشکەشکردن بەسەر بردبوو. ئێمە چوارەم گروپ بووین، کە لەگەڵ ئیفادە وەرگرتن لە خودی شکات لێکراوەکە، سەرەتای ڕاستەقینەی دادگاییەکەمان بینی.

بە ژێر درەختی خونچە پشکووتوودا، بە جادەی سەر چیاکەدا لێمان دەخوڕی. مەزاجمان وروژاو و بەگوڕم بوو. دەمانتووانی لە کۆتایی ئەو شتەدا خۆمان بسەلمێنین، کە خۆمان بۆ ئامادە کردبوو. وامان هەست نەدەکرد، تەماشاکەری ئاسایی بین، ئێمە تەماشاکەر و پرۆتۆکۆلنووسیش بووین. تەماشاکردن و گوێگترن و پرۆتۆکۆل نووسین، هەنگاوەکانمان بوون بەرە و هەڵسەنگاندن.

بینای دادگاکە بنیاتنراوی ئەم سەدەیە بوو، بەڵام بە بێ ئەو فیز و تاریکییەوە، کە زۆرینەی دادگاکانی جاران دەیاندایەوە. ئەو هۆڵەی دادگاییەکەی تیادا دەکرا، بەدەستی چەپدا ڕیزێک پەنجەرەی گەورە گەورەی هەبوو، کە شووشە شیریەکانیان ڕێی بینینی دەرەوەیان نەدەدا، بەڵام ڕێیان دەدا تیشکێکی زۆر بێتە ژوورێ. لە پێش پەنجەرەکاندا پارێزەرە حوکمییەکان دانیشتبوون و بەستی شکات

لێکراوەکان و پارێزەرەکانیان بەدەستە ڕاستەوە بوون، لەبەر زۆری ژمارەی مێز و کورسیەکان، هەتا ناوەڕاستی سالۆنەکە پەلیان کێشا بوو. هەندێک لە شکات لێکراو و پارێزەرەکان پشتیان لە ئێمە بوو، سەرەتا، کاتێک ناوی خوێنرایەوە و هەستایە سەر پێ و هاتە پێش من، ناسیمەوە. بێگومان دەستبەجێ ناوەکەم ناسیەوە: هانا شمیتس. پاشان شکڵیشیم ناسیەوە، قژی بە شێوازێکی نامۆ بەپشتە سەریەوە لوول کردبوو، پشتەملی، پشتە پانەکەیی و قۆڵە پتەوەکانیم ناسینەوە. خۆی بە قینجی ڕاگرتبوو. بە شێوازێکی توند لەسەر دوو پێی ڕاوەستابوو. قۆڵەکانی بە شلی بەردابوونەوە. عەزیەکی خۆڵەمێشی قۆڵ کورتی لەبەردا بوو. ناسیمەوە، بەلام هەستم بە هیچ نەکرد.

هەستم بە هیچ نەکرد.

بەڵێ، با هەستێتە سەر پێ، بەڵی، ئەو لە بەرواری 21 ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1922 لای ((هێرمانشتات)) ەوە لەدایک بووە و ئێستە تەمەنی 43 ساڵە. بەڵی لە بەرلین لای کۆمپانیای سیمنس کاری کردووە و لە پایزی ساڵی 1943 بۆ ((SS)) ڕۆیشتووە.

((ئێوە بە ویستی خۆتان بۆ (SS) ڕۆیشتوون؟))

((بەڵێ.))

((لەبەرچی؟))

هانا وەڵامی نەدایەوە.

((ئەوە ڕاستە، کە ئێوە بۆ (SS) ڕۆیشتوون، ئەگەرچی کۆمپانیای سیمنس جێ ئیشی وەک سەرکارێک دابوونێ؟))

پارێزەرەکەی هانا هەڵبەزیە سەر پێ.

((ئەمە یەعنی چی: (ئەگەرچێ)؟ ئەم توانج تێگرتنە چییە، ئافرەتێک دەبێت پتر وەک سەرکارێک لە سیمنس کاربکات وەک

لەوەی بۆ (SS) بڕوات؟ هیچ شتێک مافی ئەوە نادات، بڕیاری ئەو بکرێتە کەرەسەی پرسیارێکی ئاوها.))
دانیشتەوە. ئەو تاکە پارێزەری گەنج بوو، ئەوانی دی پیر بوون. زۆری نەخایاند، دەرکەوت هێندێکیان کۆنە نازی بوون. پارێزەرەکەی هانا خۆی لە زاراوە و تێزەکانی ئەوان دوور ڕادەگرت. بەڵام بۆچی ئەو جۆشییەکی جرپنی تیادا بوو، کە هەم بۆ هانا، هەم بۆ وتارە توندو و تیژەکانی ئاوەڵکارەکانی و مەعمیلەکانیان زیانبەخش بوو. لەڕاستیدا ئەوەی بە دەست هێنا، کە سەرەک دادوەرەکە بە سەرسامی تێی ڕامێنێت و چیتر دوای ئەو پرسیارە نەکەوێت، کە هانا لەبەرچی بۆ (SS) ڕۆیشتووە. بەڵام سەرنجی ئەوەی لەپاش جێما، کە هانا لەئەنقەست و بەبێ بارودۆخی تەنگەتاوی ئەو کارەی کردبوو. کە دادوەری دووهەم لێی پرسی، جاوەڕوانی چ جۆرە کارێکی لە (SS) کردووە و هاناش لە وەلامدا وتی، کە (SS) لای سیمنس و کارگەی تریش داوای ئافرەتیان بۆ چاودێری شەوانە کردووە و ئەمیش خۆی ناونووس کردووە و هەر بۆ ئەو مەبەستەش دامەزرێنراوە، هیچ شتیکی لە سەرنجە نێگەتیڤەکە نەگۆڕی.
هانا بەبێ هیچ چەندوچونێک بۆ سەرەک دادوەرەکەی پشتڕاست کردەوە، کە لە بەهاری ساڵی 1942 دا لە ((ئاوشڤیتس)) و هەتا زستانی ساڵی 1944-1945 لە مۆڵگەیەکی بچووکدا لە نێزیک ((کراکاو)) ەوە دەوامی کردووە، لەگەڵ دیلەکاندا بەرە و ڕۆژئاوا ڕۆیشتووە و گەیشتووشەتە ئەوێ، لە کۆتایی جەنگدا لە ((کاسڵ)) بووە و لەو ساتەوە لێرە و لەوێ ژیاوە. هەشت دانە ساڵ لە شارەکەی من ژیابوو؛ درێژترین کات، کە لە هەمان شوێندا بەسەری بردبوو.
(( گۆڕینی زوو زووی شوێنی ژیانت، هەوڵی هەڵهاتنتن

ناسەلمێنێت؟))
پارێزەرە حوکمییەکە بە ئاشکرا توانج بازییەکەی نیشان دەدا.
((مەعمیلی من لە هەر گۆڕینێکی شوێنی ژیانیدا پۆلیسی ئاگادار کردۆتەوە. هیچ شتێک ئاماژە بەوە نادات، هەوڵی هەڵهاتنی دابێت و هیچ نهێنییەکیشی نییە. لەبەر گەورەیی تاوانەکە، کە بەسەریدا هێنراوە و مەترسی وروژانی گشتی، بۆ دادوەرەکە ناگونجاو نەبوو، مەعمیلەکەم بەند نەکات؟ دادگای باڵا، هۆی ئەم گیرانە لەسەر نازێتییە؛ ئەم تاوانە لەلایەن نازیەکانەوە کراوە و لەپاش ئەوان چیتر نەماوە، چیتر نازی نەماوە.))
پارێزەرەکەی هانا بە جۆرە ئاسوودەییەکی بەد خوازانەوە دەدوا، کە عادەتەن پیاو لەگەڵ پێشکەشکردنی حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگر و تیژ، پیشانی دەدات.
من داچڵەکیم. لەناکاو هەستم بەوە کرد، کە من بەند کردنی هانام بە سرووشتی و حەقیانەت وەرگرتبوو. نەک لەبەر شکاتەکە و گەورەیی تۆمەتباریکردنەکە و بەهێزیی گومان، کە من هێشتا هیچی دەقیقم لەبارەیانەوە نەدەزانی، بەڵکو لەبەرئەوەی، هانا لەپشت شیشی بەندینخانەوە لە دنیای من، لە ژیانی من دەربەدەر دەبوو. من دەمویست هانا لێم دوور دوور بێت، هێند دوور و دەست پێ نەگەیشتوو، کە تەنها ئەو یادەوەریە ڕووتە بمێنێتەوە، چونکە ئەو لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا ببووە تەنها یادەوەرییەک. ئەگەر پارێزەرەکەی سەرکەوتوو بایە، ئەوا دەبوو منیش حیسابی ئەوە بکەم تووشم بێت بە تووشیەوە و دەشبایە بۆم لێکبدرێتەوە، کە دەبوو چۆن ڕووبەڕووی ببمەوە و خۆم دەمویست چۆن ڕووبەڕووی ببمەوە.
هەروەها هۆیەکیشم نەدەبینی، لەبەرچی پارێزەرەکە سەرکەوتوو

نەبێت. ئەگەر هانا هەتا ئێستە هەوڵی نەدابێت هەڵبێت، ئەوا بۆچی ئێستە هەوڵ بدات؟ ئەی دەبوو چ نهێنییەکی هەبێت؟ ئەو کات هیچ هۆیەکی دی بۆ بەند کردنی لەئارادا نەبوو، لەوە دەچوو دیسان سەرەک دادوەر حەپەسا بێت و منیش تێگەیشتم، کە ئەوە جۆرێک بوو لە مەکرەکانی. هەر کاتێک تێبینییەکی بە کۆسپهێن و بێزارکەری بزانیبا، چاویلکەکەی دادەکەند، بە چاوێکی کز و نا دوودڵەوە نیگایەکی بەسەر تێبینیکەرەکەدا دەخشاند، نێوچاوانی چرچ دەکرد و تێبینیەکەی تێدەپەڕاند یان بە ((کەوابێ تۆ مەبەستت)) یان ((کەوابێ تۆ دەتەوێت بڵێیت)) دەستیپێدەکرد و قسەکەی بە شێوازێک دووبارە دەکردەوە، گومانی تیادا نەدەهێشت، کە ئارەزووی لێ نەبوو لەسەر ئەو قسەیە بڕوات و بێهوودەیە، ئەگەر بێت و زۆری لێ بکرێت.

((کەوابێ تۆ دەتەوێت بڵێیت، دادوەر ئەو بارودۆخەی، کە شکاتلێکراوەکە وەڵامی نووسین و بانگێشتی نەداوەتەوە و نە لای پۆلیس و نە لای پارێزەرە حوکمیەکان نە لەپێش دادوەردا دەرکەوتووە، بەهەڵە لێکداوەتەوە؟ تۆ دەتەوێت داوای ڕەتکردنەوەی فەرمانی گرتنی بکەیت؟))

پارێزەرەکەی هانا داواکەی پێشکەش کرد و دادگاش داواکەی ڕەتکردەوە.

# چوار

من یەک ڕۆژی دادگاییەکەم لە کیس خۆم نەدا. خوێندکارەکانی دی ئەوەیان لا سەیر بوو. پرۆفیسۆرەکەمان خۆشحاڵ بوو، کە یەکێکمان مشووری ئەوەی دەخوارد، گروپی داهاتوو بزانێت گروپی پێشوو چی بیستووە و بینیووە.
هانا تەنها یەکجار ڕووی لە تەماشاکەران و منیش کرد، ئەگەر نا هەمیشە، کاتێک لەلایەن چاودێرێکەوە دەهێنرایە ژووریَ و لە جێی خۆی دادەنیشت، ڕووی لە بەستی دادوەران بوو. ئەوەش وای دەکرد، ئەو وەک کەسێکی لووت بەرز دەرکەوێت، هەروەها، کە لەگەڵ شکات لێکراوەکانی دی نەدەدوا و بە ئاستەم دوو قسەی لەگەڵ پارێزەرەکەیدا دەکرد، هانای بە لەخۆبایی نیشان دەدا.
شکات لێکراوەکانی دیش هەتا دادگاییەکە زیاتر درێژەی بکێشایە، کەمدوو تر دەبوون. ئەوان لەکاتی پشووەکاندا لەگەڵ خزم و دۆست و هاوڕێیاندا ڕادەوەستان، کە بەیانیانیش لەناو تەماشاکەرەکاندا دەیانبینین، دەستیان بۆ ڕادەوەشاندن و بانگیان لە یەکدی دەکرد. هانا لە پشووەکاندا لەسەر جێی خۆی دەمایەوە.
بەو شێوەیە من لەپشتەوە دەمبینی. سەری و پشتەملی و شانیم دەبینی و سەری و پشتەملی و شانیم دەخوێندەوە. ئەگەر دادگا لەسەر ئەو بڕۆیشتایە، سەری بڵند تر ڕادەگرت. لەکاتێکدا وای هەست دەکرد، بە ناحەق مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بوختانی بۆ هەڵدەبەسترێت، پەلامار دەدرێت و ئەمیش هەوڵی بەرپەرچدانەوەی دەدا. هەردوو شانی بەرە و پیشێ دەخزاند و لەگەڵ ئەوەدا پشتەملی

دەئاوسا و ماسولکەکانی زەقتر دەردەکەوتن. بەرپەرچدانەوەکانی بەبێ هیچ جیاکاریەک هەمیشە شکستیان دەخوارد و هەر دوو شانیشی بەبێ هیچ جیاکاریەک هەمیشە دەنیشتنە خوار. هەرگیز شانی هەڵنەدەتەکاند و سەری ڕانەدەوەشاند. هەست و جەستەی لەوە گرژ تر بوو، ڕێی سانایی شان هەڵتەکاندنێک یان سەر ڕاوەشاندنێک بە خۆی بدات. ڕێشی بە خۆی نەدەدا سەری دانەوێنێت یان بەدەست یان بەخواری ڕابگرێت. وەک ئەوەی بەستبێتی، لەویادا دانیشتبوو. دەبێت دانیشتن بەو جۆرە ئازاری مرۆڤ بدات. تاوناتاو تاڵە قژێک لە گرێ توندەکەی قژی دزەی دەکردە دەرێ، بەسەر پشتە ملیدا دەهاتە خوار و کزە بایەک دەیخزاند بەلادا. هەندێ جار هانا عەزییەکی لەبەردابوو، کە قەوسی یەخەکەی هێندە گەورە بوو، خاڵەکەی سەر شانی ببینرێت. ئیدی دەهاتەوە یادم، چۆن ئەو تاڵە قژانەی سەر ملیم بە پفێک ڕاودەنا و چۆن ئەو پشتەملەم ماچ دەکرد. بەڵام یادەوەریەکە تەنها پەراوێزێک بوو و هیچی تر.
هەستم بە هیچ نەدەکرد.
لەماوەی سەرتاسەری ئەو هەفتانەی دادگاییەکەدا هەستم بە هیچ نەدەکرد، وەک ئەوەی هەستم بەنج کرابێت. هەندێ جار گەرم بە هەست و نەستی خۆم دەکرد، هەتا بمتوانییبا هانام لەو بارودۆخەی تاوانبارکرابوو، بە ڕوونی و ئاشکرایی دەهێنایە پێش چاوم، لەوەشدا وێنام دەکرد، کە تاڵە قژەکانی سەر پشتەملی و خاڵەکانی سەر شانی چییان وەبیر دەهێنامەوە. وەک ئەوە وابوو دەستێک چرنووک لە قۆڵێک بگرێت، کە دەرزی بەنجی لێ دراوە. قۆڵەکە نازانێت، کە لەلایەن دەستەکەوە چرنووکی لێ دەگیرێت، دەستەکە دەزانێت، کە چرنووک لە قۆڵەکە دەگرێت و مێشکیش لە یەکەمین لەحزەدا پێی لێک جیا ناکرێنەوە. بەڵام لە لەحزەی دووهەمیندا بە دەقیقی لێکیان

جیا دەکاتەوە. ڕەنگە دەستەکە هێند توند چڕنوکی گرتبێت، کە جێ چڕنووکەکە بۆ ساتێک سپی هەڵگەڕێت، پاشان خوێنەکەی دەگەڕێتەوە و جێ چڕنووکەکە ڕەنگ دەگرێتەوە. بەڵام بەهۆی ئەوەوە هەستەکە ناگەڕێتەوە.

کێ ئەو دەرزیەی لێدابووم؟ خۆم، چونکە بێ ئەو بەنجییە خۆڕاگریم لەباردا نەبوو؟ کاریگەری بەنجییەکەم تەنها لە هۆڵی دادگادا نەبوو و تەنها بەو شێوازەش نەبوو، کە من بتوانم هانا وەها ببینم، وەک ئەوەی کەسێکی دی خۆشیویستبێت و خولیای بوو بێت، بەڵکو کەسێک، کە من باش ناسیبێتم و بەڵام ئەو کەسە خۆشم نەبووبم. لە هەموو شتەکانی تریشدا من بەتەنیشت خۆمەوە رادەوەستام و لە خۆم ڕادەمام، خۆم لە زانکۆ دەبینی، لەگەڵ دایک و باوک و خوشک و برادا خۆم دەبینی، لەگەڵ هاوڕێکانمدا، بەڵام لە ناخمەوە خۆم بەشدار نەبووم.

پاش ماوەیەکی دی وام هەست دەکرد، بەنجییەکی لەو جۆرە لەوانی تریشدا بەدی بکەم. نەک لە پارێزەرەکاندا، کە لە سەرتاسەری دادگاییەکەدا هەر یەکەیان بە پێی سروشتی کەسایەتی و سیاسی خۆی، سەر بە هەمان شەڕانگێزی بەگرمە و خۆ بەڕاستزان و توندوتیژیەکی پڕوپووچ یان بێ ئابڕوییەکی سارد و سڕ و پڕ دەنگەدەنگ بوون.

ئەگەرچی دادگاییەکە ماندووی دەکردن؛ ئێواران ماندوو تر بوون و دەنگیان زیکنتر بوو. بەڵام شەوان شەحن دەبوونەوە یان پف دەدرانەوە و سەرلەبەیانی ڕۆژی داهاتوو، وەک سەرلەبەیانی پێشوو گرمە و فیشکەیان دەهات. پارێزەرە حوکمیەکان هەوڵیان دەدا لەگەڵیان بڕۆن و ڕۆژ بە ڕۆژ هەمان گوڕمی خەباتگێڕانە نیشان بدەن. بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، سەرەتا سەرکەوتوو نەبوون،

چونکە ڕووداوەکان و ئەنجامەکانی دادگاییەکە قێزی هەستاندبوون، بەڵام دواتر بەڵێ، چونکە بەنجییەکە کەوتە کار کردن. لە هەمووان زێدە تر کاری لە دادوەر و سەرپشکەکانی دادگا کرد. لە هەفتەکانی سەرەتای دادگادا کارەساتەکانیان- کە هەندێ جار بە فرمێسکەوە، هەندێ جار بە دەنگی شکستهێنەوە، هەندێ جار هەڵەشە و بە تێکەڵ و پێکەڵی پشتڕاست دەکرانەوە- بە تاساوییەکەوە یان بە ئارامییەکی ئەستەمەوە وەردەگرت. دواتر دەمووچاوەکان ئاسایی بوونەوە، دەیانتوانی بە خەندەوە تێبینییەک بە گوێی یەکدا بچرپێنن یان هەندێ جار، کاتێک شاهیدێک لە بابەت لای دەدا، تەنانەت بێ سەبرییش نیشان بدەن. کە لە دادگاییەکەدا باس لە گەشتێک بۆ ئیسرایل کرا- دەبوو لەوێ ئیفادە لە شاهیدێک وەربگیرێت- شادی و خۆشی بۆ گەشت و گوزار ڕەنگی دایەوە.
بەڵام خوێندکارەکانی دی هەمیشە سەرلەنوێ تووشی شۆک دەبوونەوە، هەر هەفتەی جارێک بۆ دادگاییەکە دەهاتن و پرۆسەکە هەموو جارێک سەرلەنوێ دەخولقایەوە: دزەکردنی کارەساتی جەرگ بڕ و سامناک بۆ ناو ژیانی ڕۆژانە.
من، کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە دادگاییەکەدا لەگەڵدا بووم، کاردانەوەکانیانم دوور بە دوور چاودێری دەکرد.
وەک دیلی ناو مۆڵگەیەک، کە مانگ بە مانگ لە ژیاندا دەمێنێتەوە و ڕاهاتووە و شۆکی تازە هاتووەکان بێباکانە تۆمار دەکات. بەهەمان بەنجییەوە تۆماری دەکات، کە پێوەی کوشتیاری و مەرگ تۆمار دەکات. هەموو نووسینەکانی ئەو کەسانەی ماون، باس لەو بەنجییە دەکەن، کە لەژێریدا کردارەکانی ژیان کەم دەبنەوە و مرۆڤ مامەڵەکانی نابەژدار و گوێ پێنەدەر دەبن و گازاوی کردن و سوتاندن دەبنە ژیانی ڕۆژانە. لە تێبینیە تەماویەکانی تاوانکارەکانیشدا، ژوورەکانی

گاز و فرنەکانی سووتاندن وەک دنیایەکی ڕۆتینین، تاوان کارەکان خۆشیان کردارەکانیان هەتا دوا سنوور کەم دەبنەوە، لە گوێ پێنەدەری و نابەژداریەکانیان و هەستە نەبزۆکییەکەیاندا وەک سڕ یان مەست وان. شکات لێکراوەکان وا دەهاتنە پێش چاوم، هێشتا و بۆ هەتاهەتایە دیلی ئەو سڕییە بن، تا ڕادەیەک لە ناو ئەو سڕییەدا ڕەق بوو بن.

هەر ئەوکات ئەو سڕبوونە بەکۆمەڵییە سەرقاڵی کردبووم، بەنجییەکە تەنها لەسەر تاوانکار و قوربانی نەنیشتبوو، بەڵکو لەسەر ئێمەش، ئێمە وەک دادوەر یان سەرپشکی دادگا، پارێزەری حوکمی یان مسۆدە نووس، کە دواتریش کارمان لەگەڵ ڕووداوەکاندا هەبوو. کاتێک تاوانکار و قوربانی و مردوو و ماو و لەپاشماوم بەراورد دەکرد، ناڕەحەت دەبووم و ئێستەش هەر پێی ناڕەحەت دەبم. ئایا مرۆڤ بۆی هەیە ئەو جۆرە بەراوردانە بکات؟

کاتێک لە گفتوگۆیەکدا خۆم ئامادەی بەراوردێکی لەو جۆرە دەکرد، هەمیشە دووپاتم دەکردەوە، کە بەراوردەکە هیچ لە توند و تیژی ئەو جیاوازییە کەم ناکاتەوە⁃ کە ئایا تۆ بە زۆرەملێ ڕەوانەی دنیای ((مۆڵگەکان)) کراویت یان لەسەر خواستی خۆت ڕۆیشتوویت، کە ئایا تۆ لەوێ نالاندووتە یان ئەشکەنجەی کەسانی ترت داوە⁃ بەڵکو جیاوازییەکە لەوپەڕی گرنگییەکی یەکلاییکەرەوەدایە. بەڵام بەو جۆرەش دووچاری نامۆیی و تورەیی دەبوومەوە، لەکاتێکدا سەرەتا ئەوەشم لە پاش کاردانەوەی ناڕەزایی ئەوانی تردا ڕوون نەکردایەتەوە، بەڵکو بەرلەوەی ئەوانیتر بتوانن ناڕەزایی دەربڕن.

هەمانکاتیش لە خۆم دەپرسم و هەر ئەوکاتیش کەوتبوومە ئەوەی لە خۆم بپرسم: ئایا نەوەی سەردەمی من، ئەوانەی پاش ئەوان دەژین، چی لەو زانیاریانەی سەبارەت بە دڕندەییەکان لە قەڵا چۆکردنی

یەهوودیەکاندا بکەن؟ ناشێت پێمان وابێت لەوە تێ دەگەین، کە مەجالی تێ گەیشتنی تیادا نییە، بۆمان نییە ئەوە بەراورد بکەین، کە مەجالی بەراوردی تیادا نییە، بۆمان نییە بپرسین، لەبەرئەوەی پرسیاردارەکە، ئەگەرچی گومانی لە ڕاستییەکەش نەبێت، بە شێوەیەک لە شێوەکان مەسەلەکە دەکاتە کەرەسەیەکی گفتۆگۆ و وەکو شتێک وەری ناگرێت، کە لە تاساوی و شەرم و تاواندا لاڵ ببێت؟ ئایا دەبێت تەنها لە تاساوی و شەرم و تاواندا لاڵ ببین؟ بەرەو چۆن کۆتاییەک؟ نەوەک ئەو خرۆشانەی، کە لە سیمینارەکاندا بەشداریم پێوەی دەکرد، هەر ئاوها لە دادگاییەکەدا لەدەستم دابێت. بەڵام کە تەنها کەمێک لەو کەسانە حوکم و سزا بدرێن و ئێمەی نەوەی دوای ڕووداوەکەش لە تاساوی و شەرم و تاواندا لاڵ ببین ... دەکرێت ئەوە کۆتاییەکەی بێت؟

# پێنج

لە هەفتەی دووهەمدا شکات نامەکە خوێندرایەوە. خوێندنەوەکە ڕۆژ و نیوێکی خایاند — ڕۆژ و نیوێک کەسی سێهەمی تاک. شکات لێکراوەکە جارێک وا ... دوای ئەوەش واو ... لەدوای ئەوەش وای کردووە و ... بەهۆی ئەوەوە و مەرجەکانی مادەی ئەوەندە و ئەوەندەی پڕ کردۆتەوە و ... هەروەها دژی یاساو بە شێوازێکی تاوانکارانە مامەڵەی کردووە. هانا شکات لێکراوی ژمارە چوار بوو.

پێنج ئافرەتە شکات لێکراوەکە چاودێری کەمپێکی بچووک ببوون لە نێزیک ((کارکاو)) ەوە، یەکێک لە لقەکانی ئاوشڤیتس. بەهاری 1944 لە ئاوشڤیتسەوە بۆ وێ نقڵ کرابوون، جێی چەند چاودێرێکیان گرتبۆوە، لە تەقینەوەیەکی ناو کارگەکەدا، کە ئافرەتە دیلەکانی کەمپەکە تیادا کاریان کردبوو، ژیانیان لەدەست دابوو، یان بریندار ببوون، یەکێک لە خاڵەکانی شکاتەکە لەسەر مامەڵەیان بوو لە ئاوشڤیتس، بەڵام لە پاش خاڵەکانی ترەوە جێ هێڵدرابوو. من ئەو خاڵەم لە یاد نەماوە. ئایا ئەو خاڵە هانای نەدەگرتەوە، یاخود تەنها ئافرەتەکانی دی؟ لەچاو خاڵەکانی تردا گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو یان هەر خۆی گرنگ نەبوو؟ یان هەر ناڕەوا بوو، کەسێک، کە لە ئاوشڤیتس دەست بەکار ببوو و ئێستە لەبەر دەستدا بوو، لەسەر هەڵسوکەوتی لە ئاوشڤیتس شکاتی لێ نەکرێت؟

بێگومان پێنج شکات لێکراوەکە کەمپەکەیان بەڕێوە نەبردبوو. فەرماندەرێک و پاسەوان و چاودێری دیش لەئارادا ببوون. زۆرینەی پاسەوانەکان و چاودێرەکان لە بۆردوومانەکەدا کوژرابوون، کە

له شەوێکدا ڕەوی دیلەکانی ڕووە و ڕۆژئاوا کۆتایی پێ هێنابوو. هەندێکیان لە هەمان شەودا هەڵهاتبوون و وەک فەرماندەرەکە، کە لەگەڵ دەستپێکی ڕەوەکەدا هەڵهاتبوو، نەدەدۆزرانەوە.
لەڕاستیدا وا حیساب نەکرابوو هیچ کەس لە دیلەکان دەربچێت، بەڵام دوو کەس ڕزگاریان ببوو، دایک و کچێک، کچەکە کتێبێکی سەبارەت بە کەمپەکە و ڕەوەکە نووسی بوو، کە لە ئەمریکا بڵاوی کردبۆوە. پۆلیس و پارێزەرە حوکمییەکان تەنها ئەم پێنج شکات لێکراوەیان نەدۆزیبوونەوە، بەڵکو چەند شاهیدێکیش، کە لەو گوندەدا ژیابوون، کە تیایدا بۆمبەکان کۆتاییان بە ڕەوەکە هێنابوو. شایەتی هەرە گرنگ کچەکە بوو، کە بۆ ئەڵمانیا هاتبوو. هەروەها دایکەکەش، کە لە ئیسرایل مابۆوە. تەنها بەشی دادگاییەکە، کە من لەگەڵدا نەبووم، ئەوە بوو، کە بۆ ئیفادە وەرگرتن لە دایکەکە، دادوەر و پارێزەرە حوکمیەکان و پارێزەرەکانی بەرگری، بۆ ئیسرایل ڕۆیشتن.
یەکێک لە خاڵەکانی شکاتەکە لەسەر هەڵبژاردنەکان بوو. هەموو مانگێک نێزیکەی شەست ئافرەت لە ئاوشڤیتسەوە بۆ وێ نێردرابوون و لەوێشەوە ئەوەندە بۆ ئاوشڤیتس نێردرابوونەوە، جگە لەوانەی کە لەو نێوەندەدا دەمردن. لای هەمووان ئاشکرا ببوو، کە ئافرەتەکان لە ئاوشڤیتس دەکوژران؛ ئەوانە دەنێردرانەوە، کە چیتر بۆ کاری ناو کارگەکە کەڵکیان نەبوو. کارگەیەکی فیشەک بوو، کە لەڕاستیدا کارەکەی سەخت نەبوو، بەڵام ژنەکان بە ئاستەم پێ ڕادەگەیشتن کارە ڕاستەقینەکەی خۆیان بکەن، بەڵکو دەبوو کرێکاری بکەن، چونکە تەقینەوەکانی بەهار، زیانی خراپیان لەپاش خۆیان جێ هێشتبوو.
خاڵێکی دی شکاتەکە لەسەر شەوی بۆردوومانەکە بوو، کە تیایدا هەموو شتێک کۆتایی هاتبوو. پاسەوان و چاودێرەکان، دیلەکانیان،

که چەند سەد ژنێک بوون، لە کەنیسەی دێیەکدا، کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی جێیان هێشتبوو، بەند کردبوو. تەنها چەند بۆمبێک کەوتبوونە خوارێ، لەوانەیە ئامانجەکە هێڵێکی ئاسنینی نێزیک یان کارگەیەک بوو بێت، یان پێشدەچێت هەرئاوها، لەبەرئەوەی لەپاش پەلامارێک بۆ سەر شارێکی گەورە ماونەتەوە و زیادە بوون، فرێدرابێتنە خوارێ. یەکێک لە بۆمبەکان خانووی قەشەکەی پێکابوو، کە پاسەوانەکان و چاودێرەکانی تێدا خەوتبوون. یەکێکی دی دابووی بە بورجی کەنیسەکەدا. سەرەتا بورجەکە سووتا بوو، پاشان سەقفەکە، پاشان ئەوەی لە داروتەختە بوو بە ئاگرەوە بەسەر هۆڵی کەنیسەکەدا ڕووخابوو و بەستەکانی ناو کەنیسەکە گڕیان گرتبوو. دەرگا ئەستوورەکان خۆڕاگریان کردبوو. شکات لێکراوەکان دەیانتووانی بە کلیلەکە بۆیان بکەنەوە، بەڵام نەیانکردبوونەوە و ئافرەتە بەندکراوەکانی ناو کەنیسەکە سوتابوون.

## شەش

دادگاییەکە زۆر خراپ بۆ هانا بەڕێوە ڕۆیشت. هەر لەسەرەتاوە لە ئیفادەکەیدا سەرنجێکی باشی سەبارەت بە کەسایەتی خۆی بۆ دادگا جێ نەهێشت. پاش خوێندنەوەی شکاتەکە هانا قسەی هەبوو، لەبەرئەوەی هەڵە لە ئارادا بوون؛ سەرەک دادوەرەکە بە بێزارییەوە ڕەتی کردەوە و وتی، پێش دەستپێکی دادگاییەکە کاتی زۆر هەبووە لە شکاتەکە بکۆڵێتەوە و ناڕەزایی دەربڕێت، ئێستا لە دادگایی سەرەکیدان و هەرشتێکیش لە شکاتەکەدا ڕاست یان هەڵە بێت، ئەوا بەڵگەکان دەیخەنە ڕوو. کاتێک لە سەرەتای پێشکەشکردنی بەڵگەکاندا سەرەک دادوەرەکە پێشنیاری ئەوەی کرد، بەرگە ئەڵمانیەکەی کتێبی کچەکە نەخوێنرێتەوە، کە لەلایەن چاپخانەیەکی ئەڵمانیەوە بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە کرابوو، چونکە دەستنووسەکەی خرابووە بەردەست هەموو بەشداربووان و پێویست بوو پارێزەرەکە هانا لەژێر نیگای بێزاری سەرەک دادوەرەکەدا ڕازی بکات. هانا ئەوەی نەدەویست، نەشیدەویست ئەوە قبوڵ بکات، کە گوایا ئەو لە ئیفادەی دادگایی پێشوویدا دانی بەوەدا نابێت، کلیلی کەنیسەکەی پێ بوو بێت. هانا دەیگووت، کلیلی کەنیسەکەی پێ نەبووە، کەس کلیلی کەنیسەکەی پێ نەبووە، هەر ئەسڵەن ئەو کلیلی کەنیسەیە لە ئارادا نەبووە، بەڵکو چەند کلیلێکی دی بۆ چەند دەرگایەکی دی و ئەو کلیلانەش لە دیوی دەرەوە، لە ناو کێلۆنەکاندا بوون. بەڵام لە پرۆتۆکۆڵی ئیفادەی دادگاییەکەدا، کە خۆی خوێندبوویەوە و واژۆی کردبوو، شتێکی دی نووسرا بوو.

کاتێکیش پرسی، بۆچی دەیانەوێت شتی بەسەردا بێنن، حاڵی چاتر نەبوو. بەدەنگێکی بەرز یان بە شێوازێکی خۆ بەڕاستزان پرسیاری نەکرد، بەڵام بە شێوازکی کۆڵنەدەرانە و پێشم وابێت، لەگەڵ ئەوەدا لەڕووکەش و دەنگیدا دیار بوو سەری لێ شێواوە، دەستە پاچەیە، کە دەشیگووت، ئەوان دەیانەوێت شتی بەسەردا بێنن، مەبەستی لە تۆمەتبارکردن و خەراپکردنی یاسا نەبوو. بەڵام سەرەک دادوەرەکە وا حاڵی بوو و کاردانەوەکەشی توند و تیژ بوو. پارێزەرەکەی هانا هەڵبەزیە سەرپێ و دەستی پێکرد، بەجۆش و جرپ، لێیان پرسی، ئاخۆ دەیەوێت خۆی بکاتە خاوەنی تۆمەتباریکردنی مەعمیلەکەیی و ئیدی دانیشتەوە.

هانا نەیدەویست هەڵە بەسەریدا تێپەڕ بێت، لە کوێدا پێی وابایە زوڵمی لێ دەکرێت، بەرپەرچی دەدایەوە و ئەگەر بە ڕای خۆی شتێک بە هەق گووترابا یاخۆ لەسەر هەق تاوانبار کرابا، نکوڵی لێ نەدەکرد. بەشێوازێکی کۆڵنەدەرانە بەرپەرچی دەدایەوە و بەشێوازێکی ڕەزامەندانەش دانی بە شتەکاندا دەنا، وەک ئەوەی بەهۆی دان پێدانانەکانیەوە مافی بەرپەرچدانەوە بەدەست بێنێت یان بە بەرپەرچدانەوەکان ئەرکی ئەوە لە ئەستۆ بگرێت، دان بەو شتانەدا بنێت، کە نەیدەتوانی نکۆڵیان لێ بکات. بەڵام هەستی پێ نەدەکرد، کە کۆڵنەدەریەکەی سەرەک دادوەرکە تووڕە دەکات. هەستی بۆ بنچینە و میانەی وتەکان نەبوو، هەستی بۆ ئەو یاسایانە نەبوو، کە گەمەیان پێ دەکرا، هەستی بۆ ئەو ڕەچەتانە نەبوو، کە لەسەر بنەمایان قسەکانی خۆی و ئەوانی دی ڕووەو تاوان و بێتاوانی، حوکمدان و ئازادی دەبرد. بۆ تەرازوکردنەوەی نەبوونی ئەو هەستانە لە هانادا، دەبایە پارێزەرەکەی هانا ئەزموون و یەدەگی باشتری هەبێت، یاخود بەهەر حاڵ پارێزەرێکی باشتر بێت. یان

نەدەبایە هانا کارەکەی هێند لێ سەخت بکات؛ دیار بوو متمانەی پێ نەدەبەخشی، بەڵام پارێزەرێکی متمانەداریشی هەڵنەبژاردبوو. پارێزەرەکەی لەوانەبوو، کە گەر خۆت پارێزەرت نەبوو حکومەت بۆت دابین دەکات و لەلایەن سەرەک دادوەرەکەوە داوا کرابوو.
هەندێ جار هانا جۆرە سەرکەوتنێکی بەدەست دەهێنا. ئیفادەکەییم لەسەر هەڵبژاردنەکانی ناو کەمپەکە لەیاد ماوە. شکات کراوەکانی دی نکۆڵیان دەکرد، جارێک لە جاران کاریان بەو مەسەلەیەوە بوو بێت. هانا هێند ئامادانە دانی پێدا نا، بەشداری کرد بێت؛ تاکە کەس نەبووە، بەڵکو وەک ئەوانی دی و لەگەڵ ئەواندا بەشداری کردووە. بەجۆرێک؛ کە سەرەک دادوەرەکە پێی وابوو، پێویستە دزە بکاتە ناو ناخیەوە.
((هەڵبژاردنەکان چۆن بەڕێوە دەچوون؟))
هانا ڕوونی کردەوە، کە چاودێرەکان یەکدیان ئاگادار کردبۆوە، هەریەکەی لە بەشی ژێر بەرپرسیاری خۆی هەمان ژمارە دیل ناونووس بکات، یەکی دە دیل و بەهەمووان شەست، بەڵام لە کاتی کەمبوونی نەخۆش لە بەشێکدا و زیادی نەخۆش لە بەشێکی تردا، دەکرا ژمارەکان کەم و زیاد بکرێن و دواجار هەموو چاودێرەکان پێکڕا بڕیاریان دەدا، کێ دەنێردرێتەوە و کێ نا.
((هێچ کەس لە ئێوە خۆی نەدەدزیەوە، هەمووتان پێکڕا بەو کارە هەڵدەستان؟))
((بەڵێ))
((ئەی نەتاندەزانی بەوە دیلەکان ڕەوانەی مەرگ دەکەن؟))
((با، بەڵام تازەکان هاتبوون و دەبایە کۆنەکان جێ بۆ تازەکان بکەنەوە.))
((ئیتر تۆش، بۆ ئەوەی جێ بکەیتەوە، دەتگووت: تۆ و تۆ و تۆ

دەبێت بنێردرێنەوە و بکوژرێن؟))
هانا تێ نەدەگەیشت، سەرەک دادوەرەکە بەو پرسیارە مەبەستی لە چی بوو.
((من ... مەبستم ... ئەی بەڕێزتان بوونایە چیتان دەکرد؟))
هانا ئەو پرسیارەی بەجدی بوو. نەیدەزانی، کە پێویست بووە و توانیویەتی ئەوکات چ شتێک بەشێوازێکی تر بکات و بەوەدا دەیویست لە سەرەک دادوەرەکەوە، کە دیار بوو هەموو شتێکی دەزانی، ببیستێت، ئەو لە جێی ئەم بایە، چی دەکرد.
سەرەک دادوەرەکە بۆ لەحزەیەک بێدەنگ بوو. لە دادگای سزای ئەڵمانیدا گونجاو نییە، شکات لێکراوان پرسیار لە دادوەران بکەن، بەڵام تازە پرسیارەکە کرابوو و هەمووانیش چاوەڕێی وەڵامی دادەوەرەکە بوون. پێویست بوو وەڵام بداتەوە، نەیدەتوانی پرسیارەکە تێپەڕێنێت، یان بە تێبینیەکی سەرزەنشکەرانە یان بە دژە پرسیارێکی ڕەت کەرەوانە ڕایماڵێت. ئەمە بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرا بوو، بۆ خۆی ئاشکرا بوو و ئێستا حاڵی بووم، کە ئەو لەبەرچی ئەو ڕووکەشە حەپەساوییەی کردبووە مەکری خۆی. ئەو ڕووکەشەی کردبووە ماسکێک، دەیویست لە پشت ئەو ماسکەوە کەمێک کات بۆ دۆزینەوەی وەڵامێک بەدەست بێنێت. بەڵام نەک ئێجگار زۆریش؛ هەتا زیاتر بوەستایە، تەوس و چاوەڕوانی گەورە تر دەبوون و دەبایە وەڵامەکەش باشتر بێت.
((شتگەلێک هەن، کە مرۆڤ؛ ئەگەر لەسەر سەر و ماڵی نەکەوێت، نابێت ڕێ بدات تێیانەوە بگلێت و پێویستە لێیان دەربچێت.))
ڕەنگە ئەو وەڵامە بەشی بکردایە، ئەگەر هەمان شتی بگووتایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا سەبارەت بە هانا یان تەنانەت خۆی قسەی بکردایە. بەڵام باسکردنی ئەوەی، کە مرۆڤ پێویستە چی بکات و نابێت

چی بکات و چی لە سەر سەر و ماڵی دەکەوێت، لە هەقی جدیەتی پرسیارەکەی هانا نەهات. هانا ویستی بزانێت، دەبوو لەو هەل و مەرجەدا چی بکردایە، نەوەک کە شتگەلێک هەن نابێت مرۆڤ بیان کات. وەڵامی دادوەرەکە دەستە پاچانە و جێی سکاڵا بوو. هەمووان هەستیان بەوە کرد. کاردانەوەیان هەناسە هەڵکێشانی نائومێدی بوو و سەرسامانە تەماشای هانایان کرد، کە لەو مشتومڕەدا تا ڕادەیەک براوە بوو. بەڵام هانا خۆی، خەیاڵ بردبوویەوە.

((کەوابێ دەبایە ... نەدەبایە ... نەدەبایە لە سیمنس کار بکەم؟))

ئەوە پرسیارێک نەبوو لە دادوەرەکە. هانا لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد، بەشێوازێکی دوو دڵانە، لە خۆی دەپرسی، چونکە ئەو پرسیارەی تا ئێستا لە خۆی نەکردبوو و دڵنیاش نەبوو، ئاخۆ ئەو پرسیارە ڕەوایە و وەڵامەکەشی چییە.

# حەوت

هەروەک چۆن ئەو کۆڵنەدەرییەی هانا بەرپەرچی پێ دەدایەوە، سەرەک دادوەرەکەی تووڕە دەکرد، ئاوهاش ئامادەگییەکەی، کە پێوەی دانی بە شتەکاندا دەنا، شکات لێکراوەکانی دی تووڕە دەکرد. ئەوە بۆ بەرگری ئەوان و هەم بۆ بەرگریەکەی هاناش کوشندە بوو. لەڕاستیدا هەلومەرجی بەڵگەکان بۆ شکات لێکراوەکان لە حاڵێکی خراپدا نەبوو. بەڵگە بۆ یەکەمین خاڵی شکاتەکە تەنها گەواهی دایک و کچەکە و کتێبەکەی بوو. پارێزەرێکی باش دەیتوانی، بێ ئەوەی پەلاماری ناوەڕۆکی ئیفادەی دایک و کچەکە بدات، بەجۆرێکی باوەڕ پێکراوانەوە نکوڵی لەوە بکات، کە شکات لێکراوەکان هەڵبژاردنەکانیان بەڕێوە بردبێت. وێڕای ئەوەش ئیفادەی شاهیدەکان دەقیق نەبوون و نەشدەکرا دەقیق بن؛ هیچ نەبێت فەرماندەران و تیمی پاسەوانی و چاودێری دی و ڕێکخستنێکی ئەرک و فەرمانەکان بەپێی پلەوپایە لە ئارادا بوون، کە بەهۆیەوە دیلەکان تەنها بەش بەش بەرە و ڕوویان دەبوونەوە و بەو پێیەش دەیانتوانی تەنها بەش بەش لە بارودۆخەکە حاڵی بن.

لە خاڵی دووهەمیشدا وا بوو. دایک و کچ لە کەنیسەکەدا بەند کرابوون و نەیاندەتوانی سەبارەت بەوەی لە دەرێ ڕووی دابوو، ئیفادە بدەن. لە ڕاستیدا شکات لێکراوەکان نەیاندەتوانی بڵێن، لەوێ نەبووین، شاهیدەکانی دی، کە ئەوکات دانیشتووی ئەو دێیە ببوون، قسەیان لەگەڵدا کردبوون و لەیادیان مابوون. بەڵام دەبایە ئەو شاهیدانەش ئاگادار بن، تاوانەکە بەسەر خۆیاندا نەشکێتەوە، چونکە توانیبوویان

خۆیان و دیلەکان ڕزگار بکەن. ئەی ئەگەر تەنها شکات لێکراوەکان لەوێ بوو بن- ئەوان نەیانتوانی بوو ئەو ئەو چەند ئافرەتە ببەزێنن و خۆیان دەرگای کەنیسەکە بکەنەوە؟ کەوابێ پێویست نەبوو هەردوو لا لەسەر ئەو هێڵەی بەرگری لەنگەر بگرن، کە گوایە شکات لێکراوەکان و ئەمانیش، واتا شاهیدەکان، لەژێر هەلومەرجێکی ناچاری و زۆرەملێییدا، کە باری تاوانی لەسەر سووک دەکردن، مامەڵەیان کردووە؟ لەژێر فشاری یان فەرمانی تیمی پاسەوانیدا، کە هەتا ئەوکات هەڵنەهاتبوون، لانی کەم شکات لێکراوەکان وایان دانا بوو، تەنها بۆ ساتێکی کورت خایەن ڕۆیشتبن، تاکو برینداەرەکان ببەنە نەخۆشخانەیەکی سەربازی و بەپەلە بگەڕێنەوە؟

کاتێک پارێزەری شکات لێکراوەکانی دی هەستیان کرد، جۆرە ستراتیجییەکی ئەوها بەهۆی ئامادەگی دان پێدانانەکانی هاناوە شکست دەهێنێت، ستراتیجیەکەیان گۆڕییە سەر شێوازێک، کە ئامادەگی دان پێدانانەکانی لە بەرژەوەندی خۆیاندا بەکار بهێنن و هانا بە تاوان بارقورس بکەن و شکات لێکراوەکانی دیش بارسووک. پارێزەرەکان بە دوورە پەرێزیەکی لێزانانەوە ئەو کارەیان دەکرد. شکات لێکراوەکانیش بە خۆ تێهەڵقورتانی شەرمەزارکەرانەوە پشتیوانیان لێ دەکردن.

((تۆ وتت، دەزانیت، کە دیلەکان ڕەوانەی مەرگ دەکەیت- تەنها تۆ، وانییە؟ تۆ ناتوانیت بزانیت، هاوکارەکانت چییان زانیوە و نەزانیوە. ڕەنگە بتوانیت سوسەی شتێک بکەیت، بەڵام دواجار ناتوانیت بڕیاری لەسەر بدەیت، وانییە؟))

پارێزەری شکات لێکراوێکی دی پرسیاری لە هانا دەکرد.

((بەڵام ئێمە هەمووومان دەمانزانی ...))

((وتنی (ئێمە، ئێمە هەمووومان) ئاسانترە وەک لە وتنی (من، من

بەتەنها))، وانییە؟ ڕاستە، کە تۆ بەتەنها خۆشەویستت هەبووە، کچی گەنج، کچێک بۆ ماوەیەک و پاشان یەکێکی تر بۆ ماوەیەکی تر؟))
هانا دوودڵ بوو.
((پێم وایە من تاکە کەس نەبووم، کە ... ))
((هەی درۆزنی پیس! تۆو خۆشەویستەکانت – تۆ ئەوەت دەکرد، تەنها تۆ!))
شکات لێکراوێکی تر، ئافرەتێکی دڕ، کە لە هێمنیەکی بەناز و مەکرانەشدا نەزان نەبوو و هەمانکات دەم شڕیش بوو، وروژاویەکەی دەبینرا.
((ڕێی تێ دەچێت، تۆ وشەی (زانین) بەکار بهێنیت، لەکاتێکدا پێتوایە و وشەی (پێم وایە) بەکار بهێنیت، لە کاتێکدا تەنها هەڵدەبەستیت؟))
پارێزەرەکە سەری ڕاوەشاند، وەک ئەوەی وەڵامی ئەرێنی هانای بەپەرۆشەوە وەرگرتبێت.
((ئەوەش ڕاستە، کە خۆشەویستەکانت، کاتێک لێیان وەڕز دەبوویت، لە ترانسپۆرتی داهاتوودا بۆ ئاوشویتس دەڕۆیشتن؟))
هانا وەڵامی نەدایەوە.
((ئەوە یەکێک بوو لە هەڵبژاردنە تایبەتییەکانی خۆت، وانییە؟ تۆ ناتەوێت پەی بەوە بەریت و دەتەوێت لە پشت شتێکەوە، کە هەمووان کردوویانە، حەشاری بدەیت. بەڵام ... ))
((ئەی خودایە!))
کچەکە، کە پاش ئیفادەکەی لە ناو تەماشاکەراندا دانیشتبوو، هەردوو دەستی بە دەمووچاوی خۆیدا کێشا.
((من چۆن توانیم ئەوە لەبیر بکەم؟))
سەرەک دادوەرەکە لێی پرسی، ئاخۆ دەیەوێت، شتێک بۆ

ئیفادەکەی زیاد بکات. کچەکە چاوەڕێی نەکرد، هەتا بانگهێشتی پێشەوە دەکرێت. هەستایە سەرپێ و لە جێی خۆیەوە، لە ناو تەماشاکەرانەوە قسەی کرد.

((بەڵێ، ئەو خۆشەویستی هەبوون، هەمیشە یەکێک لە گەنج و لاواز و ناسکەکان، پارێزگاری لێ دەکردن، کارێکی دەکرد، پێویست نەکات کار بکەن، جێی باشتری دەدانێ و باشتر مشووری دەخواردن و ژەمی چاتری دەدانێ و ئێواران دەیبردنە لای خۆی. کچەکانیش بۆیان نەبوو باس بکەن، ئەم ئێواران چی لەگەڵ دەکردن و ئێمەش وامان دەزانی، ئەم لەگەڵیاندا ... چونکە هەموویان دەگوێزرانەوە، وەک ئەوەی ئەم خۆشی خۆی لێ بینیبێتن و لێیان تێر بوو بێت. بەڵام وا نەبوو و ڕۆژێک یەکێک لە کچەکان قسەی کرد و لەوەوە زانیمان، کە کچەکان کتێبیان بۆ خوێندۆتەوە، ئێوارە لەسەر ئێوارە، ئەوە باشتر بوو لەوەی ... هەروەها باشتریش بوو لەوەی بە کرێکاری خۆیان بکوژن. دەبێت من پێم باشتر بوو بێت، ئەگەر نا لەیادم نەدەکرد. بەڵام باشتر بوو؟))

دانیشتەوە.

هانا ڕووی گێڕا و تەماشای کردم. دەستبەجێ نیگای دۆزیمیەوە و ئاوها هەستم پێکرد، کە هەر لە سەرەتاوە زانیبووی، من لەوێم. تەنها تەماشای کردم. ڕووخساری تکای هیچ شتێکی تیا نەکردم، داوای هیچی نەکرد، هیچی دووپات نەکردەوە و بەڵێنی هیچیشی نەدا. تەنها خۆی پیشان دا. هەستم بە گرژی و ماندوویەتیەکەی دەکرد. بن چاوانی چرچ ببوون و لەسەر هەر دوو گۆنای چرچێک لەسەرەوە بۆ خوارەوە هاتبوو، کە بە من ئاشنا نەبوو، هێشتا قووڵ نەببوو، بەڵام خۆی وەک ئاسەواری برینێک کێشا بوو. کە من لەژێر نیگایدا سوور هەڵگەڕام، ڕووی وەرگێڕا و کردیەوە بەستی دادگاکە.

سەرەک دادوەرەکە لەو پارێزەرەی کە ئیفادەی لە هانا وەرگرت، پرسی، ئاخۆ هیچ پرسیارێکی دی لە شکات لێکراوەکە ماوە. هەمان پرسیاری لە پارێزەرەکەی هاناش کرد. من لە دڵی خۆمدا دەمگوت، لێی بپرسە، ئاخۆ ئەو کچە ناسک و لاوازانەی بۆیە هەڵبژاردووە، چونکە ئەوان هەرچۆنێک بایە تەحەمولی ئیشی کرێکاریەکەیان نەدەکرد، یان لەبەرئەوەی لە ترانسپۆرتی داهاتوودا هەر دەنێردرانە ئاوشڤیتس، لەبەرئەوە ئەم ویستوویەتی دواهەمین مانگیان ڕەحەت بێت. هانا، بیڵێ! بڵێ، تۆ ویستووتە دواهەمین مانگیان لێ ڕەحەت بکەیت. بڵێ ئەوە هۆی هەڵبژاردنی ناسک و لاوازەکان بووە. بڵێ هۆی تر لە ئارادا نەبووە و ناشێت لە ئارادا بوو بێت، بەڵام پارێزەرکە هیچی لە هانا نەپرسی و ئەویش سەربەخۆ هیچی نەگوت.

## هەشت

بەرگی ئەڵمانی ئەو کتێبەی، کە کچەکە سەبارەت بە ژیانی لە کەمپەکەدا نووسی بووی، سەرەتا پاش پرۆسەی دادگاییەکە دەرچوو. لە ڕاستیدا دەستنووسەکە لەکاتی دادگاییەکەدا لەبەر دەستدا بوو، بەڵام تەنها بۆ بەشدار بووەکان. من دەبایە کتێبەکە بە ئینگلیزی بخوێنمەوە، کە ئەوکات ئەرکێکی گران بوو و من لەسەری ڕانەهاتبووم. هەروەها وەک هەمیشە زمانە نامۆکە، کە بەسەریدا زاڵ نیت و لەگەڵیدا دەجەنگێیت، دووریەکی سەیر و هەمانکاتیش نێزیکیەکی سەیری دەخوڵقاند. زۆر بە دەقیقی کارت لەسەر کتێبەکە دەکرد و کەچی خۆشت نەدەکردە خاوەنی. هەروەک چۆن زمانە نامۆکە نامۆ دەمێنێتەوە، ئەویش ئاوها نامۆ دەمێنێتەوە.

چەندین ساڵ دواتر سەرلەنوێ خوێندمەوە و پەییم بەوە برد، کە کتێبەکە خۆی مەودایەکی دووری دەخوڵقێنێت. هیچ ناسنامەیەکت ناداتێ و کەسیش خۆشەویست ناکات، نە دایک و کچ و ئەوانەش، کە ئەم دوانە لەگەڵیاندا لە کەمپی جیاواز جیاوازدا و لە ئاوشڤیتس و نێزیک کارکا و هاوچارەنووس ببوون. کتێبەکە ڕێی نەدەدا، پیرو دەمڕاستی ناو کوختەکان، چاودێرەکان و پاسەوانەکان، ڕووخسار و شکڵێکی ئەوتۆ وەرگرن، تاکو بتوانیت لەڕێی ئەتەکیەتیانەوە باش تر یان خەراپ تر لەقەڵەمیان بدەیت. کتێبەکەش هەوای ئەو بەنجیە هەڵدەمژێت، کە من پێش تر هەوڵی وەسفکردنیم دا. بەڵام کچەکە لەژێر ئەو بەنجیەدا توانستی پەی پێ بردن و شیکاری لە دەست نەداوە.

هەروەها ڕێی گەندەڵیشی بە خۆی نەدابوو، نە بەهۆی بەزەیی بەخۆ هاتندا، نە بەهۆی ئەو متمانە بەخۆ بوونەی، کە بە شێوازێکی هەست پێکراوانە پەیدای کردبوو. کە لە ژیاندا مابۆوە و بۆ ئەو ساڵانەی ناو کەمپەکان تەنها خۆ ڕاگری نەسەلماندبوو، بەڵکو بە شێوازێکی ئەدەبیانەش دایڕشتبوون. سەبارەت بە خۆیی و هەڵسوکەوتی هەرزەکاری و زوو پێگەییوی، ئەگەر پێویستی کرد بێت سەبارەت بە کارامەییەکانی و بەهەمان هۆشیاریش لە وەسف کردنی هەموو شتەکانی تردا دەنووسێت. هانا لە کتێبەکەدا نە بە ناو و شوناس دێتە بەر چاو، نە لە شوێنێکیشدا دەناسرێتەوە.

هەندێ جار هانام لە کاراکتێری چاودێرێکی گەنجدا دەبینیەوە، کە گەنج و جوان و لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا بە شێوازێکی بێ ویژدانانە، بەویژدان بووە! بەڵام دڵنیا نەبووم. کە تەماشای شکات لێکراوەکانی دی دەکەم، ئەوا دەشێت تەنها هانا ئەو چاودێرە بوو بێت. بەڵام کەمپەکە چاودێری دیکەشی هەببوو. لە یەکێک لە کەمپەکاندا چاودێرێک هەببوو، کە بە ((مۆتەکە)) ناونرابوو، ئەویش گەنج ببوو، جوان و زیت، بەڵام بێ بەزەیی و بێ جڵەو. هانا ئەو چاودێرەی بەیاد دەهێنایەوە. ئایا ئەوانیش ئەو بەراوردەیان کردبوو؟ ئایا هانا هیچی سەبارەت بەوە دەزانی، لەیادی بوو و بۆیە کاتێک من لەگەڵ ئەسپدا بەراوردم کرد، هێند بریندار بوو؟

کەمپەکەی نێزیک کارکا و بۆ دایک و کچ دواهەمین وێستگە ببوو ڕووە و ئاوشڤیتس.

ئەوێ وەک پێشکەوتنێک وا بوو؛ کارەکەی سەخت بوو، بەڵام ئاسان، خواردنەکەی باشتر بوو، باشتریش بوو لەگەڵ شەش ئافرەت لە یەک ژووردا وەک لەگەڵ سەد ئافرەت لە کوختەیەکدا بخەویت. گەرمتریش بوو؛ ژنەکان توانیبوویان لەسەر ڕێگەکەیان لە کارگەوە بۆ کەمپەکە

دار کۆبکەنەوە و لەگەڵ خۆیاندا بیبەن. ترس لە هەڵبژارنەکان هەبوو، بەڵام ئەوەش هێندەی ئەوەی ئاوشڤیتس خەراپ نەببوو. هەموو مانگێک شەست ئافرەت لە هەزار و دوو سەد ئافرەت؛ دەنێردرانەوە. بەڵام ئەگەر یەکێک خاوەنی هێزێکی مامناوەندی بایە، ئاوهاش چاوەڕوانی بیست مانگ ژیانی هەبوو و دەشیتوانی لانی کەم هیوای ئەوەی هەبێت، لە مامناوەندیەک بەهێز تر بێت. لەسەر و ئەوەشەوە دیانتوانی حیسابی ئەوە بکەن، جەنگ لەپاش کەم تر لە بیست مانگ کۆتایی بێت.

بەڵاکە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی کەمپەکە و بەڕێکەوتنی دیلەکان ڕووە و ڕۆژئاوا دەستی پێکرد. زستان بوو، بەفر دەباری، ئەو جل و بەرگانەی، کە ئافرەتەکان پێوەی لە ناو کارگەکەدا تەزیبوون و لە کەمپەکەدا تا ڕادەیەک گوزەراندبوویان، بەتەواوی کەموکوڕ بوون و لە جلەکانیان کەموکوڕ تر، پێڵاوەکانیان بوون، زۆرینەیان لە پەڕۆ یان کاغەزی ڕۆژنامە بوون، وەها بەسترابوون، کە لە وەستان و ڕێ کردندا بەرگە بگرن، بەڵام نەدەتوانرا وەها ببەسترێن، کە بەرگەی ڕێی دوور و درێژی ناو بەفر و سەهۆڵبەندان بگرن. لەگەڵ ئەوەشدا، ژنەکان بە ئاسایی ڕێیان نەدەکرد؛ پەلەیان لێ دەکرا، دەبایە ڕابکەن. کچەکە لە کتێبەکەیدا دەپرسێ: ((ڕەوی مەرگ؟)) و لە وەڵامیشدا دەڵێت: ((نەخێر، لۆقەی مەرگ، غارغارێنی مەرگ.))

زۆرینەی ئافرەتەکان لە ڕەوەکەدا هەرەسیان هێنا بوو، یان لە پاش شەوانی ناو تەویلەکاندا و بە پەنا دیوارەکانەوە چیتر هەڵنەستابوونەوە، لەپاش هەفتەیەک نێزیکەی نیوەی ژنەکان گیانیان لەدەست دابوو. کەنیسەکە کونێکی باش تر ببوو وەک لەو تەویلە و پەنا دیوارانەی، کە ژنەکان لەوەوبەر هەیان ببوو. کاتێک بەتەنیشت کێڵگەی وەرزێڕی جێ هێڵراودا تێپەڕیبوون و لەوێ

شەویان کردبۆوە، پاسەوان و چاودێرەکان بینا نیشتەجێیەکانیان بۆ خۆیان دانابوو. لێرەش لە گوندێکی پان و بەرین و جێ هێڵراودا توانیبوویان خانووی قەشەکە بۆ خۆیان بەرن و لەگەڵ ئەوەشدا لە تەویلەیەک یان پەنا دیوارێک زیاتر بۆ دیلەکان بهێڵنەوە. کە ئەوەیان کردبوو و لە گوندیش گۆشتاوێکی گەرمیان خواردبوو، وەک بانگەوازی کۆتایی دەرد و بەڵاکە هاتبووە پێش چاو. بەو شێوەیە ژنەکان خەویان لێ کەوتبوو. کەمێک دواتر بۆمبەکان کەوتن. هەتا تەنها بورجەکە سوتابوو، تەنها دەنگی ئاگرەکە گەیشتبووە ناو کەنیسەکە، بەڵام نەبینرابوو. کاتێک ترۆپکی بورجەکە داڕووخا و دای بە سەقفەکەدا، دووبارە چەند خولەکێکی خایاند، هەتا شەوقی ئاگرەکە بینرا. پاشان بڵێسەکانی ئاگرەکە دڵۆپەیان کردە خوارێ و گڕیان لە جل و بەرگیان بەردان، پارچە سەقفی دارینی گڕ تێبەربوو میحراب و بەستەکانیان سوتاندن و هیچی وای نەبرد سەرتاپای سەقفەکە گرمەی کرد و داڕووخایە ناو جەرگەی کەنیسەکەوە و داروبەردی گڕ تێبەردا.

کچەکە پێی وایە، ژنەکان دەیانتوانی خۆیان ڕزگار بکەن، ئەگەر دەست بەجێ پێکڕا خۆیان لە شکاندنی دەرگایەک گورج بکردایە. بەڵام هەتا هەستیان پێ کردبوو، چی ڕووی داوە و چیش ڕوو دەدات و دەرگایان لێ ناکەنەوە، درەنگ ببوو. لە تاریکی شەودا بە گرمەی بۆمبەکان بەخەبەر هاتبوون. بۆ ساتێک لە بوورجەکەوە تەنها گوێیان لە دەنگێکی نامۆ و سامناک ببوو و سەرتاپا بێ دەنگ ببوون، تاکو باش تر گوێیان لە دەنگەکە بێت و باش تر تێی بگەن، کە ئەوە کرتە و قرچەی ئاگرە، کە ئەوە ڕۆشنایی ئاگرە، لەپشت پەنجەرەکانەوە کسپە و شەوقی دێت، کە ئەو گرمەیەی لەسەر سەریانەوە گوێیان لێی بوو، پەلاماری ئاگرەکە

بوو لە بوورجەکەوە بۆ سەر سەقفەکە – ژنەکان سەرەتا کاتێک بینیان سەقفەکە سوتاوە، تێگەیشتن. تێیگەیشتن و کەوتنە هات و هاوار، لە تۆقیویا هاواریان دەکرد، بانگی یارمەتیان دەکرد، خۆیان دەدا بە دەرگاکاندا و ڕایان دەوەشاندن، بە مست دەیانکوتینەوە و دەیانقیژاند. کاتێک سەقفی ئاگر تێبەربوو دای بەناو جەرگەی کەنیسەکەدا، کاکڵی دیوارەکان وەک ئاگر بەخشێک پشتیوانیان لە ئاگرەکە دەکرد. زۆرینەی ئافرەتەکان نەخنکان، بەڵکو لەناو بڵێسە سوتێن و دەنگ بڵندەکاندا سوتان. ئاگرەکە لە کۆتاییدا تەنانەت دەرگا ئاسن تێ گیراوەکانی کەنیسەکەی سوتاند و داخی کردن، بەڵام ئەمە چەند کاتژمێرێک دواتر.
دایک و کچ نەمردن، چونکە دایکەکە لەبەر چەند هۆیەکی هەڵە ڕێیەکی ڕاستی هەڵبژاردبوو. کاتێک ژنەکان حاڵی ترسیان لێ هاتبوو، ئەم لەناویاندا سەبری نەمابوو. هەڵهاتبووە سەرێ. کە لەسەرێ لە بڵێسەکانی ئاگرەکەوە نێزیک ببوو، بە خەیاڵیدا نەهاتبوو، تەنها ویستبووی بەتەنها بێت، دوور لە ژنە قیژێن و تەنگ پێ هەڵچن و گڕ تێبەربووەکان. سەکۆ شێوە باڵکۆنیەکانی سەرێ باریک بوون، هێند باریک، کە دار و پەردووەکانی سەقفەکە بەدەگمەن پێکا بوویانن. کچ و دایک خۆیان بە دیوارەکەوە لکاندبوو و هێرشی ئاگرەکەیان دەدی و دەبیست. ڕۆژی داهاتوو زاتیان نەکردبوو دابەزن و بێنە دەر. لە زوڵمەتی شەوی دواییدا ترسا بوون، سەکۆی پلیکانەکان نەبینن و ڕێیان لێ هەڵە بێت. کاتێک لە بەرەبەیانی دوو سبەیدا لە کەنیسەکە هاتنە دەر، توشی جەند دانیشتوانێکی گوندەکە بوون، کە سەراسیمە و بێ وشە چاویان تێ بڕیبوون، بەڵام جل و بەرگ و خواردنیان دانێ و بەڕێیان کردن.

## نۆ

((بۆچی دەرگاکەت نەکردەوە؟))
سەرۆک دادوەرەکە هەمان پرسیاری لە یەک بە یەکی شکات لێکراوەکان کرد. یەک بە یەکی شکات لێکراوەکانیش هەمان وەڵامیان دەدایەوە. نەیانتوانیبوو بیکەنەوە. بۆچی؟ بە هۆی پێکاندنی خانووی قەشەکە، لەلایەن بۆمبەکەوە بریندار بووە. یاخود بە گەرمەی پێکاندنی بۆمبەکە تووشی شۆک هاتووە. یاخود لەپاش بۆمبەکە مشوری پاسەوان و چاودێرە زامدارەکانی خواردووە، لەژێر دار و پەردووەکاندا دەری هێناون، برین پێچی کردوون. خەیاڵی لای کەنیسەکە نەبووە، ئاگری ناو کەنیسەکەی نەبینیوە و گوێی لە هات و هاوار و بانگەکانی ناو کەنیسەکە نەبووە.
سەرۆک دادوەرەکە یەک بە یەکی شکات لێکراوەکانی بە هەمان شت تۆمەتبار دەکرد؛ لە ڕاپۆرتەکەدا شتێکی دی نووسراوە. بە ئاگاییەکی دەست ئەنقەسەوە ئەو قسەیەی دەکرد. ئەگەر بیگوتایە لەناو ڕاپۆرتی فایلەکانی (SS) دا شتێکی دی نووسراوە، شتێکی هەڵە دەبوو. بەڵام ڕاست ئەوە بوو، کە شتێکی دی نووسرابوو و ناوی هەموو ئەوانەی تێدا بوو، کە لە خانووی قەشەکەدا گیانیان لەدەست دابوو یان بریندار ببوون و ناوی هەموو ئەوانەش، کە زامدارەکانیان بە شاحینە بۆ نەخۆشگایەکی سەربازی گواستبۆوە و کێ و کێش بە ئوتومبێلە سەربازیەکان هاودەمی ترانسپۆرتەکەی کردبوو. باسی لەوەش دەکرد، کە چەند چاودێرێک جێ هێڵرابوون، تاکو چاوەڕێی کۆتایی ئاگرەکە بکەن، ڕێ لە پەلکێشانی بگرن

و هەوڵی هەڵهاتنی دیلەکان لەپشتی ئاگرەکەوە پوچەڵ بکەنەوە. باسی لە مردنی دیلەکانیش دەکرد.
ناو نەهاتنی شکات لێکراوەکان بەڵگەی ئەوە بوو، کە ئەوان لە چاودێرە جێ هێڵراوەکان بوون. مانەوەی چاودێرەکانیش بۆ بەرگرتن لە ڕێی هەڵهاتن بەڵگەی ئەوە بوو، کە بە دەرهێنانەوەی زامدارەکانی ناو خانووی قەشەکە و بە ڕێکەوتنی ئوتومبێلەکان بەرە و نەخۆشگای سەربازی بەزمەکە کۆتایی نەهاتبوو. ئەرکی چاودێرە جێ هێڵراوەکان ئەوە بوو- ئاوها نووسرا بوو — لێ گەڕێن ئاگرەکە لە کەنیسەکەدا پەرە بسێنێت و دەرگاکانیش بە داخراوی بهێڵنەوە. ئەوەشی تیادا نووسرا بوو، کە شکات لێکراوەکان، چاودێرە جێ هێڵراوەکانن.
یەک بە یەکی شکات لێکراوەکان دەیانگوت، نەخێر، ئاوها نەبوو. ئەو ڕاپۆرتە هەڵەیە. هەر بەوەدا دیارە هەڵەیە، کە باس لە ئەرکەکانی چاودێرە جێ هێڵراوەکان دەکات؛ ڕێگرتن لە پەلکێشانی ئاگرەکە. ئەوان چۆن دەیانتوانی ئەو ئەرکە بەجێبهێنن؟ ئەوە بێمانایە و ئەرکی ڕێگرتن لە هەڵهاتنیش لە پشت ئاگرەکەوە بێمانایە. هەوڵی هەڵهاتن؟ وەک ئەوەی چیتر پێویستی نەکردبێت مشوری ئەوانەی خۆیان بخۆن و توانیبێتیان مشوری دیلەکان بخۆن. کار لە هەڵهاتندا نەما بوو. نەخێر، ڕاپۆرتەکە بە تەواوی و ئەسڵەن بە قەوارەی ناناسێنێت، کە ئەمان لەو شەوەدا چییان کردووە و بەجێهێناوە و چەندییان نالاندووە.
ئەی چۆن کار گەیشتۆتە ڕاپۆرتێکی ئاوها هەڵە؟
گوایە ئەوانیش نازانن.
هەتا شکات لێکراوە بە ناز و مەکر و دەم شڕەکە سەرەی هات. ئەو دەیزانی.

((پرسیار لەوە بکە!))
بە پەنجە ئاماژەی بۆ هانا کرد.
((ئەو ڕاپۆرتەکەی نووسیوە. هەمووی تاوانی ئەوە، ئەو بە تەنها، ویستوویەتی بەو ڕاپۆرتە ڕاستیەکان بشارێتەوە و ئێمەش تێوەگلێنێت.))
سەرۆک دادوەرەکە ئەو پرسیارەی لە هانا کرد، بەڵام ئەوە دواهەمین پرسیاری بوو.
((بۆچی دەرگاکەت نەکردەوە؟)) ئەمە یەکەم پرسیاری بوو.
((ئێمە ... ئێمە ...))
هانا لە وەڵامێک دەگەڕا.
((هیچ چارەیەکی دیمان شک نەدەبرد.))
((هیچ چارەیەکی دیتان شک نەدەبرد؟))
((هێندێکمان ژیانیان لەدەست دابوو و ئەوانەی دیش هەڵهاتبوون. گوتیان، بریندارەکان دەبەنە نەخۆشگای سەربازی و دەگەڕێنەوە، بەڵام خۆیان و ئێمەش دەمانزانی، کە ناگەڕێنەوە. ڕەنگە ئەسڵەن هەر نەشڕۆیشتبنە نەخۆشگای سەربازی، زامدارەکان برینەکانیان هێند سەخت نەبوون. ئێمەش لەگەڵیاندا دەڕۆیشتین، بەڵام ئەوان وتیان، گوایە بریندارەکان پێویستیان بە جێگا هەیە ... بەهەرحاڵ ئەوان موشتاقی ئەوە نەبوون، هێندەیان ئافرەت لەگەڵدا بن، نازانم، بۆ کوێ ڕۆیشتن.))
((ئێوە چیتان کرد؟))
((نەماندەزانی چی بکەین. هەموو شتەکان هێند بەخێرایی ڕوویاندەدا، خانووی قەشەکە دەسوتا و بورجی کەنیسەکە و پیاو و ماشینەکان لە ئان و ساتدا لەویادا بوون و لەناکاو نەمان، کتو پڕ لەگەڵ ژنەکانی ناو کەنیسەکە تەنها ماینەوە. هەندێک چەکیان

بۆ جێ هێڵاین، بەڵام ئێمە نەماندەزانی بەکاریان بهێنین و ئەگەر بشمانزانیبا – ئەوە چ سودێکی دەبوو، بۆ چەند ژنێکی وەک ئێمە؟ چۆن بمانتوانیبا پاسەوانی ئەو هەموو ژنە بکەین؟ ڕەوێکی ئاوها کاتێکی زۆر دەبات، ئەگەر ڕێ نەدەیت لێک بترازێن و پاسەوانی کردنی ڕەوێکی هێند گەورە لە کۆمەڵێکی وەک ئێمەی زۆر زیاتر دەوێت.))

هانا ئیستێکی کرد.

((پاشان هات و هاوارەکە دەستی پێکرد و هەر دەهات و خەراپتر دەبوو. ئەگەر ئەوکات دەرگامان بکردایەتەوە و هەمووان ڕایانبکردایەتە دەرێ ... ))

سەرۆک دادوەرەکە بۆ لەحزەیەک وەستا.

((دەترسان؟ دەترسان دیلەکان بتانبەزێنن؟))

((دیلەکان ئێمە ... نەخێر، بەڵام دوایی چۆن پێمان ڕێک بخرابایەنەوە؟ سەر لێ شێواویەک دروست دەبوو، کە ئێمە لە توانامان نەدەبوو کۆتایی پێ بهێنین. ئەگەر هەوڵیشیان دابایە هەڵبێن ... ))

ئەمجاریش سەرۆک دادوەر چاوەڕێی کرد، بەڵام هانا ڕستەکەی تەواو نەکرد،

((دەترسان لە حاڵەتی هەڵهاتندا بگیرێن، حوکم بدرێن، بکوژرێن؟))

((خۆ ئێمە نەماندەتوانی هەروا لێیان گەڕێین هەڵبێن. ئێمە لەوە بەرپرسیار بووین ... ئەوە حیکەمەتی کارەکەی ئێمە بوو، کە پاسەوانیان بکەین و ئەوان هەڵنەیەن. لەگەڵ ئەوەشدا نەماندەزانی، لە ڕۆژەکانی داهاتوودا چەند ئافرەت دەمردن. هەر ئەوکات زۆرێک مردبوون و ئەوانەش کە هیشتا نەمردبوون، هێند لاواز بوون ... ))

هانا هەستی کرد بەو شتانەی دەیڵێت، خزمەت بە قەزیەکەی خۆی ناگەیەنێت. بەڵام نەشیدەتوانی هیچی دی بڵێت. تەنها دەیتوانی هەوڵ بدات ئەوەی کە دەیگوت، باشتر بڵێت، باشتر باسبکات، باشتر ڕوونی بکاتەوە. بەڵام هەتا زیاتری دەگوت، مەسەلەکە خەراپ تر دەهاتە پیش چاو. ئەمجاریش، لەبەرئەوەی هیچ ڕێگە چارەیەکی شک نەدەبرد، ڕووی لە سەرۆک دادوەرەکە کردەوە.

((بەڕێزتان بوونایە، چیتان دەکرد؟))

بەڵام ئەمجار خۆشی دەیزانی، هیچ وەڵامێک بەدەست ناهێنێت. چاوەڕێی وەڵامی نەکرد. سەرۆک دادوەرەکە بە بێدەنگی سەری ڕاوەشاند.

نەوەک نەیانتوانیبێت ئەو دەستە پاچەییە و بێچارەییەی هانا باسی دەکرد، وێنا بکەن. ئەو شەوە، ئەو ساردییە، ئەو بەفرە، ئەو ئاگرە، هاوار و قیژەی ژنەکانی ناو کەنیسەکە، ڕۆیشتنی ئەوانەی فەرمانیان بە چاودێرەکان دابوو و هاودەمی ڕەوەکە ببوون – دەبێت ئەوانە چۆن هەلومەرجێک بوو بن. بەڵام ئایا دەبوو خەراپی هەلومەرجەکان قێزەونی دیمەنی ئەو کارانەی، کە شکات لێکراوەکان کردبوویان یان نەیان کردبوو، کەم بکاتەوە؟

وەک ئەوەی مەسەلە ڕووداوێکی سەر شەقامێکی تەنها لە شەوێکی تاریکی زستاندا بوو بێت، بە زیانی مادی و گیانیەوە، کە پیاو نازانێت تیایدا چی بکات.

یاخود ناکۆکی لەبەینی دوو ئەرکدا، کە هەردووکیان شایستەی بەجێهێنانن؟

بەوشێوەیە مرۆڤ دەیتوانی، بەڵام نەیدەویست وێنای ئەو شتانە بکات، کە هانا باسی دەکردن.

((تۆ ڕاپۆرتەکەت نووسی؟))

((پێکڕا بیرمان لێ کردەوە، چی بنووسین. ئێمە نەماندەویست هیچ بەسەر ئەوانەشدا بشکێتەوە، کە خۆیان لێ ون کردین، بەڵام نەشماندەویست هەڵەکە بەسەر خۆماندا بهێنین.))

((تۆ دەڵێیت پێکەوە بیرتان لێ کردۆتەوە. کێ نووسی؟))

((تۆ!!))

شکات لێکراوەکەی دی هەمدیس پەنجەی خستەوە سەر هانا.

((نەخێر، من نەمنووسیوە. گرنگە کێ نووسیویەتی؟))

پارێزەرە حوکمییەکە پێشنیاری کرد، پسپۆڕێک دەستوخەتی ناو ڕاپۆرتەکە و دەستوخەتی هانا لەگەڵ یەکدا بەراورد بکات.

((دەستوخەتی من؟ دەستوخەتی منتان دەوێت ... ))

سەرەک دادوەرەکە و پارێزەرە حوکمییەکە و پارێزەرەکەی هانا مشتومڕیان بوو، ئاخۆ شوناسی دەستوخەتێک پاش پانزە ساڵ دەمێنێتەوە و دەناسرێتەوە. هانا گوێی بۆ گرتبوون و چەند جارێک خۆی ئامادە کرد شتێک بڵێت یان پرسیارێک بکات، هانا لە حاڵەتی ئاگادار کردنەوەدا بوو. پاشان وتی:

((پێویست بە پسپۆڕ ناکات. خۆم دانی پیا دەنێم، کە ڕاپۆرتەکە من نووسیومە.))

# دە

سیمینارەکانی هەینیم لەیاد نەماون. تەنانەت کاتێک پرۆسەی دادگاییەکە دەهێنمە پێش چاوی خۆم، نایەتەوە یادم، ئێمە لە ڕووی زانستییەوە کارمان لەسەر چی دەکرد.

سەبارەت بەچی قسەمان دەکرد؟ دەمانویست چی بزانین؟ پرۆفیسۆرەکە چی فێر دەکردین؟ بەڵام یەک شەممەکانم لە یادە. لە ڕۆژەکانی دادگاوە برسێتیەکی تازەی ڕەنگ و بۆنی سروشتم لەگەڵ خۆم دەهێنا. لە ڕۆژانی هەینی و شەممەدا، لانی کەم هێندە ئیشم لەسەر ئەو شتانە دەکرد، کە لە ڕۆژەکانی تری خوێندندا لە قیسم دەچوون، بەجۆرێک، کە لە ڕاهێنانەکاندا لەگەڵیاندا دەرچم و بەسەر واجبەکانی ئەو نیوە ساڵەمدا زاڵبم. یەکشەممان ڕام دەکرد.

((هایلیگنبێرگ))، ((میخایلسباسیلیکا))، ((بیسمارکستورم))، ((فیلۆسۆفنڤێگ))، ڕۆخی ڕووبارەکە - یەکشەم لەدوای یەکشەم کەم کەم ڕێگاکەم درێژ تر دەکرد. بەشی خۆم گۆڕانکاریم لەوەدا دەبینی، کە هەفتە لەدوای هەفتە سەوزایی تێر تر و پانتایی ڕووباری ((ڕاین))م جارێک لەژێر غوبار و هەڵمی گەرما، جارێک لەپشت حیجابی باران و جارێک لەژێر هەورە بروسکەدا دەبینی و لە دارستانەکەدا بۆنی بەروبووم و گوڵەکانم دەکرد، لەکاتێکدا خۆر هەتاو دەیسوتاندن. ئەرزو گەڵا فەرامۆشکراوەکانی ساڵی پاریش، لە کاتێکدا باران دەباری. ئەسڵەن من پێویستیم بە گۆڕانکاری نییە و بەدوایدا ناگەڕێم. گەشتی داهاتووم کەمێک دوور ترە لە گەشتی ڕابردووم، گەشتی داهاتووم بۆ ئەو جێییەیە، کە لە گەشتی ڕابردوومدا

دۆزیومەتەوە و بەدڵم بووە. بۆ ماوەیەک پێم وا بوو پێویستە بوێر تر بم، زۆر لە خۆم بکەم بەرە و سیلان، میسر، بەرازیل بڕۆم، پاشان هاتمە سەر ئەوەی، دەڤەرە ئاشناکان بە خۆم ئاشنا تر بکەم. لە ئەواندا زیاتر دەبینم.

ئەو جێیەی ناو غاباتەکەم دۆزیوەتەوە، کە تیایدا نهێنیەکەی هانام لا ئاشکرا بوو. ئەو جێیە هیچ شتێکی تایبەتی تیادا نییە، هەر ئەو کاتیش هیچی تایبەتی تیادا نەبوو، نە درەخت یاخود گاشە بەردی سەیر و سەمەر، نە دیمەنێکی شاز بۆ سەر شار و پێ دەشتەکان، هیچ شتێک، تاکو مژدەی بەیەکبوونێکی سەر سوڕهێنت بداتێ. لەکاتی بیرکردنەوەمدا لە هانا، هەفتە لە دوای هەفتە خولاوەی ناو هەمان بازنە بووم، فکرێک کەرت ببوو و ڕێی خۆی گرتبووە بەر و دواجار بە ئەنجامی خۆی گەیشتبوو. کاتێک ئەوەی تەواو کرد، ئیدی تەواو بوو- دەشیا ئەوە  لە هەموو شوێنێک ڕووی بدایە، کە تیایاندا ئاشنایی لەگەڵ دەور و بەردا ڕێ بە حاڵەتی لەو جۆرە دەدات، کە پەی بە شتێکی سەر سوڕهێن بەریت و قەبووڵیشی بکەیت، شتێک، کە لە دەرەوە بەسەرت نایەت، بەڵکو لە ناخەوە سەوز دەبێت.

ئەوەش بەو شێوەیە لەسەر ڕێگایەک ڕوویدا، کە بە هەورازی چیایەکدا هەڵدەگەڕێت، بە شەقامەکەدا دەپەڕێتەوە، بەتەنیشت کانیاوێکدا تێ دەپەڕێت و سەرەتا بەژێر درەختی پیر و بەرز و تاریکدا و پاشان بەناو درەختی ڕۆشندا، دەتبات.

هانا خوێندەواری نەبوو.

لەبەرئەوە بە خەڵکی خوێندبۆوە. لەبەرئەوە لە گەشتەکەماندا ئەرکی نووسین و خوێندنەوەی خستبووە ئەستۆی من و ئەو بەیانییە لە هۆتێلەکەدا وروژا، کاتێک پارچە کاغەزەکەی منی دۆزیبۆوە، پەی بەوە بردبوو، من چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکەم، ناوەڕۆکەکەی

پێ بخوێنرێتەوە، لە تەریقبوونەوە ترسا بوو. لەبەرئەوەش خۆی لە پەرەپێدانی کارەکەی لە سیمنس دزیبۆوە: خاڵی لاوازیەکەی، کە دەیتوانی وەک جابییەک بیشارێتەوە، لە پەروەردە کردنیدا بۆ شۆفێری ئاشکرا دەبوو. لەبەرئەوە خۆی لە بەرەوپێشچوونی کارەکەی لە سیمنس دزیبۆوە و ببووە چاودێر. لەبەرئەوە دانی بە نووسینی ڕاپۆرتەکەدا نا، تاکو قەوسێک بەدەوری بەرەنگاربوونەوەی پسپۆڕەکەدا بکات. لەبەرئەوە بە قسەکانی لە پرۆسەکەدا، سەر و ماڵی لەدەستدا؟ چونکە نەیتوانیبوو کتێبی کچەکە و شکاتنامەکە بخوێنێتەوە، شانسی بەرگری خۆی ببینێت و بەپێی ئەوەش خۆی ئامادە بکات؟ لەبەرئەوە ژێردەستەکانی خۆی ڕەوانەی ئاوشڤیتس کردبوو؟ تاکو، ئەگەر بێت و هەستیان بەشتێک کرد بێت، بێدەنگیان بکات؟ هەر لەبەرئەوەش لاوازەکانی کردبووە ژێر دەستەی خۆیی و پارێزگاری لێ کردبوون؟ لەبەرئەوە؟ کە ئەو شەرمی لەوە دەهات، نووسین و خوێندنەوە نازانێت و لای باشتر بوو من بە خۆی نامۆ بکات، وەک لەوەی خۆی تەریق بکاتەوە، لەوە تێ دەگەیشتم. خۆشم شەرمم وەک هۆیەک بۆ ئەتەکیەتێکی خۆ لادەر، بەرگریکەر، حەشاردەر و خۆ گۆڕ و تەنانەت برین هێنیش دەناسی. بەڵام شەرمی هانا، لە نەزانینی خوێندنەوە و نووسین وەک هۆیەک بۆ هەڵسوکەوتی لە دادگاو کەمپەکە؟ لەترسی تەریقبوونەوە وەک نەخوێندەوارێک، کەوابێ ئیدی تەریقبوونەوە وەک تاوانکارێک؟ تاوانکردن، لەترسی تەریقبوونەوە وەک نەخوێندەوارێک؟

ئەوسا و لەوساوە، چەندین جار ئەو پرسیارەم لە خۆم کردووە. ئەگەر مۆتیڤی هانا ترس بوو بێت لە تەریق بوونەوە – ئیدی بۆچی لە جێی تەریق بوونەوەیەکی بێوەی وەک نەخوێندەوارێک، تەریق بوونەوەیەکی سامناک وەک تاوانکارێک؟

یان پێی وا بوو دەتوانێت بەبێ هیچ تەریق بوونەوەیەک نەجاتی بێت؟ هانا تەنها کەسێکی بێ مێشک بوو و بڕایەوە؟ هێند بەفیز و خەراپەکار بوو، کە بۆ خۆ لادان لە تەریق بوونەوەیەک. ببێتە تاوانکار؟

ئەساو لەو کاتەشەوە، چەندین جار وێنام کردۆتەوە. بە خۆمم دەگوت، نەخێر، هانا تاوانی هەڵنەبژاردووە. ئەو بەرەوپێشچوونی کارەکەی لای سیمنس ڕەت کردۆتەوە و تووشی کاری چاودێرییەکە بووە. هەروەها نەخێر، ئەو ناسک و لاوازەکانی ڕەوانەی ئاوشڤیستس نەکردووە، لەبەرئەوەی بۆیان خوێندۆتەوە، بەڵکو ویستوویەتی، بەرلەوەی لە هەموو حاڵەتەکاندا ڕەوانەی ئاوشڤیتس بکرێن، دواهەمین مانگی ژیانیان لێ ڕەحەت بکات. هەروەها نەخێر، هانا لە پرۆسەکەدا تەریق بوونەوەی وەک نەخوێندەوارێک و تەریق بوونەوەی وەک تاوانکارێک هاوسەنگ نەکردووە. ئەو حیساب و حیسابکاری تاکتیکی نەبووە. قبووڵی کردووە، کە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت و نەی ویستووە سەرەڕای ئەوەش تەریق بکرێتەوە. ئەو لەدوای بەرژەوەندی خۆی نەبووە، بەڵکو لەپێناوی حەقیقەتی خۆیدا جەنگیوە، لە پێناوی یەکسانی خۆیدا. بەڵام پێویست بووە هەمیشە کەمێک خۆی بگۆڕێت، چونکە نەیتوانیوە هەمیشە تەواو ڕاشکاو بێت و هەرگیز خودی خۆی بێت، حەقیقەت و یەکسانیەکەی جێی سکاڵا بوون، بەڵام هی خۆی بوون و شەڕیش لەپێناویاندا شەڕی خۆی بووە.

دەبێت هانا لە ماندوێتیدا هێزی لێ بڕابێت. ئەو تەنها لە پرۆسەکەدا نەدەجەنگی. ئەو هەمیشە دەجەنگی و هەمیشە جەنگی بوو، نەک بۆ نمایشکردنی شتێک، کە دەیزانێت، بەڵکو بۆ شاردنەوەی شتێک، کە نایزانێت. ژیانێک، کە شکانەکانی لە پاشەکشێی بەگوژم و

سەرکەوتنەکانیشی لە دۆڕاندنی حەشاردراو، پێک هاتوون.
ناکۆکییەک بە شێوازێکی سەیر هەستی دەبزواندم، ناکۆکی نێوان ئەوەی، کە ئاخۆ دەبێت هانا لەکاتی بەجێهێشتنی شارەکەی مندا چی بە مێشکیدا هاتبێت و، ئەوەی، کە من لەناو مێشکی خۆمدا نیگارم کرد بوو. من دڵنیا ببووم، لەبەرئەوەی خیانەت و حاشام لێ کرد بوو، ڕاوم نابێت و ئەویش لە ڕاستیدا خۆی لە تەریق بوونەوەیەکی لای سیمنس دزیبۆوە. بەڵام ئەو هەلومەرجەی کە من ڕاوم نەنابوو، هیچی لەوە نەدەگۆڕی، کە من خیانەتم لێ کردووە. کەوابێ من تاوانبار مامەوە. ئەگەریش تاوانبار نەبووبم، لەبەرئەوەی خیانەت لە تاوانکارێک مرۆڤ تاوانبار ناکات، ئەوا تاوانبار بووم، لەبەرئەوەی تاوانکارێکم خۆشویستبوو.

# یانزە

بەوەدا کە هانا دانی بە نووسینی ڕاپۆرتەکەدا نا، گەمەی شکات لێکراوەکانی دی ئاسان بوو. هانا، لەکاتێکدا بەتەنها بە هەموو کارەکان هەستاوە، تەنگی بەوانی دی هەڵچنیوە، هەڕەشەی لێ کردوون، زۆری لێ کردوون. فەرمانداریێتی فڕاندۆتە ناو دەستی خۆیەوە. ئەو خاوەن فەرمان و قسە بووە. ئەو بڕیارەکانی داوە. دانیشتوانەکانی گوندەکە، کە وەک شاهید ئیفادەیان دەدا، نە دەیانتوانی ئەو قسانە پشتڕاست بکەنەوە و نە دەشیانتوانی بە درۆیان بخەنەوە. ئەوان بینیبوویان، کە چەند ژنێک لە بەرگی فەرمیدا پاسەوانی کەنیسە سوتاوەکەیان کردووە و لەبەرئەوەش زاتیان نەکردووە، خۆیان دەرگاکانی بکەنەوە. لە ڕۆژی داهاتوودا، لە کاتێکدا ئافرەتەکان بەڕێ کەوتبوون، بینیبوویانن و ئەو ئافرەتانەش ئەم شکات لێکراوانەی ئێستە بوون. بەڵام نەیاندەزانی، ئاخۆ کام لە شکات لێکراوەکان ئەوسا فەرمانی داوە، یاخود ئەسڵەن یەکێک لە شکات لێکراوەکان فەرمانی داوە یان نا.

( (بەڵام تۆ ناتوانیت سەد دەر سەد ئەگەری ئەوە چێ بکەیت، کە ئەو بڕیارەکانی دابێت؟))

پارێزەری یەکێک لە شکات لێکراوەکانی دی پەنجەی خستە سەر هانا.

نەخێر نەیاندەتوانی، چۆنیش بیانتوانیبا، نەشیاندەویست، چونکە دیار بوو شکات لێکراوەکانی دی پیر تر، ماندوو تر، ترسنۆک تر

و تاڵ تر بوون. لە چاو شکات لێکراوەکانی تردا هانا پێشەوایەک بوو بۆخۆی. سەرەڕای ئەوەش هەبوونی پێشەوایەک تاوانی لەسەر دانیشتوانی گوندەکە لادەبرد: کۆمەک نەکردنی خەڵکانی تر لە حزوری یەکەیەکی توند بەڕێوە چوودا، باش تر بوو وەک لە کۆمەک نەکردن لە حزوری کۆمەڵێک ژنی سەر لێ شێواودا.

هانا بەردەوامی بە جەنگەکەی خۆی دەدا. دانی بەو شتانەدا دەنا، کە ڕاست بوون و نکوڵی لەو شتانە دەکرد، کە ڕاست نەبوون. هەر دەهات و نکۆڵیەکانی بە ڕەقییەکی وەسوەسانە ترەوە دەکرد. دەنگی بەرز نەدەکردەوە، بەڵام تەنها ئەو جۆش و خرۆشیەی، کە قسەی پێوە دەکرد، دادگاکەی بە خۆی نامۆ دەکرد.

لەکۆتاییدا کۆڵیدا. تەنها کاتێک قسەی دەکرد، کە پرسیاری لێ دەکرا، وەڵامەکانیشی کورت و هەژارو هەندێ جار بێ کۆنترۆڵ و تەرکیز بوون. وەک ئەوەی بیەوێت دەری بخات، کە کۆڵی داوە، ئێستە بە دانیشتنەوە قسەی دەکرد. سەرۆک دادوەرەکەش، کە لە سەرەتای پرۆسەکەوە زیاتر لە جارێکی پێگوت، پێویست ناکات هەستێت و دەتوانێت دانیشێت، بەنامۆییەکەوە پەی بەوە برد. هەندێ جار لە کۆتایی دادگاییەکەدا وام هەست دەکرد، دادگاکە پڕ بووە و بەسیەتی، دەیەوێت مەسەلەکە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، ئاگای لە مەسەلەکە نەماوە، لە جێیەکی دیکەیە، لەپاش چەند هەفتەیەک لە ڕابردوودا، گەراوەتەوە بۆ ((ئێستە)).

منیش بەسم بوو. بەڵام نەمدەتوانی مەسەلەکە لەکۆڵ خۆم بکەمەوە. بۆ من دادگاییەکە کۆتایی نەدەهات، بەڵکو دەستی پێ دەکرد. من تەماشاکەر ببووم و ئێستە لەناکاو ببوومە بەشدارێک لە یاریەکان و بڕیارەکانیشدا. من خۆم لە دوای ئەو ڕۆڵە نوێیە نەگەڕابووم و هەڵم نەبژاردبوو، بەڵام ویستبێتم یان نەم ویستبێت، هیچ شتێکم کرد بێت

یان هەڵسوکەوتم تەواو ناچالاک بوو بێت، ئەو ڕۆڵەم دەبینی. هیچم کرد بێت – تەنها یەک شت هەبوو من بیکەم. دەمتوانی بڕۆمە لای سەرۆک دادوەرەکە و پێی بڵێم، هانا نەخوێندەوارە. پێی بڵێم، ئەو ئەکتەر و تاوانباری سەرەکی نییە، وەک ئەوانی دی دەیانگوت، پێی بڵێم، هەڵسوکەوتی هانا لە دادگادا نیشانەی نا تەمبێیی و لاساری و بێ ئابڕوویی نییە، بەڵکو دەرەنجامی کەم و کوڕی زانیاریەتی سەبارەت بە شکات نامەکە و دەست نووسەکە، لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی هیچ مەبەستێکی ستراتیجی و تاکتیکی، پێی بڵێم، ئەو لە بەرگریەکەدا بەشێوازێکی ڕەچاوانە کەم و کوڕی هەبووە. پێی بڵێم، ئەو تاوانبارە، بەڵام هێند تاوانبار نا، وەکو دەردەکەوێت. لەوانە بوو نەتوانم بە سەرۆک دادوەرەکەی بسەلمێنم. بەڵام دەمتوانی بیخەمە بیرکردنەوە و بەدوادا چوونەوە. ئیدی لەکۆتاییدا دەردەکەوت، کە من ڕاست دەکەم و هاناش لەڕاستیدا هەر سزا دەدرا، بەڵام سزایەکی سووک تر. لە ڕاستیدا هەر دەبایە بڕواتە گرتوو خانەوە، بەڵام زوو تر بەردەبوو، زووتر ئازاد دەکرا – ئایا ئەوە ئەو شتە نەبوو، کە خۆی بۆی دەجەنگی؟

بەڵێ، بۆ ئەوە دەجەنگی، بەڵام نەیدەویست لە پێناوی سەرکەوتنەکەیدا باجی تەریق بوونەوەیەک وەک نەخوێندەوارێک بدات. هەڵبەت نەشیدەویست، من تەمسیلیەکەی ئەو بۆ چەند ساڵێک دیلی بفرۆشم. ئەو خۆی دەیتوانی ئەو کارە بکات و نەیدەکرد، کەوابێ نەیدەویست. بۆ ئەو تەمسیلیەکەی خۆی نرخی ئەو چەند ساڵەی دیلی دەهێنا. بەڵام ئایا بەڕاستی دەیهێنا؟ ئەو تەمسیلی درۆییە، کە پەلبەست و گۆجی کردبوو و ڕێی نەدەدا خۆی بکاتەوە، چ سوودێکی بۆی هەبوو؟ بەو وزەیەی، کە درۆی ناو درێژایی ژیانی پێ ڕاگرتبوو،

لەمێژ بوو توانیبووی خوێندنەوە و نووسین فێر بێت.
ئەوکات هەوڵم دەدا لەگەڵ هاوڕێیانمدا سەبارەت بەو کێشەیە قسە بکەم.
بیخەرە پێش چاوت، کەسێک ڕووە و داڕووخان دەڕوات، لە ئەنقەست، تۆش دەتوانیت ڕزگاری بکەیت- ڕزگاری دەکەیت؟
نەشتەر کارێک و نەخۆشێک بهێنە پێش چاوت، کە مادەی بێهۆشکەر بەکار دەهێنێت، کە لەگەڵ بەنجەکەدا پێی ناکەوێت، بەڵام شەرم دەکات، کە مادەی بێهۆشکەر بەکار دەهێنێت و نایەوێت بە دکتۆری بەنجەکەی بڵێت- تۆ بیت لەگەڵ دکتۆری بەنجەکەدا قسە دەکەیت؟
دادگاییەک و شکات لێکراوێک بهێنە پێش چاوت، کە سزا دەدرێت، ئەگەر ئاشکرای نەکات، کە ئەو چەپلەرە و بەوەشدا ناشێت ئەو کارەی، کە بە دەستە ڕاست کراوە، کرد بێت، بەڵام شەرم دەکات، کە چەپلەرە- تۆ بیت بە دادوەرەکە دەڵێیت، مەسەلە چییە؟
بیخەرە پێش چاوت، ئەو هەتیو بازە و وەک هەتیو بازێکیش ڕێی تێ ناچێت ئەو کارەی کرد بێت، بەڵام شەرم دەکات، کە هەتیو بازە. کار لەوەدا نییە، کە نابێت شەرم بکەیت، کە تۆ چەپلەریت یان هەتیو بازیت- تەنها ئەوە بهێنە پێش چاوت، شکات لیکراوەکە شەرم دەکات.

# دوانزه

بڕیارم دا لەگەڵ باوکمدا قسە بکەم. نەک لەبەرئەوەی ئێمە هێند لێک نێزیک بوو بین. باوکم کەسێکی داخراو بوو، نەیدەتوانی هەست و نەستی خۆی بۆ ئێمەی منداڵەکانی بخاتە ڕوو، نەشیدەزانی چی لەو هەست و نەستانە بکات، کە ئێمە بەرەوپیریمان دەکردەوە. ماوەیەکی زۆر پێم وا بوو، لەپشت ئەو هەڵسوکەوتە بێ دەنگەوە، گەنجینەیەکی سادە هەیە. بەڵام دواتر لە خۆمم دەپرسی، ئاخۆ ئەسڵەن دەبوو لەویادا هیچ شتێک لە ئارادا بێت. ڕەنگە بە کوڕێنی یان بە گەنجی لە هەست و نەستدا زەنگین بوو بێت و بەهۆی دەرنەبڕینیانەوە وشک بووبن و مردبن.

بەڵام بەتایبەتی بەهۆی دووره پەرێزیەکەی بەینمانەوە من ڕووی گفتوگۆم لەو کرد. ڕووی گفتوگۆم لەو فەیلەسوفە کرد، کە سەبارەت بە کانت و هیگڵ نووسی بووی، کە دەمزانی خۆیان بە پرسیاری مۆراڵیەوە سەرقاڵ کردبوو. دەبایە ئەو لە توانایدا بێت، کێشەکەم بە شیوازێکی پوخت و ئابستراکت دەستنیشان بکات و وەک هاوڕێکانم گیرۆدەی دەست نموونە ناتەواوەکانم نەبێت.

کاتیک ئێمەی منداڵەکانی دەمانویست لەگەڵ باوکماندا قسە بکەین، هەروەک خوێندکارەکانی ژوانی دەداینێ. ئەو لەماڵەوە کاری دەکرد و تەنها بۆ وتنەوەی وانە ئەکادیمی و سیمینارەکان بۆ زانکۆ دەڕۆیشت. ئەو ئاوەڵکار و خوێندکارانەی دەیانویست قسەی لەگەڵدا بکەن، دەهاتنە ماڵەوە بۆ لای. ڕیزە خوێندکارم لەیاد ماوە، کە لە ڕاڕەوەکەدا پاڵیان بە دیوارەکەوە دابوو و چاوەڕێیان دەکرد، هەتا

سەرەیان دێت، هەندێکیان بە خوێندنەوەوە، هەندێکیان تێڕاماوی دیمەنی ئەو شارانەی، کە لە ڕاڕەوەکەدا هەڵواسرا بوون، هەندێکیان چاویان لە بەتاڵی دەبڕی، هەمووان بێندەنگ، جگە لە سڵاوێکی شەرم، کاتێک ئێمەی منداڵ بە سڵاوەوە بەناو ڕاڕەوەکەدا دەهاتین و دەڕۆیشتین. ئێمە خۆمان کاتێک باوکمان ژوانی دەداینێ، لە ڕاڕەوەکەدا چاوەڕێمان نەدەکرد. بەڵام ئێمەش لە کاتی دیاریکراودا لە دەرگای ژوورەکەیمان دەدا و بانگ دەکراینە ژوورێ.

من لە ژیانمدا دوو ژووری کارکردنی باوکم بینی. پەنجەرەکانی یەکەم ژووریان، کە تیایدا هانا پەنجەی بەسەر کتێبەکاندا خزاند، ڕوویان لەسەر شەقام و چەند خانوویەک بوو، پەنجەرەکانی دووهەم ژووریان ڕوویان لە پانتایی ڕووباری ڕاین بوو. ئەو خانووەی لە سەرەتای شەستەکاندا چووینە ناوی، دایک و باوکم، کاتێک ئێمەی منداڵ گەورە بووین، تیایدا مانەوە. بەسەر شارەوە، بە بناری شاخێکەوە بوو. پەنجەرەکان لێرە و لەوێ ژوورەکەیان بە دنیای دەرەوە پان و بەرین نەدەکرد، بەڵکو وەک تابلۆ لە ژوورەکەدا هەڵواسرابوون. ژووری کارکردنی باوکم کوختەیەک بوو، کە تیایدا کتێب، کاغەز، فکر و دووکەڵی سەبیل و چروود، پەستانی جیاواز جیاوازیان خولْقاندبوو. لە یەک کاتدا پێم ئاشنا و هەروەها نامۆش بوون.

باوکم ڕێی پێدام کێشەکەم بناسێنم، لەسەر شێوازە پوخت و ئابستراکتەکە و بە نموونەکانیشەوە.

((پەیوەندی بە پرۆسەکەوە هەیە، وانییە؟))

بەڵام سەری ڕاوەشاند، بۆ ئەوەی تێم بگەیەنێت، کە چاوەڕوانی وەڵام نییە، کە نایەوێت بچێتە ناخمەوە، کە نایەوێت شتێک بڵێم، ئەگەر بە ڕەزامەندی خۆم نەبێت. پاشان دانیشت، سەری بە لادا خوار کردەوە، بە دەستەکانی دەسکی کورسیەکەی توند گرتبوون

و بیری دەکردەوە.
ئەو تەماشای نەدەکردم. من تێی ڕامابووم، قژە خۆڵە مێشییەکەی، گۆنا هەمیشە باش نەتاشراوەکانی، چرچە تیژەکانی بە بەینی چاوەکانی و باڵەکانی تەنیشت لوتیەوە بەرە و گۆشەکانی دەمی.
من چاوەڕوان بووم.
کاتێک کەوتە قسە کردن، گوژمێکی دووری خواردەوە. وانەیەکی لەسەر کەسایەتی و ئازادی و شکۆمەندی دادام، سەبارەت بە مرۆڤ وەک ((سەبجێکت)) و سەبارەت بەوەش، کە بۆت نییە مرۆڤ بکەیتە ((ئۆبجێکت)).
((لەبیرت نەماوە، بە منداڵی چەند نیگەران دەبوویت، کە دایە لە خۆتی باشتر دەزانی چی بۆ تۆ باشە؟ تەنها هەتا چ ڕادەیەک بۆمان هەیە ئەوە لەگەڵ منداڵاندا بکەین، کێشەیەکی گرنگە، کێشەیەکی فەلسەفییە، بەڵام فەلسەفە مشوری منداڵان ناخوات، منداڵانی خستۆتە دەستی پێداگۆجیەوە، کە تیایدا لە دەستێکی باشدا نین.
فەلسەفە مندالانی فەرامۆش کردووە))، بزەیەکی بۆ کردم،
((بۆ هەتاهەتایە فەرامۆشی کردووە، نەک تەنها جاروبار، وەکو من ئێوە فەرامۆش دەکەم.))
((بەڵام ...))
((بەڵام لە حاڵەتی گەورەکاندا هیچ ڕەواییەک لەوەدا نابینم، ئەوەی، کە کەسێکی دی بۆ ئەوان پێی باشە بخەنە سەر و ئەوەوەی، کە خۆیان بۆ خۆیانیان پێ باشە.))
((ئەگەرچی دواتر خۆیان پێی بەختەوەریش نەبن؟))
سەری ڕاوەشاند.
((باسی ئێمە لەسەر بەختەوەری نییە، بەڵکو لەسەر شکۆمەندی و ئازادییە. هەر لە منداڵییەوە تۆ ئەو جیاوازیەت دەزانی. کە دایە

هەمیشە لەسەر هەق بوو، بۆ تۆ دڵنەوایی نەبوو.))
ئەمڕۆ بەخۆشحاڵییەوە یادی گفتوگۆکەی گەڵ باوکم دەکەمەوە. لە یادم کردبوو، هەتا پاش مردنی کەوتمە گەڕانێک بەدوای یەکتر بینین و ڕووداو و ئەزموونی جوان لەگەڵ ئەودا. کاتێک دۆزیمەوە، بە سەرسامی و بەختەوەرییەوە تێی ڕامام. ئەو کات بە تێکەڵەکەی باوکم لە ئابستراکتی و ڕوونی سەرەتا سەرم لێ شێوا، بەڵام لە کۆتاییدا لەوەوە، کە ئەو گوتبووی، هاتمە سەر ئەوەی، کە پێویست نییە لەگەڵ دادوەرەکەدا قسە بکەم، کە ئەسڵەن بۆم نەبوو لەگەڵیدا قسە بکەم و هەستم بە بارسووکیەک دەکرد.
باوکم هەستی پێ کردم.
((ئاوها فەلسەفەت بەدڵە؟))
((با بڵێین، من نەمدەزانی، ئاخۆ لەو حاڵەتەدا، کە من باسم کرد، پێویستە شتێک بکرێت و لەڕاستیدا بەو خەیاڵەی، کە پێویستە شتێک بکرێت، بەختەوەر نەبووم و ئەگەر بۆت نەبێت شتێک بکەیت - بەوە ... ))
نەمدەزانی چی بڵێم. بارسوکم؟ ئارامم؟ ئاسودەم؟ ئەم شتانە وەک مۆڕاڵی و بەرپرسیارەتی نەدەهاتنە بەر گوێ. ((من ئەوەم پێ باشە)) مۆڕاڵی و بەرپرسیارانە دەهاتە بەر گوێ، بەڵام نەمدەتوانی بڵێم پێم باشە، بڵێم تەنها لە ((باش)) م پێ باشترە.
باوکم پێشنیارێکی کرد:
((ئاسودەیت؟))
سەری ئەرێم لەقاند و شانم هەڵتەکاند.
((نەخێر، کێشەکەی تۆ چارەیەکی ئاسودەی نییە. بێگومان ئەگەر ئەو حاڵەتەی تۆ باست کرد، بەرپرسیارێتیەکەی لەسەر تۆ زیاتر پەرە بسێنێت یان بکەوێتە ئەستۆی تۆوە، دەبێت شتێک بکەیت.

ئەگەر مرۆڤ بزانێت، چی بۆ کەسێکی دی باشە و ئەو کەسە چاوی لێ دابخات، ئەوا دەبێت مرۆڤ هەوڵ بدات چاوی پێ بکاتەوە. دەبێت بڕیار بۆ کەسەکە خۆی جێهێڵرێت، بەڵام دەبێت لەگەڵیدا قسە بکات، نەک لە پشتی ئەوەوە لەگەڵ کەسێکی دی.))

قسە لەگەڵ هانا؟ دەبایە چی بڵێم؟ کە من هەستم بە درۆکەی ژیانی کردووە؟ کە لە سەر پەتێکی ئاوریشمین بەندە، تەواوی ژیانی بکاتە قوربانی ئەو درۆ بێ مێشکانەیە؟ کە ئەو درۆیە شایستەی ئەو قوربانییە نییە؟ کە پێویست بوو لە پێناوی ئەوەدا بجەنگێت، زیاتر لە پێویست لە بەندینخانەدا بەسەر نەبات، تاکو بتوانێت پاش بەندینخانە شتێک زیاتر لە ژیانی خۆی دروست بکات؟ لەڕاستیدا چی؟ زۆر بێت یان شتێک بێت یان کەم بێت- ئەو چی لە ژیانی خۆی بکردایە؟ ئایا دەمتوانی درۆیەکی ژیانی لێ بستێنم، بێ ئەوەی دیمەنێکی ژیانی بدەمێ؟ دیمەنێکی درێژ خایەنم شک نەدەبرد و نەشم دەزانی چۆن بڕۆمە بەردەمی و پێی بڵێم، کە لەپاش ئەو کارانەی ئەو کردبووی، شتێکی ڕەوایە، دیمەنێکی کورت و مامناوەندی ژیانی بەندیخانە بێت. نەمدەزانی چۆن بچمە پێش دەمی و هەر شتێکی پێ بڵێم. ئەسڵەن نەمدەزانی چۆن بچمە پێش دەمی. لە باوکم پرسی:

((ئەی چییە، ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت لەگەڵیدا قسە بکات؟))

ئەو دوو دڵانە لێی ڕووانیم، خۆشم دەمزانی، کە ئەو پرسیارە لاوەکییە و هیچ شتێک بۆ مۆڕالیزەکردن نەماوە. من تەنها ئەوەم لەسەر مابوو بڕیار بدەم،

((من نەمتوانی یارمەتیت بدەم.))

باوکم هەستایە سەر پێ و منیش هەستام.

((نا، پێویست ناکات بڕۆیت، تەنها پشتم دێشێت.))

بە کۆمی ڕاوەستا بوو، دەستی بە گورچیلەیەوە نوساندبوو.

((ناتوانم بڵێم، بەداخەوە، کە نەمتوانیوە یارمەتیت بدەم. مەبەستم لەوەیە، وەک فەیلەسوفێک، کە تۆ وەک فەیلەسوفێک پرست پێ کردم. بەڵام وەک باوکێک وەختە بەرگەی ئەو ئەزموونە نەگرم، کە نەمتوانیبێت یارمەتی منداڵەکانم بدەم.))
من چاوەڕێم کرد، بەڵام ئەو بەردەوامی بە قسەکانی نەدا. من باوەڕم وابوو، ئەو کارەکە لە خۆی ئاسان دەکات؛ دەمزانی کەی دەتوانێت زیاتر مشورمان بخوات و چۆن دەتوانێت کۆمەکمان بکات. پاشان بیرم کردەوە: ڕەنگە خۆشی ئەوە بزانێت و بەڕاستیش خەفەتی لێ بخوات. بەڵام چ ئاوها چ ئامها نەمتوانی هیچی پێ بڵێم. من شەرمەزار بووم و هەستم کرد، ئەویش شەرمەزار بووە.
((ئێ، کەوابێ ... ))
((کەی دەتەوێت، دەتوانیت بێیت.))
باوکم تەماشای کردم.
منیش باوەڕم پێ نەکرد و سەری ئەرێم بۆ لەقاند.

# سیانزە

لە مانگی حوزەیراندا دادگا بۆ ماوەی دوو هەفتە ڕۆیشتە ئیسرایل. ئیفادەکەی ئەوێ کاری چەند ڕۆژێک بوو. بەڵام دادوەر و پارێزەرە حوکمییەکان ڕووداوە یاساییەکەیان بە گەشت و گوزارییەوە گرێدا، یۆرشەلیم و تەلەڤیڤ، نیجێڤ و دەریای سوور. ئەوە لەڕووی خزمەت و گەشت و مەسرەفەوە ناڕەوا نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەلامەوە سەیر بوو.

پلانم وا بوو، تەواوی ئەو دوو هەفتەیە بۆ خوێندن تەرخان بکەم. بەڵام بەو شێوەیە بۆم نەچووە سەر، کە خۆم وێنام کردبوو. نەم دەتوانی سەرنجم بدەمە فێربوون، نە دەمتوانی سەرنجم بدەمە پرۆفیسۆرەکان نە دەمتوانی بیدەمە کتێبەکان. چەندین جار خەیاڵم لە ڕێ لای دەدا و خۆی لەناو چەند وێنەیەکدا ون دەکرد.

هانام بەتەنیشت کەنیسەیەکی سوتاوەوە دەبینی، بە ڕووخسارێکی توند و تیژەوە، بە بەرگی فەرمی ڕەش و قامچییەکەوە. بە قامچییەکە بازنە لەسەر بەفرەکە دەکێشێت و قامچییەکە دەکێشێت بەو جێیەدا، کە پوتەکانی لەسەر پوزین.

دەمبینی، چۆن کتێبی بۆ دەخوێنرێتەوە، بەسەرنجەوە گوێ دەگرێت، پرسیار و تێبینی ناکات. کاتێک کاتژمێرەکە بەسەر دەچێت، بە خوێنەوەرەکە دەڵێت، سبەی بە ترانسپۆرتەکە ڕەوانەی ئاوشڤیتس دەکرێت. خوێنەوەرەکە، مەخلوقێکی خومار بە قنچکە قژی ڕەش و تیژەوە، بە چاوی کزەوە، دەست دەکاتە گریان. هانا بە مست دیوارەکە دەکوتێتەوە، دوو ئافرەت دێنە ژوورێ، ئەوانیش دیلن و لە

بەرگی خەت خەتدان، خوێنەوەرەکە ڕاپێچی دەرێ دەکەن.
هانام دەبینی، بەسەر شەقامی کەمپەکەدا ڕێ دەکات و پێ دەنێتە ناو کوختەی دیلەکانەوە و چاودێری ئیشی کرێکاریەکان دەکات. هەموو شتەکان بە هەمان ڕووخساری توند و تیژەوە دەکات، بە چاوی سارد و سڕ و دەمی باریکەوە، دیلەکان دەکۆمنەوە، خۆیان بەسەر کارەکانیاندا دەچەمێننەوە. خۆیان دەنووسێنن بە دیوارەکانەوە، وەختە بچنە ناو دیوارەکانەوە، دەیانەوێت لەناو دیوارەکاندا ون ببن.
هەندێ جار دیلێکی زۆر لەویادان یان بۆ ئێرە و بۆ ئەوێ ڕاکە ڕاکیانە، بۆ نان ڕیز دروست دەکەن یان ڕێ دەکەن، هانا لەناویاندا وەستاوە و بەفەرمانەکانی بەسەریاندا دەنەڕێنێت، ڕووخسارە قیژێنەکەی قێزەونیەکی دەستکردی تیادایە، قامچیەکەش پشتیوانی لێ دەکات.
بوورجی کەنیسەکەم دەبینی، چۆن بە ناڵەیەک دەیدات بەسەر بانەکەیدا و چۆن بڵێسەکان بریسکە دەدەن و گوێبیستی دوو دڵی ژنەکانم، کەنیسەکەشم، کە لە ڕۆژی داهاتوودا وەک قەرەبرووتی لێ هاتبوو، دەبینی.
شانبەشانی ئەو وێنانە، وێنەکانی دیم دەبینی. هانا، کە لە مەتبەخەکەدا گۆرەویەکان لەپێ دەکات، کە لە پێش حەوزی بانیۆکەدا خاولیەکەی ڕاگرتوو، کە بە عەزیە شەکاوەکەیەوە پاسکیل لێ دەخوڕێت، کە لە ژووری کارکردنی باوکمدا ڕاوەستاوە، کە لە پێش ئاوێنەکەدا سەما دەکات، کە لە مەلەوانگەکەدا تەماشام دەکات. هانا، کە گوێم لێ دەگرێت، کە قسەم بۆ دەکات، کە پێم پێ دەکەنێ، کە خۆشەویستیم لەگەڵ دەکات. خراپییەکە لەوەدا بوو، کە وێنەکان تێک دەخزان. هانا، کە بە چاوە سارد و سڕەکانی

و دەمە باریکەکەیەوە خۆشەویستیم لەگەڵ دەکات، کە لە کاتی خوێندنەوەدا بێ وشە گوێی بۆ ڕاگرتووم و لە کۆتاییدا بە مست دیوارەکە دەکوتێتەوە، کە قسەم بۆ دەکات و ڕووخساری دەگۆڕێتە سەر قێزەونیەکی دەستکرد.
لەهەمووی خەراپتر خەونەکان بوون، کە تیایاندا هانا ڕەق و فەرمانڕەوا و خەراپەکارەکە زەوقی هەڵدەستانم و لە پاشیان بە تامەزرۆیی و شەرمەزاری و نیگەرانیەوە بەخەبەر دەهاتم. ئەو ترسەش لەولاوە، کە ئایا لەڕاستیدا من کێم. من دەمزانی، کە وێنە ئەندێشە کراوەکان کلێشەی پڕوپووچن، کە شایستەی ئەو هانایە نەبوون، کە من لەگەڵی ژیابووم و دەژیام. لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی هێزێکی مەزن بوون. وێنەی یادەوەریەکانی هانایان لێ پارچە پارچە دەکردم و بە وێنەکانی کەمپەکەیانەوە دەلکاندەوە، کە من لە مێشکمدا بوون. کاتێک ئەمڕۆ بیر لەو ساڵانە دەکەمەوە، بۆم دەردەکەوێت، کە کەمێک ڕوونی لە ئارادا هەبوون، چەند وێنەیەکی کەم، کە ژیان و کوشتیارییەکانی کەمپەکانیان دەخستە ڕوو. ئەو وێنانەی ئێمە لە ئاوشڤیتسەوە دەمان ناسین، دەروازەی مۆڵگەکە بوو بە بۆردە نووسراوەکانی سەریەوە، سیسەمە تەختە چەند قاتیەکان، گرد لە قژو چاویلکە و جانتا، ئەو وێنانەی لە ((بیرکنیئاو)) ەوە دەمان ناسین، شێوەی پێکهاتنی دەروازەکە بوو بە بوورجەوە، باڵی بیناکان، ڕێیەکی ناوبڕ بۆ شەمەندەفەرەکان، لە ((بێرگن بێلزن)) ەوە شاخی لە لاشەمان دەناسی، کە هاوپەیمانەکانی جەنگ لە پرۆسەی ئازادیدا دۆزیبوویانەوە و وێنەیان گرتبوو. چەند ڕاپۆرتێکی دیلەکانمان دەناسی، بەڵام زۆرێک لە ڕاپۆرتەکان هەر زوو لەپاش جەنگ بڵاوکرانەوە و لەو نێوەندەدا چیتر لە بەرنامەی چاپخانەکاندا نەمابوون. ئەمڕۆ کتێب و فیلمی هێند زۆر لە ئارادان، بە شێوازێک،

که دنیای کەمپەکان بەشێکن لە دنیای بە کۆمەڵ وێنا کراومان، شتێک، کە دنیای بەکۆمەڵی ڕاستەقینە کامڵ دەکات. خەیاڵیش شارەزای ئەو دنیایە هەیە و لەپاش زنجیرەی ((هۆلۆکۆست)) و فیلمی ((بڕیاری سۆفیا)) و بەتایبەتی فیلمی ((لیستی شیندلەر))، فەنتازیا لەناو ئەو دنیایەدا خاوەنی جوڵەیەکی تایبەتی خۆیەتی، لەویادا فەنتازیا تەنها پەی نابات، بەڵکو تەواوکەر و ترش و خوێ کەریشە. ئەوسا خەیاڵ بە ئاستەم دەبزوا؛ پێی وا بوو بوو، کە دنیا، تاسانێک قەرزداری دنیای کەمپەکانە و لەگەڵ ئەو تاسانەدا بزوتنەوەی فەنتازیا شیاو نییە. ئەو چەند وێنەیەی، لە سایەی وێنەی هاوپەیمانەکان و ڕاپۆرتی دیلەکانەوە بەدەست کەوتبوون، دووبارە و چەندبارە تەماشا دەکرانەوە، هەتا بوونە کلێشەیەکی چەق بەستوو.

# چوارده

بڕیارم دا بڕۆم. ئەگەر لە ئەمڕۆوە بۆ سبەی بمتوانیبا بۆ ئاوشڤیتس بڕۆم، ئەوا دەڕۆیشتم. بەڵام وەرگرتنی ڤیسە هەفتەیەکی دەخایاند. ئیدی بۆ ((شتروتهۆف))، بۆ ((ئێلسێس)) ڕۆیشتم. ئەمە نێزیکترین مۆڵگە بوو. من هەرگیز کەمپێکی ئاوهام نەبینی بوو. دەمویست کلێشە ئەندێشە کراوەکان بە حەقیقەت ڕاوبنێم.
دەستم لە ئوتومبێل ڕاگرت و شاحینەیەکم لەیادە، کە شۆفێرەکەی بیرەی لە سەر بیرە بەتاڵ دەکرد، مێرسێردز لێ خوڕێکیش، کە بەدەسکێشی سپییەوە سوکانی دەسوڕاند. لەپشت ((شتراسبورگ))ەوە، بەختم هەبوو؛ ئوتومبێلەکەی سواری کردم بۆ ((شێرمێک)) دەڕۆیشت، شارۆچکەیەکی نێزیک شتروتهۆف. کاتێک بە شۆفێرەکەم گوت، دروست بەرە و کوێ بەڕێوەم، بێدەنگ بوو. منیش تەماشام کرد و هیچم لە ڕووخساریدا بەدی نەکرد، کە ئاخۆ لەبەرچی لە گەرمەی گفتوگۆدا بێدەنگ بوو. لە تەمەنی سی و پێنج بۆ چل ساڵدا بوو، دەمووچاوێکێ ڕەقەڵەی هەبوو و لاجانی ڕاستی خاڵێک یان جێ داخییەکی سووری تۆخی بەسەرەوە بوو، قژەکانی پەرژ و بڵاوانە داهێنرابوون و هێڵێکی پوختی تیا کێشرا بوو. بە سەرنجەوە لە سەر شەقامەکەی دەڕوانی. بناری شاخەکانی ((ڤۆسیجس)) گرداوی بوون. بەناو شاخە ڕەزێکدا بۆ ناو دۆڵێکی بەرینی کەمێک هەورازدا لێمان خوڕی. بە دەستە ڕاستدا دارستانی لە داری هەمەجۆر بە قەدپاڵەکاندا هەڵگەڕابوون، تاوناتاوێک کانە بەردێک، کارگەیەکی بە خشت شورا کراو بە سەربانی قەد قەد کراوەوە، بووژانگەیەکی

کۆن، ڤیلایەکی گەورە بە زۆرێک بوورجەوە لەبەینی درەختی بەرزدا، هەبوون. هێڵێکی ئاسنین، دەمێک لە دەستە ڕاستەوە و دەمێک لە دەستە چەپەوە، هاودەمی دەکردین.

پاشان کەوتەوە قسە کردن. لێی پرسیم، ئاخۆ بۆچی سەردانی شتروتهۆف دەکەم و منیش باسی پرۆسە دادگاییەکەم بۆ کرد و پێم گوت، کە بەرچاو ڕوونیم سەبارەت بە قەزیەکە چەند کەموکوڕیم هەیە.

((ئەها، دەتەوێت تێ بگەیت، بۆچی مرۆڤ شتی ئاوها سامناک دەکەن.))

دەنگی کەمێک توانج بازانە دەهاتە بەرگوێم، بەڵام لەوانەش بوو تەنها ڕەنگدانەوەی زاراوەیی و دەنگی و شێوە زمانی بێت. بەرلەوەی من بتوانم وەڵام بدەمەوە، درێژەی پێ دا.

((لەڕاستیدا دەتەوێت چی تێ بگەیت؟ کە مرۆڤ لە جۆش و خرۆشیدا یان کینەوە یان لەپێناوی ئابڕودا یان بۆ تۆڵە سەندنەوە کوشتیاری دەکات؟ تێ دەگەیت؟))

من سەری ئەرێم لەقاند.

((ئەوەش تێ دەگەیت، کە مرۆڤ کوشتیاری دەکات، بۆئەوەی دەوڵەمەند یان بە دەسەڵات بێت؟ ئەی، کە مرۆڤ لە جەنگدا یان شۆڕشێکدا کوشتیاری دەکات؟))

سەرلەنوێ سەری ئەرێم لەقاند.

((بەڵام ... ))

((بەڵام ئەوانەی لە کەمپەکاندا کوژراون، هیچیان لەوانە نەکردووە، کە کوشتویانن؟ دەتەوێت ئەمە بڵێیت؟ دەتەوێت بڵێیت، هۆیەک بۆ کینە و جەنگ لە ئارادا نەبووە؟))

من نەمدەویست هەمدیس سەری ئەرێ بلەقێنم. ئەوەی ئەو دەیگوت،

ڕاست بوو، بەڵام بەو شێوازی گوتنەی ئەو نا.
((تۆ ڕاست دەکەیت، نە جەنگ و نە هۆیەک بۆ کینە لە ئارادا نەبوو، بەڵام خۆ جەللادیش کینی لەو کەسە نییە، کە لە سێدارەی دەدات، بەڵام هەر لە سێدارەشی دەدات. چونکە فەرمانی پێ دراوە؟ تۆ پێت وایە، لەبەرئەوەی فەرمانی پێ دراوە، ئەوە دەکات؟ تۆ پێت وایە، من ئێستە باس لە فرمان و ملکەچی و لەوە دەکەم، کە تیمی ناو کەمپەکان فەرمانیان پێ دراوە و لەسەریان بووە، گوێڕایەڵ بن؟))
پێکەنینێکی سوکایەتیانەی گرت.
((نەخێر، من باس لە فرمان و ملکەچی ناکەم. جەلاد شوێنکەوتووی فرمان نییە. ئەو کاری خۆی دەکات، کینی لەوانە نییە، کە لە سێدارەیان دەدات، تۆڵەیان لێ ناسێنێتەوە، لەبەرئەوەی ڕێیان لێ گرتبێت، هەڕەشەیان لێ کردبێت یان پەلاماریان دابێت، نایانکوژێت. ئەوان هیچ گرنگییەکیان بۆ ئەو نییە. لای ئەو ئەوان بە جۆرێک ناگرنگن، کە دەتوانێت بیانکوژێت و هەروەها نەشیان کوژێت.))
تەماشای کردم.
((بەڵامی تیادا نییە؟ دەی، پێم بڵێ، مرۆڤ نابێت بەرابەر بە مرۆڤێکی دی هێند بێباک بێت. تۆ ئەوە فێر نەکراویت؟ سۆڵیدارێتی لەگەڵ هەموو ئەوانەی، کە ڕووخساری مرۆڤیان تیادایە؟ شکۆمەندی مرۆڤ؟ ڕێزگرتن لە ژیان؟))
من لە تاڵیدا واقم وڕما بوو و دەستە پاچە بووم. بەدوای وشەیەک، ڕستەیەکدا دەگەڕام، هەموو ئەو شتانە بسڕێتەوە کەئەو دەیگوت و زمانی لە گۆ بخات.
درێژەی پێدا.
((جارێک وێنەیەکی ڕەمی کردنی کۆمەڵێک یەهوودی ڕووسیام

بینی. یەهودیەکان ڕووت و قوت بوون و لە ڕیزێکی درێژدا وەستاون. هەندێکیان لەسەر لێواری چاڵێک وەستاون و لەپشت ئەوانەوە کۆمەڵیک سەرباز وەستاون و فیشەک بە پشتە ملیانەوە دەنێن. ئەوە لە کانە بەردێکدا ڕوودەدات و لە سەر و یەهودی و سەربازەکانەوە، لەسەر لێواری ناو دیوارێک، ئەفسەرێک دانیشتووە. جۆلانێ بە قاچی دەکات و جگەرە دەکێشێت. کەمێک مڕومۆنانە تەماشا دەکات. ڕەنگە ڕوودانەکەی پێ خاو و خلیچک بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاسودەییەک، تەنانەت ئارەزوویەک لەسەر ڕووخسارێتی، ڕەنگە لەبەرئەوە بێت، کە لانی کەم کاری ڕۆژانە جێبەجێ دەکرێت و بەم زوانە ئیش تەواو دەبێت. ئەو ڕقی لە یەهودیەکان نییە. ئەو یەکێک نییە ...))

((ئەو کەسە تۆ بوویت؟ تۆ لەسەر لێوارەکە دانیشتبوویت و ...))

ماشێنەکەی ڕاگرت. دەمووچاوی سەرتاپا سپی هەڵگەڕابوو و خاڵەکەی سەر لاجانی شەوقی دەدایەوە.

((بۆ دەرەوە!))

من دابەزیم. بە جۆرێک پێچی کردەوە، کە پێویست بوو من بازێک بە لادا هەڵدەم. لە پێچەکانی داهاتوشدا گوێم لێی بوو. پاشان دنیا بێدەنگ بوو.

من بە جادەکەدا هەڵگەڕام. نە ئوتومبێل پێشی دامەوە و نە ئوتومبێل ڕووبەڕووم هات. گوێم لە باڵندە و بای ناو درەختەکان و تاو نا تاوێکیش هاشەی چەمێک بوو.

هەناسەیەکی ئاسودانەم هەڵکێشا و پاش چارەگە سەعاتێک گەیشتمە کەمپەکە.

# پانزه

لەم دواییەدا جارێکی دیش بۆ ئەوێ ڕۆیشتووم. زستان بوو، ڕۆژێکی ساف و سارد. لەپشت ((شیرمێک)) ەوە غاباتەکە بەفری بەسەردا کەوتبوو، درەختی سپی و زەوی سپی داپۆشراو. دەشتی کەمپەکە، کە ئەرزەیەکی درێژۆکە بوو بەسەر تەلانێکی لێژەوە و دیمەنێکی بەرینی چیاکانی ((ڤۆسیجس)) ی لێوە دیار بوو، بەو سپێتییەی خۆیەوە کەوتبووە ژێر ڕۆشنایی خۆرەوە. تەختە شین و مەیلەوخۆڵەمێشی ڕەنگ کراوەکانی قوولە دوو نهۆمی و سێ نهۆمییەکان و کوختە یەک نهۆمییەکان جیاوازی خۆیان بەشێوازێکی دۆستانە لەگەڵ بەفرەکەدا نمایش دەکرد. بێگومان لەویادا دەروازەیەکی بە تەلی کارەبایی تەنراو و بۆردێک بەسەریەوە ((کەمپی شتروتهۆف- ناتسڤایلەر)) و بەدەوری کەمپەکەدا پەرژینێکی دوو ڕیزی لە تەلی دڕکاوی هەبوون. ئەو زەویە بەتاڵانەی، کە وەختی خۆی کوختە بە کوختە تەبک بەتەنیشت یەکەوە لەسەریان ڕاوەستا بوون، ئێستە لە مابەینی ئەو کوختانەی کە هێشتا مابوون، لەژێر پێخەفە بەفرینە بریسکە دارەکەدا، ڕێیان نەدەدا هیچ نیشانەیەک بناسرێتەوە. ئەو جێی دەشیا لێژگەیەکی بەفرەخلیسکێنە بێت بۆ منداڵان، کە لە کوختە ڕووخۆشەکاندا بە پەنجەرە تیغە دارەکانیانەوە، پشووی زستان بەسەر دەبەن و ئێستا نا ئێستا بۆ کێک و شوکولاتەی گەرم بانگی ژووری دەکرێن.

کەمپەکە داخرابوو. لەبەرئەوە بەناو بەفرەکەدا خۆم بە چواردەوریدا کێش کرد و پێیەکانم تەڕ بوون. توانیم سەیری تەواوی ئەرزەکە

بکەم و لەیادم مابوو، کە ئەوکات، لە سەردانی یەکەممدا، چۆن بەسەر پلیکانەکاندا، کە بە بەینی دیوارە بنچینەییەکانی کوختە لابراوەکاندا دەڕۆیشتنە خوار، بە ناویدا ڕۆیشتبووم. کوورەکانی تایبەت بە لاشە سوتاندنیشم لەیادە، کە ئەوکات لەناو کوختەیەکدا نیشان دەدران و ئەوەشم لەیادە، کە یەکێک لە کوختەکانی دی ئینفیرادی بوو بوو.

هەوڵە بێ هودەکەی ئەوسام لەیاد بوو، کەمپێکی پڕ دیل و تیمی پاسەوانی و ئازارەکان بە شێوازێکی کۆنکرێت وێنا بکەم. من بەڕاستی هەوڵی خۆممدا، تەماشای کوختەیەکم کرد، چاوم لێکنان و کوختەم بە تەنیشت کوختەوە لەپێش خۆم ڕیز کردن. ناوەوەی کوختەیەکم پێوا، لە ئەنجامەکەیەوە سەرنشینەکانیم حیساب کرد و تەنگەبەرییەکەییم هێنایە پێش چاوی خۆم. پێم گوترا، پلیکانەی بەینی کوختەکان بۆ شوێنی ڕاوەستانی دیلەکان لەکاتی بانگهێشکردنیاندا سوودیان لێ وەرگیراوە و لە خوارەوە بۆ ئەو سەری سەرەوەی کەمپەکە بە پشت پڕ بوونەتەوە.

بەڵام هەموو ئەو شتانە بێ هودە بوون و هەستێکی شکست و جێی سکاڵا و شەرمەزاریم هەبوو. لە گەڕانەوەمدا، لە خوار قەدپاڵەکەوە، بەرانبەر بە ڕێستۆرانتێک خانوویەکی بچکۆلانەم دۆزیەوە، کە بۆ شوێنی ((بەگاز کوشتن)) بەکارهێنرابوو. بۆیاخی سپی کرابوو و دیوار و پەنجەرەکانی بەردی لمینیان تێ گیرابوو و دەشیا تەویلەیەک یاخود بارێک بێت یان بینایەکی نیشتەجێی بۆ خزمەتکارانی ماڵێک.

ئەم خانووەش داخرابوو و لەیادم نەبوو، ئەوسا ڕۆیشتبێتمە ناوەوەی. لە ئوتومبێلەکە دانەبەزیم. بۆ ساتێک، بێ ئەوەی ئوتومبێلەکە بکوژێنمەوە، دانیشتم و تەماشام کرد. پاشان ڕۆیشتم. سەرەتا لەوە

سڵم دەکردەوە، لەسەر ڕێی ماڵەوەمدا بەناو گوندەکانی ((ئێلزاس)) دا بسوڕێمەوە و بۆ ژەمی نیوەڕۆ بەدوای ڕێستۆڕانتێکدا بگەڕێم. بەڵام سڵەکەم لەسایەی هەستێکی ڕاستەقینە نەبوو، بەڵکو تێفکرینێک، کە ئایا پیاو لەسەری فەرزە لەپاش سەردانی کەمپێکی ئەوها هەست بە چی بکات. خۆم هەستم بەوە کرد، شانم هەڵتەکاند و لەگوندێکی قەدپاڵی ((ڤۆسیجس)) دا ڕێستۆرانتێکم بە ناوی ((ئۆ پتی گاغسۆ)) وە دۆزیەوە. لەسەر مێزەکەمەوە دیمەنی پێدەشتەکە دیار بوو.

((کوڕیژگە))، هانا ئەوها ناوی بردبووم.

لەسەردانی یەکەممدا بەناو ئەرزی کەمپەکەدا گەڕام، هەتا داخرا. پاشان لەژێر ئەو پەیکەرەدا دانیشتم، کە لەسەرو کەمپەکەوە وەستاوە و سەر بەرەو خوار لە ناوچەی کەمپەکە دەڕوانێت. لەناخمدا هەستم بە بەتاڵییەکی گەورە دەکرد، وەک ئەوەی نەک لە دەرەوە، بەڵکو لە ناوەوەی خۆمدا بەدوای ڕوونیدا گەڕابێتم و پەیم بەوە بردبێت، کە لە ناو خۆمدا هیچ شتێک نادۆزرێتەوە.

پاشان دنیا تاریک بوو. پێویست بوو کاتژمێرێک چاوەڕێ بکەم، هەتا لۆریەکی بچووکی پشت بەتاڵ ڕێی پێ دام، لەسەر ڕووبەری بارەکە دانیشم و تا گوندی داهاتوو گەیاندمی و منیش کۆڵم دا و بڕیارمدا لە ڕۆژی داهاتوودا بە دەست ڕاگرتن بگەڕێمەوە. لە میوانخانەی گوندێکدا ژوورێکی هەرزان بەهام دۆزیەوە و لە ڕێستۆرانتێکدا ستیکێکی تەنکم بە فینگەرچیپس و نۆکەوە خوارد.

لەسەر مێزێکی دراوسێم چوار پیاو یاری کاغەزیان دەکرد. دەرگاکە کرایەوە و پیرەمێردێکی بچکۆلە بێ سڵاو هاتە ژوور. شۆرتی لە پیادا بوو و قاچێکی تەختەی هەبوو. لەسەر بارەکە داوای بیرەی کرد. پشت و کەللە سەرە ئێجگار گەورە و کەچەڵەکەی کردە مێزی

دراوسێکەم. ئەوانەی یاری کاغەزیان دەکرد، کاغەزەکانیان دانا، دەستیان بۆ ناو تەپڵەکی جگەرەکان برد، فیلتەرەکانیان دەرهێنا، لە پیرەمێردەکەیان دەگرت و دەیانپێکا. پیرەمێردی سەر بارەکە دەستی بەم لاو ئەو لای پشتە سەریدا دەوەشاند، وەک ئەوەی بیەوێت مێشێک ڕاو بنێت. بارمانەکە بیرەکەی بۆ دانا. کەس هیچی نەگوت.

من چیتر سەبرم نەما، هەڵبەزیمە سەر پێ و چوومە بەردەمی مێزەکەی دراوسێم.

((واز بهێنن!))

من لە تاو قێز هاتنم دەلەرزیم. لەو لەحزەیەدا پیرەمێردەکە بە هەڵەداوان و هەڵبەز و دابەزەوە هاتە پێشەوە، دەستی بۆ قاچی کوتا و لەناکاو قاچە تەختەکەی لە هەر دوو دەستیدا گرتبوو، قاچە تەختەکەی بە ناڵەیەک بە مێزەکەدا دا، کە پەرداخ و تەپڵەکەکان کەوتنە سەما، خۆی بەسەر کورسیەکی بەتاڵدا دا. لەگەڵ ئەوەدا بە دەمی بێ ددانیەوە پێکەنینێکی زیکن پێدەکەنی و ئەوانی دیش لەگەڵیدا پێدەکەنین، قاقایەکی بەگرمەی پاش بیرە.

((واز بهێنن!))، ئەوەیان بە پێکەنینەوە دەگوتەوە و پەنجەیان دەخستە سەر من، ((وازبهێنن!))

لە شەودا با بەدەوری بیناکەدا لوورەی دەهات. سەرمام نەبوو، لوورەی بایەکە و کرتەکرتی درەختی پێش پەنجەرەکە و داخستەنەوەیەکی ناوبەناوی پەنجەرەیەک هێند بەرز نەبوون، کە نەمتوانیبایە بخەوم. بەڵام ناخم هەر دەهات و نائارامتر دەبوو، هەتا سەرتاپای جەستەم کەوتە لەرزین.

دەترسام، نەک لە چاوەڕوانی ڕووداوێکی خراپ، بەڵکو لە باری فیزیایی مێشکم. لەویادا کەوتبووم، گوێم بۆ بایەکە ڕادێرا بوو،

کاتێک لاواز تر و هێور تر دەبوو، منیش هەستم بە بارسوکی دەکرد، لە بەگەڕ هاتنەوەیەکی سەرلەنوێی دەترسام و نەمدەزانی، چۆن لە ڕۆژی داهاتوودا بەخەبەر بێم، بگەڕێمەوە، درێژە بە خوێندن بدەم و ڕۆژێک لە ڕۆژان خاوەنی پیشەو ژن و منداڵ بم.

من دەمویست تاوانەکەی هانا تێ بگەم و هەمانکاتیش مەحکومی بکەم. بەڵام بۆ ئەم مەبەستە تاوانەکەی ئێجگار جەرگ بڕ بوو. کاتێک هەوڵم دەدا تێی بگەم، هەستم دەکرد، کە چیتر ناتوانم بەو شێوەیەی، کە شایستەی مەحکوم کردن بوو، مەحکومی بکەم. کاتێک بەو شێوەیەی، کە شایستەی مەحکوم کردن بوو، مەحکومم دەکرد، بەشی تێگەیشتنی تیادا نەدەما. بەڵام هەمانکاتیش دەمویست لە هانا بگەم؛ لێ تێنەگەیشتنی واتای ئەوە بوو، سەرلەنوێ خیانەتی لێ دەکەمەوە. ئەو مەسەلەیەم بۆ تێنەپەڕێنرا. دەمویست بەرەنگاری هەردووکیان ببمەوە؛ تێگەیشتن و مەحکوم کردنیش. بەڵام هەردووکیان پێکڕا ئەستەم بوون.

ڕۆژی داهاتوو دووبارە ڕۆژێکی دڵفڕێنی هاوین بوو. دەست ڕاگرتن لە ئوتومبێل ئاسان بوو و بە چەند کاتژمێرێک گەیشتمەوە. بەناو شاردا ڕێم کرد، وەک ئەوەی لەمێژ بێت بە جێم هێشتبێت؛ شەقام و خانوو و مرۆڤەکانم پێ نامۆ بوون. بەڵام بەهۆی ئەوەوە دنیای نامۆی کەمپەکە لێم نێزیک تر نەببۆوە. سەرنجم لەسەر ((شتروتهۆف)) هاودەمی ئەو چەند وێنەیەی ((ئاوشڤیتس)) و ((بێرکنا)) و ((بێرگ بێلزن)) ی ناو مێشکمیان کرد و لەگەڵیاندا چەقبەستی کرد.

# شانزه

کەچی هەر ڕۆیشتمە لای سەرۆک دادوەرەکە. نەمدەتوانی بڕۆمە لای هانا. بەڵام لە تواناشمدا نەبوو هیچ نەکەم.
لەبەرچی نەمتوانی لەگەڵ هانا قسە بکەم؟
ئەو بەجێی هێشتبووم، فریوی دابووم، ئەو کەسە نەببوو، کە من تیایدا بینیبووم یان بەخەیاڵ هەڵمبەستبوو. ئەی من بۆ ئەو کێ ببووم؟ خوێنەوەرە بچکۆلەکە، کە بۆ خۆی بەکار هێنابوو، ئەو کەسە لاوەکییە ناگرنگەی، کە بەتەنیشتیەوە خەوتبوو و خۆشی خۆی لێ بینیبوو؟ ئایا منیشی ڕەوانەی ناو گازەکە نەدەکرد، ئەگەر بیویستایە لەکۆڵ خۆییم بکاتەوە، بەڵام نەیتوانیبایە بەجێم بهێڵێت؟
لەبەرچی تەحەمولم نەدەکرد، هیچ نەکەم؟
من بە خۆمم گوت، دەبێت ڕێ لە حوکمێکی هەڵە بگرم، دەبێت کارێک بکەم، عەدالەت ڕوو بدات، بەبێ گوێدانە درۆ گەورەکەی ژیانی هانا، عەدالەتێکی وەک چۆن دەڵێیت لەبەرژەوەندی هانادا و هەم لە دژی هاناش. بەڵام بۆ من بە ڕاستی مەسەلە عەدالەت نەبوو. نەمدەتوانی لە هانا، بەو شێوەیەی، کە هەیە و دەیەوێت ببێت، بگەڕێم. دەبایە دەستی تێوەردەم، بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەریم لەسەری هەبێت، ئەگەر ڕاستەوخۆ نەبێت، ئەوا ناڕاستەوخۆ.
سەرەک دادوەرەکە گروپی سیمینارەکەی ئێمەی دەناسی و بەخۆشحاڵییەوە ئامادە بوو، لەپاش دانیشتنێکی خۆی بۆ گفتوگۆیەک پێشوازیم لێ بکات. لە دەرگام دا، بانگ کرامە ژوورێ، سڵاوم لێ کراو داوام لێ کرا، لەسەر کورسیەک لە پێش مێزی نووسینەکەدا دانیشم.

ئەو بە کراسێکی قۆڵ هەڵکێشراوەوە لە پشت مێزی نووسینەکەوە دانیشتبوو. ڕۆبەکەی بەسەر پاڵپشت و دەسکی کورسیەکەیدا شۆڕ ببۆوە؛ بە ڕۆبەکەیەوە دانیشتبوو و پاشان بە دانیشتنانەوە ڕۆبەکەی لە خۆی داماڵی بوو. ڕووی لە گرژ نەدەچوو؛ پیاوێک، کە ئیشی ڕۆژانەی بەجێ هێناوە و پێی ئاسودەیە. بەبێ ڕووخسارە سەراسیمەکەی، کە لەکاتی پرۆسەکەدا لە پشتیەوە سەنگەری دەگرت، دەمووچاوێکی ئیداریانەی، خۆش ڕووی، ژیری، بێوەی، هەبوو. دەستی کردە دەمەتەقێ و پرسیاری ئەمەو ئەوەی لێ کردم.

گروپی سیمینارەکەمان سەبارەت بە پرۆسەکە چۆن بیر دەکاتەوە؟
پرۆفیسۆرەکەمان نیازی هەیە چی لە پرۆتۆکۆلەکان بکات؟
ئێمە لە قۆناغی چەند داین؟
من لە قۆناغی چەند دام؟
بۆچی یاسا دەخوێنم؟
کەی دەمەوێت تاقیکردنەوەکانی کۆتایی بکەم؟

لە هیچ حاڵەتێکدا نابێت درەنگ خۆم بۆ تاقیکردنەوەکان ناونووس بکەم.

من وەڵامی هەموو پرسیارەکانیم دایەوە. پاشان گوێم بۆ باسی خوێندن و تاقیکردنەوەکانی ڕادێرا. هیچ شتێکی بە هەڵە نەکردبوو. لە کاتی خۆیدا بە سەرکەوتووییەکی بەرچاوەوە ڕاهێنانە داواکراوەکان و لە کۆتاییدا تاقیکردنەوەکانی کۆتایی بەجێ هێنابوو. وەک مافناس و دادوەر حەزی لە ئیشەکەی خۆی بوو و ئەگەر پێویستی بکردایە، ئەوەی کردوویەتی، جارێکی دی بیکاتەوە، ئەوا بە هەمان شێوە دەیکردەوە.

پەنجەرەکە کرابووەوە. لە گەراجی ئوتومبێلەکاندا هەر دەرگا بوو دادەخرایەوە و هەر ماشێن بوو سلفی لێ دەدرا. گوێم لە ئوتومبێلەکان بوو، هەتا هاشەی هاتو و چۆ فرەفرِی قوت دەدان. پاشان منداڵان لەناو پارکە چۆڵەکەدا یاری و دەنگە دەنگیان

دەکرد. تاو نا تاو وشەیەک تەواو بە ڕوونی تێ دەگەیشتیت: ناوێک، جنێوێک، بانگێک.
سەرۆک دادوەرەکە هەستایە سەر پێ و ماڵئاوایی لێ کردم. گوتی، ئەگەر پرسیاری دیم هەبێت، بە خۆشحاڵیەوە دەتوانم دووبارە بێمەوە لای. ئەگەر پرسیاریشم سەبارەت بە خوێندن هەبوو، هەروەها. با گروپی سیمینارەکەش هەڵسەنگاندنەکەی خۆیانیان سەبارەت بە پرۆسەکە پێ ڕابگەیەنن.
من بەسەر پارکە چۆڵەکەدا ڕۆیشتم. داوام لە مێرد منداڵیکێ کەمێک گەورە کرد، ڕێگای وێستگەی شەمەندەفەرەکەم بۆ وەسف بکات. ئوتومبێلەکەی هەموومانی بەکۆمەڵ دەبردەوە، ڕاستەوخۆ پاش دانیشتنەکە گەڕابۆوە، منیش دەبایە بە شەمەندەفەر بگەڕێمەوە. شەمەندەفەرێکی گەڕۆکی، ئێوارانی پاش ئیش بوو؛ لە هەموو وێستگەیەک دەوەستا، خەڵک دادەبەزین و سەردەکەوتن، من لە جێی بەر پەنجەرەیەکدا دانیشتبووم، بە ڕێبواری دی و گفتوگۆ و بۆن، ئابلۆقە درابووم. لە دیوی دەرەوە، شەقام، خانوو، ئوتومبێل، درەخت، بە بەردەممدا تێ دەپەڕین و لە دووریشەوە، چیا، قەڵا، کانە بەرد. پەیم بە هەموو شتێک دەبرد و هەستم بە هیچ نەکرد. چیتر دڵ شکاوی ئەوە نەبووم، کە هانا جێی هێشتبووم، فریوی دابووم، بەکاری هێنابووم. چیتر پێویستیشی نەدەکرد، دەست لە هانا وەردەم. هەستم کرد، ئەو بەنجییەی، کە پێوەی، شوێن سامناکییەکانی پرۆسەکە کەوتبووم، لەسەر هەست و نەستەکان و خەیاڵەکانی هەفتەکانی ڕابردووم دەنیشێت. زیادەڕەویە، ئەگەر بڵێم، سەبارەت بەوە خۆشحاڵ بووم. بەڵام هەستم دەکرد، کە شتێکی هەڵە نەبوو. هەستمکرد، ڕێی ئەوەم بۆ دەکاتەوە، بگەڕێمەوە ناو ژیانی ڕۆژانە و تیایدا بەردەوامی بە ژیان بدەم.

## حەڤدە

کۆتایی مانگی حوزەیران حوکمەکە ڕاگەیەنرا. هانا حوکمی ئەبەدی درا. ئەوانی دی سزای بەندی کاتییان وەرگرت.
هۆڵی دادگاییەکە وەک سەرەتای پرۆسەکە پڕ بوو، ستافی مافناسی، خوێندکاری زانکۆکەی من و ئەوەی ئەو شارە، پۆلی خوێندنگایەک، ڕۆژنامەنووسی وڵات و دەرەوەی وڵات و ئەوانەی هەمیشە خۆیان دەگەیەننە هۆڵی دادگاکان. دەنگە دەنگێک بوو. کاتێک شکات لێکراوەکان هێنرانە ژووری، سەرەتا کەس سەرنجی پێ نەدان، بەڵام پاشان میوانەکان لاڵ بوون. سەرەتا ئەوانە بێ دەنگ بوون، کە لە جێیەکانی پێشەوە لای شکات لێکراوەکانەوە دانیشتبوون. تیزیان بە دراوسێکانیانەوە دەکرد و پاشان ڕوویان بۆ ئەوانە وەرگێڕا، کە لەپشتیانەوە بوون.
بۆ یەکدیان دەچرپاند: ((سەیرکەن!)) و ئەوانەش، کە تەماشایان کرد، بێدەنگ بوون، تیزیان بە دراوسێکانیانەوە کرد، ڕوویان بۆ ئەو پیاوانە وەرگێڕا، کە لە پشتیانەوە بوون و دەیانچرپاند: ((سەیرکەن!)). لە کۆتاییدا سەرتاپای هۆڵی دادگاکە بێ دەنگ بوو.
من نەمدەزانی، ئاخۆ هانا دەزانێت، ڕووخساری چۆنە و ئاخۆ تەنانەت لەوانە بوو خۆی بیەوێت ڕووخسای ئەوها بێت. قاتێکی ڕەش و کراسێکی سپی لەبەردا بوو و یەخەی قاتەکەیی و بۆینباخی سەر کراسەکەی وایان نیشان دەدا، بەرگی فەرمی لەبەردا بێت. من هەرگیز بەرگی فەرمی ئەو ژنانەی، کە بۆ (SS) کاریان کردووە،

نەمبینیوە، بەڵام پێم وا بوو و هەموو میوانەکانیش پێیان وا بوو، لەبەردەمماندایە؛ بەرگە فەڕمیەکە، ئەو ئافرەتەی تیایدا بۆ (SS) کاری کردووە، ئەو ئافرەتەی، هەموو ئەو شتانەی دەکرد، کە هانا لەسەریان شکاتی لێ کرابوو.

میوانەکان کەوتنەوە چرپەچرپ. زۆرێک لە خەڵکی- لێیان دەبیسترا - نیگەران بوون. پێیان وا بوو، پڕۆسەکە و حوکمەکە و خۆشیان، کە بۆ ڕاگەیاندنی حوکمەکە هاتبوون، لەلایەن هاناوە سوکایەتیان پێ کراوە. دەنگیان هەڵبڕی و هەندێکیان بانیگان لە هانا کرد و ڕای خۆیان بۆ دەربڕی. هەتا دادگا هاتە ناو هۆڵەکە و سەرۆک دادوەرەکە پاش نیگایەکی سەراسیمە لە هانا، حوکمەکەی ڕاگەیاند. هانا بەپێوە گوێی ڕاگرتبوو، لە پۆزێکی ڕێکدا و بەبێ هیچ جوڵەیەک. لەکاتی خوێندنەوەی هۆکاری حوکمەکەدا دانیشتبوو. من نیگام لەسەر سەر و پشتەملی لا نەدەبرد.

خوێندنەوەکە چەند کاتژمێرێکی خایاند. کاتێک پڕۆسەکە کۆتایی هات و شکات لێکراوەکان بران، چاوەڕێم کرد، ئاخۆ هانا ڕوویەکم تێ دەکات. لەو جێیەدا دانیشتبووم، کە هەمیشە لێی دادەنیشتم. بەڵام ئەو ڕێکاوڕێک ڕووی لە پێشەوە کردبوو، بەشێوەیەک، وەک ئەوەی هەموو شتەکانی بەردەمی نەبینراوبن. نیگایەکی لووت بەرزانە، بریندار، دۆڕاو و ناکۆتا ماندوو. نیگایەک، کە نایەوێت هیچ کەس و هیچ شتێک ببینێت.

# بەشی سێیەم

# یەک

هاوینی پاش پرۆسەی دادگاییەکەم، لە سالۆنی خوێندنەوەی کتێبخانەی زانکۆدا، بەسەر برد. کاتێک دەکرایەوە، من دەهاتم و کاتێکیش دادەخرا، دەڕۆیشتم. ڕۆژانی شەممان و یەک شەممان لە ماڵەوە دەمخوێند. بە شێوازێکی هێند سەخت، هێند خولیایانە دەم خوێند، هەست و نەست و خەیاڵەکانم، کە پرۆسەکە بەنجی کردبوون، هەر بە بەنجبوویی مانەوە. خۆم لە هەر پەیوەندییەک دوور ڕادەگرت. ماڵەوەم جێ هێشت و ژوورێکم بەکرێ گرت. ئەو هەندە ناسیاوەم، کە لە سالۆنی خوێندنەوە یان جار نا جارێک لە سەردانێکی سینەمادا قسەیان لەگەڵ دەکردم، لە خۆ تەرە دەکرد.
لە نیوەی ساڵی خوێندنی زستانیشدا، هەڵسوکەوتم نەگۆڕا، لەگەڵ ئەوەشدا لێیان پرسیم، ئاخۆ دەمەوێت لەگەڵ گروپێک خوێندکار لەماوەی پشووی کریسمسدا بۆ کوختەیەکی تایبەت بە بەفرە خلیسکە بڕۆم. منیش بە شێوازێکی سەراسیمەوە داوەتەکەم قبووڵ کرد.
من سکی بازێکی باش نەبووم. بەڵام حەزم لێی بوو و لەگەڵ سکی بازە باشەکاندا دەردەچووم. هەندێک جار لە دەرچوونەکاندا مجازەفەم دەکرد، کە لەڕاستیدا لە ئاستی توانستی من بەرز تر بوون؛ کەوتن و شکان. لەئەنقەست ئەوەم دەکرد. مجازەفەکەی دیم، کە کردم و دواجاریش هاتەدی، ئەسڵەن پەی پێ نەبرد؛ من هەرگیز سەرمام نەبوو. لەکاتێکدا ئەوانی دی لە بلوس و قەمسەڵەدا سکیان لێ دەخوڕی، من بە کراسێکەوە لێم دەخوڕی.

ئەوانی دی لەسەر ئەوە سەریان ڕادەوەشاند. بەڵام من ئاگادار کردنەوە خەمۆکیەکانیشیانم بە جدی وەر نەدەگرت. ئیدی من وەک خەڵکانی دی ڕەق نەدەبوومەوە. ئەوەی، کە کەوتمە کۆکین، بەسەر جگەرە نەمساویەکانمدا هێنا. کاتێک تام لێهات، چێژم لە باری خۆم دەبینی. لاواز بووم و هەمانکاتیش سووک، سەرنجی هەستیارەکانم بە شێوازێکی ئاسودە بەخشانە کپ و فشەڵ و چێوەدار بوون. بەسەر ئەرزەوە مەلەم دەکرد.

پاشان تایەکەم بەرز بۆوە و برامە نەخۆشخانە. کاتێک نەخۆشخانەکەم جێ هێشت، بەنجییەکەم ئەسەری نەمابوو. هەرچی پرسیار و ترس و سکاڵا و خۆ تاوانبارکرنەکان هەیە، هەرچی قێزەونی و ئازار هەیە، کە لەکاتی پرۆسەکەدا تەقیبوونەوە و دەستبەجێ بەنج کرا بوون، گەڕانەوە و ماشنەوە. من نازانم، پزیشکەکان چ نەخۆشیەکیان دەستنیشان کرد؛ ئەگەر یەکێک سەرمای نەبێت، ئەگەرچی دەشبایە سەرمای بێت. بەڵام دەستنیشان کردنی خۆم ئەوەیە، کە بەنجییەکە پێویست بووە، بەرلەوەی بەرم بدات و بەرلەوەی من دەستبەرداری بم، دەست بەسەر جەستەشمدا بگرێت.

کاتێک خوێندنم تەواو کرد و دەستم بە مەشقی مامۆستایی کرد، هاوینی بزووتنەوەی خوێندکاران هاتە پێشەوە. من حەزم لە مێژوو و کۆمەڵناسی بوو و وەکو کەسێک، کە لە مەشقی مامۆستاییدا بێت، بەشی ئەوەندەم، کە فریای هەموو شتەکان بکەوم، لە زانکۆدا دەبردە سەر، فریاکەوتن واتای بەشداریکردن نەبوو- لە خوێندنی باڵاو ڕێفۆرمی خوێندنی باڵا وەک هێندەی ڤێتنامی و ئەمەریکیەکان بێباک بووم. بۆ مەسەلەی سێهەم و ڕاستەقینەی بزوتنەوەی خوێندکاران؛ ناکۆکی لەگەڵ ڕابردووی سۆسیالیستی نەتەوەیی (نازی) ، هەستم بە مەودایەک دەکرد لەبەینی خۆم و خوێندکارەکانی دیدا، بەجۆرێک،

کە نەمدەویست لەگەڵیاندا گێرە شێوێنی و خۆپیشاندان بکەم.
هەندێ جار وا بیر دەکەمەوە، ناکۆکی لەگەڵ ڕابردووی سۆسیالیستی نەتەوەیی هۆی ناکۆکی ئەو نەوەیە نەبوو، بەڵکو شێوازی دەربڕینی ئەو نەوەیە، کە وەک هێزی بزواندنی بزوتنەوەی خوێندکاران هەستی پێ دەکرا. چاوەڕوانیەکانی دایک و باوکان، کە دەبایە هەموو نەوەیەک خۆیان لێ ڕزگار بکات، تەنها بەوە کۆتایی پێ دەهات، کە ئەو دایک و باوکانە لە ڕایشی سێهەم یان لانی کەم لەپاش کۆتایی ڕایشی سێهەم شکستیان هێنابوو. ئەوانە، کە تاوانە نازیەکانیان کردبوو یان تەماشایان کردبوو، یان چاو پۆشیان لێ کردبوو یان ئەوانەیان پاش 1945 لەناو خۆیاندا ڕاگرتبوو یان تەنانەت قبووڵ کردبوو، چۆن دەشیا هیچ پەیامێکیان بۆ منداڵەکانیان هەبێت؟ بەڵام لەلایەکی تریشەوە ڕابردووی سۆسیالیستی نەتەوەیی بابەتێک بوو بۆ ئەو مندالانەی، کە نەیاندەتوانی یان نەیاندەویست دایک و باوکانیان تۆمەتبار بکەن. ناکۆکی لەگەڵ ڕابردووی ((نازی)) دا بۆ ئەوان جەستەی ناکۆکی ئەو نەوەیە نەبوو، بەڵکو کێشەیەکی ڕاستەقینە بوو.
تاوانی بە کۆمەڵ لەڕووی مۆڕاڵی و مافناسییەوە چی تیادا بێت یاخود نەبێت- بۆ خوێندکارەکانی نەوەی من، حەقیقەتێکی ژیاو بوو. مەسەلە تەنها ڕووداوەکانی ڕایشی سێهەم نەبوو. ئەوەی کە چێلی قەبری یەهوودیەکان خاچیان لەسەر دەکێشران، ئەوەی، کە ئەو هەموو نازیانە لە دادگاکان و فەرمانگەکان و زانکۆکاندا سەرکەوتنی پیشەییان بەدەست دەهێنا، ئەوەی کە ((کۆماری ئەڵمانیا)) دانی بە دەوڵەتی ئیسرائیلیدا نەنا، ئەوەی کە کۆچ و بەرهەڵستی کەم تر وەک لە ژیانی ناو لاسایی کردنەوەکان بەدەست دەگەیشتن- ئەو هەموو شتانەی ئێمەیان پڕ دەکرد لە شەرم، ئەگەرچی دەشمانتوانی

پەنجە بخەینە سەر خەتا بارەکان. پەنجە خستنە سەر خەتا بارەکان لە شەرمەزاری ڕزگاریان نەدەکردیت. بەڵام ئازارەکانی تێ دەپەڕاند. ئازاری شەرمەزارییەکەی دەکردە وزە و چالاکی و تووڕەهاتی. بەتایبەت ناکۆکیەکانی گەڵ دایک و باوکە خەتا بارەکان پڕوزە بوون.

من نەمدەتوانی پەنجە بخەمە سەر هیچ کەسێک. هەر نەمدتوانی پەنجە بخەمە سەر دایک و باوکم، لەبەرئەوەی نەمدەتوانی تۆمەتباری هیچ شتێکیان بکەم. ئەو جۆش و خرۆشییەی، کە وەختی خۆی تیامدا وەک بەشداربوویەکی سیمیناری تایبەت بە ((مۆڵگەکان)) بۆ شەرمەزاری باوکمم حوکم دابوو، تیامدا ون بوو بوو، پێم عەیب بوو. بەڵام ئەو شتانەی کەسانی دەوری کۆمەڵگای من کردبوویان و خۆیان پێ تاوانبار کردبوو، هەمووی پێکرا وەک ئەو کارانە خەراپ نەبوون، کە هانا کردبوونی. لەڕاستیدا دەبایە من پەنجە بۆ هانا درێژ بکەم. بەڵام پەنجە خستنە سەر هانا بۆ خودی خۆم دەگەڕایەوە. من ئەوم خۆشویستبوو. تەنها خۆشم نەویستبوو، هەڵیشم بژاردبوو. هەوڵم دەدا بە خۆم بڵێم، کە من، کاتێک هانام هەڵبژاردووە، هیچم سەبارەت بەو شتانە نەزانیوە، کە ئەو کردبوونی. هەوڵم دەدا خۆم بهێنمە سەر قەناعەتی بارودۆخی بێتاوانیەک، بارودۆخێک، کە تیایدا مندالان دایک و باوکی خۆیانیان خۆشدەوێت. بەڵام خۆشەویستی بۆ دایک و باوک تاکە خۆشەویستییە، کە مرۆڤ لێی بەرپرس نییە.

لەوانەشە مرۆڤ لە خۆشەویستی بۆ دایک و باوکیشی بەرپرسیار بێت. ئەوسا ئیرەییم بەو خوێندکارانە دەبرد، کە خۆیان لە دایک و باوکانیان و لەگەڵ ئەوەدا لە سەرتاپای نەوەی تاوان کار و تەماشا کار و چاوپۆشیلێکەر و ڕاگر و قبووڵکەر ڕزگار دەکرد و، لە ڕێی ئەوەوە ئەگەرچی شەرمەزاریەکەیان تێ نەدەپەڕاند، بەڵام

ئەشکەنجەی شەرمەزاریەکانیان تێ دەپەڕاند. بەڵام ئەو عەدالەتە خۆبەخۆییە نمایشییە، کە من هێند زۆر لەواندا توشی دەبووم، لە کوێوە دەهات؟ مرۆڤ چۆن دەتوانێت هەست بە خەتاو شەرمەزاری بکات و هەمانکاتیش پۆز بە حەقێکی خۆ بەخۆوە لێ بدات؟ خۆ ڕزگارکردن لە دایک و باوکان تەنها موبالات، دەنگەدەنگ، قڕەقڕ بوو، بۆئەوەی ئەوە دیار نەمێنێت، کە لەگەڵ خۆشەویستی بۆ دایک و باوکانیان تێوە گلانیان لە تاوانی ئەواندا بەجۆرێکی حاشا هەڵنەگر دەهاتە کایەوە؟

ئەمانە فکری دواترمن، بەڵام هەر دواتریش دڵ نەواییەک نەبوون. چۆن دەبایە ئەوە دڵنەواییەک بێت، کە ئەشکەنجەی من لە خۆشەویستیمدا بۆ هانا تا ڕادەیەک چارەنووسی نەوەی من، واتا چارەنووسی ئەڵمانیا بوو، کە من بەزەحمەت تر لەوانی دی دەمتوانی خۆمی لێ دابڕێنم و تێی پەڕێنم؟ هەمانکاتیش ئەوسا بۆمن خەراپ نەدەبوو، ئەگەر لەتوانامدا بایە وا هەست بکەم، کە من سەر بە نەوەی سەردەمی خۆمم.

# دوو

من لەسەردەمی دەوامی ((موحەقیق عەدلی))مدا ژیانی هاوسەریم پێک هێنا. من و ((گێترورد)) لە کوختەی بەفرە خلیسکەکە یەکدیمان ناسی و کاتێک ئەوانی دی پاش کۆتایی هاتنی پشوو گەڕانەوە، گێترورد، هەتا من لە نەخۆشخانە ئیزن درام مایەوە و توانی لەگەڵ خۆیدا بمبات. ئەویش مافناس بوو؛ پێکەوە دەمانخوێند، پێکەوە لە تاقیکردنەوەکانی کۆتاییدا سەرکەوتوو بووین و پێکیشەوە دەستمان بە دەوامی موحەقیق عەدلی کرد. کاتێک گێرترود دووگیان بوو، زەواجمان کرد.

من هیچم سەبارەت بە هانا بۆ باس نەکرد. بە خۆمم گوت، کێ دەیەوێت سەبارەت بە پەیوەندیەکانی پێشوی بەرامبەرەکەی خۆی بزانێت، ئەگەر بێت و بەرامبەرەکەشت لەگەڵ هاتنەدی خواستی ئەو پەیوەندیانەش نەبێت؟ گێرترود کەسێکی زیرەک و لەبارابوو و دڵسۆز بوو و ئەگەر ژیانی ئێمە لەوەدا بایە کێڵگەیەکی وەرزێری بەڕێوە بەرین، بە چەندین کرێکار و کارەکەر و منداڵ و ئیشێکی زۆر بەبێ هەبوونی کات بۆ یەکدی، ئەوا ژیانمان بەختیار دەبوو و هاتبووە دی.
بەڵام ژیانمان ئەپارتمانێکی سێ ژووری تازە بنیاتنراوی گەڕەکێکی قەراخ شار بوو، لەگەڵ جولیای کچمان و ئیشی گێرترود و من لە دەوامی موحەقیق عەدلیدا. من هەرگیز دەستم لەوە هەڵنەگرتووە پێکەوە بوونم لەگەڵ گێرترود لەگەڵ پێکەوەبوونم لەگەڵ هانادا بەراورد بکەم. هەمیشە من و گێرترود یەکدیمان لە ئامێز دەگرتەوە و من وام هەست دەکرد، هەڵەیە، ئەو هەڵەیە، دەست لێدانی و

هەست پێکردنی هەڵەیە، تام و بۆنی هەڵەیە. من وامزانی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوە نامێنێت، هیوادار بووم، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوە نەمێنێت. دەمویست لە هانا ئازاد بم، بەڵام ئەو هەست کردنەم بە هەڵەیی، هەرگیز ون نەبوو.

کاتێک جولیا پێنج ساڵان بوو، ئێمە لێک جیابووینەوە. هەردووکمان لە تواناماندا نەمابوو، بەبێ ناخۆشی یەکدیمان بەجێهێشت و لە پەیوەندیەکی دڵسۆزانەدا ماینەوە. ئەوەی، کە ئێمە ئەو دڵنیاییەمان بە جولیا نەدەبەخشی، کە دیار بوو خوازیاری بوو، ئەشکەنجەی دەدام. کە من و گێرترود بەرامبەر بە یەک ئاشناو دۆستانە دەبووین، جولیا لەو بارودۆخەدا وەک ماسیەک لە ئاودا، مەلەی دەکرد. ئەو لە ئێلێمێنتی خۆیدا بوو. کاتێک لە نێوانماندا هەستی بە گرژی دەکرد، لەلای یەکێکمانەوە بۆ لای ئەوەی ترمان دەچوو و لەوەی دڵنیا دەکردینەوە، کە ئەزیزین و خۆشی دەوێین. خوازیاری برایەک بوو و بە هەبوونی چەند خوشک و برایەک خۆشحاڵ دەبوو. بۆ ماوەیەکی درێژ نەیدەزانی تەڵاق چییە و کاتێک لەماڵەوە سەردانم دەکردن، دەیویست بمێنمەوە و کاتێکیش خۆی سەردانی دەکردم، دەیویست گێرترودیش لەگەڵیدا بێت. کاتێک من دەڕۆیشتم و ئەوم لە پەنجەرەکەوە دەبینی و لەژێر نیگا غەمگینەکەیدا سواری ئۆتومبێلەکە دەبووم، دڵم دەشکا. هەروەها وام هەست دەکرد، ئەو شتەی، کە ئێمە لێمان زەوت دەکرد، تەنها خواستێکی ئەو نەبوو، بەڵکو مافی ڕەوای خۆی بوو. ئێمە لە مافی خۆیدا زوڵممان لێ کردبوو، لەوەدا کە لێک جودا ببووینەوە و ئەوەی، کە پێکڕا دوو بە دوو ئەوەمان کردبوو، تاوانەکەی دوو کەرت نەدەکرد.

لە پەیوەندییەکانی دواترمدا هەوڵم دەدا ڕێیەکی باشتر بگرم و باشتر پێیان تێ بنێم. قەناعەتم بە خۆم هێنابوو، کە دەبێت ئافرەتێک

دەست لێدان و هەست پێکردنی کەمێک وەک هانا بێت، تام و بۆنی کەمێک وەک هانا بێت، تاوەکو پێکەوە بوونەکەمان دروست بێت. باسم لە هاناش کردووە. بۆ ئافرەتەکانی دیم سەبارەت بۆ خۆم زیاتر وەک لەوەی بۆ گێرترودم گێڕابۆوە، گێڕاوەتەوە؛ دەبایە بتوانن وێنەیەک لەو شتانەی، کە لە هەڵسوکەوت و مەزاجەکانی مندا نامۆ دەردەکەوتن، بۆ خۆیان بکێشن. بەڵام ئافرەتەکان نەیاندەویست زۆر ببیستن.

هێلێنم هێشتا لەیادە، ئەدەب ناسێکی ئەمەریکی، کە لە کاتی گێڕانەوەمدا بەشێوازێکی ئاسودە بەخشانە دەستی بەسەر پشتمدا دەخشاند و بەهەمان شێوازی بێنوتقانەوە، کاتێک لە گێڕانەوە تەواو بووم، بەردەوام دەستی بەسەر پشتمدا خشاند.

((گێسینا))، ئافرەتێکی شیکاری دەرون ناسی، ڕای وا بوو، پێویستە من پەیوەندی خۆم لەگەڵ دایکمدا هەڵبسەنگێنم. ئایا من پەی بەوە نابەم، کە دایکم لەناو حیکایەتەکەمدا بەئاستەم دەردەکەوێت؟

((هیلکە))، پزیشکێکی ددان، چەندین جار سەبارەت بەو کاتانەی بەر لەبەیەک گەیشتنمانی دەپرسیەوە، بەڵام ئەو شتانەی من بۆم گێڕایەوە، هەر زوو لەیادی کرد. ئیدی بەو شێوەیە وازم لە گێڕانەوەکانم هێنایەوە. چونکە حەقیقەتی ئەوەی، کە مرۆڤ دەیڵێت، ئەوەیە، کە مرۆڤ دەیکات و هەربۆیە دەشتوانێت لە ((وتنەکە)) گەڕێت.

## سێ

کاتێک من دووەمین تاقیکردنەوەی کۆتاییم نووسی، ئەو پرۆفیسۆرەی، کە سێمیناری ( (مۆڵگەکان))ی سازاندبوو، مرد. گێرترود لە رۆژنامەدا چاوی کەوتە سەر بانگهێشتی پرسە نامەکەی. بەخاک سپاردنەکەی لە ( (گۆڕستانی چیا)) بوو. لێی پرسیم، ئاخۆ نامەوێت بۆ بەخاک سپاردنەکەی برۆم؟

من نەمدەویست. بەخاک سپاردنەکەی لە دوانیوەڕۆیەکی رۆژی پێنج شەممەدا بوو و منیش پیشنیوەڕۆیانی رۆژی پێنج شەممەو هەینی، تاقیکردنەوەم هەبوو، دەبوو ئەنجامیان بدەم. لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز من و ئەو پرۆفیسۆرە بەجۆرێکی تایبەت لێک نێزیک نەبوو بووین. هەروەها کەیفم بە بەخاک سپاردنیش نەدەهات. هەروەها نەشم دەویست پرۆسەکەم وەبیر بهێنرێتەوە.

بەڵام تازە درەنگ بوو بوو. یادەوەریەکە بەخەبەر هاتبوو. کە رۆژی پێنج شەممە لە تاقیکردنەوە هاتمە دەرێ، وام هەست دەکرد، ژوانێکم لەگەڵ ڕابردوودا هەیە، کە نابێت لە کیس خۆمی بدەم.

بە تراوما بۆ وێ ڕۆیشتم، شتێک، کە ئەگەر نا هەرگیز نەم دەکرد. ئەوە تەنیا ڕووبەڕوو بوونەوەیەک بوو لەگەڵ ڕابردوودا، وەک گەڕانەوەیەک بۆ شوێنێک، کە بەمرۆڤ ئاشنایە و تەنها ڕووخساری گۆڕیوە. کاتێک هانا لای هێڵی ترامواکان کاری دەکرد، تراموا بە دوو یان سێ گالیسکەوە هەبوون. لە پێش و دوای گالیسکەکاندا سەکۆ هەبوون و بە سەکۆکانەوە، کە مرۆڤ دەیتوانی پاش دەرچوونی ترامواکەش باز بداتە سەریان، پلیکانەی بچکۆلە هەبوون، هەروەها

گوریسێکیش لەم سەر بۆ ئەو سەری ترامواکە، کە جابیەکە بە ڕاکێشانێک ئاماژەی دەرچوونی بە شۆفێرەکە دەدا. هاوینان ترامواکان بە دەرگای کراوەوە لێ دەخوڕان. جابیەکە بلیتی دەفرۆشت، کون دەکرد، کۆنترۆڵ دەکرد، وێستگەکانی بانگەواز دەکرد، ئاماژەی دەرچوونی دەدا، چاوێکی لەسەر ئەو منداڵانە بوو، کە خۆیان بەرە و سەر سەکۆکان کێش دەکرد، لەو سەرنشینانە توڕە دەبوو، کە هەڵبەز و دابەزیان دەکرد و کاتێکیش گالیسکەکە فول دەبوو، نەی دەهێشت خەڵکانی دی سەرکەون. جابی ئەزەلی، پێکەنیناوی، جدی، دەم بە بۆڵەبۆڵ و توند و تیژ هەبوون و جەوی ترامواکە بەگشتی وەک سروشتی جابیەکە وابوو. چەند کارێکی گەوجانە بوو، کە من لەپاش موفاجەئە شکست خواردووەکەمدا لەسەر ڕێی ((شڤێتسینگن)) لەوە سڵەمی بوومەوە خۆم بۆ هانا- هانا وەک جابییەک- بنێمەوە و بیبینم.

من سواری تراموا بێ جابییەکە بووم و بۆ ((گۆڕستانی چیا)) ڕۆیشتم. ڕۆژێکی ساردی پایز بوو، بە ئاسمانێکی تەماوی بێ هەور و خۆرێکی زەردەوە، کە چیتر گەرمت ناکاتەوە و دەتوانیت چاوی تێبڕیت، بێ ئەوەی عەزێتت بدات. ماوەیەک گەڕام، هەتا ئەو قەبرەم دۆزیەوە، کە پرسەی بە خاک سپاردنەکەی تیادا دەکرا. بەژێر درەختی بەرز و ڕووتەندا، بەبەینی کێلی دێریندا ڕێم کرد. تاو نا تاوێک توشی باخەوانێکی گۆڕستانەکە یاخود پیرێژنێک دەبووم بە مەسینە ئاو و مقەستی باخەوانییەوە. دنیا تەواو ئارام بوو و هەر لە دوورەوە گوێم لە گۆرانیە ڕۆحییەکە بوو، کە لەسەر قەبری پرۆفیسۆرەکە دەگوترا.

من دوورا و دوور وەستام و کۆمەڵە گچکەکەی پرسەکەم هەڵسەنگاند. هێندێک لەناو ئەوانەدا ڕەبەن، گۆشەگیر و ڕەوشت سەیر دیار بوون.

لە وتارەکاندا سەبارەت بە پرۆفیسۆرەکە باس لەوە کرا، کە ئەو خۆی لە زۆرەملێیەکانی کۆمەڵگە دابڕیبوو و لەگەڵ ئەوەدا پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەدا پچڕا بوو، بەوەدا بوو بووە کەسێکی خۆ بەخۆ و لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکی گۆشەگیر.
من بەشدار بوویەکی ئەوسای سیمینارەکانی ((مۆڵگە)) م ناسیەوە؛ ئەو پێش من تاقیکردنەوەکانی کۆتایی دابوو، سەرەتا ببووە پارێزەر و پاشان بارِمان و لە قاپوتێکی درێژی سووردا، هاتبوو. کاتێک هەموو شتێک کۆتایی هات و من لەسەر ڕێی دەرچوونی گۆڕستانەکە بووم، ئەو دواندمی.
((من و تۆ پێکەوە لە سیمینارەکان بووین- لە یادت نەماوە؟))
((با))
تۆقەمان کرد.
((من هەمیشە چوار شەممان لە پرۆسەکە بووم و هەندێ جار تۆش بە ئوتومبێلەکەی من دەهاتیت.)) پێکەنی ((تۆ هەموو ڕۆژێک لەگەڵدا بوویت، هەموو ڕۆژێک و هەموو هەفتەیەک. ئێستە پێم دەڵێیت، بۆچی؟))
تێمرِاما، بە سروشتێکی باش و خۆ نانەوەیەکەوە و منیش هاتەوە یادم، کە ئەو نیگایە بوو لە سیمینارەکاندا سەرنجی ڕاکێشا بووم.
((من ئەو پرۆسەیە سەرنجی ڕاکێشا بووم.))
((تۆ ئەو پرۆسەیە سەرنجی ڕاکیشا بوویت؟)) بەپێکەنییەوە
((پرۆسەکە یان شکات لێکراوەکە، کە تۆ هەمیشە چاوت تێ بڕیبوو؟ ئەوەی، کە ڕووخسارێکی تەواو گونجاوی هەبوو. هەموومان لەخۆمان دەپرسی، ئاخۆ چ شتێک سەبارەت بە تۆو بەو لەئارادا هەیە، بەڵام کەس زاتی نەدەکرد، لە خۆت بپرسێت. مەگەر ئێمە ئەوسا هەموومان بەشێوازێکی سامناکانە بە شعور و شەریک غەم

نەبووین. بیرت ماوە ... ))
ئەو بەشدار بوویەکی تری سیمینارەکەی بەیاد هێنامەوە، کە دەمی دەیگرت و تەتەڵەی دەکرد و زمانی فسکن بوو و قسەیەکی زۆر و گەوجانەی دەکرد و ئێمەش، وەک ئەوەی قسەکانی زێڕ بن، گوێمان بۆ ڕادەدێرا. باسی لە بەشداربووی تری سیمینارەکە کرد، کە ئەوسا چۆن بوو بوون و ئێستە سەرقاڵی چین. ئەو هەر گێڕایەوە و گێڕایەوە. بەڵام من دەمزانی، لە کۆتاییدا جارێکی دی هەمان پرسیارم لێ دەکاتەوە: ئێ، ئێستە پێم ناڵییت چی سەبارەت بە تۆ و ئەو شکات لێکراوە لە ئارادا بوو؟
منیش نەمدەزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە، حاشای لێ بکەم، دانی پیادا بنێم، خۆمی لێ لادەم.
ئیدی گەیشتینە دەروازەی گۆڕستانەکە و ئەویش پرسیارەکەی خۆی کرد. لەو ساتەوەختەدا لە وێستگەکە تراموایەک دەردەچوو و منیش بە هاوارێک ماڵئاواییم لێ کرد و ڕام کرد، وەک ئەوەی بتوانم باز بدەمە سەر سەکۆی ترامواکە و بەتەنیش ترامواکەوە ڕام دەکرد و بە لەپە دەستم دەرگاکەم دەکوتایەوە و ئەو شتەی باوەڕ و هیچ هیوایەکم پێی نەبوو بوو، ڕوویدا. ترامواکە جارێکی دی وەستا، دەرگاکەی کرایەوە و منیش سەرکەوتم.

# چوار

دەبایە لەپاش دەوامی موحەقیق عەدلی، پیشەیەک هەڵبژێرم. ماوەیەک پەلەم لێ نەکرد؛ گێرترود دەستبەجێ وەک دادوەر دەستی پێ کرد، بەهەر چوار پەل سەرقاڵ بوو و ئیدی ئێمەش بەوە خۆشحاڵ بووین، من بتوانم لە ماڵەوە بمێنمەوە و مشوری جولیا بخۆم. کە گێرترود دژواریەکانی سەرەتای تێپەڕاند و جولیا ڕۆیشتە باخچەی ساوایان، بڕیاردان تینی بۆ هێنام.

مەسەلەکەم لەخۆم قورس کردبوو. لە هیچ یەکێک لەو ڕۆڵانەدا، کە تیایاندا من لە پڕۆسەکەدا مافناسم دژی هانا بینیبوو، خۆم نەدەبینیەوە. شکات وەک بەرگری، وەک ئاسانکاریەکی ناچیز دەهاتنە بەرچاوم و دادوەری کردنیش لەناو ئاسانکاریەکاندا ناچیز ترینیان بوو. خۆشم وەک فەرمانبەری حوکمیش نەدەبینی؛ لەکاتی دەوامی موحەقیق عەدلییەکەمدا لە ئەنجومەنی کانتۆن کارم کردبوو و ژوورەکان و ڕاڕەوەکان و بۆن و ڕەنگە ڕەساسییە فەرمیەکەیم پێ ڕووتەن و غەمگین بوو بوو.

لەویادا پیشەی مافناسی زۆر نەدەمانەوە و ناشزانم، ئەگەر پڕۆفیسۆرێکی مێژووی ماف، هەلی نەدامایەتێ لەلای ئیش بکەم، ئاخۆ چیم بکردایە. گێرترود دەیوت، ئەوە هەڵهاتنە، هەڵهاتنە لە بەرەنگاریەکان و بەرپرسیاریەکانی ژیان و ڕاستیشی دەکرد. من هەڵدەهاتم و هەستم بەبارسوکی دەکرد، کە دەتوانم هەڵبێم. بە خۆم و ئەویشم دەوت، خۆ بۆ هەتاهەتایی نییە، بەشی ئەوەندە گەنجم، تاکو بتوانم لەپاش چەند ساڵێک مێژووی ماف، دەست بدەمە هەر

پیشەیەکی مافناسی. بەڵام بۆ هەتاهەتایی بوو؛ یەکەمین هەڵهاتن هەڵهاتنێکی داهاتووی بەدوادا هات، کاتێک لە زانکۆوە گۆڕیم بۆ سەر ڕێکخراوێکی توێژینەوە و لەوێ لە کونجێک گەڕام و دۆزیمەوە، کە تیایدا توانیم شوێن ئارەزووەکانم سەبارەت بە مێژووی مافناسی بکەوم، پێویستم بەکەس نەبوو و کەسیشم بێزار نەدەکرد.
ئیدی هەڵهاتن تەنها ڕاکردن نییە، بەڵکو گەیشتنیش. هەروەها ئەو دنیایەی، کە وەک مێژوو نووسێکی مافناسی پێی گەیشتم، لە ڕانەبردوو کەمتر پڕ ژیان نەبوو. وەنەبێت- وەک چۆن دەشیا کەسێکی دەرەکی وای دانابێت- مرۆڤ تەنها چاودێری پڕیەکانی ڕابردووی ژیان بکات، لەکاتێکدا بەشێک بێت لە پڕیەکانی ڕانەبردوو. مێژوو دروست کردن واتا دروست کردنی پردێک لە نێوەندی ڕابردوو و ڕانەبردوودا و چاودێری کردنی هەر دوو کەنارەکە و دەست بەکاربوونیش لە هەردووکیاندا. یەکێک لە مەوداکانی توێژینەوەی من ماف بوو لە ((ڕایشی سێهەم)) داو لەویادا بەتایبەتی دیارە، ڕابردوو و ئێستە چۆن پێکڕا دەپەڕنە حەقیقەتێکی ژیانەوە. هەڵهاتن لێرەدا سەرقاڵ بوون نییە لەگەڵ ڕابردوودا، بەڵکو تەرکیزێکی یەکلا بووەوە لەسەر ڕانەبردوو و داهاتوو، کە بۆ میراتی ڕابردوو کوێرە، کە ئێمە پێوەی لەقاڵب دراوین و لەسەریشمانە لەگەڵیدا بژین.
لەگەڵ ئەوەدا نامەوێت ئەو ئاسودەییەتان لێ بشارمەوە، کە لەسایەی غەرق بوونەوە بوو لەناو ڕابردوودا، کە واتاکەی بۆ ڕانەبردوو کەمترە. بۆ یەکەم جار هەستم بەو ئاسودەییە کرد، کاتێک لەسەر کارەکان و نەخشەکانی یاسا لە هۆشیار کردنەوەدا کارم دەکرد. بەو باوەڕە هەڵگیرابوون، کە گوایە لە جیهاندا پەیڕەوێکی باش داندراوە و بەوەدا دەتوانرێت جیهان بهێنرێتە ناو پەیڕەوێکی باشەوە. بینینی ئەوەی، لەو باوەڕەوە چەند ماددەیەک وەک پاسەوانی فەرمی ئاسایش

خولّقێنرابوون و گەڵ یاساکان خرابوون، کە دەیانویست جوان بن و بەو جوانییەیان نوێنەری بەڵگەی حەقیقەتەکەیان بکەن، منی بەختەوەر دەکرد. بۆ ماوەیەکی زۆر پێم وا بوو، کە لەمێژووی مافدا پێشکەوتن هەیە، سەرەڕای نوشوستی و دواکەوتن تەشەنەکردنێک بەرە و جوانی و حەقیقەتی زیاتر، بەرەو ژیریەتی و ئینسانیەتی زیاتر. لەوەتەی لام ڕوونە، کە ئەو باوەڕە خورافاتە، لەگەڵ نیگارێکی تری ڕەوتی مێژووی مافدا گەمە دەکەم. لەوەدا ئەو باوەڕە ڕووی لە ئامانجێکە، بەڵام ئەو ئامانجەی، کە باوەڕەکە لەگەڵیدا پاش ڕاتەکان و گومڕایی و کوێرایی دەگات، ئەو سەرەتایەیە، کە لێوەی ڕۆیشتووە و دەبێت بەر لەوەی بگات، سەرلەنوێ لێوەی بڕواتەوە.

ئەوکات سەرلەنوێ ئۆدیسەم خوێندەوە، کە بۆ یەکەمین جار لە خوێندنگا خوێندبوومەوە و وەک حیکایەتێکی گەڕانەوەی ماڵەوە لە یادەوەری خۆمدا یادگارم کردبوو. بەڵام ئەو حیکایەتی گەڕانەوەی ماڵەوە نییە. یۆنانییەکان، کە دەزانن، مرۆڤ نابێت دووجار پێ بنێتە ناو هەمان ڕووبارەوە، چۆن دەبایە باوەڕیان بە گەڕانەوەی ماڵەوە هەبێت. ((ئۆدیسۆیس)) ناگەڕێتەوە، نەوەک بۆ ئەوەی بمێنێتەوە، بەڵکو بۆئەوەی سەرلەنوێ بەڕێ بکەوێتەوە. ئۆدیسە حیکایەتی جووڵەیەکە، ڕووی لە ئامانجێکەو هەمانکاتیش بێ ئامانجە، سەرکەوتووە و هەمانکاتیش بێهودە. ئەی چیرۆکی ماف چی ترە جگە لەوە؟

# پێنج

بە ئۆدیسە دەستم پێ کرد. پاش ئەوەی من و گێرترود لێک جیا بووینەوە، خوێندمەوە. زۆربەی شەوان تەنها چەند کاتژمێرێک خەوم لێ دەکەوت؛ بە هۆشیاری ڕادەکشام و کاتێک گڵۆپەکەم دادەگیرساند و کتێبێکم تاو دەدایە، چاوەکانم دادەخران و کاتێکیش کتێبەکەم لا دەدا و گڵۆپەکەم دەکوژاندەوە، دووبارە بەخەبەر دەهاتمەوە. بەو شێوەیە بە دەنگی بەرز دەمخوێندەوە. ئاوەها چاوم لێ قەپات نەدەبوون. هەروەها لەبەرئەوەی لە تێڕامانی ئاڵۆزدا، لە تێڕامانی چنراودا، لە یادەوەری و خەون، لە تێڕامانی خولاوەی ناو بازنەی ئەشکەنجە هێن، لە تێڕامانی نیوە هۆشیار و نیوە خەودا، سەبارەت بەهاوسەرگیریەکەم و کچەکەم و ژیانم هانا بە زۆری ڕکێفی لە دەست دابوو، بۆ هانام دەخوێندەوە. لەسەر کاسێت بۆ هانام دەخوێندەوە.

هەتا کاسێتەکانم بۆ نارد، چەند مانگێکی خایاند. سەرەتا نەمویست بەش بەش بینێرم و وەستام، هەتا هەموو ئۆدیسەم تۆمار کرد. پاشان لێم بووە پرسیار، ئاخۆ هانا ئۆدیسەی هێند لا سەرنج ڕاکیش دەبێت و ئەوەی پاش ئۆدیسەشم خوێندەوە و تۆمارم کرد، چیرۆکی ((شنیتسلەر)) و ((چیخۆف)). پاشان دەمخستە ئەمرۆ و سبەی، پەیوەندی بەو دادگایەوە بکەم، کە هانای حوکم دابوو، تاکو بزانم، هانا لە چ گرتوو خانەیەک سزاکەی خۆی پاک دەکاتەوە. لە کۆتاییدا هەموو شتەکان ئامادە بوون، ئەدرەسی هانا لە گرتوو خانەیەکدا نێزیکی ئەو شارەی، کە تیایدا پرۆسەکەی هانا کرابوو،

حوکم درابوو. تۆمارێکی بچووک و کاسێتەکان، لە ((چیخۆف)) ەوە بەسەر ((شنیتسلەر)) دا هەتا ((هۆمێر)) ژمارەم لێ دابوون. لە کۆتاییدا کارتۆنی تۆمار و کاسێتەکانم بۆ نارد.

دەمێک نییە ئەو دەفتەرەم دۆزیوەتەوە، کە تیایدا دەمنوسی، چیم لە ڕەوتی ئەو ساڵەدا بۆ هانا خوێندۆتەوە. وادیارە یەکەمین دوانزە ناونیشان لە هەمان کاتدا نووسراون؛ هەڵبەت سەرەتا لە خوێندنەوەدا پێم لێ ناوە و پاشان هەستم کردووە، کە من بەبێ حیساب بیرم دەچێتەوە، چیم خوێندۆتەوە و نەخوێندۆتەوە. لە ناونیشانەکانی داهاتوودا تاو نا تاوێک بەروارێک دەبینیت و هەندێک جاریش بێ بەروارن، بەڵام بەبێ بەرواریش دەزانم، کە یەکەم پۆستم لە هەشتەم ساڵ و دواهەمین پۆستم لە هەژدەیەمین ساڵی بەندیدا بۆ ناردووە.
لە هەژدەهەمین ساڵدا، داوا نامەی لێبووردنەکەی پەسەند کرا.

بەشی زۆری ئەوانەم بۆ هانا دەخوێندەوە، کە خۆم لەو ساتەوەختەدا حەزم بە خوێندنەوەی دەکرد. لە ئۆدیسەدا، سەرەتا لام ئاسان نەبوو هێند بە تەرکیزەوە، وەک چۆن بۆ دەنگی نزم بۆ خۆمم دەخوێندەوە، بە خوێندنەوەی دەنگی بەرزەوە تۆماری بکەم. بەڵام ئەوەش چارە بوو. وەک زەرەریش ئەوە مایەوە، کە زۆر تری دەخایاند. بەڵام لەپاداشتی ئەوە، ئەوەی بەدەنگی بەرز دەخوێنرایەوە، باشتر لە زەیندا دەچەسپا. هەتا ئەمڕۆش هەندێکم بە تایبەت ڕوون و ئاشکرا لە یادە.

بەڵام من ئەو شتانەشم بۆ دەخوێندەوە، کە لام ئاشنا بوون و عاشقیان بووم. بەو شێوەیە هانا دەرفەتی ئەوەی هەبوو زۆر گوێی لە ((کێلەر)) و ((فۆنتێن))، ((هاین)) و ((مۆرکە)) بێت. ماوەیەکی زۆر زاتی بۆ خوێندنەوەی هۆنراوەم نەدەکرد، بەڵام پاشان شادیەکی زۆریان پێ دەبەخشیم و بەشێکی زۆری ئەو هۆنراوانەی، کە بۆ ئەوم

خوێندنەوە، لەبەر کرد. هەتا ئەمڕۆ دەتوانم لەبەر بیانڵێم.
ناونیشانەکانی ناو دەفتەرەکە بەگشتی بێ متمانەییەکی گەورەی خوێندەواری نمایش دەکەن. لە یادیشم نەماوە هەرگیز ئەو پرسیارەم لە خۆم کرد بێت، ئاخۆ ((کافکا))، ((فریش))، ((جۆنسن))، ((باخمان)) و ((لێنتس)) تێپەڕێنم و ئەدەبی سەردەمی، ئەدەبێک بخوێنمەوە، کە حیکایەتەکەی ناناسمەوە و هیچ لە کەسایەتیەکانیم خۆش ناوێن. لای من بێشک بوو، کە ئەدەبی سەردەمی تاقیکردنەوەی لەسەر خوێنەر دەکرد و نە هاناو نە من پێویستیمان بەوە نەبوو.
کاتێک خۆشم دەستم کرد بە نووسین، ئەوەی خۆشم بۆ خوێندەوە. چاوەڕێم کرد، هەتا دەست نووسەکەم خوێندەوە و پاشان بەسەر تیپ نووسکراوەکەدا چوومەوە و وام هەست کرد، ئێستە تەواوە. لە خوێندنەوەمدا بۆ ئەو، کاتێک ناتەواوی دەهاتە کایەوە، هەستم پێ دەکرد و دەمتوانی سەرلەنوێ بە هەموویدا بچمەوە و تۆمارێکی نوێ بەسەردانە کۆنەکەدا تۆمار بکەم. بەڵام من حەزم لەوە نەدەکرد. دەشم ویست کۆتایی بە خوێنەوەریەکانم بێنم. هانا ببووە ئەو مەودا دوورییەی، کە بۆی، سەرلەنوێ هەموو هێز، هزری داهێنان و فانتازیای ڕەخنەییمم یەک دەخست. لەپاش ئەوە توانیم دەست نووسەکە بۆ دەزگای بڵاوکردنەوە بنێرم.
من لەسەر کاسێتەکان سەرنجی شەخسیم نەداوە، پرسیارم لە هانا نەکردووە، باسی خۆمم نەکردووە. ناونیشانەکە، نووسەرەکە و تێکستەکەم دەخوێندەوە. کاتێک تێکستەکە کۆتایی دەهات، لەحزەیەک دەوەستام، کتێبەکەم دادەخست و قامکم بە دوگمەی ((ستۆپ))ەوە دەنا.

# شەش

لە چوارەمین ساڵی پەیوەندی پڕوشەی کەم قسەماندا، سڵاوێک گەیشت.

( (کوڕیژگە، بەتایبەت دواهەمین حیکایەت خۆش بوو. سوپاس. هانا.))

کاغەزەکە هێڵاوی بوو، پەڕەیەک، کە لە دەفتەرێک دڕێندرابوو و بۆ ڕاست کردنەوە لا دڕاوەکەی بڕدرابوو. سڵاوەکە لە سەری سەرەوە بوو و سێ هێڵی پڕ کردبۆوە. بە جافێکی شین و هێڵ پرژ و بڵاو نووسرا بوو. هانا فشارێکی زۆری لە جافەکە کردبوو، دەستوخەتی کاغەزەکەی بۆ ئەودیو کوناودەر کردبوو. هەروەها ئەدرەسەکەشی بە هێزێکی زۆر نووسی بوو. تەبعەکەی لەسەر بەشی سەرەوە و خوارەوەی پەڕەکە، کە لە ناوەڕاستەوە قەت کرابوو، دەخوێندرایەوە.

لە نیگای یەکەمدا دەشیا پێت وا بێت، ئەوە دەستوخەتی منداڵێکە. بەڵام ئەوەی لە دەسوخەتی منداڵاندا بێ دەست و مەکوچی و دەستە پاچەییە، لێرەدا توند و تیژ بوو. مرۆڤ ئەو بەرهەڵستییەی دەبینی، کە مەرج ببوو هانا تێی پەڕێنێت، تاکو هێڵەکان بۆ وشە و وشەکانیش بۆ ڕستە بەیەک بگەیەنێت. دەستی منداڵان لێرە و لەوێ لەڕێ لادەدات و پێویستە لەسەر هێڵی نووسینەکە بگیرێت. دەستی هانا بۆ هیچ کوێ لای نەدەدا و پێویست بوو زۆری لێ بکرێت بەرە و پێش بڕوات.

ئەو هێڵانەی پیتەکانیان لێ دروست کرابوو، چەندین جار دەست

پێ کرابوونەوە، لە ڕاکێشانیاندا بەرەو سەرێ، بەرەو خوارێ، پێش قەوس و کەوانەکان. هەموو پیتێکیش سەرلەنوێ بەدەست هێنرابۆوە و ئاراستەیەکی نوێی خوار یان لێژی وەرگرتبوو و لە پانی و بەرزیشدا بەزۆری هەڵە بوون.

من سڵاوەکەییم خوێندەوە و بە شادی و خۆشی پڕ ببووم.

((دەنووسێت! دەنووسێت!))

ئەوەی لەو ساڵانەدا سەبارەت بە نەخوێندەواری چنگم کەوتبوو، خوێندبوومەوە. سەبارەت بە دەستە پاچەییەکانم دەزانی لە ژیانی ڕۆژانەدا، لە دۆزینەوەی ڕێ و ئەدرەسێکدا، یان لە هەڵبژاردنی خواردنێکدا لە ڕێستۆرانت، سەبارەت بەو ترسەی، کە نەخوێندەوارێک پێوەی شوێن نموونە هەمیشەییەکان و ڕۆتینییە تاقیکراوەکان دەکەوێت، سەبارەت بەو وزەیەی، کە شاردنەوەی بێتوانایی نووسین و خوێندنەوە دەیبات و مرۆڤ لە ژیانی ڕاستەقینە دادەبڕێت. نەخوێندەواری ناکامڵییە. لەوەدا، کە هانا بوێری تیادا بوو بوو فێری نووسین و خوێندنەوە بێت، لە ناکامڵیەوە پێی نابووە ناو کامڵییەوە؛ هەنگاوێکی هۆشیارانە بووە.

پاشان لە دەسوخەتی هانا ڕامام و بینیم، نووسین بەچەندێک هێز و جەنگ لەسەری کەوتبوو. من شانازیم پێوە دەکرد. هەمانکاتێش خەمباری بووم، خەمباری ژیانە درەنگ کەوتوو و شکست خواردووەکەی، خەمباری کۆی درەنگ کەوتن و نشوستیەکانی ژیانی. من وام بیرکردەوە، ئەگەر زەمەنە ڕاستەقینەکە بە با چوو بێت، ئەگەر کەسێک شتێک بۆ ماوەیەکی ئێجگار درێژ ڕەت کردبێتەوە، ئەگەر کەسێک بۆ ماوەیەکی ئێجگار درێژ شتێکی لێ زەوت کرا بێت، ئەوا شتێکی ئێجگار درەنگ دەبێت، ئەگەرچی دواجار بە هێز دەست پێبکرێت و بە شادییەوە پێشوازی لێ بکرێت. یاخود ((ئێجگار

درەنگ)) بوونی نییە، تەنها ((درەنگ)) هەیەو ((درەنگ)) یش لە هەموو حاڵەتەکاندا لە ((هەرگیز؟)) باشترە.
نازانم.
نامەی یەکەم نامەی دی لەدوا هاتن، لە ڕیزێکی یەک ئیقاعی هەمیشەییدا. هەمیشە چەند ڕیزێکی کەم بوون، سوپاسێک، خواستێک؛ بیستنی زیاتر لە نووسینەکانی نووسەرێک یاخود چی تر نەویستی بیستنی بەرهەمەکانی دی نووسەرێک. تێبینیەک سەبارەت بە نووسەرێک یان شیعرێک یان چیرۆکێک یاخود کەسایەتیەکی ناو ڕۆمانێک. سەرنجێک لە بەندینخانەوە؛ ((لە حەوشە گوڵە فۆریثیاکان لە گوڵ دەرکردندان)) یان ((پێم خۆشە، کە هاوینی ئەم ساڵ هەورە بروسکەی زۆرە)) یان (( لە پەنجەرەکەوە باڵندە دەبینم، کە بۆ کۆچ بەرە و باشور کۆدەبنەوە.))
بەزۆری پەیامەکانی هانا وایان لێ دەکردم پەی بە گوڵە فۆرسیثیاکان، هەورە بروسکەی هاوین، یان پۆلە باڵندەکان ببەم. تێبینیەکانی هانا سەبارەت بە ئەدەب، کتومت دەی پێکا؛ ((شنیتسلەر دەوەڕێت، شتێفان تسڤایگ سەگێکی مردووە)) یان ((کێلەر پێویستی بە ژنێکە)) یان ((شیعرەکانی گۆتە وەک وێنەی بچکۆلە بچکۆلە وان لە چوارچێوەی قەشەنگدا)) یان (( بێشک لێنس بە ماشێنی تیپ نووس دەنووسێت)).
بەوەدا، کە هیچی سەبارەت بە نووسەرەکان نەدەزانی، بە نووسەری سەردەمی پێشبینی دەکردن، ئەگەر بێتو ڕوون و دیار نەبایە. من سەرم لەوە سوڕمابوو، کە چەند دەشێن ئەدەبی کۆن بە حیسابی ئەمڕۆیی بخوێنرێنەوە و ئەو کەسەش، کە سەبارەت بە مێژوو هیچ نازانێت، ئیدی لە هەلومەرجەکانی زەمەنە دوورەکاندا، هەلومەرجی ناوچە دوورەکان دەبینێت.

من هەرگیز بۆ هانام نەنووسی. بەڵام بەردەوام بۆم دەخوێندەوە. کاتێک ساڵێکم لە ئەمریکا بەسەر برد، لەوێوە کاسێتم بۆ دەنارد. کاتێک دەچووم بۆ گەشت یاخود کارم زۆر دەبوو، دەشیا زۆر تر بخایەنێت، هەتا کاسێتی داهاتوو تەواو دەبوو؛ من ڕیتمێکی دیارکراوم بۆ خۆم دیاری نەکردبوو، بەڵکو دەمێک هەفتانە و دەمێک چواردە ڕۆژ چواردە ڕۆژ و تەنانەت ماوەیەک پاش سێ هەفتە یان چوار هەفتە، کاسێتم بۆ دەنارد. ئەوەی، کە هانا، لەپاش ئەوەی خۆی فێری خوێندنەوە بوو بوو، چی تر پێویستی بە کاسێتەکانی من نەمابوو، لام گرنگ نەبوو. ئەگەرچی خۆشی حەزی لە خوێندنەوە بوو بێت. خوێندنەوەکانم شێوازێ قسەکردنی من بوو بۆ ئەو و لەگەڵ ئەودا.

من هەموو نامەکانیم هەڵگرتووە. دەسوخەتی لە گۆڕاندایە. سەرەتا فشار لە پیتەکان دەکات ڕوو لەهەمان ئاراستەی خوارەوە بکەن و لەهەمان بەرزی و پانیدا بن. پاش ئەوەی لەوەدا سەرکەوتوو دەبێت، دەتوانێت بێ سەنگ تر و ئەمین تر بێت. هەرگیز تەواو ڕەوان نابێت. بەڵام شتێک لەو جوانییە سەر سەختە بەدەست دێنێت، کە لە دەسوخەتی ئەو پیرانەدا هەیە، کە لە ژیاندا کەمیان نووسیوە.

## حەوت

من ئەوکات فکرم لەوە نەکردبۆوە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هانا بەر دەبێت. گۆڕینەوەی کاسێتەکان بە نامە، هێند ئاسایی و ئاشنا بوون و هاناش بە شێوازێکی سەربەست چەندم لێ نێزیک بوو، هێندەش لێم دوور بوو، بەجۆرێک، کە دەمتوانی لەو هەلومەرجە گەڕێم بەردەوام بێت و بەردەوام بێت. ئەوە تەمبەڵانە و خۆپەرستانە بوو، دەزانم.

پاشان نامەی بەڕێوەبەری گرتووخانەکە هات:

**((چەند ساڵێکە بەڕێزتان لەگەڵ خانم شمیتس لە گۆڕینەوەی نامەدان. ئەوە تاکە پەیوەندییە، کە ئەو لەگەڵ دەرەوەدا هەیەتی، بەو شێوەیە ڕوو لە بەڕێزتان دەکەم، ئەگەرچی ناشزانم، ئاخۆ تاچ ڕادەیەک لێک نێزیکن و ئاخۆ هاوڕێن یاخود خزمن.**

**ساڵی داهاتوو خانم شمیتس سەرلەنوێ ((لێبووردن نامە)) پێشکەش دەکاتەوە و واشی دادەنێم داواکەی پەسەند بکرێت. ئیدی ئەوکات، لەپاش هەژدە ساڵ بەندی، بەزوویی ئازاد دەکرێت — بێگومان ئێمە دەتوانین خۆمان شوێنی ژیان و کاری بۆ پەیدا بکەین، یاخود هەوڵ بدەین بۆی پەیدا بکەین؛ دۆزینەوەی کار لەو تەمەنەی ئەودا ئاسان نابێت، ئەگەرچی تەواو تەندروستە و لە بەرگدرووخانەکەماندا دەستڕەنگینییەکی گەورە نیشان دەدات. بەڵام باشتر لەوەی، کە ئێمە مشووری بخۆین ئەوەیە، خزمێک یان هاوڕێیەک ئەوە بکات و ئازادکراوەکە لە نێزیکیەوە بێت و هاودەمی و پشتیوانی بکات. بەڕێزتان ناتوانن وێنای ئەوە بکەن، کە مرۆڤ لە دەرێ لەپاش هەژدە ساڵ بەندی، چەند تەنها و دەستە پاچەیە.**

**بێگومان خانم شمیتس دەتوانێت خۆی کۆمەکی خۆی بکات و بەتەنهاهەڵدەکات. هێندەبەسە، ئەگەر بەڕێزتان ئەپارتمانێکی بچکۆلەو کارێکی بۆبدۆزنەوە، لەهەفتەومانگەکانی سەرەتادا بەپێی هەل، سەردان و داوەتی بکەن و کارێک بکەن، کە ئەو سەبارەت بە یارمەتیەکانی کەنیسە و ((سەنتەری فێرکردنی گەورە))و((سەنتەری پەروەردەی خێزانی))و...هتدبزانێت. سەرەڕای ئەوەش، ئەسڵەن پاش هەژدەساڵ چوون بۆشار، بازاڕی کردن، قسەکردن لەفەرمانگەکان و دۆزینەوەی ڕێستۆرانتێکی گونجاو، قورسن. ئەوانەبەهاودەمی کەسێک، ئاسان تردەکرێن. هەستم پێ کردووە بەڕێزتان سەردانی خانم شمیتس ناکەن. ئەگەر سەردانتان بکردایە، ئەوامنیش بۆم نەدەنووسین و بەبۆنەی سەردانەکەتانەوەداوای رووخسەتی گفتوگۆیەکم لێ دەکردن. ئیدی ئێستە بەجۆرێکی تر نارەخسێت، جگە لەوەی بەڕێزتان بەر لەبەربوونی سەردانی بکەن. تکایەلەهەلی سەردانەکەتاندا سەرێکیش لە من بدەن.))**

نامەکە بە ((لە دڵەوە سڵاو)) کۆتایی هاتبوو، کە من بۆ خۆمم حیساب نەدەکرد، بەڵکو بۆ ئەوەی، کە مەسەلەکە بۆ بەڕێوەبەرەکە مەسەلەیەکی ((دڵ)) بوو. من سەبارەت بەو بەڕێوەبەرە بیستبووم؛ گرتووخانەکەی ئەو بە گرتووخانەیەکی شاز لەقەڵەم دەدرا و دەنگی لەمەسەلەی ڕیفۆرمی گرتووخانەکاندا سەنگی هەبوو. من نامەکەیم بەدڵ بوو.

بەڵام ئەوەم بەدڵ نەبوو، کە بەرە و ڕووم دەهات. بێگومان دەبووایە مشوری ئەپارتمان و کار بخۆم و کردیشم. ئەو هاوڕێیانەم، کە ئەپارتمانی سەر بە خانووەکانی خۆیانیان نە بەکار دەهێنا و نە بەکرێ دەدا، ئامادە بوون، بە کرێیەکی کەم بیدەن بە هانا. ئەو خەیاتە یۆنانیەی، کە من جار و بار جلەکانم لا دەستکاری دەکردن،

دەیویست هانا لای خۆی دامەزرێنێت؛ خوشکەکەی، کە لەگەڵیدا بەرگ درووییەکەی بەڕێوە دەبرد، گەڕایەوە بۆ یۆنان. هەروەها، دەمێک بەر لەوەی هانا بزانێت چی لەو شتانە بکات، من مشوری کۆمەکە سۆسیالیی و پەروەردەییەکانی ڕێکخراوە کەنیسەییەکان و جیهانیەکانم خوارد. بەڵام سەردانەکەی لای هانام هەر دوا دەخست.

بەتایبەتی لەبەرئەوەی، کە ئەو بەو شێوازە سەربەستە، چەند لێم نێزیک ئەوەندەش لێم دوور بوو، نەم دەویست سەردانی بکەم. وام هەست دەکرد، ئەو تەنیا لەو دووریە واقیعیەدا دەتوانێت ئەوە بێت، کە بۆ من هەیە. دەترسام، دنیا بچوک و بێ سەنگ و نادیاری نامە و کاسێتەکان ئێجگار ناسک بن، تاکو بتوانێت بەرگەی نێزیکییە واقیعییەکە بگرێت. ئایا دەبایە چۆن بمانتوانیبایە ڕووبەڕووی یەک ببینەوە، بێ ئەوەی هەموو ئەو شتانە لە هەست و نەستدا هەستنەوە، کە لە نێوانماندا ڕووی دابوو.

بەو شێوەیە ئەو ساڵە ڕاگوزەرا، بێ ئەوەی من سەردانی گرتووخانەکەم کردبێت. ماوەیەکی درێژ هیچم لە بەڕێوەبەری بەندینخانەکەوە نەبیست؛ ئەو نامەیەی، کە باسی هەلومەرجی شوێنی ژیان و کارەکەم تیادا کردبوو، کە لە چاوەڕوانی هانادا بوون، بە وەڵام نەدراوەیی مایەوە. هەڵبەت حیسابی ئەوەی کردبوو، بەبۆنەی سەردانەکەمەوە بۆ لای هانا، قسەم لەگەڵدا بکات. ئەو نەیدەتوانی بزانێت، کە من ئەو سەردانەم نەک هەر دوا دەخست، بەڵکو خۆم لێ دەدزیەوە. بەڵام دواجار بڕیار درا، هانا ئازاد بکرێت و ئیدی بەڕێوەبەرەکە تەلەفونی بۆ کردم. پرسی: ئاخۆ دەتوانم بێم. گوایە هانا پاش هەفتەیەک بەر دەبوو.

# هەشت

ڕۆژی یەک شەممەی داهاتوو لای بووم. ئەوە یەکەمین سەردانم بوو لە گرتووخانەیەکدا. لە پێش دەروازەکەدا پشکنرام و لەسەر ڕێگاکەم کۆمەڵێک دەرگا کرانەوە و داخران. بەڵام بیناکەی نوێ و ڕۆشن بوو و لە بەشی ناوەوەدا، دەرگاکان لەسەر پشت بوون و ژنەکان بە سەربەستی دەهاتن و دەچوون. لە کۆتایی ڕاڕەوەکەدا دەرگایەک بەرە و دەرێ، بۆ سەر مێرگێک بە چەندین درەخت و بەستەوە، دەڕۆیشت. من لە دەرێ چاوم گێڕا. ئەو چاودێرەی، کە منی بۆ وێ بردبوو، ئاماژەی بۆ بەستێکی نێزیک کرد لەژێر سێبەری دار کەستەنەیەکدا.

هانا؟ ئەو ژنەی سەر بەستەکە هانا بوو؟ قژی ماشوبرنجی، دەمووچاوێک بە چرچی قوڵ و ستونییەوە لەسەر نێوچاوانی، لە ناو گۆنایدا و بە دەوری دەمیدا، هەروەها جەستەیەکی قورسیش. عەزیەکی ئێجگار تەنکی لەسەر سینگ و زگ و ڕان جەڕ دراوی شینی کاڵی لەبەردا بوو. دەستی لە کۆشیدا بوون و کتێبێکیان تیادا بوو. نەی دەخوێندەوە. بەسەر لێواری چاویلکەی خوێندنەوەکەیدا تەماشای ئافرەتێکی دەکرد، کە پارچە سەمون لە دوای پارچە سەمونی فڕێ دەدایە پێش کۆمەڵێک چۆلەکەوە. پاشان هەستی کرد چاودێری دەکرێت و ڕووی دەمووچاوی تێ کردم.

من چاوەڕوانیەکەم لە دەموچاویدا بینی، لە شادییەکی درەوشاوەدا بینیم، کە ناسیمییەوە، چاوەکانیم بینی بەسەر دەموچاومدا هاتن، کاتێک نێزیک بوومەوە، چاوەکانیم بینی دەگەڕێن، پرسیار دەکەن،

دوودڵ و بریندار ڕاماون و کوژانەوەی دەموچاویم بینی. کە گەیشتمە لای، پێکەنینێکی ڕووخۆشی و ماندووانە پێکەنی.
((گەورەش بوویت، کوڕیژگە.))
من لە تەنەیشتییەوە دانیشتم و ئەویش دەستی گرتم.
من جاران عاشقی بۆن و بەرامی بوو بووم. هەمیشە بۆنێکی تازەی لێ دەهات؛ بۆنی تازە شۆراو یان بۆنی جلی تازە شۆراو یاخود ئارەقەی تازە یان بۆنی تازەی پاش خۆشەویستی کردن. هەندێ جار بۆنی لەخۆی دەدا، نازانم چ جۆرە بۆنێک، بەڵام بۆنی عەترەکەشی لە هەر شتێک سازگار تر و تەڕ و بڕ تر بوو. لەژێر ئەو بۆنە تەڕ و بڕانەوە، بۆنێکی دی هەبوو، بۆنێکی قورس، تاریک، تیژ. زۆر جار وەک ئاژەڵێکی کوریۆس بۆنم پێوە کردووە، لە مل و شانییەوە دەستم پێ کردووە، کە بۆنی تازە شۆراوییان لێ هاتووە، لەبەینی مەمکەکانییەوە بۆنی عارەقە تازەکەم هەڵلوشیوە، کە لەژێر بنباڵیەوە خۆی لەگەڵ بۆنەکانی تردا تێکەڵ کردووە، ئەو بۆنە قورس و تاریکەم بەدەوری کەمەر و زگیدا و بەزافی و لەبەینی ڕانەکانیدا بە ڕەنگدانەوەیەکی نەباتیەوە دۆزیوەتەوە، شتێک، کە زەوقی هەڵدەساندم، بۆنم بە ڕان و پێیەکانیشیەوە کردووە، ڕانەکانی، کە بۆنە قورسەکە تیایاندا ون دەبوو، ژێر ئەژنۆکانی، دووبارە بە بۆنێکی تازەی ئارەقەوە، پێیەکانی، بەبۆنی سابوون و چەرم و ماندوویەتییەوە. پشت و قۆڵی هیچ بۆنێکی تایبەتیان نەبوو، بۆنی هیچیان لێ نەدەهاتن و هەمانکات بۆنی ئەویان لێ دەهاتن و دەستەکانیشی بۆن و بەرامی ڕۆژ و کاریان لێ دەهات؛ مەرەکەبی ڕەشی بلیتەکان، کانزای گازەکە، پیاز یان ماسی یان چەوری برژا و، سابوونا و یان گەرمی ئوتوو. دەستەکان، ئەگەر بشۆرێن، سەرەتا هیچ لەو شتانە نادرکێنن. بەڵام سابوونەکە ئەو بۆنانەی تەنها داپۆشیوە و پاش ساتێک بۆنەکان

دووباره دێنەوە کایەوە، لاواز و تواوە لە تاقە بۆن و بەرامێکی ڕۆژگار و کاردا، لە بۆن و بەرامی کۆتایی ڕۆژ و ئیش و ئێوارە و گەڕانەوە بۆ ماڵێ و بۆ بوون لە ماڵەوەدا.
من بەتەنیشت هاناوە دانیشتبووم و بۆنی پیرێژنێکم دەکرد. من نازانم ئەو بۆنەی، کە من لە دایە گەورە و پووری بەساڵا چوودا کردوومن و وەک نەفرەتێک بە ژوور و ڕاڕەوەکانی خەڵوەتگەی پیریەوەن، چی لەحاڵ و مەسەلەی مرۆڤدا دەگۆڕێت.
هانا بۆ ئەو بۆنە ئێجگار گەنج بوو.
من نێزیک تر بوومەوە. هەستم کرد، کە سەرەتا نائومێدم کردبوو و دەمویست ئێستە باشتربم و تۆڵەی بۆ بکەمەوە.
((خۆشحاڵم کە بەر دەبیت.))
((بەڕاست؟))
((بەڵێ، خۆشحاڵیشم، کە لە نێزیکمەوە دەبیت.))
باسی ئەپارتمان و ئیشەکەم بۆ کرد، کە بۆم دوزیبۆوە، باسی کۆمەکە سۆسیالی و کەلتوریەکانی سەنتەری شارم بۆ کرد، باسی کتێبخانەکەی شاریش.
((زۆر دەخوێنییەوە؟))
((یەعنی ... بۆت بخوێننەوە خۆشترە.)) تەماشای کردم. ((ئەوە ئێستە تەواو، وانییە؟))
((بۆچی تەواو بێت؟))
بەڵام من نە خۆم دەبینیەوە کاسێتی بۆ تۆمار بکەم، نە خۆشم دەبینیەوە، بیبینم و کتێبی بۆ بخوێنمەوە.
((من هێند خۆشحاڵ بووم و پێت سەربەرز بووم، کە فێری خوێندنەوە بوویت. ئەی ئەو نامە جوانانەی، کە بۆت دەنووسیم!))
ئەوە ڕاست بوو؛ من سەربەرز و خۆشحاڵ بوو بووم، بەوەی، کە

دەیخوێندەوە و بەوەی، کە بۆی دەنووسیم. بەڵام هەستم پێ کرد، کە خۆشحاڵی و سەربەرزیم لە شایستەییدا بەرامبەر بەوە چەند کەموکوڕ بوو، کە ئاخۆ دەبوو فێربوونی نووسین و خوێندنەوە، چی لەسەر هانا کەوتبێت، کە دەبوو نووسین و خوێندنەوەکەی چەند کەموکوڕ بووبن، ئەگەر بێت و لە توانایاندا نەبوو بێت وا لە من بکەن، وەڵامی بدەمەوە، سەردانی بکەم، قسەی لەگەڵدا بکەم. من دەلاقەیەکی بچووکم بە هانا ڕەوا بینی بوو، بەڕاستی دەلاقەیەک، کە بۆم گرنگ بوو، کە شتێکی پێ دەبەخشیم، دەلاقەیەک، کە شتێکم بۆ دەکرد. بەڵام شوێنێک لە ژیانمدا؟ نەخێر.

بەڵام بۆچی شوێنێکم لە ژیانی خۆم پێ ڕەوا بدیایە؟ من دژ بەو سەرزەنشتییەی ویژدانم، لە خەیاڵی کەم کردنەوەی هانادا بۆ سەر دەلاقەیەک، ڕادەپەڕیم.

( (ئایا لەڕاستیدا بەر لە پرۆسەی دادگاییەکە هەرگیز بیرت لەوە نەکردۆتەوە، کە لەکاتی پرۆسەکەدا هێنرایە سەر زمان؟ مەبەستم لەوەیە، کاتێک من و تۆ پێکەوە دەبووین، کاتێک بۆم دەخوێندییەوە، هەرگیز بیرت لێ نەکردۆتەوە؟))

( (ئەوە زۆر سەرقاڵی کردوویت؟))

بەڵام چاوەڕێی وەڵامێکی نەکرد.

( (من هەمیشە وام هەست دەکرد، بە هیچ جۆرێک لە جۆرەکان کەس تێم ناگات، کەوابێ ئیدی کەسیش ناتوانێت لێپرسینەوەم لەگەڵدا بکات. تەنانەت دادگاش نەیتوانی لێپرسینەوەم لەگەڵدا بکات. بەڵام مردووەکان دەتوانن. ئەوان تێ دەگەن. بۆ ئەو مەبەستە تەنانەت پێویست ناکات لەگەڵیشدا بووبن، بەڵام ئەگەر لەگەڵدا بووبن، ئەوا زۆر باش تێ دەگەن. لێرە، لە زیندانیخانە زوو زوو دەهاتنە لام. بمویستایە یان نەمویستایە، ئەوان هەموو شەوێک دەهاتن. بەر لە

پرۆسەکە، ئەگەر بیانویستایە بێن، دەمتوانی دەریان بکەم.))
وەستا، ئاخۆ من شتێک لەو بارەیەوە دەڵێم، بەڵام من هیچم بە بیردا نەهات. سەرەتا ویستم بڵێم، من ناتوانم هیچ ڕاونێم. بەڵام ئەوە ڕاست نەبوو؛ مرۆڤ بەوەش، کە کەسێک لە دەلاقەیەکی ژیانیدا دانێت، کەسێک ڕاودەنێت.
((ژنت هێناوە؟))
((ژنم هەبوو. من و گێرترود ماوەی چەند ساڵێکی زۆرە لێک جیا بووینەتەوە و کچەکەشمان لە داخلییەک دەژی؛ من هیوادارم بۆ دواهەمین ساڵەکانی خوێندنگای لەوێ نەمێنێتەوە، بەڵکو بگوێزێتەوە بۆ لای من.))
ئێستە من وەستام، ئاخۆ ئەو شتێک دەڵێت یاخود پرسیارێک دەکات. بەڵام بێدەنگ بوو.
((هەفتەی داهاتوو دێم بەدواتدا، باش؟))
((باش.))
((تەواو هێمن یان دەکرێت کەمێک بە دەنگە دەنگ و خۆشییەوە بێت؟))
((تەواو هێمن.))
((باش، کەوابێ من، تەواو هێمن، بەبێ مۆسیقا و شەمپانیا دێم بە دواتدا.))
من هەستام، ئەویش هەستا. تەماشای یەکدیمان کرد. دوو جار زەنگی لێدا بوو و ژنەکانی دی ڕۆیشتبوونە ژوورێ. دووبارە چاوەکانی بەسەر دەمووچاومدا چوونەوە. من لە ئامێزم گرت، بەڵام هەستێکی دروستی نەدامێ.
((ماڵئاوا، کوڕیژگە.))
((ماڵئاوا.))
بەو شێوەیە، بەر لەوەی لەناو بیناکەدا لێک جیا بینەوە، خواحافیزیمان لێکدی کرد.

# نۆ

هەفتەی داهاتووم بەتایبەتی جەنجاڵ بوو. لە یادم نەماوە ئاخۆ لەو وتارەدا، کە کارم لەسەر دەکرد، لەژێر فشاری کاتدا بووم یان من خۆم خۆم خستبووە ژێر فشاری کار و سەرکەوتنەوە.

ئەو خەیاڵەی، کە ئیشم لەسەر وتارەکە پێوە دەست پێ کردبوو، بێفەڕ بوو. کە پیایدا چوومەوە، لەو شوێنانەی من چاوەڕێی ماناو پەیڕەوییەکی یاساییم دەکرد، تووشی ڕێکەوت لە دوای ڕێکەوت دەبووم. لەبری ئەوەی ئەو حەقیقەتە قبووڵ بکەم، بەردەوامیم بە گەڕان دا، شڵەژاو، کۆڵ نەدەر، ترساو، وەک ئەوەی بە خەیاڵم سەبارەت بە واقیع خودی خەیاڵم شکست بێنێت و ئیدی ئامادە بووم دەرئەنجامەکان چەواشە بکەم، بە پێوەنانەوە نمایشیان بکەم یاخود کەمیان بکەمەوە. من کەوتبوومە حاڵەتێکی نائارامی سەیرەوە، لە ڕاستیدا کاتێک درەنگ دەڕۆیشتمە سەر جێگا، خەوم لێ دەکەوت، بەڵام لەپاش چەند سەعاتێکی کەم زەق بەخەبەر بووم، هەتا بڕیارم دەدا هەستم و بەردەوامی بە خوێندنەوە یان نووسین بدەم.

ئەوەی پێویست بوو بۆ ئامادەکاری ئازاد کردنی هانا بکرێت، کردم. ئەپارتمانەکەی هانام ئەساس کرد، بە ئەساسی کۆمپانیای ((ئیکێیا)) و چەند پارچەیەکی کۆن، خەیاتەکەم سەبارەت بە هانا ئاگادار کردەوە و زانیاریەکانم سەبارەت بە کۆمەکە سۆسیالی و پەروەردەییەکان تازە کردنەوە. زەخیرەم کڕی، کتێبم خستە ناو ڕەفەکانەوە و وێنەم هەڵواسین. باخەوانێکم بە کرێ گرت، باخە

بچووکەکەی بووژاندەوە، کە تێراسەکەی پێش ژووری میوانەکەی ئابڵوقە دابوو. ئەوەشم بە شڵەژاوی و کوڵ نەدەرییەکی سەیرەوە دەکرد؛ هەموو ئەو شتانە بۆ من ئێجگار زۆر بوون.
بەڵام ڕێک بەشی هێندەی دەکرد، کە بیر لە سەردانەکەی لای هانام نەکەمەوە. تەنها تاو نا تاوێک، کاتێک ئۆتومبێلم لێ دەخوڕی یاخود ماندو لەبەر مێزی نووسینەکەمدا دادەنیشتم، یان بەخەبەر لەسەر جێ ڕادەکشام، یاخود لە ئەپارتمانەکەی هانا دەبووم، خەیاڵم سەبارەت بە سەردانەکە زاڵ دەبوو و یادەوەریەکانی دەهەژاندەوە. لەسەر بەستەکە دەمبینی، نیگای لەسەر من، لە مەلەوانگەکە دەمبینی، ڕووی دەمووچاوی لە من و سەرلەنوێ وام هەست دەکردەوە، خیانەتم لێ کردبێت و بەوەوە خەتابار بووبم. ئیدی دووبارە دژ بەو هەستە ڕادەپەڕیمەوە و سکاڵام لەوەی دەکرد، کە ئەو بە چ شێوازێکی ئاسان و هەرزانانە خۆی لە تاوانەکەی دزیبۆوە. تەنها ڕێ بدەیت، مردووەکان لێپرسینەوەت لەگەڵدا بکەن، تاوان و گوناه بۆ سەر خراپی خەوتن و خەونی ناخۆش کەم بکەیتەوە – ئەی زیندووەکان چی؟ بەڵام مەبەستی من لە زیندووەکان نەبوو، بەڵکو لە خۆم. ئایا منیش بۆم نەبوو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەم؟ ئەی من چی؟
دوانیوەڕۆ، بەرلەوەی بچم بەدوایدا، تەلەفۆنم بۆ گرتووخانەکە کرد. سەرەتا لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەدا دوام.
((کەمێک شڵەژاوم. دەزانن، عادەتەن کەس، بەر لەوەی سەرەتا چەند سەعاتێک یان چەند ڕۆژێکی لەدەرەوەدا بەسەر نەبردبێت، بەر نادرێت. خانم شمیتس ئەوەی ڕەت کردەوە. سبەی لەگەڵیدا ئاسان نابێت،))
پاشان بەهانا گەیەنرام.
((بیر لەوە بکەرەوە، ئاخۆ سبەی دەتەوێت چی بکەین. ئاخۆ

دەتەوێت دەستبەجێ بۆ ماڵی خۆت یان بۆ غاباتەکە یاخود بۆ سەر ڕووبارەکە بڕۆیت.))

((بیری لێ دەکەمەوە. تۆ هێشتا هەر نەخشەکێشێکی مەزنیت، وانییە؟))

ئەوە بێزاری کردم. ئەوە تووڕەی دەکردم، کاتێک دەنکەکانم جار نا جار پێیان دەگوتم، من کەسێکی کتوپڕ نیم، زیاتر لە مێشکەوە ئیش دەکەم وەک لە دڵەوە.

لە بێدەنگییەکەمدا هەستی بە تووڕەییەکەم کرد و پێکەنی.

((تووڕە مەبە، کوڕیژگە، من مەبەستم خراپ نەبوو.))

من هانام لەسەر بەستەکە وەک پیرێژن بینیبۆوە. لە پیرێژنێک چوو بوو و بۆنی پیرێژنێکیشی لێ هاتبوو. سەرنجم لە دەنگی نەدابوو. دەنگی تەواو گەنج مابۆوە.

## ده

ڕۆژی داهاتوو هانا مردبوو. له بەرەبەیاندا خۆی هەڵواسی بوو.
کاتێک هاتم، برامه لای بەڕێوەبەرەکە. سەرەتا ئەوم بینی، ژنێکی بچکۆلەی زەعیف، بە قژی زەردی تۆخ و چاویلکەوە. نادیار و هەڕەمەکی دەرکەوت، هەتا کەوتە قسە کردن، بە هێز و گەرمییەکەوە، پاشان بە نیگایەکی سەخت و جوڵەی پڕوزەی دەست و قۆڵیەوە، سەبارەت بە گفتوگۆ تەلەفۆنیەکەی دوێنێ و سەردانەکەی هەفتەی ڕابردوو، پرسیاری لێ کردم. ئاخۆ شتێک بە خەیاڵمدا هاتووە یان لە ڕوودانی شتێکی ئاوها ترساوم. من نەرێم کرد. هیچ بیر و ترسێکیش لە ئارادا نەبوو بوو، کە من نەمدرکاندبێت.
((لەکوێوە یەکدی دەناسن؟))
((لە نێزیک یەکەوە دەژیاین.))
ئەو، پشکنەرانە لێم ڕاماو منیش هەستم کرد، دەبێت زیاتر بڵێم.
((لە نێزیک یەکەوە دەژیاین و یەکدیمان ناسی و بووینە هاوڕێ. پاشان بە گەنجی وەک خوێندکارێک لەو پڕۆسەیەدا بووم، کە ئەو تیایدا حوکم درا.))
((بۆچی کاسێتتان بۆ خانم شمیتس دەنارد؟))
من بێدەنگ بووم.
((ئێوە دەتانزانی، کە ئەو نەخوێندەوارە، وا نییە؟ لەکوێوە دەتانزانی؟))
من شانم هەڵتەکاندن. من نەم دەبینی، حیکایەتی من و هانا چ پەیوەندییەکی بەوەوە هەیە. سینەو قوڕگم پڕ فرمێسک بوون و

دەترسام، نەتوانم قسە بکەم. نەم دەویست لەبەردەمی ئەودا بگریم. دیارە پەی بە دۆخی من بردبوو.
((وەرن لەگەڵم، خانەکەی خانم شمیتست نیشان دەدەم.))
پێشم کەوت، بەڵام چەندین جار ئاوڕی دەدایەوە، تاکو شتێکم بۆ بگێڕێتەوە یاخود ڕوون بکاتەوە؛
ئەلەوێدا پەلامارێکی تیرۆریستی ڕوویداوە، ئێرە خانەی بەرگ دروویەکەیە، کە هانا تیایدا کاری کردووە، لێرەدا هانا جارێک مانی لە دانیشتن گرتووە، هەتا ڕاگرتنی کەرەسەی کتێبخانەکە چاک کراوەتەوە، لێرەوە بەرەو کتێبخانەکە دەڕۆیت.
لە پێش ژوورەکەی هانادا وەستا.
((خانم شمیتس شتەکانی کۆ نەکردۆتەوە. ئێستە بەو شێوەیەی تیایدا ژیاوە، ژوورەکە دەبینن.))
سیسەم، کەنتۆر، مێز و کورسی. بەدیواری سەر مێزەکەوە ڕەفەیەک و لە سوچی پشت دەرگاکەدا دەست شۆر و تەوالێت. لەبری پەنجەرەیەک قاڵبی شووشەی ئەستور. سەر مێزەکە چۆڵ بوو. لەناو ڕەفەکاندا کتێب هەبوون، کاتژمێرێکی زەنگدار، ورچە پەڕۆیەک، دوو پەرداخ، تۆزی قاوە، قوتوی چا، تۆماری کاسێتەکە و لە دوو ڕەفەی خوارەوەدا کاسێتە تۆمار کراوەکانی من.
((ئەوە هەمووی نییە.))
بەڕێوەبەرەکە شوێن نیگام کەوتبوو.
((خانم شمیتس هەمیشە چەند کاسێتێکی دەدا بە بەشی کۆمەکی زیندانە نابیناکان.))
من چوومە پێش ڕەفەکان. ((پریمۆ لێڤی))، ((ئێلی ڤیسل))، ((تادۆیس بۆرۆڤسکی))، ((ژۆن ئامێغی))- ئەدەبی قوربانییەکان بەتەنیشت تۆمارە ئەوتۆبیۆگرافییەکانی ((ڕودۆلف هۆس))، ڕاپۆرتی

((هانا ئانرێتس)) سەبارەت بە ((ئایخمان)) لە یۆرشەلیم، ئەدەبی زانستیش سەبارەت بە مۆڵگەکان.
((هانا ئەوەی خوێندووەتەوە؟))
((بە هەرحاڵ ئەو کتێبانەی هەروا لەخۆڕا داوا نەکردووە. چەند ساڵیک لەمەوبەر مەجبور بووم بیبلیۆگرافییەکی گشتی مۆڵگەکانی بۆ پەیدا بکەم و پاشان یەک یان دوو ساڵ لەمەوبەر تکای لێ کردم، ناونیشانی کتێبی سەبارەت بە ژنانی ناو مۆڵگەکان پێ بڵێم، سەبارەت بە زیندان و چاودێرەکانیش. من نامەیەکم بۆ دەزگای مێژووی هاوچەرخ نووسی و بیبلیۆگرافییەکی تایبەتی گونجاویان بۆ ناردم. پاش ئەوەی خانم شمیتس فێری نووسین بوو، دەستبەجێ دەستی کرد بە خوێندنەوە سەبارەت بە مۆڵگەکان.))
بەسەر سیسەمەکەوە وێنەو پارچە کاغەزی بچوک بچوک هەڵواسرابوون. من لەسەر سیسەمەکە چۆکم دادا و دەستم کرد بە خوێندنەوە. وتە و شیعر و پەیامی بچوک و تەنانەت ڕەچەتەی چێشت لێنانیشیان تیادا بوو، کە هانا نووسیبوونی یان وەک وێنەکان لە ڕۆژنامەکانی بڕی بوو؛
((بەهار وا دەکات سەرلەنوێ تاڵێکی شین بە ناو هەواکاندا بشەکێتەوە.))
((سێبەری هەورەکان بەسەر کێڵگەکاندا هەڵدێن.))
هەڵبەستەکان هەموو پڕ شادی و تامەزرۆیی سروشت بوون و وێنەکانیش دارستانی بەهارێکی ڕۆشن، مێرگی بەگوڵ ڕەنگاوی، گەڵای پاییز و درەختی تاق و تەنها، دارە بی بەر چەمێک، دار گێلاسێک بە گێلاسی گەییوی سورەوە، دار کەستەنیەک بە ڕەنگێکی زەرد و پرتەقاڵی بڵێساوی پایزییەوەیان نیشان دەدا. وێنەی ناو ڕۆژنامەیەک پیاوێکی بە تەمەن و کوڕێکی گەنجی ناو دوو چاکەت و

پانتۆڵی تۆخی نیشان دەدا، کە تۆقەیان کردبوو و لە گەنجەکەیاندا، کە لە پێش بەتەمەنەکەیاندا چەمی بۆوە، خۆمم ناسییەوە. من ئەوکات تازە خوێندنگام تەواو دەکرد و لە ((ئاهەنگی دەرچوونەکەدا)) خەڵاتێکم لە بەڕێوەبەری خوێندنگاکە وەردەگرت. ئەو کات لەمێژ بوو هانا شاری جێ هێشتبوو. ئەوی نەخوێندەوار ئەوکات ئەو ڕۆژنامە لۆکاڵییەی، کە وێنەکەی تیادا بڵاوکرابۆوە، ئابوونە کردبوو؟ دەبێت لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەرکێکی زۆری کێشا بێت، تاکو لە وێنەکە ئاگادار بێت و پەیدای بکات. هەروەها لە کاتی پرۆسەی دادگاییەکەشدا پێی ببوو، لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتبوو؟ هەمدیس لە سینە و قوڕگمدا، هەستم بە فرمێسکەکان کردەوە.
((خانم شمیتس لەگەڵ بەڕێزتاندا فێری خوێندنەوە بوو. لە کتێبخانە ئەو کتێبانەی وەردەگرت، کە ئێوە لەسەر کاسێتەکان بۆتان تۆمار دەکرد و شوێن وشە بە وشە و ڕستە بە ڕستە دەکەوت، کە گوێی لێ دەبوو. ئامێری کاسێتەکە بەرگەی ئەو هەموو هەڵکردن و کوژاندنەوە و پێش خستن و دوا خستنەی زۆر نەگرت، چەندین جار دەشکایەوە، دەبوو چەندین جار چاک بکرێتەوە و لەبەرئەوەی بۆ ئەو مەسەلانە مۆڵەت پێویستە، بەو شێوەیە پێمزانی، خانم شمیتس چی دەکات. سەرەتا نەی دەویست بیڵێت، بەڵام کاتێک دەستی بە نووسینیش کرد و داوای کتێبێکی لێ کردم بە دەسوخەتی دەست نووسەوە، چیتر هەوڵی نەدا بیشارێتەوە. ئیدی شانازیشی پێوە دەکرد، کە سەرکەوتوو بوو بوو و دەیویست شادییەکەی خۆی دەربڕێت.))
من، کاتێک ئەو قسەی دەکرد، بەردەوام لەسەر چۆک نیگام لەو وێنە و پارچە کاغەزانە بڕیبوو و لەگەڵ فرمێسکەکانمدا دەجەنگیم. کاتێک سوڕام و لەسەر سیسەمەکە دانیشتم، وتی:
((هێند خوازیار بوو، کە بەڕێزتان نامەی بۆ بنووسن. ئەو تەنها

لەلایەن تۆوە پۆستی بۆ دەهات و کاتێک پۆستەکە دابەش دەکرا و ئەو دەیپرسی (نامەی بۆ من تیادا نییە؟)، بە نامە مەبەستی لەو پاکەتە نەبوو، کە کاسێتەکانی تیادا دەهاتن. بۆچی هەرگیز نەتان دەنووسی؟))

دووبارە بێدەنگ بووم. بشمویستایە، نەمدەتوانی قسە بکەم، تەنها دەمتوانی بتەتەڵێنم و بگریم. ئەو ڕۆیشتە لای ڕەفەکان، دەستی دایە قوتویەکی چا، بە تەنیشتمەوە دانیشت و پەڕێکی قەد کراوی لە گیرفانی بەرگە فەرمیەکەیەوە دەرکێشا.

((نامەیەکی بۆ بەجێهێشتووم، شێوازێک لە وەسێت. ئەوەت بۆ دەخوێنمەوە، کە پەیوەندی بە تۆوە هەیە.))

پەڕەکەی کردەوە.

(( (لە قوتوە ئەرخەوانییەکەدا پارەی تیادا ماوە. بیدەن بە میخایل بێرگ؛ با لەگەڵ حەوت هەزار مارکەکەی سەر حیسابەکەی بانقم بیداتە دەست ئەو کچەی، کە لەگەڵ دایکیدا لە ئاگری ناو کەنیسەکە دەربازی بووە. با کچەکە بڕیار بدات، چی بە سەر پارەکە دێت. بە میخایلیش بڵێ، سەلامی لێ دەکەم.) ))

کەوابێ هیچ پەیامێکی بۆ من جێ نەهێشتبوو. دەیویست دڵم بشکێنێت؟ دەیویست سزام بدات؟ یاخود ڕۆحی هێند ماندو بوو، کە تەنها دەیتوانی شتە هەرە پێویستەکان بکات و بنووسێت؟

((ئەو هەمووساڵانە هانا کەسێکی چۆن بوو؟))

وەستام، هەتا توانیم درێژەی پێ بدەم.

((ئەی ئەم ڕۆژانەی کۆتایی چۆن بوو؟))

((ئەو هەموو ساڵانە لێرەدا ژیا وەک ئەوەی لە پەرستگایەکی وشکەسۆفیاندا بێت. وەک ئەوەی بە ئیختیاری خۆی، خۆی لێرەدا گۆشەگیر کرد بێت، وەک ئەوەی بە ئیختیاری خۆی ملکەچی ئەو

یاسایانەی ئێرە بوو بێت، وەک ئەوەی، کارە تاڕادەیەک یەک نەواکەی، شێوازێک بێت لە بیرکردنەوەیەکی قوڵی ئاینی. لەلای ژنەکانی دی، ئەوانەی ئەم لەگەڵیاندا ڕووخۆش، بەڵام دوورە پەرێز بوو، سونعە و حورمەتێکی گەورەی هەبوو. تەنانەت زیاتریش؛ دەسەڵاتی هەبوو، ئەگەر کێشەیەک هەبووایە، ڕاوێژ لەگەڵ ئەودا دەکرا و ئەگەر لە دەمەقاڵەیەک یان شەڕێکدا بکەوتایەتە بەینەوە، بڕیارەکەی قبووڵ دەکرا. هەتا بەر لە چەند ساڵێک دەستی لە خۆی شت. هەمیشە خۆی بەرز ڕاگرتبوو، سەرەڕای جەستە تۆکمەکەی بە ڕێکی مابۆوە و پاک و تەمیزێکی ورد بوو. ئیدی دەستی بە زۆر خۆری کرد و بە دەگمەن خۆی دەشت، قەڵەو بوو و بۆنی لێ دەهات. لەگەڵ ئەوەدا نا بەختەوەر یان نا ڕازی دەرنەدەکەوت. لە ڕاستیدا وەک ئەوە وابوو گەڕانەوەی بۆ ناو پەرستگا بەشی نەکرد بێت، وەک ئەوەی خودی پەرستگاکە کۆمەڵخواز و هەڵەوەڕ بێت و وەک ئەوەی بەهۆی ئەوەوە پێویست بکات خۆی گۆشەگیر تر بکات، بەرەو خەڵوەتێکی تەنهایی، کە تیایدا کەس ناتبینێت و ڕەنگ و ڕووخسار و جل و بەرگ و بۆن واتایان نامێنێت. نەخێر، ئەگەر بڵێیت دەستی لەخۆی شتووە، هەڵەیە. ئەو پێناسەیەکی نوێی دابوو بە شوێنەکەی خۆی، بە شێوازێک، کە بۆ خودی خۆی دروست بوو، بەڵام بۆ ژنەکانی دی، جێی سەرنج و شایستە نەبوو.))

( (ئەی ڕۆژەکانی ڕابردوو؟))

( (وەک هەمیشە بوو.))

( (دەتوانم بیبینم؟))

سەری ئەرێ لەقاند، بەڵام بە دانیشتوویی مایەوە.

( (ئایا دونیا بۆ کەسێک لەناو چەندینساڵی تەنهاییدا وای لێ دێت، بەرگەی بۆ نەگیرێت؟ ئەوا پێت باشترە خۆت بکوژیت، وەک لەوەی

لە پەرستگاکە، لە خەڵوەتەکەوە بۆ دونیا بگەڕێیتەوە؟)) ڕووی تێ کردم. ((خانم شمیتس هۆی خود کوژیەکەی نەنووسیوە. ئێوەش قسە ناکەن، ئاخۆ چی لە نێوانتاندا هەبووە و ئەو شتەی نێوانتان ڕەنگە وای کرد بێت، کە خانم شمیتس شەوی پێش ئەو ڕۆژەی، کە ئێوە دێن بەدوایدا، خۆی بکوژێت.))

پەڕەکەی قەد کردەوە، خستیەوە گیرفانی، هەستایە سەر پێ و تەنورەکەی ڕێک کردەوە.

((مەرگی ئەو کاری تێ کردووم، دەزانن، لەم ساتەدا لە خانم شمیتس و لە ئێوەش تووڕەم، بەڵام با بڕۆین.))

دووبارە پێشم کەوتەوە، بەڵام ئەمجارەیان بێ قسە. هانا لە نەخۆشگاکە لە کوختەیەکی بچکۆلانەدا کەوتبوو. هێندە دەبوو ئێمە بتوانین بڕۆینە بەینی دیوار و چوارچێوەکەیەوە. بەڕێوەبەرەکە سەرچەفەکەی هەڵدایەوە.

هانا پەڕۆیەک لە ملی ئاڵێندرا بوو، بۆئەوەی چەناگەی، هەتا جەستەی ڕەق دەبوو، بە بەرزی ڕاگرێت. دەمووچاوی نە بەتایبەتی ئاسودە و نە بەتایبەتی پڕ ناڵان بوو. چەق بەستوو و مردوو دەردەکەوت. کاتێک ماوەیەکی درێژ تێی ڕامام، لە دەمووچاوە مردووەکەدا دەمووچاوە زیندووەکە سەری هەڵدایەوە، لە دەمووچاوە پیرەکەدا دەمووچاوە گەنجەکە سەری هەڵدایەوە. بیرم کردەوە، دەبێت حاڵی ژن و مێردی بەساڵاچووەکانیش ئاوەها بێت؛ بۆ ژنەکە لە پیرەمەێردەکەدا ئەو کوڕە دەمێنێتەوە و بۆ پیاوەکەش جوانی و سیحری کچە گەنجەکە لە پیرێژنەکەدا. بۆچی من ئەو سەرهەڵدانەوەیەم بەر لە هەفتەیەک نەبینی بوو؟

پێویستی نەکرد بگریم. کاتێک بەڕێوەبەرەکە پاش ساتێک پرسیار ئامێزانە لێی ڕوانیم، من سەری ئەرێم لەقاند و ئەویش سەرچەفەکەی بەسەر دەمووچاوی هانادا دایەوە.

# -یانزە-

هەتا من ڕاسپاردەکەی هانام بەجێ هێنا، بووە پاییز. کچەکە لە نیویۆرک دەژیا و منیش کۆبوونەوەیەکی بۆستنم بە بەهانە دانا، پارەکەی بۆ بەرم؛ چەکێک بەو برە پارە خڕبووەوەی سەر بانقەوە لەگەڵ قوتوە چاکە بەپارە نەقدەکەوە. من نامەم بۆ نوسیبوو و خۆم وەک مێژوو نووسێکی مافناسی ناساندبوو و ناوی پرۆسە دادگاییەکەشم هێنابوو. بۆم نووسی بوو، مەمنون دەبم، ئەگەر بتوانم لەگەڵتاندا بدوێم. ئەویش دەعوەتی چای کردم. من بە شەمەندەفەر لە بۆستنەوە بۆ نیویۆرک ڕۆیشتم. دارستانەکان لە ڕەنگی قاوەیی و زەرد و پرتەقاڵی و سووری مەیلەو قاوەیی و قاوەیی مەیلەو سور و سوری بریقەدار و بڵێساوی دار کاژەکەندا ڕەونەقی دەدایەوە. من وێنەکانی پاییزی ناو ژوورەکەی هانام هاتەوە یاد. کاتێک لە خولانەوەی تایەکان و جۆلانێ کردنی فارغۆنەکان ماندو بووم، خەونم بە هاناو خانوویەکەوە بینی لەناو گردە ڕەنگاویەکانی پاییزدا، کە شەمەندەفەرەکە بەناویاندا دەڕۆیشت. هانا، لەو کاتەی، کە من ناسی بووم، پیر تر بوو و لەو کاتەی بینیبوومەوە گەنج تر، لە من بەتەمەن تر، لە جاران جوان تر، بەهۆی تەمەنەکەیەوە لە جوڵەکانیدا سەلار و سەنگین تر بوو و لە جەستەی خۆیدا پتر هەستی بە ((لە ماڵەوە بوونی)) خۆی دەکرد. بینیم لە ئۆتومبێلەکەی دابەزی و عەلاگەکانی بازاڕی خستە سەر قۆڵی، بینیم بەناو باخەکەیدا ڕۆیشتە ناو خانووەکەوە، بینیم عەلاگەکانی داناو لەپێش منەوە بە قادرمەکاندا سەرکەوت. تامەزرۆییم بۆ هانا بە شێوەیەک بەهێز

بوو، کە ئازاری دەدام. دژ بە تامەزرۆییەکە بەرگریم لە خۆم کرد، بەوە بەرەنگاریم کرد، کە ئەو تامەزرۆییە بە تەنیشت حەقیقەتی هاناو مندا، بەلای حەقیقەتی تەمەن و هەلومەرجەکانی ژیانماندا تێپەڕ دەبێت و نایانپێکێت. ئایا چۆن دەبایە هانایەک، کە ئینگلیزی نەدەزانی، لە ئەمریکا بژی؟ خۆ نەیدەزانی ئوتومبێلیش لێخوڕێت.

بەخەبەر هاتم و دووبارە زانیمەوە، کە هانا مردووە. دەشمزانی تامەزرۆییەکە خۆی بە هاناوە توند گرێداوە، بێ ئەوەی لەگەڵ ئەویشی بێت. ئەو تامەزرۆییە تامەزرۆیی گەڕانەوە بوو بۆ ماڵەوە.

کچەکە لە نیویۆرک لە شەقامێکی بچکۆلەدا لەنێزیک ((سێنترەڵ پارک)) ەوە دەژیا. شەقامەکە لە هەردوو دیوەوە بە ڕیزە خانووی تاریکی بەردە لم چێنرا بوو، کە تیایاندا قادرمەکان لە هەمان بەردە لمی تاریک دروستکراودا بەرەو نهۆمی یەکەمیان دەبردیت. ئەوە وێنەیەکی سەر سەختی دەدایتێ، خانوو لەدوای خانوو، ڕووکەشەکانیان وەک یەک، پلیکانە لەدوای پلیکانە، درەختی سەر شەقامەکان، سەرەتا لە مەودای یەک ڕیتمیدا، بە کەمێک گەڵای زەردەوە بە لقە باریکەکانیانەوە.

ئافرەتەکە چای هێنایە پێش پەنجەرەی گەورە گەورەوە، کە ڕوویان دەچوونەوە سەر باخە بچکۆلەکانی خانووەکان، یەکێک سەوز و یەکێک ڕەنگاوڕەنگ و یەکێکیش وەک ئەوە وابوو لە خڵتە شووشە دروست کرابێت.

کە لەگەڵ دانیشتین و چا تێکرا، شەکری تێکرا و تێک وەردرا لە زمانی ئینگلیزیەوە، کە بەوە سڵاوی لێ کردبووم، گۆڕیە سەر ئەڵمانی.

((چ شتێک تۆی گەیاندۆتە لای من؟))

بە شێوازێکی خۆشڕوانە یان نا خۆشڕوانە پرسیاری لێ نەکردم؛

سەدای لەوپەڕی بێلایەنیدا بوو. هەموو شتەکانی بێلایەن دەیاننواند، پۆزی، جوڵەی، بەرگەکانی. دەمووچاوی بەشێوازێکی سەیر و سەمەرانە بێ تەمەن بوو. ئەو دەمووچاوانەی بە جوانکاری پزیشکی چرچ و لۆچەکانی لەسەر لابراوە، ئەو ڕووخسارەیان هەیە. بەڵام خۆ ڕەنگیشە لەژێر ئەشکەنجەی ئەوساتدا چەقبەستووی کرد بێت — من بێهودە هەوڵم دەدا، دەمووچاوی کاتی پرۆسەکەم بیر بکەوێتەوە.
من باسی مەرگی هاناو ڕاسپاردەکەییم بۆ کرد.
((بۆچی من؟))
((پێم وایە، لەبەرئەوەی تۆ تاکە کەسی زیندوویت؟))
((من چی لێ بکەم؟))
((هەرچیەک کە خۆت پێت پڕ مانایە.))
((ئیدی بەوە گەردنی خانم شمیتس ئازا بکەم؟))
سەرەتا ویستم بەرگری بکەم، بەڵام بەڕاستی هانا داوای ئێجگار زۆری کردبوو. بەپێی ئەوە دەبێت ساڵەکانی ناو زیندانی تەنها ساڵی گوناهباری نەبووبن؛ هانا دەیویست خۆی واتایەک بەو ساڵانە ببەخشێت و دەشیویست بەو مانا بەخشینەی خۆی دانی پێدا بنرێت.
منیش ئەوەم پێ گووت.
ئەو سەری ڕاوەشاند. من نەمدەزانی ئاخۆ دەیویست لێکدانەوەکەی من بەوە ڕەت بکاتەوە یاخود هانا لە دانپێدانانەکەی بێبەش بکات.
((ناتوانیت دانپێدانانەکەی بەبێ گەردن ئازاییەکە بدەیتێ؟))
پێکەنی.
((تۆ ئەوت خۆشدەوێت، وانییە؟ ئێوە پەیوەندیتان پێکەوە چۆن بوو؟))
من سەرەتا لەحزەیەک دوودڵیم کرد.

((من خوێنەوەری بووم. کاتێک پانزەساڵ بووم، ئەوە دەستی پێ کرد و کە لە زیندانیدا بوو، بەردەوامیدا.))

((تۆ چۆن ...))

((کاسێتم بۆ دەنارد. خانم شمیتس نێزیکەی سەرتاپای تەمەنی وەک نەخوێندەوارێک بەسەر برد؛ سەرەتا لە گرتووخانە فێری نووسین و خوێندنەوە بوو.))

((بۆچی تۆ هەموو ئەو شتانەت کردووە؟))

((کە پانزە ساڵ بووم، پەیوەندیمان هەبوو.))

((مەبەستت لەوەیە، پێکەوە نوستوون؟))

((بەڵێ))

((ئەو ژنە چەند دڕندە بووە. تۆ بەرگەی ئەوەت گرت، کە تۆی بە پانزە ساڵێ ... نەخێر، تۆ دەڵێیت، کاتێک لە گرتووخانە بووە، تۆ خۆت دەستت بە خوێندنەوە کردووەتەوە بۆی. تۆ هەرگیز ژنت هێناوە؟))

من سەری ئەرێم لەقاند.

((ژیانی هاوسەریت کورت و نا بەختەوەر بووە و ئیدی ژنت نەهێناوەتەوە و مناڵەکەتان، ئەگەر منداڵتان هەبێت، ئێستە لە داخلییە.))

((ئەو قسەیە بۆ هەزاران کەس ڕاستە؛ بۆ ئەو مەسەلەیە خانم شمیتسێک پێویست نییە.))

((لەو ساڵانەی ڕابردوودا، کە لەگەڵیدا لە پەیوەندیدا بوویت، هەرگیز وات هەست نەکردووە، کە ئەو خۆی دەزانێت، چی بەسەر تۆ هێناوە؟))

من شانم هەڵتەکاند.

((بەهەرحاڵ دەیزانی، کە لە کەمپەکە و لە ڕەوەکەدا، چی بەسەر

خەڵکانی دیدا هێناوە. ئەو تەنها ئەمەی پێ نەوتووم، بەڵکو لە ساڵەکانی ڕابردوودا، بە شێوازێکی قوڵ بەو مەسەلەیەدا ڕۆ چووە و خۆی پێوە سەرقاڵ کردووە.

من ئەوەم بۆ گێڕایەوە، کە بەڕێوەبەری گرتووخانەکە بۆی باس کردبووم.

ئەو هەستایە سەر پێ و بە هەنگاوی گەورە گەورە بە ژوورەکەدا هاتوو و چوو.

((پارەکەی چەندە؟))

من چومە لای ئەو شوێنەی جانتاکەمم لێ جێ هێشتبوو و بە چەکی بانکەکە و قوتووە چاکەوە گەڕامەوە.

((ئەوەتا.))

تەماشای چەکی بانکەکەی کرد و لەسەر مێزەکە دای نا. قوتووە چاکەی کردەوە، بەتاڵی کرد، دایخستەوە و بەدەستیەوە گرت، نیگای بە سەختی لەسەر ڕاگرتبوو.

((کە منداڵ بووم، قوتووە چایەکم هەبوو بۆ گەنجینەکانم. وەک ئەمە نەبوو، ئەگەرچی ئەوساش قوتووە چای لەم جۆرە هەبوون، بەڵکو دانەیەک، کە نووسینی سیریلی لەسەر بوو، سەر قاپەکەی بەدیوی ناوەوەدا دانەدەخرا، بەڵکو بەسەر ئەم دیو و قەراغەکانیدا. من لەگەڵ خۆمدا بردم بۆ کەمپەکە، ڕۆژێک لەوێ لێم دزرا.))

((چی تیادا بوو؟))

((قابیلە چی تیادا بووە. کەمێک قژی سەگەکەمان، کارتی چوونە ژوورەوەی ئۆپەر، کە باوکم لەگەڵ خۆیدا بردبوومی، ئەنگوستیلەیەک، لە شوێنێک بردبوومەوە یاخود لە پاکەتێکدا دۆزیبوومەوە - قوتووەکەم لەبەر ناوەڕۆکەکەی لێ نەدزرا. ئەوەی خودی قوتووەکە دەشیا مرۆڤ چی پێ بکات، لە کەمپەکە بەنرخ بوو.))

قوتووەکەی لەسەر چەکی بانکەکە دانا.
((تۆ بۆ بەکارهێنانی پارەکە پێشنیارێکت هەیە؟ ئەگەر بۆ شتێک، کە پەیوەندی بە هۆلۆکۆستەوە هەبێت، بەکار بهێنرێت، بەڕاسی وەک گەردن ئازاییيەک دێتە بەرچاوم، کە نە لە دەستی مندایە و نە دەشمەوێت.))
((بۆ ئەو نەخوێندەوارانەی دەیانەوێت نووسین و خوێندنەوە فێر بن. بێگومان ڕێکخراوی خێرخواز، یەکێتی، یانە، هەن، کە دەتوانیت پارەکەیان بدەیتێ.))
((بێشک ئەوانە هەن.))
بیری کردەوە.
((ئەی ڕێکخراوی وا تایبەت بە یەهوودی هەن؟))
((دەتوانیت دڵنیا بیت، کە ئەگەر ڕێکخراو بۆ شتێک هەبێت، ئەوا هەمان ڕێکخراو تایبەت بە یەهوودیش هەیە. ئەگەرچی نەخوێندەواری کێشەیەکی یەهوودی نییە.))
چەکی بانکەکە و قوتووەکەی پاڵنایە پێش دەمم.
((با وا بکەین. تۆ سۆراغی ئەوە دەکەیت، ئاخۆ چ جۆرە ڕێکخراوی یەهوودی هەن، گونجاو بن، لێرە یاخود لە ئەڵمانیا و پارەکە دەنێریتە سەر حیسابی بانکی ئەو ڕێکخراوەی، کە لە هەموویان زیاتر لێی ڕازی دەبیت. دەتوانیت))، پێکەنی، ((پارەکە بەناوی هانا شمیتسەوە بنێریت.))
بەڵام قوتووەکەی خستەوە دەستی.
((قوتووەکە بۆ خۆم هەڵدەگرم.))

## دوانزه

لەو نێوەندەدا دە ساڵ بەسەرچووە. لە ساڵەکانی سەرەتای پاش مەرگی هانادا، ئەو پرسیارانە ئەشکەنجەیان دەدام، ئاخۆ من حاشا و خیانەتم لێ کردبوو، ئاخۆ بەوەدا، کە خۆشم ویستبوو شتێک قەرزاری بووم، کە ئایا دەبایە چۆن خۆمم لە ئەو ئازاد بکردایە. هەندێ جار لە خۆمم دەپرسی، ئاخۆ دەبێت من لە مەرگی بەرپرسیار بم. هەندێ جاریش لێی و لەوە توڕە بووم، کە لێی کردبووم. هەتا توڕەیییەکە بێهێز بوو و پرسیارەکان گرنگی خۆیانیان دۆڕاند. ئەوەی من کردوومە و نەم کردووە و ئەوەی ئەو لێی کردووم — ئیدی ئەوە بۆتە ژیانی من.

بڕیاری نووسینەوەی چیرۆکی من و هانام، هەر زوو پاش مەرگی دا. لەو ساتەوە چیرۆکەکە چەند جارێک خۆی لەسەرمدا نووسیوەتەوە، هەمیشە کەمێک جیاواز تر، هەمیشە بە وێنە و ڕووداو و چەمکە بیری نوێوە. بەم شێوەیە شانبەشانی ئەو چەشنەی، کە نووسیومە، زۆرێک چەشنی دی هەن. گەرەنتی بۆ ئەوەی، کە چیرۆکە نووسراوەکە چیرۆکە دروستەکەیانە، لەوەدایە، کە ئەویانم نووسیوەو ئەوانی دیم نەنووسیوە. چیرۆکە نووسراوەکەیان ویستی بنووسرێتەوە و ئەوانی دی نەیانویست.

سەرەتا ویستم چیرۆکەکەمان بنووسم، بۆئەوەی لێی ڕزگار بم. بەڵام بۆ ئەو مەبەستە خەیاڵەکانم نەکوژانەوە. پاشان هەستم پێ کرد، کە بەرەبەرە چیرۆکەکەمانم لە دەست دەخزێت و ویستم لەڕێی نووسینەوەیەوە بیگەڕێنمەوە، بەڵام ئەوەش نەیتوانی دان بۆ یادەوەریەکان ڕۆ بکاتەوە. ماوەی چەند ساڵیک دەبێت بەهێمنی لە

چیرۆکەکەمان گەڕاوم. من ئاشتی خۆمم لەگەڵیدا دەستەبەر کردووە. ئەویش لەپاشەوە بەجێماوە، دەق بە دەق و بەشێوازێکی بازنەیی داخراو و ئاراستەکراو، کە چیتر خەمبارم ناکات. بۆ ماوەیەکی زۆر بە خۆمم دەگوت، چیرۆکێکی چەند غەمناکە. نەوەک ئێستا پێم وابێت، چیرۆکەکە چیرۆکێکی بەختیار بێت. بەڵام دەزانم، کە چیرۆکێکی دروستە و شانبەشانی ئەوەش ئەو پرسیارە، کە ئاخۆ غەمناکە یاخود بەختیار، خاوەنی هیچ واتایەک نییە.

بەهەرحال وا بیر دەکەمەوە، کە ئاوەها لەبەر خۆمەوە بیر لە چیرۆکەکە دەکەمەوە. بەڵام کاتێک بریندار دەکرێم، زامە ئەزمونکراوەکانی ئەوسام دێنەوە کایە، کاتێک هەست بە تاوانباری دەکەم، هەست بە تاوانباریەکانی ئەوسام دەگەڕێنەوە و لە تامەزرۆیی غوربەتی ئەمڕۆمدا، هەست بە تامەزرۆیی و غوربەتی ئەوسام دەکەم. توێژەکانی ژیانمان بە جۆرێکی هێند چڕ لەسەر یەک کەوتوون، کە هەمیشە لە دواترماندا پێشترمان دەبینین، نەک وەک شتێکی تەواو بوو و کۆتایی هاتوو، بەڵکو وەک شتێکی ڕانەبردوو و زیندوو. من لەوە تێ دەگەم. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک سات بە ئەستەم بەرگەی دەگرم. خۆ ڕەنگە چیرۆکەکەمانم لەبەرئەوەش نووسی بێت، تاکو خۆمی لێ ڕزگار بکەم، ئەگەرچی نەشتوانم.

هەر زوو پاش گەڕانەوەم لە نیویۆرک پارەکەی هانام بەناوی خۆیەوە ناردە سەر حیسابی بانکی ((یەکێتی یەهوودی دژی نەخوێندەواری)). نامەیەکی بە کۆمپیوتەر نووسراوی کورتم بەدەست گەیشت، کە یەکێتی یەهوودی تیایدا سوپاسی خانم هانا شمیتس دەکات بۆ هاوکاریەکەی. بە نامەکەوە لە گیرفانمدا، بەرە و سەرقەبرانی گۆڕەکەی هانا لێم خوڕی. ئەوە یەکەم و تاقە جارم بوو، کە لەسەر گۆڕەکەی هانا ڕاوەستام.